# مێژووی ئەردەڵان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

مەستوورەی کوردستانی

# مێژووی ئەردەڵان

**هەژاری موکریانی**

لەگەڵ سەرچاوەگەلێکی تردا
لەبەریەکی گرتوون و کردوونی بەکوردی



ناوی کتێب: مێژووی ئەردەڵان
دانانی: مەستوورەی کوردستانی
وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی: هەژاری موکریانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٦٠
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق - دلاوەر سادق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٤١٤)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

## کورد و مێژوو

لای زانایان، هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەک لە جیهاندا، وەک ئەو دارەن کە جێگەی لە لێرەوارە؛ هەر دارێ پتر ڕەگدارە، زۆرتر لە داری کەم ڕەگتر خۆی لە هەمبەر گێژەڵووکە و ڕەشەبا و باهۆز و تووشی و بەفر و بۆران و کرێوە و بێ ئاوی و لافاو ڕادەگرێ؛ تەنانەت کە بیشبڕدرێ، یەکجاری بنەبڕ نابێ و لەبن نایە؛ لە ڕەگ و ڕیشەی بڵاوی پرزەداری بەناخی زەمیندا ڕۆچووی – زوو یا درەنگ– دووبارە هەڵدەداتەوە و دیسان بەخۆدا دێتەوە و سەری بەرز دەکاتەوە.

ڕەگی نەتەوەش مێژووە؛ ئاگاداری لە بەسەرهات و ڕابردووی پێشوونانی خۆی و خەڵکە. گەلێک ئاگای لە چیرۆک و سەربهوردی کەونارای ڕابردەی نەبێ و های لە زۆربەی سەرگوروشتە و ڕووداوی کۆنە باپیر و باب و کالی دوور و لەمێژینەی ببڕێ، وەک دارێکە لە ئاقاری ڕەقەن و ڕژد و کڕاڵ و سەخت و تمتماندا ڕوابێ و ڕەگی زۆرباش دانەکوتابێ؛ هەرگا ڕەشەبای دژ هەڵکا و لەهیی نەیاری بێتە سەر، دەشکێ و دەڕوا و وشک دەبێ و دەسووتێنرێ و چیشی لەجێ ناڕوێتەوە. بەڵێ مێژوو گەنجینێکە پڕ لە ئامۆژگاری و ئەزموون. هەر گەلێک لەوەتا هەیە، لە زۆر قۆناخی جۆراوجۆر تێ پەڕیووە، نەرمان و سەختیی بڕیووە، زۆری هەوراز و لێژ دیووە، گەلێک جاران نەگریسی و سیسیی تووش بووە، ژاکاوە و گەڵای وەریووە؛ فریە جاریش بە سەربەرزی و شەنگ و تەرزی و شەق و تورتی و بەنازاوی خۆی ڕاناوە؛ پنجارەگیا و پنچک و گەون و دەوەن لە پەنایدا حەواونەوە؛ زۆر ڕێبواری بێ ژیواری سەکەت و شەکەت و ماندوو لەژێر سایدا حەساونەوە. ئەگەر ئەو گش بەسەرهات و هات و نەهاتانەی پێشوو -لای چینەکانی دەچن و دێن– لەناو نەچن و بمێننەوە و ببنە تێشووی هزر و بیری نەوە و نەتیژە و نەدیدە و تیرەی تۆرەمەی دواڕۆژ و بیخوێننەوە و ژیرانە لێی بتۆژنەوە، ئامیانی ژێرکەوتنیان و ماک و هۆی سەربەرزبوونیان لێک



دەنەوە و گەو بەگەوی تێک کەنەوە، بەهەزاران پەندی ئەوەندە پەسەند و ئامۆژگاریی هێندە ڕند و پڕ بایەخیان دەس ئەکەوێ کە هەر لە نرخاندن نایە. بۆ نموونە با دوور نەڕۆین؛ لە نزیک خۆمان بنۆڕین؛ گەلی عارەب هەشتسەد سالان لە ژێر مەغۆل و تورکاندا نقەی دەهات؛ یان جوولەکە، دوو هەزار ساڵ بێ نیشتمان و ئاوارە لە جیهاندا سەرگەردان بوون؛ بەڵام چونکە مێژووی کۆنی پڕ ئەزموونی گەلەکەیان پارێزرابوو، لەو سەتان یان هەزاران ساڵ ژێر چەپۆکی و ژین تاڵییەشدا هەر مانەوە و نەتوانەوە. تا توانییان لە دەرفەتێکا بێنەوە سەر شانۆی ژیاری و لە ناو گەلانی جیهاندا شوێنەواری خۆ دیاری کەن. بەڵام بە ناشکوری ناڵێم ئێمە، ئێمەی کلۆڵ و چارەڕەش، ئێمەی کوردی بابان وێرانی سەربەهەش، ئێمەی کوردی کۆس کەوتەی دابەش کراوی لە مافی پشوودان بێ بەش؛ لە نێوانی کڵاوسوور و کڵاوڕەش و سەرپێچ پەتا، بە جووت قۆشەیی و بێ فەڕی و بەربەڵای بووینە گای بەش. کوا ئەزموونی ڕابردوومان تا لە باسیان بەهرە بەرین؟ کوا مێژوومان، هەتا بەو پێداچوونەوەی دەرسی عیبرەتێک وەرگرین؟ بەدەم ئێژین زۆر گەلێکی لەمێژینەین، لە شەڕ ئازاین، دوژمن دەکوژین، دەکوژرێین، لەت لەت دەکەین، کوت کوت دەکرێین، ئێستا لە کوێین؟ بەهەر حەو چینی زەمیندا ڕۆچووین و هەروا ڕۆش دەچین. ڕۆژ لە ڕۆژێ پتر بە هەڵپە و بەپەلە بەرەو جەحەندەم پەل دەبین! لە بێ ڕەگی نەک داررووکەش، بگرە پشیلە پایزەین؛ نەک بەبای زریان و شەماڵ، بەفووی مناڵ، باڵ دەگرینەوە و ناحەجمین. وا پتر لە هەزار ساڵە لە ژێر چۆکی عارەب و تورک و تاجیکاین، جیکە و جووکەشمان لێ نایە. هەر خۆبەخۆ خەریکی یەکتر کوشتن و خوێنی یەکتری ڕشتنین؛ گەرمی سەودای خۆ بەدوژمن فرۆشتن و دەستی عەزرەت کرۆشتنین. بە فەرموودەی عەونیی شاعیر: «هەر دەڕۆین و پێ ناگەین، هەر دەڵێین و تێ ناگەین»، بۆچی؟ چونکە هەرگیز ئەو مژیەمان نەبووە مێژووی بەسەرهاتەکانمان جار بەدووی جاردا تۆمار کەین و بەدانستە وەیخوێنین و پاک و پووکی لێ بژارکەین؛ لە مایەی فریوخواردن

و خۆ بە دوژمن سپاردنمان خۆ بدەینە کەنارەوە، لە باس و خواسی پیرۆزی و سەرکەوتنی گەل و هۆزی سەرکەوتووانی پێشووی خۆمان و هۆش و بیری ژیری خەڵکی، کەڵک و بەهرە هەڵکرێنین، بۆ ئەمرۆ دەکاری بێنین. ئەوا ئێستا لەبەر مێژوو لەبیرکردن و لە بێ فەرهەنگی گیرکردن، هێندە داویلکە ڕیشەشمان پێوە نییە، هیچ نەبێ بیکەینە شەڵتە و هەتوان و، بێ فەرهەنگی و برینی گیان و بەرهەنگی ژێر چەپۆکی پێ دەرمان کەین.

خۆ ئەگەر جارێک بەدەگمەن، لە ڕۆژگارێک ئاوەزدارێک وەک شەرەفخانی بدلیسی، تێگەییوە بێ مێژوو، ناژین و دوای هەزار ساڵ تەمەنی ئیسلامەتی، وێ کەوتووە، کەل و قوژبنان گەڕاوە، پارچە بزگوڕی جێماوی نیوە پواوی لەناو کتێبە کۆنان و دەم و پلی چیرۆکبێژان دەرهێناوە و ئەم لە میلیۆن یەکەی ماوەی وەک دێوجامە بۆ لێک داوین، کەوی خەبەری پێ ڕاوکەین و ناتەواوی پێ تەواوکەین و بەرەو دوا لەسەری بڕۆین و پەند لە بەسەرهات وەرگرین و کەمتر تەفرەی دەهۆ و درۆی دز و خاپینۆکان بخۆین؛ یان لە چەرخی سێزدەی کۆچی، لە مەڵبەندی هەرە بەگەشەی کوردستان، مەلا شەریفێکی قازی، خوسرەو بەگێک، سمایلی مەلا محەممەدێک، یان خانمێکی وێژەوانی خۆی و دەست و قەڵەم جوانی وەک مەستوورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەڵان دەنووسن، بەداخەوە نە هین شەرەفخان نە هی وان، هیچ کامێکیان وەزوانی ئەو گەلە نەبووە کە مێژووەکەی بۆ نووسراوە و داخە لەسەر دڵان ماوە. تەنانەت لە چەرخی بیستی خاچ پەرستیش کە دەگەڵ چاردەمین چەرخی کۆچی پێغەمبەر (د.خ) هەمبەرە. زانای وەکو ئایەتوڵڵای فرەزانی کوردزوانی خەڵکی سنە، مێژووی کورد و کوردستانی بەزمانی خۆماڵی نییە و کوردی خوێنی فارسی نەزان هەر هیچی لێ حاڵی نابێ.

منی هەژار، بەدەردی زوڕناژەنەکەی پاش بڵاوبوونی گۆوەند و لەدەس دەرچوونی زەماوەند، تازە فیقەی لە پیکی زوڕناکەی دێنا، بەبیرما هات لە پاش ساڵێ سڵامالێ، ئەو تۆزە کەلەپوورەمان کە لە نەمان پارێزراوە با



بەزمانی بیانیش بێ بۆمان ماوە، بخەمە سەر باری زاری کوردەواری و کورد بزانن چۆن باسی خۆیان کراوە.

ساڵی ١٩٦٩ی خاچ پەرستی ملم نا لە شەرەفنامە و وەرم گێڕایە سەر کوردی و ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدایە لە چاپ درا و هێندیش ڕمێنی کەوتەسەر کە «حزبی بەعسی سەددامی» ڕەگەزپەرستی فاشیستی لەوە ترساند کوردانی لێ تیژتر بکا، فەرمانی سووتاندنی دا، بەڵام پاش چی؟ پاش ئەوەی کورد خوێندیانەوە و شاردیانەوە و تاکە تاکەشی کەوتە ناو لاوەکیانەوە و لە دەستی چەتە پارێزرا. لە پاش چەند ساڵ، مرخم خۆش کرد مێژووی بەرەی ئەردەڵانیش بکەمە کوردیی خۆماڵی و بۆ ئەو کارەش لەم سەرچاوانەم هەڵێنجا:

١- شەرەفنامەی میر شەرەفخانی بدلیسی.

٢- تاریخ اردلان، کاری سمایلی مەلا محەممەد؛ کە خۆم نەم دیووە و نازانم کەی نووسراوە، ئوستاد جەمیل ڕۆژبەیانی لە فارسییەوە کردوویەتی بە عارەبی و دەسەر باسی ئەردەڵانی شەرەفنامە عارەبییەکەی قەڵەمی خۆی خستۆتەوە و منیش لەوم وەرگێڕاوە.

٣- لب التواریخ، هەر ئەم ناوە بە ئەبجەدی دەبێتە مێژووی نووسینی و دەکاتە ١٢٤٩ی کۆچی- بە قەڵەمی خوسرەوبەگی ئەردەڵانی.

٤- پەراوێز و زنجیرە نامیلکەکانی ڕۆژبەیانی.

٥- تاریخ اردلان، کری مەستوورە خانمی ژنی خوسرەوخانی ناکام؛ کە تا ساڵی ١٢٦٣ی هێناوە و بەهرەی لە مێژوونامەکەی قازی شەریف و خوسرەو بەگ کە هەردووکیان هاوچەرخی بوون وەرگرتووە. میرزا عەوڵای مونشی باشی مامی مەستوورەش تا ساڵی ١٢٦٧ لە دووی داوە. ناسرخانی ئازاد پووریش- کە لە ١٩٤٦ی زایینی لە چاپی داوە- چەند پەراوێزی بەنرخی بۆ نووسیووە.

٦- تاریخ کرد و کردستان، گردەوەکۆی ئایەتوڵڵا مەردۆخ کە لە ساڵی

١٣٥٣ی هەتاوی تەواو دەبێ.

ئەمانەم هەموو لێکداوە و لەبەر یەکترم ڕاناون و کردومنەتە دار و پەردووی ئەم نووسراوەم؛ خەستوخۆڵ و پوخت و پاراوی گشتیانم خستۆتە ڕوو. جا مەگین چلۆنکایی بێت، لە پێدا هەڵدانی زیادی قسەی بێ سەنگی لابەلا، خۆم لاداوە و جاروبارەش خۆم دەمێکم تێ وەرداوە. وەکو خوانێکی ڕەنگاوڕەنگ لە بەردەمی خوێنەرانی کوردی بەتاسە، بۆ باسی ڕابووردووانی کەونارای کوردی دادەنێم؛ با بۆ خۆیان بەرانبەری و سەرکردن و تێک پەڕینی قسەی ئەو مێژوونووسانە هەڵسەنگێنن و بنرخێنن. جا ئەگەر ئەمە شیوێک با، ناوم دەنا حەوترینگە، یان چێشتی فیل و فیلەتەن؛ کە هەژنۆ بابەتی جۆرجۆر هەر لە قەیسی و هەڵووژە و چەوەندەرەوە دەگەڵ گەنم و نیسک و نۆک و نخۆشەر و ماشەسپی و ترشی سماق لێک دەدەن و لە دیزەیێکا ئەیپەزن. بەڵام ئێستا کە خۆراک نییە و نووسینە، ناوم لێ نا: مێژووی ئەردەڵان بەکوردی.

پیاو ڕاست بڕوا، نووسراوی ناسک و جوانی ماه شەرەفی کوردستانی- کە بە مەستوورە ناودارە- بیر و هەستی ڕاتڵەکاندم و تاسە و ئارەزووی بزواندم کە شان دەمە بەر ئەو کارە. جا بەو هۆیە، بەجێم زانی کە دەربارەی ئەو خانمە خاوەن هونەرە، بەتایبەتی و باری ژیانی کۆمەڵگای خۆن (کوردەواری) بەتێکڕایی -وەک پێش وتارێک- پێشکێشی خوێنەرانی هێژا بکەم.

### ژن ژانە یان ژیانە؟

دوکتور جورج حنای لوبنانی کتێبێکی لە ژێر ناوی: «ژن هەر وەک لەشە گیانیشە»، وەزوان عارەبی داناوە. زۆر لەمێژە ئەو کتێبەم خوێندۆتەوە، زۆربەی زۆری مەبەستە جۆرجۆرەکانی و غالبەی کاکڵە خۆشەکانیم یەکجاری لەبیر چۆتەوە. بەڵام ئەمەم لەبیر ماوە کە لە شوێنێکا نووسیویە:

«وەک ئەیزانین دەستوورەکانی عاسمانی و یاساکانی کاری کۆمەڵی



ئینسانی، هیچیان دانیان بە مافی ژندا نەناوە کە دەگەڵ پیاو بەرانبەر و سەربەسەر بێ. لە ئاییندا بۆ شایەتی، بۆ بەشە کەلەپوور گرتن، پیاوێ بە دوو ژن حەساوە، یاخۆ بێژین دوو مێو وەک نێرێک دانراوە. ئایین دەڵێ: ژنان هەر بۆ گوێ لەمستی و بەردەستی پیاوان ڕسکاون، هەرگیز ناشێ لە فەرموودەی نێرەزەلامی خاوەنی لارەمل بێ و بێ پرسی ئەو دەسی بۆ هیچ کارێک بەرێ. لە ناو هەموو ئاییندارانی ژن ناو نراوە زەعیفە، واتا زەبوون.

یاساکانی سەر زەمینیش لەم بارەوە لە دینیش بەولاوەتر چوون؛ بە سەت و یەک بەڵگەی بنشر، ڕێزیان بۆ ژن دانەناوە و لە ڕێز پیاو هەڵوەژێراوە. نێری بە زانا بەناوبانگ فەرمووگیانە: ئەوانەی قژیان درێژە ئاوەزکورتن. ژن ئەبێ پرسی پێ بکرێ و بەقسەی نەکرێ؛ ڕاز ناشێ لای ژن بگوترێ، کەم ئەقڵە، تێیدا ناوەستێ. تا ئێستاش ئەم مەسەلانە بەسەر دەم و زارانەوەن.

ئێسە من لە خوێنەرەکان پرسێک ئەکەم -با جواوەکەی لای خۆیان بێ- لەناو بێ عەقڵ و عاقڵدا، کام کامی پێ فریو دەدرێ؟ بێ گومان هەمووتان ئێژن: عاقڵ و ژیر فریودەرە و بێ عەقڵ و گێژ فریوخۆرە. سا دەشزانن هەموو کتێبە دینییەکان فەرمووگیانە: دایکەوا کە لە پەراسووی چەپی بابەدەم ساز ببوو، ببووە ژنی! بەو پەڕی سووک و هاسانی توانیی باوەدەم فریو دا و سێوی بەهەشتی پێ بدزێ و لەسەر دزیەکە بیگرن و لەو حەوایەوەی هەڵدێرن و بەرهەمی ئەو سێو دزینە ئەم ژینی سەر زەمینەیە. لەم چیرۆکە ورد بنەوە؛ بەئاشکرا پێمان دەڵێ: بابەدەم لەچاو دایکەوا زۆر گێلۆکە و بەستەزمان بوو؛ دایکەوای زۆر لەو عاقڵتر فریوی دا و تووشی ئەو هەڵە زلەی کرد. دە بڕوانن! هەر ئەوانەی دەڵێن ژن گێلترە لە پیاگ، هەر ئەوانەش پێمان ئێژن؛ گێل و نەزانیی مێوینە ئاوەزدارە نێرینەکەی باپیرمانی لەخشتە برد. ئێستا خۆتان ئەم دوو بڕوا دژ بەیەکە لە یەک کەسدا لێک دەنەوە!».

دوکتۆر حنا کە ئەم مەبەستەی نووسیووە، ڕووی بنووسی دە گەلانی لبنان

و دەوروبەری خۆی و کەشە و مەشە فشەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بووە و سەرکۆنەی ئەو گەلانەیە کە لە ژیاریدا سەرکەوتوون و گش لە گشتیان خوێندەوارن. ئەم دوکتۆرە خاچ پەرستە لبنانییە، نەیزانیووە هەر کورد و کوردستان چییە؟ ئەگەر خۆ بیستبێشی، بێ گومانم نەیزانیووە لە کوردستان چ ڕادەبرێ؟ ژن لە کوردستان چۆن ژیاوە و چتۆ دەژی؟ یان دەبێ بێژین چۆن ناژی؟ ئێمەی کورد ئەمە ئەزانین؛ سەتان ساڵە کوردستان داگیرکراوە؛ هەموو دەرگای خوێندەواری و گەشەکردنی ژیاری لێ داخراوە. تەنیا ئەگەر دەرەتانێک بۆ خوێندن و فێربوون بووبێت، مەدرەسەی مزگەوتان بووە. تاکەتاکە لە چینی هەژار و کەم دەست، کوڕیان ناردۆتە بەر خوێندن؛ خوێندنی چی؟ خوێندن لە ڕووی بەرنامەیەک، بە سەتان ساڵ ئاڵوگۆڕێکی نەدیووە. جزمی عەمە بە حینجەیی و بەڕەوانی، سمایل نامە، ناگەهان، سەنگتراش و باغەبان و ئەوجار گولستانی سەعدی بە سایە و ڕەشخوێن و دوایە بە ماناوە. ئەوە کوڕ فێرە فارسی بوو. ئەنجا عارەبی بخوێنێ و های لە هەر دوازدە عیلمان بێ و شارەزای مانای قورعان بێ. لەو ڕۆژەوە کە پێ دەنێتە حوجرەوە، ئەبێ بە گەدایی بژی. بە سوختەیی، هەموو سەر لە ئێوارانێک لە هەموو دەرگای گوند بدا و بقیرێنێ: «نانی فەقێ ڕەحمەتی خوداتان لێ بێ!». نان بەو حاڵە کۆ بێتەوە ئەویش چ نان؟ زۆر کەم گەنم، زۆربەی جۆ، زۆرجار گاڵی تاڵ بۆ حوجرە بهێنێتەوە و دەگەڵ فێرکاری موستەعید پێکەوە نۆشی گیانی بکەن. ئەوە بژیوی ڕۆژانە، بۆ بەرگ و پێڵاو چی دەکەن؟ کژی پایزان ساڵەوساڵ، چاخ و هەڕەتی سەفەرە؛ وێڵ دەبن لەو دەشت و دەرە. ماڵەوماڵی کۆچەر و دێنشینەکان دەپشکنن؛ ڕۆن، پەنیر، شیرێژ و کەشک، خوری، مەرەز، موو، تەماکۆ، دانەوێڵە دەچننەوە؛ ئەم پارسەکییە پڕ سووکییەشیان ناوناوە (ڕاتوەی فەقێیان). سەرانسەری ڕەمەزانیش چاویان بڕیوەتە دەستی هەرچی پووڵ پەرستی پەستە. ئەوە خوایە بە هەزار مینگە و فینگەوە، زرینگە لە گیرفان بێنێ و چەند قرۆش و قۆشەیەکیان بنێتە مست! کوڕ نامەخوا – چاوی



پیس کاری لێ نەکا – وریا و ژیرە و پلە بە پلە سەرکەوت؛ لە (عەواملی جورجانی) و (شەرحی تەسریفی زنجانی) و (انموزج و صمدیە) و (تەسریفی مەلا عەلی) ڕا گەیشتە (اظهار) و (کافیە)، (وضع) و (استعارە)شی خوێند؛ (جامی) و (سیوطی)شی ڕەوانە، موستەعیدە، دەوری سوختەیی بەسەرچوو، لە (منطق) و (بیان) و (بدیع)یش دەرچوو، (هیئت) و (علمی کلام) و (عقاید) و (رسالەی حساب)یش دەگەڵ، بڕایەوە و ئیجازەنامەی وەرگرت و لە گوندێک یان لە مزگەوتێکی شارستانا بە مەلایەتی دامەزرا، بە زەکات و سەرفترەی خەڵکی ئاوایی، یان خێرکەری گەڕەکی مزگەوتەکەی شار، بەڕێ دەچێ. واتا بە سواڵکەری دەبێ؛ بە ژیانی پارسەکی دەژێ؛ بە نانی گەدایی دەمرێ.

جگە لە مزگەوت و فەقێش، تاق و واز لە ماڵەمیران، هەر بۆ فیز و خۆڕانانیان لەسەر بۆرەپیاگ و جیران؛ قوڵە میرزایان ڕاگرتوون؛ دەرزیان بە کوڕەکانیان گوتوون و فێرە سیوات و خوێندن بوون. هەرگیز وا نەبووە کە بێژین لە کۆمەڵگای کوردەواری، لە دەهەزاری یەکێکی خوێندەواربێ؛ کێش خوێندوویە؟ هەر نێرەوەز و ئیللەڵلا.

لە کۆمەڵگای وا دواکەوتە، خوانەخواستە یەکێ بێژێ: «کچ بخوێنێ» عاسمان کوڵەکەی گەرەکە! کیژی کوردی بە نیو کوڕیش نەژمێراو، هەر هاتۆتە ناو دنیاوە، باوک ناوچاوی تێک ناوە؛ داڵک ڕووی لێ وەرگێڕاوە و بەنیشانەی قەرەبەختی و چارەڕەشیی خۆی زانیووە. زۆر کیژە کورد ناویان: شوکرییە، حەمدییە؛ بەسێ و ئامان و ئینتیها و نیهایەتن. هەر ئەم ناوانە شایەتن، باوک کیژیان ناگەرەکە و پێی ناشکورن. کیژی کورد هەر پێڕەوکە بوو، دەکرێتە ئامرازی ناوماڵ؛ گەسک دەرە، جێ ڕاخەرە، چێشت لێ نەرە، برای گچکە لە کوڵ دەرە. ئەبێ لە دەشت کار و بەرخان بچەرێنێ، بەدەمیەوە پوشکە بۆ ئاوردوو بێنێ؛ تەندوور داخا، ئارد دابێژێ، هەویر شێل بێ، گوتک خڕ دا، بە وەردێنە لەسەر پنەی پان کاتەوە، لە دەوری تیرۆکی پێچێ، بەسەر ڕفێدەیدا بدا، پێوەی بدا، نان

بپێژێ؛ هۆشی لە گوڵبێن ئاخن بێ، گوڵبێنەکە کیپ ئاخنابێ، کۆڵەوەژێکی لەلابێ، ژیلەمۆی پێ تێک وەربدا و کۆڵوی پێ هەڵگرێتەوە؛ کەپەکیش بکاتە سەولە بۆ بەشداران، لە بانەمەڕ و هەواران، بارەبار و ئاژۆی باربەر و دەواران؛ چیغ گرتنەوە، سنگ داکوتان، ڕەشماڵ هەڵدان، کاری ژنە. بێرییە پاتاڵ دەدۆشێ، شیر دەکا بە لۆر و پەنیر، مەنجەڵە ماست هەوێن دەکا. لەگەڵ کازیوەی بەیانا مەشکەژێنە، دۆیەکەی هەڵدێنێتەوە، تیژاوی دەکولێنێتەوە و هەزار دەرد و مەخسەرەی تر. ژن لە مەزرا داسە، پاچە، پێمەڕەیە، شەنەی خۆیان بە بادانە، درەوکارە، گیشەکێشە، گێرەی کلۆش، دەسکەنەی نیسک و نۆک و ماش، لەشیشدان و تەرەی تووتن، کاڵای پڕ بەباڵای ژنە. زستانی زستان ئاساییش ناسێتەوە؛ کوڵکە و کاڵ شی دەکاتەوە و بەشەی دەکا، تەشی ڕێسە، تەونکەرە، کڵاو و گۆرەوی چنە. هەر پێش گەیشت، برای مافی ئەوەی هەیە وەک ئاژاڵ و وڵساتی خۆی لێ بڕوانێ؛ دەیبەخشێ یان دەیفرۆشێ، یان ژن بەژنەی پێ دەکا، بەشی خۆیەتی و ڕەوایە.

هەروا نیوچەرخ لەمەوبەر، لە کوردستانەکەی خۆمان بە کوردێکی ڕەمەکیمان بگوتبایە: «کیژی کورد لە وزەیدا هەیە خوێندەوار بێ و سەرەڕای خوێندەواریەکەش بتوانێ کتێب بنووسێ و شیعری باش بهۆنێتەوە»؛ بێ گومانم گاڵتەی بە ئاوەزمان دەکرد و سەرێکیشی بۆ دەلەقاند دەیگوت: «ژن و خوێندن؟! ژن و کتێب نووسینەوە؟! ژن و شیعر هۆنینەوە؟! حەی حەی، بەخوا بابە باشە؛ ئیتر هەر ئەمەمان کەمە، وا دیارە ئاخرزەمانە! ژن ئەگەر ویستی بنووسێ، با بە جەوی و جاچکەتاڵە و دەموکانەوە بنووسێ. ژن ئەگەر دەهۆنێتەوە، وا گوریس و کەژوو هەیە با هەوسار بهۆنێتەوە».

خوێنەران خۆیان بە ئاگان کە تا ئەمڕۆش، زۆربەی ئاپۆڕەی کوردستان دەربارەی بەرەی مێوینە ئەمە بیر و بڕوایانە. دەی ئەگەر بۆیان باس بکەین، کە سێ نیوچەرخ لەمەوپێش، کیژێکی وا لە کوردستان هەڵکەوتووە،



بوویتە نووسەرێکی بەرز و لە شیعری فارسی و کوردیدا ئەوەندە هونەرمەند بووە کە نێرە بوێژەکانمان ئێرەیی بەو کیژە بەرن؛ ئەشێ ئەمجارە چەبێژن؟ ئێژن: «مەگین موجزاتی خوا ڕوویدابێ».

بەڵێ، مەستوورە خانمی کوردستانی ئەو کیژە موجزاتە بووە. بەڵگەی ڕوونیش -جگە لە شوێنەوارەکەی- قەسیدەکەی نالی هەیە کە فرێ داوێتە مەستوورە و ئەو قەسیدە زۆر مەشهوورە. نالیی نەمر، پێغەمبەری وێژەی کوردی، ئەگەر سوور نەیزانیبایە مەستوورە بۆ ئەوە دەبێ خۆبەرێتە ڕێزی نالی، کەللەی لە کەللەی نەدەدا. دیارە شێرێکی وەک نالی پەلامار ناداتە ڕێوی؛ غەنیمی ئەشێ پڵنگ بێ. پیاو بە وردی لەو شێعرە فڕنامەی نالی وردبێتەوە، تێ دەگا کە لەم بارەوە چەندی خۆی ماندوو کردووە؛ ئەم هەموو کەرەستە جوانە و ئەم هەموو وشە ڕەقانەی هەر بۆیە دەکار هێناوە، کە ئەو خانمە وێژەوانەی خۆی لەو بە کەمتر نازانێ، بترسێنێ و بیبەزێنێ و خۆی بنوێنێ کە: «منی خاوەنی دیوان، جوانێکی وا وێژەوانی دەم پاراویشم بۆڕداوە».

یان مەولەوی تاوەگۆزی کە خودای بیری ناسکە، ئەگەر سوور نەیزانیبایە کە مەستوورە لە وێژەدا ئەوەندە بەرزەباڵایە دەشێعری چەتوونیش دەگات، لە پەسنیدا نەی دەفەرموو:

خورشیدەکەی ناز، ئەوجی بوورجی ثەور
سەرتوغرای دەفتەر مەحبووبان جەدەور
ها لە خانەکەی بورجی شەرەفدا
نوور ئەفشا نیشەن وە هەر تەرەفدا

**مەستوورەخانم کێ بوو؟**

بۆ ژینامەی ئەم نازدارە هەستیار و مێژوونووسە، ناسر ئازادپوور فەرموویە و خستوویەتە پێشەکیی کتێبەکەوە و ئێمە پوختەی ڕادەگوێزین:

«ناوی ماە شەرەف خانم و نازناوی مەستوورە بووە؛ دەوروبەری ساڵی

١٢٢٠ ک (١٨٠٤ز) له بنەماڵەی قادرییەکانی سنەدا - کە ئەوسا زۆر لای والییەکان بەقەدر بوون- لە شاری سنە هاتە دنیا. ئەولەسەن بەگ باوکی ئەو کیژە ناودارە لە پیاوە ڕەسەنەکانی سنە بووە؛ بە ماە شەرەفی خوێندووە تا وەهای پێ گەیاندووە کە ناو دەرکا. لە زەمانی خوسرەوخانی ئەردەڵانیی والیی سنە کە بە ناکام ناو براوە، خان و ماڵە قادرییەکان لێک ڕەنجاون و ئاشت بوونەوە و بوونە خزم. مەستوورە بوویتە خێزانی خوسرەوخانی ئەردەڵانی. خانیش لە شێعر دانانا لە خانم نزیک بۆتەوە؛ لە دیوانی هەر دووکاندا شێعر بەیەکدا هەڵدانیان زۆر بەرچاوە.

خێوی (حەدیقەی ناسری) کە پسمامی مەستوورەیە، ژمارەی هەڵبەستەکانی لە قەسیدە و لە غەزەل و وردە بابەت، بە نزیکەی بیست هەزار بەیت نووسیووە؛ بەڵام (تحفەی ناسریە) کە ئەویش لەمەڕ کوردستان تاریخێکە، دە هەزاری لەو بیستە کەم کردۆتەوە و دەڵێ دە هەزار بەیتێکی وەهۆندووە.

مەستوورە لە شێعر دانان چ بە فارسی و چ بە کوردی، زۆر خاوەن دەسەڵات بووە؛ بەداخەوە زۆربەی شێعری لەناوچووە؛ تەنیا دوو هەزار بەیتێکی ماوەتەوە کە لە سایەی مەعریفەتی سەرۆکی فەرهەنگی سنە و میرزا ئەسەدوڵڵا خانی کوردستانی بیستساڵێک دەبێ لە تاران چاپ کراوە. ئەمە جگە لەو شێعرانەی کە لە مێژووە فارسییەکەدا نووسراونەوە، کوردییەکان هەر زۆر کەم ماون، بەڵام لە قەسیدەیەکدا کە بەم بەیتە دەس پێ دەکا:

گرفتارم وەنازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بەنیشی سینە دوزی تیری موژگانت

وا دیار ئەدا کە شێعرە کوردییەکانیشی زۆر ڕەوان بوون.

مەستوورە و یغمای جندقی فارسی زمان- کە هاوچەرخی یەکتری بوون -شێعریان بۆ یەکدی نووسیووە؛ دەگەڵ زۆر هۆنەری کوردیش شێعر



شێعرێنی کردووە. جگە لە دیوانی شێعر و تاریخی ئەردەڵانەکەی، دەربارەی بڕوای ئایینی و ئیسلامەتی نامیلکەیەکی نووسیووە کە بەداخەوە نەمدیووە.

مەستوورە چل و چوار ساڵی تەمەن بووە، واتا لە ساڵی ١٢٦٤دا لە سولەیمانیە مردووە*. لەدوای پێشەکیی ئازاد پوور، تاریخەکەی دەس پێ دەکا؛ مەستوورە خانمیش بۆ خۆی پێشەکییەکی بۆ نووسیووە کە خەستاییەکەی ڕادەنێم. ئەویش هەر وەکو شوێن و یاسای نووسەرانی ئیسلامییە؛ بەناوی خوا دەس پێ دەکا و بە زمانێکی زۆر ڕەوان و دەمپاراوی بە گەورەییی خوا هەڵدەڵێ و دروودی زۆر بۆ پێغەمبەر بەڕێ دەکا و دێتە سەر باسی ژینی خۆی و هۆی دانانی کتێبەکەی و دەفەرمووێ:

«منی وا بێ نرخ و هەژار مەستوورە ناو - کە کیژی ئەولەسەن بەگ و نەوەی خوا بەخشیو حەماغای کوردستانیم- چونکە باوکم زۆر حەزی لە خوێندن بووە و منیش کیژی نۆبەرەی بووم، خۆشی ویستووم و پێی خوێندوم؛ زۆرم خوو دابووە سەر کتێب، هەموو جۆرە کتێبێکم دەخوێندەوە، لە ناویاندا زۆر لە تاریخ خۆشم دەهات. تا ڕۆژێکیان چاوم بە نوسراوێ کەوت دەربارەی کوردستان دەدوا، هەرچەند فرەیشی تیا چووبوو، بەڵام هێشتا کەم و کووڕییەکی هەر مابوو. کەوتە سەرم منیش گەوێک بخەمە سەر ئەو زنجیرەی سەربهوردی ئەردەڵانی، بەتایبەتی کە خۆم نانخۆری ئەوانم و شانازی بە بەختم دەکەم کە ئێستا تەواو خزمیانم. بۆ ئەم کارەش ڕوانیومەتە زۆر کتێبان و پرسیاریشم لە پیرە پیاوان کردووە و ئەم تاریخەم لێ سازداوە. تکامە لە خوێنەرەوان بە نزا لە بیرم نەکەن». ئیتر دێتە سەر باسی ئەردەڵانییەکان لە مێژوودا و ئێژێ:

### بنچینەی بابە ئەردەڵان

ئاشکرایە بابە ئەردەڵان کورد بووە. با بزانین کورد خۆی لە کوێوە هاتووە

* ناسر ئازاد پوور-١٩٤٦.

و ئەم ناوە چۆن پەیدا بووە. مێژوونووسان زۆریان قسە تێک پەڕیووە؛ هێندێک ئێژن: زەهاک ناوێکی خوانەناس کە پاشا بوو، دوو پلە گۆشت لە بیچمی مار لەسەر شانانیەوە دەرچوون، ژانی ئەو دەردە گرانە ژیانی لە زەهاکی ناپاک کردە قوزەڵقورت و سندان. شەیتان خۆی کردە پزیشک و پێی وت: «دەبێ گرۆژی مژی دو لاو بەم زامانەتا بماڵی تا ئۆقرە بگرێ و ژان نەکا». بۆ نەگبەتی ئەم هەتوانە ژانەکەی زۆر دادەمرکاند. هەموو ڕۆژێ دوو زەلامی بێتاوانیان بە چێشتکەری زەهاک دەسپارد، سەریان ببڕێ و مێشکەکانیان گەرماو گەرم فریای ماری سەرشانی خا. شێوکەر پیاوێ دڵۆوان و دڵنەرم بوو؛ بەزەی بەم بێچارانەدا دەهاتەوە؛ دیتی زیان لە نیوەش وەگەڕێ باشە، لە دوانەکە یەکێکیانی پاشقل دەدا و مێشکی مەڕی دەگەڵ مێشکی یەکێ لەو دوانە لێک دەدا و بۆ شای دەنارد؛ بەم یەکەی زیندووشی دەسپارد، هەرچی زووە لەشار ڕاکا و لەناو چیا خۆی حەشار دات. هەڵاتوو لە دەستی زۆردار لە کەژ و بەندەن و نزار نیشتەجێ بوون، یەکێک لەوان ناوی کورد بوو، بەرەی زۆری لێ کەوتەوە و لە ئاکاما چوار تیرەی زلیان لێ پێک هات بەم ناوانە: ئەردەڵان، کە لە چاو کوردەکانی تر ئازا و نەجیم زادەترن. دووهەمیان لوڕ، سێهەم کرمانج کە بابانیشیان پێ ئێژن، چوارەم گۆران کە لە کرماشانا ئەژین. بەڵام زۆربەی مێژوونووسان لایان وایە ئەردەڵانی لە نەتەوەی ئەردەشێری بابەکانن، کە ڕۆژگارێک پەڕیوەی وڵاتی شام بوون و گیرساونەوە؛ ئیمام حەسەن کردوونیە والیی کوردستان. وا لەوساوە هەتا ئێستا - کە ساڵ هەزار و دووسەت و شێست و دووە - لەودمی ئەو ئیمامەوە پشتاوپشتیان فەرمانڕەوای کوردستانن. شایەتی ئەم قسەی منە ئەنگوستیلێکی یاقیقە بەختەتی کووفی نەخشاوە و ئیمام حەسەن بۆ متفەڕک داویە بە بابە ئەردەڵان، هەتا ئێستاش ئەم هەنگولیسکە هەر ماوە و لە بنەماڵەی ئەردەڵاندا پارێزراوە.

بەڵام مێژووی ئەردەڵانی مەلا حەمەشەریف قازی و خوسرەوبەگی ئەردەڵانی نووسیگیانە: لە پێشانا ئەردەڵانی لەلای مووسڵ و دیاربەکر و



ئەم ناوچانە فەرمانڕەوایەتییان دەکرد؛ بە هەڵکەوت بابە ئەردەڵان لە خزمان جیا بۆتەوە و ڕووی کردۆتە شارەزوور و کراوە بە فەرمانڕەوا. ماوەیەکیش هاتۆتە ناوچەی پاڵەنگان و گۆرانەکان کردوویانەتە گەورەی خۆ. لە بڕانەوەی پاشایەتیی بەرەی چەنگیز، دیسان توانیی کۆ و حەریر و شارەزوور و قەڵەمڕەوی بابانەکان زەوت بکا. گەلێک ساڵان لەزۆربەی خاکی کوردستان هەر بۆخۆی هەمەکارە بووە، دەڵێن چەند جار ئەمیر تەیموور گوورەکانی حاکمایەتیی کوردستانی بۆ ئەو بابە ئەردەڵانە مۆر کردووە. بەڵام ناچێتە ئەقڵەوە ئەمە ڕاست بێ؛ چونکە لە چەنگیز خانەوە تا تەیموور مەودا زۆر دوورە؛ خواش ئەیزانێ.

هەتا ئێرە مێژووی مەستوورە خانم بوو ڕامان گوێزا؛ دەبا بزانین مێژوونووسانی بەر لەویش چیان نووسیوە:

میر شەرەفخان لە ساڵی (١٠٠٥)دا دەربارەی ڕەگەزی کوردان لەپاش باسی زەهاک و ماری سەر شانی- کە ئەم قسە لە شانامەی فردەوسیدا باس کراوە - ئەڵێ: «کورد لەو هەڵاتووانە پێک هاتووە، وردە وردە زمانێکی سەربەخۆیان داهێناوە کە کوردییە». شەرەفخان دەڵێ: «لای زۆر کەس ناوی کورد واتا «ئازا»یە؛ کورد چوار تیرەن: کرمانج، گۆران، کەڵهوڕ و لوڕ». ئەم باسی زەهاک و مارەی لە هەنبانەی درۆکانی فردەوسی واتا: شانامە، دەرهاتووە؛ نرخی ئەوەندەشی نییە کە بەرپەرچی بدرێتەوە؛ بەڵام وشەی کرمانج و لوڕ و گۆران و کەڵهوڕ، هەڵدەگرن سەرنج بدەین و بزانین ئەم چوار ناوانە یانی چی؟

هەموو کوردی تورکیە و زۆر کوردی ئازەربایجان و بەشی زۆر لە کوردی عێراق و کوردەکانی شەکی و شیروانی خوراسان و کوردەکانی ئەرمەنستانی ڕوسیا؛ بەخۆ ئێژن: «ئەم کورمانجین». هێندێکیان دەڵێن: «کورد ماجین». بە فەرموودەی شەرەفخان و بە باوەڕی زۆر لە کەونارا ناسەکان، ئاشۆرییەکان بە ئازایانیان گوتووە: «کورت»؛ ئەم نازناوە لە وانەوە لە کوردی ئازا نراوە. ئەی بەر لەو ناوە ئەم چبووین؟ پرسیارێکە

سەرنج ڕاکێش.

هەر کەسێک دەربارەی ژیان و چۆنیەتیی زەردەشت پێغەمبەر کتێبان بخوێنێتەوە تووشی ئەم چەند باسە دەبێ:

نوێژەکان و دوعاکانی زەردەشت هەمووی کە بە(گاسها ) ناودێرن، هەر پاڕانەوە لە خوایە کە: «ئاهۆرەموزدای مەزن! تۆ ماژەکانی مەزدیسنە لە ئازاری دێوەکانی دەوروبەری دەریاچەی وان بپارێزە». بێگومان خزمەکانی ئەو بەتیرەی ماژ ناوبراون. گاس کە بەمانای دوعایە و دوعاش یانی بانگ لێ کردن. ئێستاش لەناو زۆر کورداندا گاس یان گازە. دەڵێ: «گاسی فلانی کە، گازم کردی گوێت لێ نەبوو». لە سەرەتای ئیسلامەوە عەرەب ڕژاونە ولاتمان و بوونەتە ئاغا لە سەرمان و زمانیان وەبرەو کەوتووە؛ عەرەب نازانێ (ژێ) بلێ، دەیکاتە (زێ)یان دەیگۆڕێتەوە بە (جیم). ماژیان لێ کردوین بە ماج و ژن و ماژو و ماژەندەران و ماژیاریان کردۆتە زەن و مازووج و مازەندەران و مازیار؛ هەروەها چیای (مازێ)ش هەر ماژێ بووە. بە بڕوای مەلا جەمیلیش کە لەم وشەی بەوردی تۆژیوەتەوە، کورماج و کورماد هەر یەکن، کە ئەم قسەش بەڕاستی جێی سەرنجدانە. بەشایەتیی مێژوونووسانی ڕابردوو، ماد کورد بوون و پاتەختیان هەمەدان بووە؛ ئەمجار کوردماج یا ماژ یا ماد، لە مانادا دەبێتە ماژە ئازاکە. جا ئەگەر لە هێندێک شوێنی کوردستانا لەجێی کوردماج دەڵێن کرمانج و نوونێکی سووک لەسەر زمانان کەوتۆتە ناو ما و جیمەکە، کار هەڵناوەشێتەوە. زۆرجار لە زۆر هاتوچۆ کردنی وشە بەسەر زمانی گەلەوە، کەم بوون و زیادبوون ڕووئەدات و هێندێک جار دوو لەتە وشەش پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن. چەند هۆزێک بەناوی مەنگوڕ لە دەوری چیای هەکاری لە کوردستانی بەردەستی تورکەکان و لەلای ڕووگەی مەڵبەندی شاری مهابادی کوردستانی سەر بە ئێران هەر ئێستێ هەن کە (مانگ کوڕن). (مانج کوڕ) زوو دەبێتە مانگ کور، هەر کورمانجەکەی پێشووە، لەتە وشە جێگە گۆڕکێیان کردووە.



ئەگەر ئەم بیرو بڕوایەم لێ وەرگرن ئەبێ بیریش لە کرماشان و کرمانیش بکەنەوە، بە ئاشکرا (کورماجان) و (کورما= کورمانج) خۆ دەنوێنن. خۆ ئەگەر کورد؛ کورتەکەی ئاشۆریش نەبێ، دەکرێ (کوڕ)بێ و دەبێتە (کوڕی ماج) یا (مانج) کە (مانج) و (مانج)ەکەش (ماژە) و (ماژ)یش قەویلەی زەردەشتە.

با جارێ لە (ماج) وازبێنین، بزانین گۆران یانی چی؟

هێندێک لە مێژوونووسەکان لایان وایە چەند هۆزێک کە لە پێشوودا بە زمانی پەهلەویی کۆنیان قسە دەکرد، لە سۆنگەی کۆچ و بارەوە هاتوونەتە ناو کوردان و کوردی فێربوون و زمانەکەی پێشووی خۆیان وەلاناوە و کوردەکان بە مزگێنیەوە گوتوویانە: «ئەوا گۆڕان» واتا لەسای زمان گۆڕانەوە بوونەتە کورد! دەستەیەکیش ئەم بڕوایە ناسەلمێنن، دەڵێن: «کورد لە پێشدا هەمووی کۆچەر و ڕەوەند بووگن و زۆر لە شوێنێکا بەند نەبوون. هێندێک لەوان ئەقڵیان بڕیی، لە ژیانی کۆچەرایەتی دەس هەڵگرن و جووت و گا و دێ نشینی بەسەربەرن؛ ئاوایی و گوندیان ئاواکرد و لە کۆچەران جیابوونەوە و کۆچەرەکان گوتیان: (گۆڕان)؛ واتا وەکو خۆیان نەمان».

ئوستاد جەمیل ڕۆژبەیانی بەجۆرێکی تر بۆی چووە؛ ئەم فەرموویە: «زۆر وێ دەچێ ناوی (گۆران) لە وشەی (گۆڕ)ەوە هاتبێ کە (گۆڕ) لە زمانی کوردیدا، بە (کەرە کێوی)، بە (مەیدان)، بە (دەشت)، بە (قەور) ئەوترێ؛ ئەبێ ئەم هۆزە کوردانە لەناو دەشتاییدا ژیابن؛ یان لە کاتی مەیدانداری زۆر ئازابن؛ یان لە ڕاوا زۆریان کەرەکێوی دەگرت؛ خاکی کوردستانەکەشیان دەکردە گۆڕی دوژمنان».

بە خەیاڵی منی هەژار هیچ یەک لەو چەند بۆ چوونانە نەگەیشتوونە ئامانج و نیشانەیان نەپێکاوە. من لام وایە ئەم (گۆرانە)ش وەکو (کورماژ) سەرەتای لە ئایین بەندە؛ وەک دەزانین ئیسلام پەیڕەوانی

زەردەشت بە ئاگرپەرست ناودەبا و لە فارسیشدا (گەبر) ئێژن؛ هەروەک کوردەکانی خۆشمان دەڵێن: گاور. کەوابێ (گۆران)، (گاورانە)؛ واتا ئاگر پەرستەکان. ئەوەندەشمان لەبیرنەچێ کە گۆران چەندین سەدە مان، هەتا موسوڵمان کراون. دەگێڕنەوە کە مەلایەکی مەردۆخی کە هەر بە چاوێک دیتوویە، چۆتە ناو هەورامانیان و فێرە ئیسلامەتیی کردوون و قورعانێکیشی بۆ بردوون کە لە جیاتی ماریفەتووپیرشالیار، قورئان بخوێنن. ڕۆژێک لە مزگەوتی دێدا یەکێ لە یەکێ دەپرسێ: «بیستوومە قورعان قەدیمە؛ لە ماریفەتووپیرشالیاریش قەدیم ترە؟».

کاورا لە جوابیا ئەخەنێ و ئەڵێ: «قرون دویکە مەلا ڕەحیمەکۆرە بۆی هێناین؛ ماریفەتووپیرشالیاری هەزار ساڵ زیاترە هەیە».

(گۆران) بەو کوردانە دەڵێن کە لە دەوری کرماشان و سنە و هەمەدانا ئەژین. هۆزێک لە مەڵبەندی موکری لە نزیک سەردەشت نیشتەجێن، ئەویش (گەورک)یان پێ دەڵێن؛ ئاخۆ ئەم دوو ناوە خزمن؟ ئەگەر خزمن ئەم هەموو دەشت و کێوانە بۆچی کەوتۆتە نێوانیان؟ پرسێکە وەرامی دەوێ.

ئەو کەسانەی زۆر شارەزای مێژووی ژیانی زەردەشتن، پێمان دەڵێن: زەردەشت لەلای گۆلی ورمێ -کە ئەوسا ناوی چیچک بوو -هاتە دنیا؛ پاشان وتی پێغەمبەرم. هۆزی ماژ -کە خزمی خۆی بوون- لێی وەکۆبوون؛ بوونە ئۆمەت. کوردەکانی دەوروبەری دەریاچەی وان -کە ئەوسا بە دێو ناودەبران دیئوسنە بەمانا خوداپەرستە - خۆیان لە مەزدیسنیەکان گەلێ بەچاتر دەزانی و بەگژ ماژە زەردەشتیەکاندا دەهاتن؛ جێگەیان بە زەردەشت لەق کرد. ناچار لەبەر دێوان ڕەوی. دوازدە ڕۆژان ڕێگەی پێوا تاگەیشتە سەر گوێ ڕووباری تائیتی کە لە بناری چیای گورگان دەهاتەخوار. سرووش واتا فرشتەی ولامبەری خوا، داوەزیە لای؛ دروودی خودای پێ گەیاند و پێی ڕاگەیاند ئامادەبێ بیباتە بارەگای خودا لە عاسمان. بە ئاوی چەمی تائیتی دڵی زەردەشتی شتەوە تا گەماری و چڵک و چەپەڵی زەمینی تێدا



نەما. ئەوسا بردی بۆلای خودا کە ئەوسا ئاهۆرەموزدا یاخۆ هورمز ناوی خوا بوو.

زەردەشت گەیشتە بارەگا و چاوەنۆڕ بوو ئاهۆرەموزدا بانگی کا و بیدوێنێ. لە ماوەی چاوەنۆڕیدا فرشتەکان لە چوار لاوە لە زەردەشت کۆ ببوونەوە، فرشتەش هەر ڕۆشناکییە. زەردەشت کاتێ لە سەری خۆی دەڕوانی، سێبەر نەبوو، ڕووناکاییی فرشتەکان لە چوار لاوە سێبەریان لەناو بردبوو. ئاهۆرەموزدا بانگی کرد، زۆری دڵخۆشی دایەوە، فەرمووی هەڕۆوە ماڵە خۆت، من ئەوەندەت هێز دەدەمێ کە بەسەر دێواندا زاڵ بی. میوان مالاواییی کرد و گەڕاوە بۆ دەوری چیچک. ئەمیرێک بەناوی مەماند باوەڕی بە زەردەشت هێنا و بوونە خزمیش. زەردەشت ستی - خوشکی خۆی- دا بە مەماند و هڤوڤی (هەیڤی) خوشکی مەمەندی خواست. لەوساوە زەردەشت نەترسا و توانی دێوەکان ڕاوبنێ.

بەڵام زۆر لەو مێژوونووسە بەڕێزانە -ئێرانیانە- ویستوویانە زەردەشت بەفارس حەساوکەن و لە کوردایەتیی وەشۆرن؛ فەرموویانە: «تائیتی ڕەنگە ئەرەس بێ کە چەمێکە لەسەر سنووری ئێران و ولاتی ڕووس! گورگان کووهیش هەر کێوەکانی گورگانە. لەو سەفەرەش زەردەشت گەیشتۆتە بەلخ کە لەوپەڕ ئۆزبەگستانە و سەر بە دەوڵەتی ئەفغانە و دەگەڵ مەڵبەندی بوخارا سنووریان لێک دەداتەوە». جا با تۆزێک بە وردی لێکی دەینەوە*: نزیک بە سێ هەزار ساڵ پێش، دنیای وا پڕ لێرەواری چوغری دژوار، نە ڕێگەیەکی خۆشکراو و نەپردێک و پردەبازێک لە ڕووباران، نەکێلێک چەقێنرابێ لەسەر بوواران، دەروێشێکی شڕ و شڕۆڵ و بەلەنگاز کە ناوەکەی واتا خێوی وشترەزەرد، کاڵەی چەرمی خاو هەڵبەستێ، بە پیادەیی یاخۆ بڵێین بە سواری لۆکە زەردەکەی، لۆژ لۆژ لە دەوری ورمێوە

* کەسێ بە وردی بڕوانێتە کتێبی «جغرافیای غرب ایران» یا « کوههای نا شناخته در اوستا» نووسینی « دۆلتشاهی» زۆر لەو شتانەی بۆ ڕوون دەبیتەوە – هەژار.

وەڕێ کەوێ، نەک دوازدە ڕۆژ بە دوازدە مانگ نە دەگاتە سەر ئاراز و نە بەلخیش بەپێوقەدەمی پیرۆز دەکات. دوازدە قۆناغ بەحاڵەحاڵ دەیگەیەنێتە لای سەردەشت. ئێستاش ناوی (تیەتێ) هەروەک خۆی ماوە کە دەڕژێتە چەمی کەڵوێ؛ کێوەکانی گەورکانی سەرچاوەیە. کەسێکی سەردەشتی دیبێت، زوو دەزانێ نە لە سەردەشت دروست بووە و نەبنی دەشتە؛ تەنیا ناوەکە بەناوی زەردەشتەوە ناونراوە و (زێ) بە (سین) زۆرجار گۆڕاوە؛ وەکو (دەزگیرە) و (دەزگیران). هەر لەلای سەردەشتیشەوە گوندۆکەکی زۆر خۆش هەیە ناونراوە هورمزاوێ؛ تەواو وەکو (ئەڵڵا ئابادی) هیندوستان. هەر لەسەردەشتیش بەودیوا چەند مەودایەک لەلای چوارتا، گوندێک وەناو (هەرمن) هەیە کە ئەهریمەن لەوێ ژیاوە. ئێستا ئاخۆ زەردەشت لەلای سەردەشت بووبێ و لەسەر ڕەخی ڕووباری تیەتێ ژیابێ و لە ئاواییی هورمزاوێ سابێتەوە، هەرمنیشی بەرەو گەرمیان وەدەر نابێ چیی تیایە؟ ئەوسا مانای گەورکان ئاشکرا دەبێ: گەورەکانن، گوتمان گەور بە پەیڕەوی زەردەشت دەڵێن؛ ئەدی وشەی (کەڵهوڕ) چییە؟

میر شەرەفخان فەرموویەتی: «مێژوونووسان دەڵێن کەڵهوڕ نەتەوەی گۆدەرزی گیون؛ کە گیو زەمانی کەیانی بەسەر بابل ڕادەگەیشت. کوڕی گیو بەناوی ڕەهام، بە فەرمانی خونکار بەهمەنی کەیانی هێرشی بردە سەر شام و ئۆرشلیم و میسر و زەوتی کردن. ئەوەندەی جوو سەربڕیووە کە ئاش بە خوێنیان گەڕاوە. بەختونەسر، نازناوی ئەورەهامەیە».

باس و خواسی ئەورەهام و قەتلوعامی جوولەکە، لە دوو مێژووی قەدیمیەکاندا هاتووە؛ بەڵام هەردووک لەسەر خونکارەکەی کەیان پێک نەهاتوون.

ئەحمەد؛ ڕۆڵەی (ابن سنان قەرەمانی **٩٣٩-١٠١٩**) لە مێژووی (اخبار الدول) ڕووپەڕی **٣٥٠**دا دەڵێ: «ئەو شایەی ڕەهامی ناردە سەر جوولەکان، بیوراسب یان بیهراسب بوو».



کتێبی (مروج الذهب) کە مەسعودی نووسیویەتی ئێژێ: «لوهراسپی نەوەی کەیقوباد ئەم کوشتارەی بە ڕەهام کرد».

ئوستاد جەمیل ڕۆژبەیانی بڕوا بەم چیرۆکە ناکا؛ بەهزری ئەو کەڵهوڕ توخمی کلاهوری پاڵەوانن کە شانامە باسی دەکات. فەرمووشیەتی: «من هیچ بە دووری نازانم (کەڵوەران) بێ، واتا بەرانە گەورەکە و لەدوایی بووبێتە کەڵهوڕ». مەلا جەمیل ئەم باسانەی وەک پەراوێز بۆ شەرەفنامە نووسیووە؛ لەدوای ئەمە بە چەند ساڵێک خۆی بەرپەرچ دەداتەوە و دەربارەی کەڵهوڕ دەنووسێ: «کەڵهوڕ واتا کەڵ ئاهۆرا». بۆ چەسپینی ئەم بیرە تازەش ئەم چەند بەڵگەی نیشان داوە و فەرموویەتی: «ئەو گەلانەی لە چیاکانی زاگرۆس دەژیان؛ وەکو گووتی، لولو، کاسی، عیلامی و میتانی، هەر هۆزەی بتی خۆی هەبووە؛ زۆر جارانیش دەگەڵ سوومەر و ئاکید و بابل و ئاشۆرییەکاندا دەبووە شەڕیان. کێ لە شەڕدا سەرکەوتبا، بتی هۆزی بن کەوتووی بەتاڵان دەبرد و، تێشکاو بێ خوا دەمایەوە. جا هێندێ لە زاگرۆسییەکان بۆ ئەوە کە خوداکانیان لە دەس و بردی دوژمنان بپارێزرێن، بردوویاننە سەر دوندی کێوی بیستوون- کە هەر وشەی بێستوونیش (بیغستانە)، (بیغ) کە ئێستاکێ بوویتە (بەگ) ناوی خوا بووە- یانیها شوێنی خوداگەل؛ لەناو ئەو گەلەخوایەشدا دیارە گەورە و گچکە هەبووە، هەر هۆزەی بەگوێرەی توانای. خوای لە هەمووان مەزنتر (کەڵ ئاهۆرا)یە. هۆزی خێوی بتی گەورە بەناوی کەڵ ئاهۆرایی ناودێر بووە. هەوا گۆرانییەکیش هەیە زۆر وەک پاڕانەوە دەچێ کە بەمیش کەڵهوڕی دەڵێن، واتا سترانی خودایی».

**لوڕ**

شەرەفنامە لە (زبدة التواریخ) دەگێڕێتەوە: «لەلای مانروود گوندێک هەیە ناوی کوردە، دەربەندێکی لێ نزیکە بەناوی کول؛ لەناو دەربەند گوندێک هەیە بەناوی لوڕ. ئەو کوردانەی کە خۆیان بە لوڕ دادەنێن، لەهەر کوێ بن، هەر ناوی تریشیان هەبێت، هەموویان لە بنەچەکەدا سەر بەو

گوندەن».

میر شەرەفخان لەسەری ڕۆییوە و فەرموویە: «جیا لە (زبده التواریخ) زۆر کەسی تریش لەم بارە نووسیویانە، بەڵام پێم بایەخدار نەبوون و وازم لە نووسینیان هێنا».

ڕۆژبەیانیش بۆ ئەم ناوە زۆر گەڕاوە کە لە کوێ سەری هەڵداوە. دەڵێ: «تاریخ گزیدەی کاری (مستوفی قزوینی) و منتخب التواریخی (معین الدین نطنزی)ش لایان وایە ئەو ناوە لەگوندی لوڕی گەلی کولی لای گوندی کوردی مانرووده».

بە بڕوای هەژارانەی من، پیاو ئەگەر مێژووی کەونارای گەلانی زاگرۆس وەخوێنێ؛ ناوی (لوولوو)، (لوولووبووم)، (لوولوومی) زۆر جار دەبینێ، ئەگەر (لوڕ) لەو (لوولووە) بێ سەیر نییە.

**هەژار**



**بابە ئەردەڵان**: هەتا بێژی پیاوی چاک بوو؛ دڵی پاک بوو؛ لە ئاوی شەو خۆی دەپاراست؛ کاری ناڕەوای نەدەکرد. مسکێن هەموو خۆشیان دەویست؛ کەس قسەی پیسی لێ نەبیست. پاش ماوەیەک، ماڵاوایی لە جیهانی بێ بەین و بەقا کرد و مرد.

**کلۆڵ، کوڕ باوە ئەردەڵان**: جێگەی باوکی خۆی گرتەوە؛ گرۆی لە چاکان بردەوە؛ ناوی هەژار لە ڕۆژگاریا پووچایەوە و هەموو کەس تێر و دارا بوو. لە دەهندەیی و مێرخاسی هۆی دایەوە؛ تا لە پاشان گوێزتیەوە بۆ ناو گۆڕستان.

**خدری کلۆڵ**: خدری پیتۆڵ، هاتە شوێنی بابە کلۆڵ؛ چۆغەی بەری زۆردارانی بێ گرۆڵ کرد؛ دنیای بە نەیاران چۆڵ کرد؛ مەلاشی زۆر خۆش دەویستن؛ چیان بگوتبا لێی دەبیستن. دنیا لە سایەی سایەوە؛ ئەویش ڕۆژێک بەیەکجاری لە ناو گۆڕدا حەسایەوە.

**ئەلیاس کوڕی خدر**: وەک هەمیشە لە چیرۆکی کوردەواری، خدر و ئەلیاس لە دوی یەکن و پیرێژن بۆ نزا ئێژن: «خدر ئەلیاس ئاگادارت بن».

ئەلیاس جێگەی خدری پڕ کردەوە و بەکردەوە لە باپیرانی تێ پەڕاند؛ زۆر ژیر و زۆر بە تەگبیر بوو؛ هەمیشە خودای لە بیر بوو، هەتا پیر بوو؛ ئەوسا پێمێردی خواهات و ناردیە بەهەشت.

**دیسانەوە خدری ئەلیاس**: کوڕی ئەلیاس کە دەبوو بە خدری دووهەم هاتە رووی کار و، لەسەر گەل بوو بەفەرماندار؛ پیاوێکی پێوقەدەم خێر و بە ئازایەتی وەک شێر و بە گیانی دوژمنان فێر بوو. توخمی هەژاری و زۆرداری، بەودمی ئەو لە قەڵەمڕەوی باری کرد و هەر لە ڕای خوا کاری کرد؛ تا ئەویش مەرگی گەیشتێ و ڕەوانەی کرد بۆ بەهەشتێ.

**حەسەن کوڕی خدری دووهەم**: ئێژن پیاگێ زۆر خاس بووە؛ ورد و ژیر و دوڕناس بووە؛ زۆر خۆی لە گوناە دەپاراست و هەر ڕەزامەندی خوای دەخواست. میری هەر لەو دەوەشاوە. هەموو خەڵک -بە دەوڵەمەند و گەداوە-

خۆشیان دەویست؛ کەس قسەی پیسی لێ نەبیست. بەخۆشی و سەربەرزی ژیا و بە هیوای بە هەشتەوە مرد.

**بابڵۆل کوڕی حەسەن**: دەڵێن بابڵۆل زۆر ئازا بوو؛ زۆریش دەست و دڵاوابوو. هەرچییەک لە باپیرانیەوە زێڕ و گەنجی بۆ جێ مابوو، هەمووی دابوو بە هەژاران و ژێردەستان. دوژمن گشتی لێی ئەترسان، هەموو زەندەقیان لێی چووبوو؛ دەگەڵ هەرکام ڕووبەڕوو بوو، بە یەکجاری لە ناوی برد. زۆر بەسەر بەرزی ژیا و مرد.

**مونزیر کوڕی بابڵۆل**: لە شوێن باوکی بەسەرداری ناودێر کرا؛ لە هەمووڵا دیاری و پێشکێشی بۆ برا؛ هەرکەسیش دیاری هێنابوو چەند ئەوەندە خەڵات و دیاری پێ درا. زۆر پیاوێکی لە سەرخۆ بوو؛ دوژمنی گزی و درۆ بوو. لە چاخی سەروەری ئەودا، دنیا هەمووی هێدی و هێمن، بێ کێشە و مقۆ مقۆ بوو. مونزیر هەر بەزیندی سەری، مەئموون بەگی کوڕی زۆر خۆشەویستی خۆی بە جێ نشینی دیاری کرد و پاش ماوەیەک ئەویش وەک باپیرانی مرد.

هەر لە بابە ئەردەڵانەوە تا ئێرە لە مێژووی مەستوورە خانم ڕاگوێزراوە، بە قەڵەمێکی زۆر ڕەوان. وەک گەورەترین وێژەوان لە ئەدەبیاتی فارسیدا، بە بەژن و باڵای هەڵداون بەبێ ئەوە بزانێ کەی لە دنیابوون و کەی لێی دەرچوون! ئاخر کەسێکی نەزانێ بابە ئەردەڵان زەمانی ئیمام حەسەن والی بووە و گوستیلەی لێ وەرگرتووە، یان چەنگیز و تەیموری لەنگ فەرمانیان بۆ مۆرکردووە، چوزانێ فڵان سەخی بوو یان نانەخۆر؟! فیسار زەبوون و لاواز بوو یان خاوەن زۆر؟ جامەگێن -بە قسەی ئازاد پوور- چونکە بۆخۆی سەر بەو بنەماڵە ژیاوە، ویستویە هەستی بوێژی نیشان بدا و دەری ببڕێ کە پێ نەزانراوەکانیشی خۆش دەوێ. دەبا بزانین مێژوونووسی تر دەڵێن چی؟

میر شەرەفخان، بەندی یەکەمی کتێبی شەرەفنامەی بۆ باسی



ئەردەڵانییەکان تەرخان دەکا و فەرموویەتی: «لەسەر بڕوای مێژوونووسان، ئەردەڵانی بە بنەچەکە لە ڕەسەنی میرەکانی دیاربەکرن؛ کە ئەوانیش لە نەتەوەی ئەحمەدی کوڕی مەڕوانن. ئەو ئەحمەدەش لە زەمانی خەلیفە قادربیللای عەباسیدا (٩٩١-١٠٣١م) حاکمی مەڕوانییەکان بوو. بابە ئەردەڵان ماوەیەک لە ناو گۆڕاناندا ژیاوە؛ لە بەرەودوای دەسەڵاتی بەرەی چەنگیز، توانیوویە شارەزوور بگرێ. ناوی خۆی ناوە: قوبادی کوڕی فەیرووزی ساسانی».

عەلی عەونی کە شەرەفنامەی لە میسر لە چاپ داوە، دەڵێ: «لە دوو دەسخەتاندا یەکیان قوباد کوڕی فەیرووز، ئەوی تریان بابەکی کوڕی ساسانە».

ڕۆژبەیانی وا بیر دەبا کە نووسراو کورتی هێناوە، دەڵێ: «ڕەنگە بابە ئەردەڵان گوتبێتی لەڕەسەندا دەچێتەوە سەر قوبادی کوڕی فەیرووزی ساسانی»؛ قوباد باوکی نۆشیروانە.

شەرەفخان دەڵێ: «پاش مەرگی بابە ئەردەڵان کلۆڵ هات؛ لە پاش کلۆڵ، خدر، ئەلیاس، خدری ئەلیاس، حەسەن جێ نشینی خدر، بابلۆی حەسەن کوڕی خدر، مونزیری کوڕی بابلۆ، بەشوێن یەکترا هاتگن؛ بەڵام چونکە بەسەرهاتی ئەم پیاوانەم بۆ دەبناوان نەکراوە، چونکە بڕیاریشم داوە هەرچی و هەرکەس زۆر بەلامەوە ناسیاگ و بەڵگەداری پتەو نەبێ لە خۆمەوە باسی نەکەم، بۆیە ناوەکانم نووسی و لە باسی سەرگوروشتەیان چاوم نووقاند».

**مەئموون بەگ**: مەستوورە خانم لەدوای ئەوە زۆر بە ڕاستی و مەردایەتی ئەو مەئموون بەگە هەڵدەڵێ، لە دێرێکیدا دەنووسێ: «لەپاش ماوەی سی و دوو ساڵ کە بەوپەڕی سەربەخۆیی فەرمانڕەوای وڵات بووە، بەزیندی سەر، مەڵبەندە قەڵەمڕەوەکەی لەناو کوڕەکانی خۆیدا بەش کردووە؛ زەڵم، گوڵعەنبەر، شەمیران، هاوار، دودان و نەوسوودی دا بە بێگەبەگی کوڕە

گەورەی. نوێ، مەریوان، تەنوورە، هەورامان، میهرەبان، کلو، کلاس یان کلاش و نەشکاش- کە ئێستا ئەو ناوانە نین - کرا بە بەشی سورخاب بەگ، برای ناوجی. سروچک و قەرەداغ و ئالان و شارەزووریشی دا بە کوڕی هەرە گچکە کە ناوی محەممەد بەگ بوو. پاش ماوەیەک مەئموون بەگ مرد. وا لەو ساوە ئەردەڵانی هەتا ئێستاش بەخۆیان دەڵێن مەئموونی».

**بێگە بەگ**: پاش کۆچ کردنی مەئموون بەگ هەر کوڕە لەسەر ئەو بەشەی بابیان بۆیانی دیاری کرد، دامەزران و کاروباریان بەڕێوەبرد. دوو برا پچووکی بێگەبەگ لە ئەمەگ چاویان نەپۆشی و بۆ خزمەتی تێ دەکۆشین؛ ئەویش لە هەموو کاراندا پرسی بە برایانی دەکرد. چل و دوو ساڵ بە فەرمانڕەوایی ماوە و بارگەی لە دنیا پێچاوە و تەکیدا بەلای خوداوە.

**مەئموون بەگی دووهەم**: مەئموونی کوڕی بێگەبەگ بوو بە جێ نشینی باوکی. چەندی دڵ حەزکا لاوچاک بوو؛ دەست و دڵ و دەروون پاک بوو؛ لەڕوی نەدار دەهندە بوو؛ لەڕاست نەیار سەهندە بوو؛ بۆ گفتی شیرین و رووی گەش ناوبانگی کرد. بەڵام هەر دوو ساڵان توانی بێ دڵخورتێ و نیگەرانی لەسەر سەرینی سەروەری پاڵداتەوە؛ ئیتر تووشی و پەرێشانیی لێ پەیدا بوون. سوڵتان سەلیمی عوسمانی چاوی بڕیە شارەزوور و ویستی بەزۆر داگیری کات. لەم بارەوە مێژووی خوسرەو بەگ ئەنووسێت:

«سوڵتان سەلیم، سوڵتان حوسێن ناوێکی نارد، ئەم کارەی بۆ ئەنجام بدا. سوڵتان حوسێن بەچەکدارێکی زۆرەوە گەمارۆی شارەزووری دا و گێچەڵی دە مەئموون هاڵاند. مەئموون بەگ بە لەشکری خۆی دەگژی ڕاچوو، لە پاش چەند جەنگێکی گرینگ خۆی لە مەیداندا نەگرت و پەنای بە قەڵای زەڵم برد کە زۆر سەخت و هەڵەمووت بوو، دوژمن ئابلۆوقەی قەڵای دا و زۆری خستنە تەنگانەوە؛ دژدارەکان هەتا چەک و جبەخانەیان نەبڕابوو هەر شەڕیان کرد؛ وەختێ هیچیان لە لا نەما و ناچار بوون قەڵا



چۆل بکەن، مەئموون بەگ دەگەڵ چەند کەسێک لە حەشارگە دەرکەوتن و خۆیان گەیاندە ئەستەمبۆڵ کە پەنا بەسوڵتان بەرن؛ سوڵتان مەئموون بەگی گرت و لە سووچی زیندانی توند کرد».

مەلا حەمەشەریف قازی لە مێژووەکەی خۆیدا دەڵێ: «سوڵتانی ڕۆم، سوڵتان عەلی بەگ ناوێکی نارده ئەو شەڕەی شارەزوور؛ کاتێ مەئموون بەگ ڕای کرد و پەنای بە سوڵتانی ڕۆم برد، سوڵتان زۆری لاواندەوە بەڵام لە جیاتی شارەزوور ناردیە حیللە کە سەر بەشاری بەغدایە و هەتا مرد هەر لە حیللە بوو».

**سورخاب بەگ مامی مەئموون بەگ**: سورخاب بەگ لەگەڵ ڕۆمیان ببوو بە دۆست و ئام پیاڵە. دوای هەڵاتنی مەئموون بەگ، قەڵای زەڵم و شارەزوور و شوێنەکانی سەر بە وانی خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆی. دوای ماوەیەک لە ڕۆمیان هەڵگەڕایەوە و جوابی تورکی نەداوە. سوڵتان ئەوسا شیرە شوانەی بۆ مەئموون بەگ دادایەوە و لە زیندان ئازادی کرد و کردی بە حاکمی حیللە و سرۆچکیشی بە سمایل بەگی کوڕی بەخشی. دەڵێن تا ساڵی هەزار و چوار، کوڕ و نەوەی مەئموون بەگ هەر لەسەر حیللە فەرمانڕەوایەتییان دەکرد؛ خوا ئەیزانێ.

سورخاب لە دوای گرتنی مولکی مەئموون بەگ، هێن حەمەد بەگی براشی بە زۆر ئەستاند؛ ئیتر هەرچی باب بەمیرات جێی هێشتبوو دەس ئەو کەوت. لە ساڵی نۆسەت و پەنجا ئەلقاس میرزا کە برای شا تۆماسب بوو، لە برای زیز بوو؛ پەنای بەسوڵتانی ڕۆم برد. سوڵتان دیتی هەلێ باشی بۆ ڕەخساوە؛ زۆری بەخێراتن کرد و لەشکرێکی یەکجار زۆری خستە تەک و بەرەو سنووری ئێران و کوردستانی بەڕێ کردن. بەڵام ئەو لەشکرە زۆرە، زوو لە شەڕ شکستی خوارد و ڕۆمی بڵاوەیان لێ کرد و ئەلقاس میرزا کە بەتەنهایی مایەوە پەنای بەسورخاب بەگ هێنا کە بۆی لەبەر شا وەپارێ عافوی بکا. سورخاب بەگ لەو تکاکارییە وەسەرکەوت. شا گفتیدا کە ئەلقاس میرزا دەبەخشی و هەر وەک پێشوو دەیکاتەوە میری

شیروان. فەرمانی بەخەڵاتەوە لەو بارەوە بۆ برای نارد. ئەلقاس میرزا گەییە شیروان؛ هەر دەسبەجێ بەفەرمانی شا تۆماسب، شا نیعمەتوڵڵا قهستانی میرزای لە زنجیر شەتەک دا و برایە قەڵای قهقهە و لە دوای ساڵێک زیندان کێشان لەسەر دیواری قەڵاوە هەڵیان داشتە خوار و کوشتیان. لەپاش میرزا دەداوخستن، شا تۆماسب زۆری ڕێز لە سورخاب بەگ گرت؛ ساڵانە هەزار تمەنی لە خەزێنەی تایبەتی خۆی بۆ بڕیەوە.

محەممەد بەگ کە بەشەکەی لە لایەن سورخاب بەگەوە زەوت کرا، خۆی گەیاندە ئەستەمبووڵێ و شکاتی لای سوڵتان سەلیم لێ کرد. بەفەرمانی سوڵتان سەلیم ڕۆستەم پاشای زلە وەزیر و عوسمان پاشای میری میران و چەند پاشایەکی تر لە تورکان بە لەشکرێکی زۆرەوە بەرەو شارەزوور بزووتن. سورخاب بەگ دیتی لەشکری دوژمنەکەی یەکجار زۆرە و ئەو هێرشەی بۆ بەربەست نابێ و لە دەشتێدا دەرۆست نایە، خۆی گەیاندە قەڵای زەڵم و توندی دابەست. ڕۆمی دەوری قەڵایان دا؛ شەڕ دامەزرا؛ ڕۆژێک لەبانی قەڵاوە گوللەیەک حەمەبەگی کوشت. ماوەی دوو ساڵ قەڵا لە گەمارۆدا بوو. ڕۆمی لە تاڵان و بڕۆی کوردەکانی دەوری قەڵا خۆیان مڕ کرد. لەپاش دوو ساڵ ئابڵۆقەدانی قەڵاکە، شا تۆماسب وەخۆ کەوت؛ لەشکرێکی زۆر تەیاری بە سەرداری حوسێن بەگ ناو ناردە یاریی سورخاب بەگی. بڵحە ڕۆمی هەر کە زانیان لەشکری ئێران بۆیان دێت، دەستیان لە گەمارۆ بەردا و دوور کەوتنەوە. عوسمان پاشای میری میران هەر لەو شوێنەدا سەکەت بوو. دژدارانی ناو قەڵاکە، هەر هەستیان کرد بەڵایان لە دەورە نەما، هاتنەدەر و لەدەشت و دەردا بڵاوبوون. سەرکردەیەکی عوسمانی -کە ناوی محەممەد بەگ بوو- هەلەکەی بە دەرفەت زانی و هەڵی کوتا سەر دژی زەڵمی بێ دژدار و هاسان قەڵای دژواری گرت. ئەو ڕووداوە ساڵی ٩٩٦ بووە. ئیتر ڕۆمی لەسەردا تێ هەڵچوونەوە؛ شارەزوور و دەوروبەریان بەیەکجاری داگیرکرد.

سورخاب دەگەڵ دەوڵەتی ڕۆمێ ڕێک کەوت و وڵاتەکەی تێکەڵ بە



عوسمانی کرا. سورخاب یازدە کوڕی هەبوون: حەسەن، ئەسکەندەر، سوڵتان عەلی، یاقووب، بارام، زولفەقار، ئەسڵەمش، شاسوار، ساروخان، قاسم و بسات، کە هەر یەکەی بەگێکیشیان بە پاشڵیەوە نووسابوو. ئێژن سوڵتان بەگەکەیان پیاگێ فرە ئازا بووگە؛ هەر لە زەمانی باوکیا زەڵم و دەوروبەری زەڵمی لە تورکان ئەستاندۆتەوە و خستوویەسە بەر حوکمی خۆی. بارام بەگیان لە سەر ئامێدی و ڕەواندز بە فەرمانڕەوایی ماوە و هەتا ئەمڕۆش -کە ساڵ ١٢٤٢ک. یییە- نەوە و نەتیژەی بارام بەگ لەو ناوە دەستەڵاتدارن.

لە کتێبانمدا نەدیوە؛ بەڵام لە پیرە پیاوانم شنەفتگە کە، سورخاب بە زیندی سەری وڵات سنەی لە ناو کوڕانیا بەش کردووە؛ ئێلاق بۆتە پشک و پاری ئەسڵەمش بەگ؛ گوندی ئەسڵەمش -کە ئێستا زۆر ئاوەدان و قەوغایە- ئەو لۆ خۆی بنیاتی نایە و بۆتە بنکەی فەرمانڕەوایانی ئێلاق. بەرەی ماڵە سولەیمانی -کە ئێستا لە ئێلاق دەژین- لە نەتەوەی سورخاب بەگن. ئەسکەندەر بەگ، مەریوانی دراوەتێ و تا ئێستاش هەر لە مەریوانن.

سورخاب بەگ بە قسەی هێندێکیان شێست و حەو ساڵ، بە گفتی هێندێکیان شێست ساڵ لە کوردستان و شارەزوور سەردار بووە و ئەوسا بەرەو بەهەشت چووە.

بالێرەدا وچان بدەین بە مێژووی مەستوورە خانم، بزانین مێژوونووسی تر چە ئێژن:

میرشەرەفخان لە شەرەفنامەدا دەڵێ:

«بێگە بەگ دوو کوڕی هەبووە بەناوی سمایل و مەئموون؛ مەئموون شوێنی گرتۆتەوە. لە پاش ساڵێک سوڵتان سولەیمانی عوسمانی فەرمانی بە سوڵتان حوسێن بەگی ئامێدی دا کە دەگەڵ ئاغاواتی کورد بچنە سەری و شارەزووری لێ بستێنن. مەئموون لە قەڵای زەڵمدا ماتەی هەڵگرت؛

قەڵاکە زۆر هەڵەمووت بوو، نەدەکرا بەشەڕ بگیرێ؛ ویستیان بە گزی و فزیش بێ، کاری خۆیان ئەنجام بدەن. سوڵتان حوسێن وەڵامی بۆ مەئموون بەگ نارد کە: «ئاشتی لە شەڕ باشترە و من دەمەوێ لەگەڵ دەوڵەتا ڕێکیان خەم».

مەئموون بەگ باش فریوی خوارد و بەخۆشی خۆی لە قەڵای زەڵم دەرکەوت و بە دڵی پڕ هومێدەوە خۆی گەیاندە ئەستەمووڵ و گورجێ گیرا و لە گۆشەی زیندان توند کرا. ئەوسا سورخاب بەگی مامی هەلەکەی بە دەرفەت زانی و هەڵی کوتایە سەر بەشی مەئموون بەگی -کە بریەتی لە: لوێ و مشیلە و میهران و تەنوورە و کەولۆش و نشکاش بوو- ڕەگەڵ موڵکی خۆی خستنەوە. پاش ماوەیەک سوڵتان زانی مەئموون بێ تاوان گیراوە، بەرەڵدای کرد ناردیە حیللە لە نزیک شاری بەغدایە و ئێستا کە مێژوو ١٠٠٥ی کۆچییە، مەئموون بەگ لە حیللە دەژی و بۆ دەوڵەت بەوێ ڕا دەگات».

ئەمین زەکی بەگ دەنووسێ: «مەئموون بەگ سەر بە ئێران و دۆستی ماڵە سەفەویان بوو، وردە وردە وڵاتی خۆی پان و پۆڕتر دەکردەوە. هەورامان و شارەزوور و قەرەداغ و گەرمیانی وەبەرخۆ دا، گەیشتە ڕۆخی زێی گچکە. عوسمانییەکان ترسیان ڕێ نیشت؛ بڕیاریان دا هەتا ئەو نەیخواردوون، بیخۆن. لەشکرێکیان ناردەسەری کە زوربەی چەکداری کورد بوو. حوسێن پاشای ئامێدیشیان -کە ئەویش هەر خانە کورد بوو- کردە سەرکردەی سوپاکە و پەلاماری شارەزوور و مەریوان و سنەیان دا. مەئموون تا سەرێک شەڕی کرد؛ دەری نەبرد. بە پاشەکشە و قوونەشەڕ خۆی گەیاندە قەڵای زەڵم. دوژمن ئابڵۆقەی قەڵای دا تا خستیانە تەنگانەوە. مەئموون ناچار هاتەدەر و خۆی دایە دەست. ئەوانیش بەدەستی بەستوو بەرەو ئاستانەیان شاند و لەوێش خرا زیندانەوە».

شەرەفخان لەسەری دەڕوا و نووسیویەتی: «سورخاب جگە لە بەشە موڵکی برازای، بەشە موڵکی حەمەد بەگی براشی دەست بەسەرا گرت؛ لەو



ناوەدا هەر بۆخۆی هەمەکارەبوو. ساڵی ٩٥٦ ئەلقاس میرزا برا گچکەی شاتۆماسب، لە کاکی هەڵگەڕایەوە و پەنای بە سوڵتان سولەیمان برد و لە ئاستانە گیرسایەوە. پاش ماوەیەک سوڵتانی لەخۆ دڕدۆنگ کرد. کە زانیی خوێنی تاڵ بووە لەوێش ڕای کرد؛ پەنای بە سورخاب بەگی برد و داوای لێ کرد تکای بۆ لەلای شای بکا و لێی ببوورن. سورخاب بەگ بۆ ئەو مەبەستە خۆی گەیاندە شا تۆماسب. شا ئەم کارەی زۆر بە مایەی سەرکەوتنی خۆی حساب کرد. شا نعمەتوڵڵا قرستانیی بە چەند کەسێکەوە ڕەگەڵ سورخاب بەگ خست؛ هاتن میرزایان شەتەک دا و زنجیر لەمل بردیانە قەڵای قهقهە و لە پاش ساڵێک هەڵیان داشت و فەراقی ڕەشیان لێ بڕی. شا پاداشی ئەم میرزا وەبەر چەنگ خستنەی لەبیر نەچوو؛ هەر ساڵە هەزار تمەنی لە کیسی خۆی بە شاباش بۆ سورخاب بەگی دەبەرچاو گرت و دەیدایە».

شیاوی باسە، مەستوورە خانم لەباسی محەممەد بەگدا هەروا بەسەرچڵی ڕۆییوە و لە بن قەڵای زەڵمدا بە کوشتی دا و بڕایەوە.

بەڵام لە شەرەفنامەدا باسێکی بۆ تەرخان دەکا، نووسیویەتی: «محەممەد بەگ کە مەئموون بەگ بۆی دانابوو سروچک و قەرەداغ و شارباژێڕ و ئالان و میهرانی پێ بڕابوو. قرمی خۆش کرد کە قەڵەمڕەوی ئەردەڵان -گشت لە گشتی- دەس خۆی کەوێ. بەو نیازەوە خۆی هاویشتە بن داڵدەی ڕۆمەوە. ڕۆستەم پاشای گەورە وەزیر، بە فەرمانی سوڵتان سولەیمان ڕای سپاردە عوسمان پاشا میری میرانی بەغدایە کە دەگەڵ چەند میرە کوردێک لەشکر بەرن خاکی ئەردەڵان زەوت کەن. لەشکر هات و ئابڵۆقەی قەڵای زەڵمی دا و دوو ساڵان قەڵا نەگیرا. لە شەڕێکدا محەممەد بەگ گوللەیەکی بەر کەوت و مرد. دوای دوو ساڵە، شا تۆماسب لەشکری نارد بۆ هیمدادی دژنشینان. عوسمان پاشا کەوتە پاشەکشەکردن، بەڵام مردن دەوری لێ دا و نەیهێشت لە شارەزوور دەرچێ. ئیتر وەختێ ترس نەما، دژداران لە دژ دەرکەوتن قەڵا چۆڵ بوو؛ ساڵی ٩٦٩ بوو. سەرکردێکی عوسمانییەکان

بەناوی محەممەد پاشا خۆی هاویشتە قەڵاکەوە و بڕستی دوژمنی بڕی، وردە وردە مابەقی شارەزووری گرت و کردی بە موڵکی عوسمانی».

ئەمین زەکی بەگ ئەڵێ: «لە پاش ئەوە سورخاب بەگ بوو بە دۆستی شا تۆماسب، سوڵتانی عوسمانی مەئموون بەگی بەردا و ناردیە حیللە و محەممەد بەگیش سەری هەڵدا و چەند شوێنێکی داگیرکرد و داوای لە سوڵتان کرد کە وڵاتی ئەردەڵانیشی پێ ببەخشێ و بۆ گرتنی ئەم وڵاتە یاریدەی بکا؛ بەڵام محەممەد بەگ سەررەق بوو، زۆری گوێ بەقسەی سوڵتان نەدەدا؛ تا سوڵتان ڕقی لێی هەستا و لەشکری ناردە سەر».

ئیسماعیل مەلا محەممەد حوسێن، خاوەنی تاریخی ئەردەڵان دەڵێ: «سورخاب بەگ بەشی محەممەد بەگی داگیر کرد؛ محەممەد بەگ شکایەتی لای سوڵتان کرد، ڕۆستەم پاشا و چەند ئاغاوەتێکی کورد دەهانای هاتن و قەڵای زەڵمیان گەمارۆ دا و هیچیان بۆ نەکرا. محەممەد بەگ کە دەگەڵ عوسمانیاندا بوو، لە شەڕدا کوژرا. لەشکری ئێران بە سەرکردایەتیی حوسێن لالا هاتنە هاواری دەورەدراوان و عوسمانی ترسان و لە دەورەی قەڵا کشانەوە. عوسمان پاشا لە حیرسی ئەم ژێرکەوتنە وەزگی دا و ئاوێتەی گلی گۆڕستانی شارەزوور بوو».

لەسەر ئەم مردووی شارەزوورەش قسەی مێژوونووسان تێک پەڕیوە. ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: «ئەوەی کە دەستی لە ئابلۆقەی قەڵا هەڵگرت و لەحەیف و داخان مرد، ڕۆستەم پاشا بوو».

تا ئێرە باسی بابە ئەردەڵان و جێ نشینانی ئەومان تا سورخاب بەگ، لە دەم مەستوورە خانم گێڕایەوە و بیر و بڕوای شەرەفخانی بدلیسیشمان لێ کردە خوێی چێشت و هەرچی شەرەفخان زانیویە و مەستوورە خانم بەجێی هێشتووە، هێناومانەتە ناوەوە. بۆ ئەوە تاریخەکەمان بەپێی توانا تەواوتر و ڕێکتر بێتە بەرچاو، وا باشە کە ڕیوایەتەکانی زانای بەناوبانگ و هێژا ئایەتوڵڵا مەردۆخیش لەو بابەتەوە بە کوردی بخەینە ڕوو؛ چونکە



مامۆستای نەمر بەڕاستی پیاوێکی زۆر وریا و دریا و لە تاریخ زان بووە و زۆر بەپشوسواری و لە باری، کەلێن و قوژبنی کۆنە کتێبانی پشکنیوە و هەموو چرچ و لۆچ و ئالۆزاوەکانی بە سرنجدانێکی زانایانە دۆزیوە و زۆر شتی ڕاستەقینەی وای دۆزیوەتەوە کە نووسەرانی پێش خۆی بۆی نەچوون و زۆر نوکتە و نهێنیی وای قۆزیوەتەوە کە دەستی خەڵکی تری پێ ڕا نەگەیشتووە. جابا بیروڕا و نووسینە مێژووییەکانی ئایەتوڵڵاش لە بابە ئەردەڵانەوە تا سەر سورخاب بەگ بهێنین و بەهرەی تاریخی لێ هەڵکرێنین. ئەوسا ئەچینەوە سەر باسەکانی مەستوورە خانم و دیسانەوە بۆ شایەتیی ڕاست و هەڵەکان، بیروڕای شەرەفخان و ئایەتوڵڵا دەخەینە بەر چاو.

ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە پاژی دووهەمی تاریخی کورد و کوردستانی، لە بەندی سێهەمیدا باسی حاکمانی ئەردەڵان ئەکا و ئەفەرموێ: «ئەردەڵان جەمعی ئەردەڵە؛ کۆمەڵێک لە فەرمانڕەوایانی کوردستان بەو ناوە ناسراون، چونکە لە نەوە و نەتیجەی قوباد ئەردەڵ ناوێکن. مێژوونووسان دەربارەی قوباد ئەردەڵ قسەیان تێک پەڕیوە؛ هێندێک دەڵێن ساڵی ٣١ی کۆچی کە شا یەزدگرد لە چنگ عارەبان هەڵاتووە، لە شاری «مروێ» گیرساوەتەوە؛ لەگەڵ ئاشەوانێکا کە ناوی خوسرەو بووە، هاتوچۆی یەکتریان کردووە. وا ڕوی داوە کە خوسرەو مرخی لە نەغدینە و گەنجینەی ئەو ئاشنایەی خۆی خۆش کردووە. لە هەلێکا کوشتوویە و بەو پووڵ و پارە زۆرە بۆتە دەوڵەمەندێکی خاوەن زۆر و بارامی کوڕی کردۆتە بازرگان و دەسمایەی دەبەر دەس ناوە. لە پاش مردنی خەسرەو، بارامی کوڕی لە ساڵی ٦٥ی کۆچیدا، لە شەڕێکا کە لە نێوان مهلب کوڕی ئەبو سفرەی والی خوراسان و ئەزاقییەکانا ڕووی داوە، کوژراوە. کوڕێکی لە پاش بەجێ ماوە کە ناوی قوباد بووە. ساڵی ٨٦ی کۆچی ئەو قوبادە بۆتە خزمەتکاری تایبەتی لە دیوانی قتیبەی والی خوراسان. ساڵی ١٣٢ی کۆچی واتا لە زەمانی ئەبوولعەباس عەبدوڵڵا عەباسی کە بە سفاح

(خوێنڕێژ) بەناوبانگ بووە و ئەبو موسلیمی خوراسانی بۆ ئەم خەلیفەیە بەگژ ئەمەوییەکاندا چووە، قوباد مروی بەجێ هێشتووە و هاتووە لە مووسڵ خوێ گرتۆتەوە. پاش ماوەیەک توانیویە خۆی بکاتە حاکم بەسەر مووسڵ و دیاربەکرەوە؛ تا لە دوا ڕۆژەکاندا نەوە و نەتیجەی ئەو قوبادە کە حاکم زادە بوون، دەستیان بەسەر مەڵبەندی شارەزوور و شاربازێڕ و ئامێدیدا گرتووە. ئەولادی بابە ئەردەڵان تا ساڵی ٥٦٤ی کۆچی لە شارەزووردا دەستەڵاتدار و سەردار بوون؛ قەڵای زەڵمیان بنیات ناوە و کردویانەتە حاکم نشین و لە دوای ئەوەش کە پاڵەنگانیان وەگیر هێناوە، قەڵایەکی قایمیان لێ هەڵخستۆتەوە. لنگە دەروازەیەکی بەردین کە تاتە بەردێکی زۆر زەبەلاحە، هێشتا لە شوێنەواری ئەو قەڵایە ماوە. بەرەی ئەردەڵان ٤٢ ساڵ بەسەر پاڵەنگانیش ڕاگەیشتوون. ئاخری ئەو پاڵەنگان نشینانە، کلۆڵ بەگ بووە.

هێندێکی تر لە مێژوونووسان ئەم بیروڕایە بە ڕاس نازانن کە بەرەی ئەردەڵان ئەچێتەوە سەر بابە ئەردەڵان و بۆ پەیدابوونی ناوی ئەردەڵان بە بارێکی تر دواون و لایان وایە کە شامەنسوور ناوێک فەرمانڕەوای دۆستەکی بووە؛ ساڵی ٥٩٨ی کۆچی لە شەڕێکا تورکمانان کوشتوویانە، چوار کوڕی لە پاش بەجێ ماوە کە کوڕە گەورەکەی ناوی فەیرووز بووە. فەیرووز بۆ ئەوە کە نەیناسن و بەر چنگ نەکەوێ، خۆی ناوناوە قوباد ساسان و پەنای بە سورخابی کوڕی بەدری حەسنەوەیی بردووە. سورخاب لەو سەردەمەدا شارەزوور و دینەوەری بەدەستەوە بووە. لە پاش تێکچوونی دەستەڵاتی حەسنەوەییەکان لە ساڵی ٦٣٠ی کۆچیدا و، قوباد لە دەوروبەری هەڵەبجە و گوڵعەنبەر، کۆمەڵێکی چەکداری لە خۆی کۆکردۆتەوە و نیازی وابووە بچێتە سەر ئازەربایجان و تۆڵەی باوکی خۆی بستێنێتەوە؛ فەرمانڕەوای هەولێر کە ناوی موزەفەرەدین بووە، پێشی لە قوباد گرتووە و لە نزیک قەڵای نوی لەشکری قوباد و موزفەر پێک هەڵپڕژاون و تێک چرژاون و لە ئەنجاما لەشکری هەولێر شکاوە. ئیتر ڕۆژ بۆتە ڕۆژی قوباد و هەڵی کوتاوەتە لای ڕۆژهەڵاتی شارەزوور و چەند



قەڵایەکی تریشی وەبەرخۆی داوە و لەشکرێکی زۆر و زەبەندەی پێک هێناوە و بۆتە تەنیا کوێخا لەو ناوەدا. ساڵی ٦٣٦ی کۆچی دوای ئەوە کە لەگەڵ تورکمانەکانی ئازەربایجان ئاشت بۆتەوە، لەگەڵ فەرمانڕەوای هەولێری ئەوسا کە ناوی شەرەفەدینی جەلالی بووە، کێشەی لێ پەیدابووە و بەگژیدا هاتووە و لەبەر هەولێرییان شکاوە؛ ناچار خۆی کوتاوەتە ناو عەشیرەتی گۆران و ماتەی هەڵگرتووە. ساڵی ٦٥٦ هۆلاکۆ خان ڕووەو بەغدا دەچوو؛ یەشمووت میرزای کوڕی هولاکۆخانیش لە کرماشانەوە ڕوو بە عێراق ئەڕۆیی کە بگاتە باوکی. قوباد خۆی گەیاندە یەشمووت میرزا و لە گەڵیا بوو بە ئاشنا. یەشمووت میرزا بڕیاری دا کە قوباد بەردەستی تایبەتی خۆی بێ و بەردەستی تایبەتیش بە زمانی جەغەتایی ئەردەڵیان پێ گوتووە و لەمەوە بۆتە قوباد ئەردەڵ. چونکە قوباد لەوددەمەدا پیر و ڕیش سپییەک بووە، یەشمووت میرزا بەناوی بابا بانگی کردووە و لەمەوە بۆتە بابا ئەردەڵ. هەر ئەو یەشمووت میرزایە شارەزووری بە بابا ئەردەڵ سپاردووە کە بەسەری ڕابگات. بابا ئەردەڵ واتا قوبادەکەی کۆنە فەیرووزی دۆستەکی، لە ساڵی ٦٧٥ی کۆچیدا لە دنیا کۆچی کردووە و کلۆڵ بەگی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە».

ئایەتوڵلا دوای ئەوە کە ئەفەرمووێ بابە ئەردەڵان ساڵی ٦٧٥ مردووە و کلۆڵ جێگەی گرتۆتەوە، کە دێتە سەرباسی کلۆڵ بەگ ئەڵێ: «ساڵی ٦٠٦ بوو بە حاکمی سەقز و سیاکێو و گەڕووس و ئیسفەند ئابادی - کە ئەوسا عەلی شوکریان پێ ئەگوت - داگیر کرد؛ بەرەو ڕۆژهەڵات تا هەمەدان و لەخۆرئاوا تا هەولێر و مووسڵ، بەرەو باکوور تا زەنجان و بەرەو باشوور تا کرماشان و سونقوری کەوتە دەست. شارەکانی کۆیە، عیمادیە، حەریر، ڕەواندز و شاربازێڕ کە ئێستا سولەیمانی پێ دەڵێن، هەموویان سەر بە حوکمی ئەو کلۆڵ بەگە بوون. هەر ئەویش لە قەڵای زەڵمەوە گوێزتیەوە قەڵای پاڵەنگان و کردیە بنکەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانەکان. ٢٣ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە و ئەوسا مردووە. ساڵی ٦٢٩ خدر بەگی کوڕی بۆتە

جێ نشینی و ئەویش ٣٤ ساڵ بە فەرمانڕەوایی گوزەراندوویە و لە ساڵی ٦٦٣ی کۆچی عەمری خودای کردووە و ئەلیاس بەگی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە؛ ئەویش دوای ٤٧ ساڵ فەرمانڕەوایی کردن، بارگە و بنەی بەرەو مردن تێک ناوە و لە ساڵی ٧١٠ی کۆچیدا بۆ یەکجاری چاوی لێک ناوە و لە گۆڕستان دامەزراوە».

خوێندەوارانی بەڕێز!

ڕەنگە زۆر لە ئێوە «تاریخ کرد و کردستان»ی ئایەتوڵڵا مەردۆختان خوێندبێتەوە و بە تایبەتی ئەم باسی حاکمانی ئەردەڵانەتان بەبەر چاوتان تێپەڕ بووبێت. ئایا هیچ وەختێک سەرنجتان لەو ساڵە تاریخانە داوە کە مامۆستا ئایەتوڵڵا نووسیویە؟ یان هەروا بەسەریا تێ پەڕیون؟ بەڕاستی من زۆرم لەلا عاجباتییە کە چۆن بووە خودی موئەللیفی دانا و زانا، چاوی بەم هەڵە ئاشکرایانە نەکەوتەوە کە لە چاپی کتێبەکەیا ڕووی داوە؟! چونکە من لە هەڵەنامەکەی دوای کتێبەکەشا بۆی گەڕام، هیچ ئیشارەیەکی پێ نەکردوون. جا بابزانین ئەو هەڵە و پەڵە سەیرانە لە کوێدان و چۆن ڕوویان داوە؟ لە ڕووپەڕی ٩٠ی جزمی دووهەمی هەوەڵین چاپی کتێبەکەدا ئەڵێ: «ساڵی ٦٥٦ کە هۆلاکۆ دەچووە سەر بەغدا، قوباد دەگەڵ کوڕەکەیا بوو بە ئاشنا». هەر لەو ڕووپەڕشدا ئەفەرموێ: «قوباد ساڵی ٦٧٥ وەفاتی کرد و کلۆڵ لە جێی دانیشت». ئەمجار لە ڕووپەڕی ٩١دا دەڵێ: «لە تاریخی ٦٠٦ی کۆچیدا، کلۆڵ بەگ لە جێگەی قوبادی باوکی بوو بە فەرمانڕەوا و ٢٢ ساڵ حاکم بوو؛ دوایی بۆی مرد و ساڵی ٦٢٩ی کۆچی خدر بەگی کوڕی جێگەی گرتەوە و پاش ٣٤ ساڵ حاکمەتیی مرد. لە ساڵی ٦٦٣ی هیجری، ئەلیاس بەگی کوڕی بووبە جێ نشینی و پاش ٤٧ ساڵ مەزنایەتی کردن، لە ساڵی ٧١٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد».

شک لەوەدا نییە کە هۆلاکۆخان ساڵی ٦٥٦ بەغدای گرتووە؛ هەموو مێژوونووسان لەمەدا یەکدەنگن. تەنانەت شێخ سەعدیش بەشیعر وتوویە: «ئەو کاتە کە من دڵخۆشیم بەش بوو مێژوو شەشسەت و پەنجا و شەش



بوو»؛ کە ئەحمەد کسروی لەسەر ئەم بەیتە زۆری تەوس و توانج دە شێخ سەعدی گرتووە و دەڵێ:

«بڕوانن ئەم کابرایە چۆن شەرمی نەکردووە کە ساڵی پێ کوژرانی خەڵیفەی عەباسی بەوەختی خۆشی خۆی زانیووە؛ ئەبوایە شێخ لە جیاتی ئەمە کە بڵێ وەختم خۆش بوو، بیگوتایە ئەو ساڵە وەختم سندان و قوزەڵقورت بوو چونکە خەڵیفەی عەباسی لەناو براوە». واتا کسروی مێژوونووسیش هیچ گومانی لەوەدا نەبووە کە هۆلاکۆ ساڵی ٦٥٦ بەغدای گرتووە و خەڵیفەی لە ناو بردووە؛ لە مەدا قسەیەکمان نییە.

بەدوای ئەوەدا دەڵێ: «ساڵی ٦٧٥ قوباد مرد و ساڵی ٦٠٦ کلۆڵ هاتە کار!». یانی شێست و نۆ ساڵ بەرەو پاش گەڕاوەتەوە؛ ئیتر ئەگەر بەم پێیە حیسابی بکەین، بەجارێک ڕایەڵ و پۆ تێک دەچێ. من لام وایە دەبوایە بنووسرێ: قوباد ئەردەڵان ساڵی ٦٥٦ یانی هەر ئەو ساڵە کە ببووە پیاوی یەشمووت، مرد و کلۆڵ جێگەی گرتەوە؛ ئەویش ١٣ ساڵ حوکمی کرد و ساڵی ٦٦٩ مرد و خدر هاتە جێگەی؛ ئەویش دوای ١٤ ساڵ مەزنایەتی، دنیای جێ هێشت و ساڵی ٦٨٣ ئەلیاس هاتە شوێنی؛ ئەویش ٢٧ ساڵ گەورەییی کرد و لە ساڵی ٧١٠ی کۆچیدا مرد.

تکا لە خوێندەواران ئەکەم، ئەم چەند هەڵەیە لە کتێبەکەی ئایەتوڵڵادا ڕاست بکەنەوە تا لەگەڵ ساڵی تاریخی جێ نشینی ئەلیاس کە خدر بەگی دوهەمە و ئایەتوڵڵا ساڵی ٧١٠ی بۆ نووسیووە، ڕاست بێتەوە.

وا دیسان ئەگەڕێینەوە سەر فەرمایشتەکانی ئایەتوڵڵا کە دەفەرموێ: «خدربەگی دووهەم لە ساڵی ٧١٠ی کۆچیدا بوو بە فەرمانڕەوا. پیاوێکی ساویلکە و سۆفیلکە بوو؛ هەر خەریکی تەزبیحات و نوێژ و ڕۆژوان بوو؛ شەو و ڕۆژ دەگەڵ مەلا و فەقێدا ڕای دەبووارد؛ تەنانەت مالیات و باجیشی لە ڕەعیەتان نەدەستاند. پیاوێکی بێ وەی و دوورە شەڕ بوو. دەوڵەتی عوسمانی کە زانییان چۆن کەسێکە، بە کەوی کولیویان زانی و

لەشکریان نارده سەر مەڵبەندەکانی ژێر فەرمانی. میر خدرم میر خدر بێ، گوتی: ئەم شەڕ و شۆڕەی پێ ناوێ «ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە» عوسمانی چییان دەوێ با ببیەن و دەستمان لێ هەڵگرن. سووک و هاسان، شارباژێڕ و هەولێر و کۆیە و حەریر و ئامێد و ڕەواندز کەوتە بەر چەنگی عوسمانییان و میر خدریش پاش ٣٦ ساڵ خوێڕیەتی کەوتە بەر چەنگی عیزرائیل و تەخت لەناو گۆڕدا پەلی ڕاکێشا.

دوای میر خدر میرحەسەنی کوڕی، ساڵی ٧٤٦ بوو بە فەرمانڕەوا. میر حەسەن زۆر ئازاو بەجەرگ و کارزان بووە؛ لەشکرێکی سێ هەزار کەسی پێکەوە ناوە و مەشقی پێ کردوون و لە دو سێ شەڕانیشدا تورکی عوسمانی شکاندوون. قەڵای حەسەن ئاوا دەسکردی ئەوە و ئێستاش ناوی گوندی حەسەن ئاوایە. دوای ٣٨ ساڵ مەزنایەتی لە مانگی مەولوودی ساڵی ٧٨٤ عەمری خودای بەجێ هێناوە و بابلۆ بەگی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە.

بابلۆ پیاوێکی زاڵم و لاسار و نەگبەت بووە و چەند جارێک ڕەعیەت لێی هەڵگەڕاونەوە. پاش چل و چوار ساڵ بەدفەڕی کردن دنیای بەجێ هێشتووە.

ساڵی ٨٢٨ مونزیر بەگی کوڕی بابلۆ بۆتە فەرمانڕەوا؛ هەموو خەڵک و خوا خۆشیان ویستووە. هەر بەزیندی سەر، مەئموون بەگی کوڕە گەورەی خۆی بەجێ نشین ناودار کردووە و لە ساڵی ٨٦٢دا مردووە.

**مەئموون بەگ**: ئەم ئەمیرە تا بڵێی ژێهاتی و مەرد و جوامێر بووە و وڵاتەکەی ئاوەدان کردۆتەوە. لەشکری زۆری لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە و هێرشی بردۆتە سەر عوسمانییان و تۆڵەی زەمانی باپیرە بەستەزمانەکەی ساندۆتەوە. هەولێر، شارباژێڕ، کۆیە، حەریر، ئامێد و ڕەواندزی بەزۆر لە عوسمانی وەرگرتۆتەوە. کەوشەنی موڵکەکانی وەها دابەستووە کە ئیتر کەس زاتی دەست درێژ کردنی نەبێ. دوای ٣٨ ساڵ فەرمانڕەوایی واتا لە



ساڵی ٩٠٠ی کۆچیدا، قەڵەمڕەوەکەی لەناو کوڕەکانیدا بەش کردووە. زەڵم، گوڵ عەنبەر، شمیران، هاوار، هەورامان و نەوسوود بۆتە بەشی بێگە بەگ؛ هشلی، مەریوان، تەنوورە، نشکاش، پاڵەنگان و کەلاش (جوانڕۆ) دراوە بە سورخاب بەگ؛ سرۆچک، قەرەداغ، شارباژێڕ، ئالان، هەولێر، کۆیە، حەریر، ئامێد و ڕەواندز بە محەممەد بەگ کە کوڕە چکۆڵە بووە، براوە. لە ساڵی ٩٠١دا مەئموون وەفاتی کردووە.

بێگەبەگ ٤٢ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە و براکانیشی زۆریان قەدر گرتووە. ساڵی ٩٤٢ بێگەبەگ مردووە و مەئموون بەگی دووهەم کە وەلیعەهد بووە هاتۆتە سەر حوکم.

ساڵی ٩٤٤ سوڵتان سولەیمان خانی عوسمانی لەشکرێکی بیست هەزار کەسیی بە سەرکردایەتیی حوسێن پاشای حاکمی ئامێد کە ئەویش کوردێک بووە، ناردۆتە سەر کوردستان کە وڵاتەکە داگیر بکا و بیدا بە تورکی عوسمانی. مەئموون بەگ بەچوار هەزار سوارەوە پێشی پێ گرتوون و ڕۆژی دووشەمۆی هەشتی مانگی ناوجێژنانی ساڵی ٩٤٤ لە شارەزوور دەگژ یەک ڕاچوون و تا ئێوارە و ڕۆژپەڕ شەڕێکی زۆر خوێناوی لەگەڕدا بووە و گەلێک کەلاک لە مەیدانا کەوتووە. لەشەودا، مەئموون بەگ لەشکرەکەی دزیووەتەوە و خۆی گەیاندۆتە ناو قەڵای زەڵم و سەنگەربەندیی کردووە. دوو نامەی بۆ سورخاب و محەممەد بەگی مامی ناردووە کە دەهانای بێن و لە چنگ تورکانی ڕزگار کەن. مانگێکی ڕەبەق چاوەنۆڕی هانای مامان بووە، هیچی لێ شین نەبووە. هەموو ڕۆژێکیش هەر لە بوومەلێڵەی بەیانەوە تا تەنگی نوێژی شێوان ئەوە شەڕ و پێکدادان و زرمە و خرمە و قرمە بووە. مەئموون بەگ کە ئازووقە و جبەخانەی لەبنە هاتووە و لەهاتنی مامەکانیشی ناهومێد بووە، شەوێک لەقەڵا دەرچووە و خۆی گەیاندۆتە حوسێن پاشای گزیرەکەی عوسمانی و دەغالەتی پێ کردووە. ئەویش بەنامەیەکەوە ناردوویەتە ئەستەمبووڵ کە گوایە عافووی دەکەن؛ بەڵام هەرکە دەگاتە بەرەوە، گورجێ لە کۆت و زنجیری شەتەک

دەدەن و لە قوژبنی زیندانی دەپەستێون. لەشکری حوسێن پاشاش هەرچی بەردەستیان ئەکەوێ، بەتالانی ئەبەن و ئەگەڕێنەوە.

دوای ئەم کارەساتە، سورخاب بەگی مامی مەئموون لە ساڵی ٩٤٥دا خۆی گیڤ دەکا و پەلاماری موڵکی مەئموون و موڵکەکانی حەمەد بەگی برا گچکەی خۆی ئەدا و داگیریان ئەکات. لەولاشەوە خۆی لەگەڵ شاتۆماسبی سەفەویدا ڕێک ئەخات. حەمەد بەگ بەرەو ئەستەمبووڵ ئەیقاچێنێ و لە چنگ سورخاب بەگ شکایەت ئەکا. سوڵتان سولەیمان خان زۆری دەلاوێنێتەوە و هەر لەجێ مەئموون بەگیش لە زیندان بەردەدا و مەڵبەندی حیللەی لای بەغدایان پێ دەسپێرێ کە بەداهاتەکەی بژین و سێ هەزار چەکداریش بەسەرکردایەتیی ڕۆستەم پاشای سەردار ئەکرەم، ڕەگەڵ مەئموون بەگ و حەمەد بەگ دەخا، کە سورخاب بەگ تەمێ بکەن. سورخاب بەگ کە بەم کەین و بەینە دەزانێ، بەهەشت هەزار سواری چەکداری کوردەوە بەرەو پیریان ئەچێ و ڕۆژی پێنج شەمۆ ٢٤ی ڕەجەبە مانگی ساڵی ٩٤٧، لە دەشتی شارەزووردا ئەیانگاتێ و مل دەبەر ملی یەک دەنێن و دەبێتە ڕۆژی پساتێ. ماوەی هەشت ڕۆژ کورد و ڕۆمی یەکتریان قەڵت و بڕ کردووە و حەوت هەزار کەلاکە ڕۆمی و سێ هەزار جەندەکی کورد لە مەیدانی شەڕدا لە خوێن و خۆڵ گەوزیوە. سورخاب بەگ لە شەوێکا پێ دزەی کردووە و خۆی و چەکدارەکانی گەیشتوونە ناو قەڵای زەڵمەوە و ماتەیان هەڵگرتووە؛ هەلیشی بە دەرفەت زانیووە نامەیەکی بە پەلەی بۆ شاتۆماسب ناردووە کە: قەوماوە و دەهانامان وەرە. قەڵای زەڵم دوو ساڵی ڕەبەق ئابلۆقە دراوە و لە شەڕێکا ڕۆستەم پاشا تورکەکە بریندار کراوە. هەر لەو سەر و بەندەشا، خەبەر دەگا پازدە هەزار چەکداری لەشکری ئێران بەسەرکردایەتیی حوسێن بەگ ناوێ گەیوەتە بەرەوە و لەسەر کورد ئەکاتەوە. ڕۆستەم پاشای بریندار، لە بیستنی ئەم خەبەرە دڵی ئەتۆقێ. سورخاب بەگ لەسەر حوسێن بەگ ڕاناوەستی و هەرکە دەبیسێ ڕۆستەم پاشا سەکەت بووە؛ لە قەڵا دەردەکەوێ و ئەکەوێتە سەر لەشکری ڕۆم و



دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا»؛ کارێکیان پێ دەکا، با بە دەواری شڕی نەکردووە. لەشکری ڕۆمیان دەشکێ و حوسێن بەگی هانا دەریش دەگاتە بەرەوە و دەکەوێتە دوای شکستەی ڕۆم و بگرەو بکوژە ئاش دەنێتەوە. محەممەد پاشا ناوێک کە سەرکردەیەکی تورکان بووە، بەخۆی و چەند هەڵاتویەکی یەککەوتەوە خۆیان دەهاوێنە ناو قەڵای زەڵمەوە و دەستە و داوێنی ژن و منداڵی سورخاب بەگ دەبن. حوسێن بەگ بەتکای ژنان لێیان خۆش دەبێ. محەممەد پاشا و شەشسەت کەسی هاوڕێی، بە سەلامەتی بەرەو ئەستەمبووڵ ڕێ دەکەونەوە. سورخاب بەگی سەرکەوتوو، بنکەی خۆی لە زەڵمەوە ئەباتە قەڵای مەریوان و پاڵ ئەداتەوە.

ساڵی ٩٥٦ ئەلقاس میرزای برای شاتۆماسب لە برای یاغی بووە؛ بە کۆمەڵێ چەکدارەوە بەرەو شارەزوور هاتووە. بە فەرمانی شاتۆماسب، شا قولیخان مهرداد و ئیبراهیم خان ناو بەبیست هەزار سوارەوە چوونەتە جەستەی و لە کەوشەنی مەریوان و شارەزوور، ڕێگەیان لێ گرتووە و چەکدارەکانی ئەلقاس میرزایان لەبەر یەک هەڵوەشاندووە. ئەلقاس میرزا لەگەڵ بیست و یەک نەفەری ترا کەوڵی خۆیان ڕزگار کردووە و خۆیان گەیاندۆتە ناو قەڵای مەریوان و داوایان لە سورخاب بەگ کردووە کە داڵدەیان بدا. سورخاب بەگ تکای لە شاتۆماسب کردووە کە ئەو برایەی ببەخشێ و شا تکای قبووڵ کردووە و لەگەڵ شا نیعمەتوڵڵا قهستانیدا بەڕێی کردوونەوە بۆ لای شا. لە پاداشی ئەم خزمەتەدا، ساڵانە هەزار تمەن جیرە بۆ سورخاب بەگ بڕاوەتەوە، کە لە خەزێنەی دەوڵەتی وەربگرێ.

سورخاب بەگ یازدە کوڕی بووە، حەسەن، ئەسکەندەر، سوڵتان عەلی، یاقوب، بارام، زولفەقار، ئەسڵمەش، شاسوار، ساروخان، قاسم و بسات. سوڵتان عەلیی کردۆتە وەلیعەهدی خۆی؛ بارامی کردۆتە حاکمی ڕەواندز و ئامێد کە تا ساڵی ١٢٤٩ی کۆچی، نەوە و نەوەچرکی ئەو بارام بەگە لەو مەڵبەندی ڕەواندزە هەر دەسەڵاتدار بوون؛ محەممەد پاشای کۆرە کە بەمیری ڕەواندز مەنشوورە و چەند ساڵ بەربەرەکانی عوسمانییانی کردووە،

لەبەرەی ئەو بارام بەگەیە. سورخاب بەگ سی ساڵ مەزنایەتیی کردووە و کە مردووە، سوڵتان عەلی بەگ لە جێی دانیشتووە؛ ئەویش تەواو جێگەی خۆی گەرم دانەهێناوە، کە وازی لەدنیا هێناوە و بەرەو مەرگ شۆڕ بۆتەوە؛ دوو کوڕی بەناوی تەیموورخان و هەڵۆخان لەپاش بەجێ ماون کە لەو کاتەدا هەردووک سەروپێچکە منداڵۆکە بوون.

دوای مردنی سوڵتان عەلی لە ساڵی ٩٧٥دا، کوڕی یازدەمینی سورخاب واتا بسات بەگ فەرمانڕەوایی ئەردەڵانی دەست کەوتووە.

وا هەتا ئێرە نووسراوەکەی ئایەتوڵڵا مەردۆخیشمان شان بەشانی تاریخەکەی مەستوورە خانم هێنا؛ کە لێم ڕوونە بێ فایدە نەبوو. سا با بگەڕێینەوە سەر تاریخەکەی مەستوورە خانم و بزانین ئەو ئەڵێ چی.

مەستوورە خانم دەڵێ : «لەپاش وەفاتی سورخاب بەگ، سوڵتان عەلی بەگ بوو بە جێنشینی و بە سەربەخۆیی تەواو بەسەر خاکی ئەردەڵان و شارەزووردا فەرمانڕەوایی دەکرد؛ بەڵام ئەم فەرمانڕەواییە زۆری نەخایاند و هەر لە تافی جوانیدا مەرگ باڵی بەسەر کێشا و خونچەی ژیانی پەڕ پەڕ کرد. دوو کوڕی لەپاش بەجێ مان بەناوی تەیموورخان و هەڵۆخان، بەڵام هەردووکیان سەروپێچکە بوون و نەدەکرا بکرێنە فەرمانڕەوا. چاری ناچار بسات بەگی مامیان کە کوڕە گچکەی سورخاب بەگ بوو، کرایە جێنشین و فەرمانڕەوایی وڵاتەکەی بەدەستەوە گرت.

بسات بەگ لاوێکی زۆر لەبەرچاو و پیاوێکی زۆر کەڵەپیاو بوو؛ ڕەشوڕووت خۆشیان دەویست و نەویستان لێی دەترسان، زۆر پیاوێکی نوێژو ڕۆژو پاک و لە گەڵ خەڵک و خوادا هەتا بڵێی چاک بوو. ماوەیەکی تەواو بەبێ دەردی سەر، بەسەری برد و کەس گلەی لێ نەکرد؛ بەڵام کورد گوتەنی «بەرخ هەمیشە لەژێر سەوە نابێ» . کوڕانی خوا لێ خۆشبوو سوڵتان عەلی بوونە پیاو و بەخۆدا هاتن و بای مەزنایەتییان ڕەگوێ کەوت. لە مامیان وەخۆکەوتن و بۆ ساندنەوەی کەلەپووری باوکیان ڕوویان



کردە پاتەخت و دادی خۆیان بردە بەرقاپی شا ئیسماعیل سەفەوی کە دادیان بستێنێ و لە جێی مام برازایان دابمەزرێنێ. ماوەیەک لەو ناوە مانەوە، چییان بۆ بە هیچ نەکرا و لەو سەروبەندەش دا شا ئیسماعیل بوو بە میوانی گۆڕستان. تەیموورخان و هەڵۆخانیش بەدەستی بەتاڵ و دڵی پڕەوە بەرەو ماڵ گەڕانەوە و کاڵە دڕاو چییان پێ نەبڕا. تەیموورخان لێ بڕا کە ئیتر بڕوا بداتە سەر دەست و ڕمبی خۆی و هەتا بۆی دەلوێ، کەللە لە کەللەی مامی بداو تامی ژیانی بەدەم تاڵ بکا؛ زۆری پێ نەچوو دەستی کردە چەتەگەری و تاڵان و بڕۆ. شەق و پەقی خستە ناو ڕەعیەتانەوە و هەرچی لە دەستی هات دەربارەی مامەکەی کردی؛ بەڵام چونکە خەڵکی وڵاتەکە زۆر هۆگری بسات بەگ بوون، کەسیان تەیموورخانیان بە هیچ نەگرت و سەربزێوییەکەی هیچ بەهرەی بۆ نەدا. بەڵام لە نەکاو عیزرائیل هاتە یاریدەی تەیموور خان و گیانی بسات بەگی بەتاڵان برد و ڕێگەی بۆ تەیموور تەخت کرد» .

لە شەرەفنامەدا ماوەی حوکمی سوڵتان عەلی بەگ سێ ساڵ نووسراوە، بەڵام ئەمین زەکی بەگ لای وایە کە هەر تەنیا ساڵێک فەرمانڕەوایی کردووە و مردووە.

جا لێرەدا تاریخەکەی ئایەتوڵڵا زۆر ڕێک و پێکتر هەڵخراوەتەوە؛ ئەو دەڵێ: «سوڵتان عەلی بەگ زۆر لە پاش بابی نەژیاوە و لە ساڵی ٩٧٥دا بسات بەگ جێگەی گرتۆتەوە. بسات بەگ پیاوێکی دانا و زانا و زۆر نان بدەو بەخشندە بووە. زۆربەی وەختی خۆی دەگەڵ مەلا و فەقێیاندا ڕابوواردووە، ماوەی دە ساڵ بەوپەڕی چاکی و دەست پاکییەوە حاکمەتی کردووە و هیچ گیروگرفتی وەڕێگە نەهاتووە. بەڵام لە ساڵی نۆسەت و هەشتا و پێنجەوە تەیموورخان و هەڵۆخان کوڕانی سوڵتان عەلی بەگ کە لە دایکەوە نەوەی منتشا سوڵتان ئیستاجلو بوون، لێی هەڵگەڕانەوە و قەڵای پاڵەنگانیان کردە بنکەی سەربزێویی خۆیان و ئەوەندەی بۆیان کرا خراپەیان کرد. بسات بەگ لەشکرێکی بەسەرکردایەتیی زۆراب بەگی ژنبرای خۆی

ناردە سەریان کە سەریان پێ بچەمێنێ و ئەو ئاژاوەیە نەمێنێ. تەیموورخان و هەڵۆخان بەر لەوە لەشکری مامیان بگاتێ، قەڵایان جێ هێشت و ڕایان کرد و خۆیان گەیاندە دەرباری شا ئیسماعیلی دووهەم. شا ئیسماعیل لە ساڵی ٩٨٦دا پشتی لە دنیا کرد و بەرلەوە بەدادی ئەوان بگا بۆی مرد. تەیموورخان و هەڵۆخان هاتنەوە کوردستان و هێندێک ئاغا و ماغایان لە خۆیان کۆکردەوە و دەستیان کرد بە تاڵان و ئاژاوە نانەوە و هێندێک لە وڵاتی قەڵەمڕەوی بسات بەگیان خستە دەست خۆیانەوە. هەر لەو ساڵەشدا (٩٨٦) بسات بەگ عەمری خوای کرد و تەیموورخان بێ بەرهەڵست ما».

**تەیموورخان کوڕی سوڵتان عەلی:** تەیموورخان لە ساڵی ٩٨٦ کەلەپووری باوکی خۆی دەست کەوتەوە و لەسەر کورسیی دەسەڵاتداری ئەردەڵانییان دامەزرا. تەیموورخان زۆر مەردێکی نەبەرد و زۆر دادپەروەر و بە هەموو باراندا خوداپێداو بووە؛ لەپاش ئەوە کە وڵاتی ئەردەڵانی ڕێک و پێک کردووە و دڵی هەموو خەڵکەکەی بەلای خۆیدا هێناوە و خۆی لە پلەی هێزوپێزدا دیوە، وای بەباش زانیوە کە دەگەڵ سوڵتانی ڕۆمدا ڕێک بکەوێ و بۆ ئەو مەبەستە دۆستایەتییەکی گەرمی دەگەڵ سوڵتان گرتووە. بەگفتی خەڵکی ئەو ناوە گوایە لەلایەن سوڵتانەوە نازناوی «میری میران»ی پێ دراوە و ساڵانەش سەد هەزار ئاغچە کە باج و خەراجی شارەزوور بووە، بۆ ئەو بڕاوەتەوە و هەرچی ویستوویە سوڵتان نەیگوتووە نا. شارەزوور و ئەردەڵانی دەبەر دەستا بووە و هیچ کەس دەستی وەبەر نەهێناوە. بەڵام تەیموورخان لەوانە نەبووە کە تەنیا بەو بەشەی کە هەیەتی قنیات بکا؛ لە پەستا دەست درێژیی بۆ ملک و ماڵی دەرو دراوسێ کردووە و کەوشەنی هاوسنوورانی پەڕاندووە و زیانی پێ گەیاندوون؛ کە ئەمە بۆتە مایەی هەڵوەشانی دۆستایەتی دەگەڵ سوڵتان، ئیتر لەوە بەولاوە لەو ناوەدا هەر خۆی بووە و کەسی بەپیاو نەزانیوە.

تەیموورخان چوار کوڕی بووە: سوڵتان عەلی، بداغ بەگ، مراد بەگ، ئەمیر عەلەمەددین. هەر بەزیندی سەری خۆی، مولکەکانی بەردەستی



لەناو کوڕاندا بەش کرد: سنە، حەسەن ئابات، قزڵجە، زەڵم و شارەزووری بەسوڵتان عەلی کە کوڕی گەورەی بوو ئەسپارد؛ قەرەداغی دا بە بداغ بەگ؛ مراد بەگی ناردە سەر مەریوان؛ شارباژێڕیش کرایە بەشی میر عەلەمەددین کە کوڕی چکۆلەی بوو.

تەیموورخان لەو ماوەدا کە لە دۆستایەتیی عوسمانی تەکیبۆوە و تەکیشی نەدابوو بە پاڵ ئێرانەوە و دەیەویست بەزۆری شان و باسکی خۆی قەڵەمڕەوەکەی فرەوانتر کاتەوە، هێرشێکی کردە سەر وڵاتی کرماشان و زەڕڕین کەمەر - کە ئێستا پێی ئەڵێن گەڕووس - هەردووکی گرتن و خستیە ژێر چۆکی خۆیەوە.

دوسێ جار پەلاماری هۆزی کەڵهوڕی دا و سەرەک هۆزەکەی کە ناوی عومەر بەگ بوو تاڵان کرد. دارا و نەداری کەڵهوڕانی دەخستە سەر ساجی عەلی و بەنانی شەوی ئاتاج دەکردن. عومەر بەگ کە بەجارێک لە دەست تەیموورخان وەگیان هاتبوو، ناچار خۆی هاویشتە بن داڵدەی شاوێردی خانی لوڕ و دەستە و دامێنی بوو کە لەم بەڵایەی ڕزگار بکا. شاوێردی خان دەهانای هات و لەشکرێکی تەیاری لە لوڕستانیان پێک هێنا و دەگەڵ عومەر بەگدا هات، لە دەربەندێکا کە ڕێگەی گەڕانەوەی تەیموورخان بوو، بۆسەیان نایەوە. تەیموورخان کە لە تاڵان کردنی کەڵهوڕان دەگەڕایەوە، کەوتە بۆسەی لوڕان و لێیان ڕاپەڕین. بوو بە کوشت و کوشتار و قەڵت و بڕینێک مەگین خودا بزانێ. تەیموورخان کە زانی دوژمن جێگەیان سەختە و بەختی ئەردەڵانیان نایبڕێ، خەیاڵی بوو ڕاکا و کەوڵی خۆی دەرباز بکات؛ بەڵام شوێنەکە زۆر سەخت و هەڵەمووت بوو، لە هیچ لایەکەوە دەرەتانی هەڵاتن نەما و چاری ناچار خان و زۆر لە سەرکردەکانی خۆیان دا بەدەستەوە و لە لایەن لوڕانەوە یەخسیر کران. تاڵان بە خڕوپڕی سێندرایەوە و درایەوە بە ماڵ براوان و تاڵانکراوان؛ کەلوپەلی ئەردەڵانییانیش بو وبە تاڵانی لوڕستانییان. تەیموورخان و سەرکردەکانی ماوەیەک بە دیلی ڕاگیران و لە ئاخرا بەرهەڵدا کران و هاتنەوە وڵاتی ئەردەڵان. دوای ئەم شەڕ و

شکانە، زەڕڕین کەمەر لەلایەن دەوڵەتەوە ئیدارە دەکرا؛ شای ئێران بە دەوڵەتیاری سیامەنسووری – کە ئەویش خانێکی کورد و سەرەکی هۆزی سیامەنسووری بوو – ئەسپاردبوو کە بۆ دەوڵەت بەسەری ڕابگا.

تەیموورخان ئەم زەڕڕین کەمەر لێ بڕینەی بەلاوە زۆر سووکایەتی بوو؛ پاش ماوەیەک کە تۆزێک بووژایەوە و بەخۆیدا هات و هێز و پێزی جارانی پەیدا کردەوە، لە ساڵی ٩٩٨دا لەنەکاو بە لەشکرێکەوە هەڵی کوتایە سەر زەڕڕین کەمەر. لە پاتەختەوە فەرمان دەرچوو کە لەشکری دەوڵەت بچێ یاریدەی دەوڵەتیار سوڵتان بدات. دەوڵەتیار سوڵتان بە لەشکری خۆی و دەوڵەتییەوە هاتەپێش تەیموورخان و هەردووک لەشکر پێک هەڵپڕژان و تێک چڕژان. تەیموورخان لەو شەڕەدا سەرکەوت و لەشکری دەوڵەت و دەوڵەتیار شکستیان خوارد و گەلێک لەوانە لە مەیدانا کوژران و ئەوی لە شەڕیش خۆی بووارد، ڕای کردە قەڵای زەڕڕین کەمەر و ماتەیان هەڵگرت و سەنگەربەندی خۆیان کرد. تەیموورخان دەوری قەڵاکەی دا. ئابلۆقەدراوان زۆر پاڕانەوە کە دەستیان لێ هەڵگرێ و ئەمانیان بدا، بەگوێیدا نەچوو. ناعیلاج لە تاوی گیانی خۆیان دەستیان بەشەڕکردن کرد. تەقە دامەزرا و قەزا و قەدەر گوللەیەکی وێڵ تەیموورخانی پێکا و هەر لە جێ ساردی کردەوە. لەشکری ئەردەڵان کە دیتیان بێ سەر و سەردار ماون، دەستیان لە شەڕ سارد بۆوە و هەر ئەوەندەیان پێ کرا کە جەندەکی تەیموورخان هەڵگرن و بەرەو ئەردەڵان بگەڕێنەوە. ئەمەش کاری خوایە هەر دەبوو وابێ.

تائێرە ئەو باسە بوو کە مەستوورەخانم لە تاریخەکەی خۆیدا دەربارەی تەیموورخانی نووسیوە؛ بەڵام شەرەفخان لە شەرەفنامەدا کە باسی دەکا، لە زۆر جێگەدا جیاوازی لە باسەکەدا هەیە. ئەو دەڵێ: «کاتێ سوڵتانی مەرگ، بسات بەگی کردە پەندی پساتێ، تەیموورخان لە جێگەی ئەو، بوو بە فەرمانڕەوای ئەردەڵان. ساڵی ٩٨٦ پەنای بردە بەر سوڵتان مرادی عوسمانی و سوڵتان لە داهاتی زەمینەکانی تایبەتی خۆی لە شارەزووردا، ساڵانە سەد هەزار ئاغچەی بۆ بڕیەوە و پلەی «میری میران»ی دایە و



لەقەمی پاشای بە پاشڵی ناوەکەیەوە هەڵواسی و بوو بە تەیموورخان پاشا».

شەرەفخان دوای ئەوە کە باسی بەش کردنی موڵکەکانی لەناو کوڕاندا دەکا، هەر ئەوەندەی دەخاتەسەر کە دەڵێ: «دینەوەریش کە سەر بە ئێران بوو، ببووە بەشێک لە قەڵەمڕەوی تەیموورخان».

ئەمجار لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: «لەسەرەنجامدا بە فووتێکردنی شەیتان و دنەدانی لە خۆبایی بوون، هەوای مەزنایەتیی بێ گرێ و گۆڵی کەوتە سەر؛ جا بۆ ئەو مەبەستە جارێک دەبووە بەچکە ڕۆمی و بە تورکی عوسمانیی دەگوت: برای خۆمی؛ جارێک خۆی دەکردە قزڵباش و دەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا دەبوو بە وێڵداش. هەر ڕۆژە لەسەر نیازێک و هەردەمە دەبووە سازێک و بە ئاوازێکی جیاواز دەنگی ئەدایەوە. لەبەر بەفیزی و بزۆزیی خۆی، لە ڕێگە دەرچووبوو؛ دەرودراوسێی هەموو ڕەنجاندبوون، کێشەی پێ دەفرۆشتن و گەڕی تێ دەهاڵاندن؛ تالانی ئەوی دەکرد و بە ڕەشەدزی ماڵی ئەمی ئەبرد؛ دەستی درێژ دەکرد و پێی ڕادەکێشا، هەتا لە ئاخر و ئۆخریەکاندا بەدەست و پێ بەتەڵەوە بوو. پەلاماری کوڕی عومەر بەگی کەڵهوڕی دا و تالانی کرد؛ شاوێردی مەزنی لوڕستان بە هانای کوڕی عومەر بەگەوە هات و بەجووتە ڕێگەیان لە تەیموورخان گرت. تەیموورخان لە کاتێکا کە تالان و ماڵی کەڵهوڕانی دابووە پێش خۆی و بە خاترجەمی بەرەوماڵ دەگەڕایەوە، لە جێگەیەک بەناوی خەسر دەبۆسەی دوژمنانی هەڵەنگووت، لوڕ و کەڵهوڕ لێیان ڕاپەڕین و لەنەکاو بەرەنگاریان بوون. تا تەیموورخان و ئەردەڵانی بەخۆیان زانی، ئەوان کەوڵیان بردنە دەباغ خانە و شەق و پەقیان کردن؛ تەیموور بەدیل گیرا و ماڵی ئەردەڵانییان دەگەڵ ماڵی تالانی دەست لوڕ و کەڵهوڕ کەوت. ماوەیەک تەیموورییان لای خۆیان گل دایەوە و لەوەدوا بەرەڵایان کرد. تەیموورخان لەسەر ئەو پەت پەتێنەشڕا کە پێی کرا، وازی لە بزۆزی هەر نەهێنا؛ ئەوجار شالاوی بردە سەر زەڕڕین کەمەر کە دەوڵەتیاری

سیامەنسووری بە فەرمانی شای ئێران کرابوو بە فەرمانڕەوای ئەو ناوە. دەوڵەتیار بەرەنگاری بۆوە و سەرێک پێکدا هاتن. تەیموورخان ئەوجاریشی بەلادانەهات و لە شەڕدا بەلاداهات و کەلاکی لە شەڕگەدا تخێل بوو. کوژرانی تەیموورخان لە ساڵی **٩٩٨**دا بووە».

ماموستا ڕۆژبەیانی دەڵێ: «ئەمین زەکی بەگ لای وابووە کە تەیموورخان حەجمینی لە بسات بەگی مامی هەڵگرتبوو؛ عوسمانیەکانیش یاریدەی تەیموور خانیان دەدا؛ بەو هۆیەوە توانیی مامەکەی دەرکا و بۆ خۆی لە جێگەی دانیشێ». واتا بە ڕوایەتی ئەمین زەکی بەگ، دەبێ تەیموورخان بەر لە مردنی بسات بەگ بووبێتە فەرمانڕەوای ئەردەڵان.

مامۆستای مێژوونووس ئایەتوڵڵا لەو بارەوە هێندێک بەجیاوازی باسەکەی هێناوە و ئەفەرموێ: «لە پاش مەرگی بسات بەگ تەیموورخانی برازای لە ساڵی **٩٨٦**دا جێگەی باوکی گرتەوە؛ لەو دەمەدا دەوڵەتی ئێران لاواز بوو. تەیموورخان دەگەڵ سوڵتان مرادخانی عوسمانیدا خۆی کردە دۆست». ئایەتوڵڵا بەشی کوڕەکانیشی بەم جۆرە باس دەکا و دەڵێ: «شارەزوور، قزڵجە، زەڵم، سنە و حەسەنابات، بەر سوڵتان عەلی بەگ کەوتووە. قەرەداغ، کۆیە و حەریر، بۆتە بەشی بداغ بەگ. مەریوان، سەقز، سیاکێو، تیلەکۆ و خوڕخوڕە، بە مراد بەگ سپێراوە. میر عەلەمەددینیش لەسەر شارباژێڕ داندراوە.

تەیموورخان دوسێ جار هۆزی کەڵهوڕی تالان کردووە. ساڵی **٩٩٣** دیسان بە هەزار سوارەوە هەڵی کوتاوەتە سەر کەڵهوڕان. عومەر بەگی مەزنی کەڵهوڕان دەستەو دامێنی شاوێردی خانی لوڕ بووە؛ ئەویش دەهانای هاتووە و ڕێگەیان لە تەیموورخان گرتووە و دەستە و یەخە لێی ڕاپەڕیون؛ شەڕ قەوماوە و لە مەیدانی شەڕا ئەسپی تەیموورخان گلاوە و بەدیل گیراوە.

لە پاش ماوەیەک زۆر بە قەدر و عێزەت بەرەڵدا کراوە و گەڕاوەتەوە



وڵاتی خۆی. دوای سێ ساڵ دیسان تەیموورخان بە دوو هەزار سوارەوە پەلاماری زەڕڕین کەمەری داوە کە دەوڵەتیاری سیامەنسووری لەلایەن شاوە بەسەری ڕاگەیشتووە. دەوڵەتیار و سێ هەزار سوارەی قزڵباش بەگژیدا هاتوونەوە. لە شەڕدا لەبەر تەیموورخان شکاون و خۆیان کوتاوەتە ناو قەڵای زەڕڕین کەمەرەوە و تەیموورخان دەوری لێ داون. پاش چەند شەڕێک قەڵاکە گیراوە و لە وەختی هێرش بردن بۆ ناو قەڵا، گوللەیەک تەیموورخانی پێکاوە و کوژراوە. هەڵۆخانی برای چکۆڵەی تەیموورخان نەیهێشتووە لەشکرەکە بڵاوە بکا و زۆر مەردانە تۆڵەی برای ساندۆتەوە؛ دەوڵەتیار سوڵتانی بەدیل گرتووە و کوشتوویە و دووسەد کەسێکی لە خەڵکی زەڕڕین کەمەریش کوشتووە و تەرمی تەیموورخان و تالانی زەڕڕین کەمەریانی دەگەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ قەڵای مەریوان».

**هەڵۆخان:** لە پاش تەیموورخان کە لە ساڵی **٩٩٨**دا کوژرا، هەڵۆ خانی برای کرایە فەرمانڕەوای ئەردەڵان. هەڵۆخان هەزار قات لە براکەی پیاوتر و لە ئازایەتی و ڕەعیەت لاواندنەوەدا لە هەمووکەسی تر بەرچاوتر بوو. زۆر بە زیرەکی، هەم لەگەڵ سوڵتان مراد (سوڵتانی عوسمانی)دا خۆی کردبووە دۆست و هەم دەگەڵ شا عەباسیشدا بناغەی ئاشتی و ئاشنایەتیی دامەزراندبوو. زۆر زوو زۆری گەنجینە و نەغدینە وەسەر یەک نا هەمیشە هەر خەریکی قەڵا دروست کردن و مزگەوت دامەزراندن و مەدرەسە ئیجاد کردن بوو. قەڵای پاڵەنگان کە هەر لە ڕۆژی خۆیدا پاتەختی گۆرانان بووە و لە زەمانی تەیمورخاندا وێران ببوو، بە فەرمانی ئەو دووبارە وەک ڕۆژگاری هەوەڵێ و بگرە قایمتریش ئاوەدان کرایەوە؛ دەڵێن ئەو قەڵای پاڵەنگانە زۆر قەڵایەکی قایم و هەڵەمووت بووە و لە هەزار بە هەزارێکا دروست کراوە کە کەم کەس بۆی کراوە پێی هەڵگەڕێ و بگاتە ئەو قەڵایە. لە کاتی شەڕا دوژمن زاتیان نەکردووە هێرش بەرەو قەڵا بەرن. ئەگەر جارێک لە جاران سواری سەری خۆیان بوون و بەلاساری ویستوویانە بەو چیا سەختە هەڵگەڕێن، زۆر زوو قەڵاچۆ کراون و ئاسەوار بڕاو بووگن. قەڵای زەڵمیشی

ئاوەدان کردۆتەوە؛ قەڵای حەسەن ئابادیشی دەسکاری کردووە و لە جاران پتەوتری کردووە. ئەم قەڵای حەسەن ئابادە ئەوەندە بەرزە کە شان لە شانی هەوران دەسوێ و ئەوەندەش تەرزە کە هیچ کەس شتی وای بەخەونیش نەدیووە. باسی ئەم قەڵایە، زۆر لە مێژوونووسان لە کتێبی خۆیاندا نووسیویانە.

مەستوورەخانم لێرەدا بڕ بە قسەکەی دەدا و دەڵێ: «من بە چاوی خۆم دیتم کە لە دەورانی فەرمانڕەواییی ئامانوڵلاخانی والیدا، سەفیرانی ڕوس و ئینگلیس هەر بۆیە هاتبوونە کوردستان تا سەیری ئاسەواری ئەو قەڵایە بکەن. ئەگەرچی ئێستا وێرانە، بەڵام ئەوان زۆریان بەلاوە عاجباتی بوو. هەڵۆخان قەڵا و بازاڕ و گەرماو و چەندین مزگەوتی لە مەریوان دروست کردووە؛ دەڵێن ئێستاش شوێنەواری هێندێکیان هەرماوە».

هێز و توانای هەڵۆخان گەیشتە ڕادەیەک کە دەخۆی ڕادیت بەسەربەخۆیی بژیت و دەم لەبەر ڕۆم و ئێران خوار نەکاتەوە و ماستاو بۆ کەس سارد نەکاتەوە، ئیتر کڵاوی سەربەستی بە لاتیلاکی سەریەوە دەنا و کەسی لە خۆی بەگەورەتر نەدەزانی. هەرکەسیش بیوتایە پشتی چاوت برۆیە، وەهای تەمێ دەکرد کە ئیتر ئاخر جاری بێ.

لە ساڵی ١٠١٩ی هیجریدا حوسێن خانی لوڕ بە لە شکرێکەوە هێرشی هێنا و شەڕ لە دەوری قەڵای حەسەن ئاباد دامەزرا؛ بەڵام خانی لوڕ زۆر زوو شکستی خوارد و لۆر لۆر بەسەر شۆڕی بەرەو لوڕستان دای قەڵاشت. دەڵێن چەند جاران لەشکری شا عەباس بەگژ هەڵۆخاندا چوون و هەموو جارێک شکاون و ڕاونراون. سەرەنجام شا عەباس زۆری ڕق هەستاوە و هەر خۆی بە لەشکرەوە هاتۆتە شەڕی هەڵۆخان و لە مەڵبەندی ئەسفەند ئاباد لە گوندی مەیهەم ئۆردووبەزی کردووە. ڕۆژێک بۆ تماشا کردنی کێوەکانی کوردستان چۆتە سەر بەرزاییەک؛ ئاڵی باڵی زەنگەنە کە کوردێک بووە و لەبەر دەستی شا عەباسدا خزمەتکار بووە، بانگ کراوەتە لای شا و شا لێی پرسیووە کە: «تۆ زۆر شارەزای شاخ و چیای کوردستانی



و بە قەڵاکانی ئەو ناوە دەزانی؛ ئێمە چۆن بکەین کە هەڵۆخان لە داو بخەین و موڵکەکانی لێ داگیر بکەین؟» ئاڵی باڵی عەرزی کردووە: «من لام وایە بە شەڕ دڕۆستی هەڵۆخان نایەی و ئەگەر لەبەری بشکێی، بە جارێ ئابڕووت دەچێ و لەوانەیە هەیبەتت لەسەر خەڵکی تریش نەمێنێ، چاک هەر ئەوەیە بە زمانی لووس فریوی بدەین و بیکەینە دۆستی خۆمان و شەڕی ئەو لە خۆمان دوور خەینەوە». شا بە ئامۆژگاریی ئاڵی باڵی کرد و دەرکی دۆستایەتیی کردەوە؛ هەڵۆخانی لە باری دوژمنایەتییەوە خستە سەر باری ئاشنایەتی و بارگە و بنەی پێچاوە و ڕوو بە پاتەخت گەڕایەوە. هەڵۆخان بۆ دڵنیاییی شا عەباس، خان ئەحمەد خانی کوڕی خۆی بە دیاری و پێشکەشی زۆرەوە ناردە خزمەت شا عەباس کە بارمتە بێ و لە دەربار بمێنێتەوە. شا عەباس بەو بارمتەدانە زۆر دڵخۆش بوو؛ ئەوەندەی دەستی حورمەت لە خان ئەحمەدخان نا، کە نەبێتەوە؛ هەروا پلە و خەڵاتی بۆ زیاد دەکرد و دەیلاواندەوە، تاوای لێ هات کە خوشکێکی خۆی بە ناوی «زەڕین کلاو» لێ مارەکرد و کردیە زاوای خۆی.

لێرەدا مەستوورەخانم بڕ بە مەبەستەکە، دەدا و دەڵێ: «هەرچەند لە تاریخاندا نەنووسراوە، بەڵام من لە کۆنە پیاوانم بیستووە کە گوایە زەڕین کلاو خانم ڕازی نەبووە بیدەن بە کوردێک و بۆڵە و پرتەی بەسەر برایدا کردووە. شا دڵخۆشیی داوەتەوە و بانگی کردۆتە سەر شانشینێ کە لە پەنجەرەوە سەیری حەسار بکەن. لەو دەمەدا ڕای سپاردووە کە خان ئەحمەد خانی بۆ بانگ کەن. لە کاتێکا کە خان ئەحمەد خان گەیشتۆتە ناو حەوشە، شێرێکی هار و شێتیان بەرهەڵدا کردووە و پەلاماری خان ئەحمەد خانی داوە. خان ئەحمەد خان بەبێ ئەوە بشڵەژێ و گرێی بێتە ناوچاوان، شیری هەڵکێشاوە و بە یەک قەڵت شێری کردۆتە دوو کەرت و لە مەیدانی تخێڵ کردووە. شا لەو سەرەوە بانگی کردووە: تۆ حەقت چییە شێری من دەکوژی؟ خان جوابی داوەتەوە: قوربان دوو شێری تۆ پێک هەڵپڕژاون و یەکیان بەسەر ئەوی ترا زاڵ بووە؛ شا ئافەریمی لێ کردووە و زەڕین

کلاوخانمیش بۆ ئەومێردە ئازا و ڕەشیدە لیکاوی لەدەم هاتۆتە خوار و زۆر بە شانازییەوە پێی ڕازی بووە. ئەوسا بە دەستووری شاهانە بووکیان دەپاڵ زاوا کردووە. لە پاش ماوەیەکی زۆر، شا عەباس کە دەیزانی تازە خان ئەحمەد خان هی خۆیەتی و وەختی ئەوە هاتووە کە بیکاتە مقاشی دەست و، کوردستان و هەڵۆ خانی پێ بگرێ، ڕۆژێک بەتەنیا بانگی کردە لای خۆی و نهێنیی دڵی خۆی بۆ ئاشکرا کرد و تێی گەیاند کە چەند ساڵە قرمی لە گرتنی کوردستان و بەردەست کردنی هەڵۆ خان خۆش کردووە و بۆی هەڵنەسووڕاوە؛ ئێستا ئەو کارە بە ئەحمەد خان دەکرێ. تێی گەیاند کە بەهەر جۆرێک بێت باوکت بخە بەر چەنگی من و تۆ خۆت ببە بەحاکمی کوردستان. خان ئەحمەد خان لەبەرامبەر خەزووری بەڕێزدا کڕنۆشی کرد و دەستەبەر بوو کە ئاواتەکانی پێک بهێنێ. دیاری و خەڵات و دراوی زۆری دەگەڵ خۆی هێنا و هاتەوە لای باوکی. هەڵۆخان کە چەند ماوەیەک کوڕی خۆشەویستی خۆی نەدیبوو، بە دیتنی گەشایەوە و دەتگوت عومری تازەی بەسەرگرتۆتەوە. خان ئەحمەدخان لە بنەوە دەستی کرد بە دڵدانەوە و لە خشتەبردنی پیاوماقووڵانی باوکی، بەدراو و دیاری چاوی دادروون و قەرار و مەداری خەیانەت کردنی دەگەڵ بەستن. دوای ئەوە کە تەواو دڵنیا بوو دەتوانێ باوکی بەدیل بگرێ و بەدیاری بۆ شای بنێرێ. ڕۆژێک لە مەجلیسدا خان ئەحمەدخان بە پیاوێکی خۆی گوت: بڕۆ نوغڵ و شیرنیاتیی ئەسفەهانمان بۆ بێنە تاتۆزێک دممان شیرین بکەین. هەڵۆخان تێگەیشت کە ئەم قسانە مانای خراپیان هەیە، ڕوی کردە خان ئەحمەدخان و گوتی: کوڕم، تۆ بەشیرنیاتیی فێڵاوی، تاڵاوت بەگیانی مندا کردووە. ئیتر بوو بە مقۆمقۆ لەمەجلیسدا و فێڵەکە سەری نەگرت. خان ئەحمەدخان بەزیزی دەرکەوتەدەر و سوارەی خۆی دایە شوێن خۆی و لە دەوری قەڵا دامەزرا و لێ بڕا کە بەشەڕ باوکی خۆی بەردەست بکات. خان ئەحمەدخان زۆر لە دەوری قەڵا مایەوە و هیچی بۆ بەهیچ نەکرا. دایکی وەخۆ کەوت، پاسەوانەکانی برج و قەڵای فریودا و تێی گەیاندن کە یاریدەی کوڕەکەی



بکەن و گوێ بە مێردەکەی نەدەن. بڕیاردرا دەنیوە شەوێکدا دەرگای قەڵا بکرێتەوە و خان ئەحمەدخان هێرش بێنێ و کارەکە تەواو کا، خەبەری شەوی دەرگا کردنەوەیان بەهۆی مەلا یاقوبەوە - کە ئەبێتە باپیرە گەورەی جەنابی مەلا عەباسی شێخەلئیسلامی حازری - بۆ خان ئەحمەدخان نارد، مەلا یاقوب مزگێنییەکەی گەیاند و بۆ مزگێنی وەرگرتن گەڕایەوە قەڵا. هەڵۆ خان بەو خەبەرەی زانی و مەلا یاقوبی گرت و خستیە زیندانەوە و بڕیاری دا کە سبەی ئەو شەوە پەتی بخاتە مل و پەت پەتێنێکی باشی پێ بکەن؛ بەڵام هەر ئەو شەوە خان ئەحمەدخان بە شارەزاییی دایکی هاتە نزیک دیواری قەڵا و پەیژەیان بەدیوارەوە ناو خۆی گەیاندە سەربان و هاوکارانی خۆی لە هەموولایەک دامەزراند؛ ئەوسا چووە جەستەی باوکی و لە ناو نوێنا گرتی و دەست و پای بەست و هەر ئەو شەوە بە دیاری بۆ دەرباری شا عەباسی بەڕێ کرد؛ مەلا یاقوبیشی لە بەند ڕزگار کرد و لە تۆڵەی ئەو خەیانەتەی کە بە باوکی کردبوو، گیرفانی لە زێڕ ئاخنی».

مەلا حەمە شەریف لە تاریخەکەی خۆیدا دەڵێ: «شا عەباس زۆر قەدری هەڵۆخانی گرت و تا مرد لەو پەڕی ناز و نیعمەتدا ژیا و هەر لە ئەسفەهان مردووە».

بەڵام خوسرەو بەگی ئەردەڵان لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: «شا زۆری ڕێز لە هەڵۆخان ناو خەڵاتی کرد و ناردیەوە جێگەی خۆی و قەولی لێ ساند کە ئیتر مەزنایەتی نەکاو خۆ دەکار و باری دنیاداری نەگەیەنێت». ئیتر خوا ئەزانێ کامیان ڕاستیان وتووە.

تا ئێرە تاریخەکەی مەستوورەخانم بوو، بابزانین مێژوو نووسانی تر دەڵێن چی؟

شەرەفخان لە شەرەفنامەدا دەڵێ: «لە پاش کوژرانی تەیموورخان هەڵۆخانی برای بوو بەجێ نشینی. هەڵۆ خان گوێ بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانییە، دڵی قزڵباشانیشی لە خۆی نەڕەنجاندووە و خۆی دەگەڵ هەموو

لایەکدا گونجاندوە و کارێکی وای کردووە کە وەک دەڵێن: نەشیش بسووتێ و نە کەباب. ئیتر لە سایەی ئەو زیرەکی و وریاییەوە توانیویە بە سەربەستی و بێ بەرهەڵست حوکماتی خۆی بەڕێوەبەرێ. ئێستاکە ساڵی ١٠٠٥ی هیجرییە، هەروا بەکامڕەوایی دەژی و بە دڵنیایی ڕای دەبوێرێ».

مامۆستا ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە تاریخەکەی خۆیدا باسەکە بەجۆرێکی تایبەتی ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: «پاش کوژرانی تەیموورخان، هەڵۆخانی براگچکەی لە ساڵی ٩٩٦دا دەستی بەسەر قەڵەمڕەوی ئەردەڵاندا گرت. دوو ساڵ دەگەڵ مرادخانی سیهەمدا ئاشنایەتیی گەرمی هەبوو، پاشان دەگەڵ ئێران خۆی کردە دۆست و پاتەختی فەرمانڕەوایی خۆی لە قەڵای زەڵم و قەڵای مەریوانەوە بۆ قەڵای پاڵەنگان گوێزتەوە کە ئەو قەڵایە ئەوسایە زۆر هەڵەمووت و قایم بووە و کەس تا ئەو دەمە نەیتوانیووە بەشەڕ بیگرێ. قەڵای پاڵەنگان هەر لە مێژەوە شوێنی فەرمانڕەوایی گۆران و کەڵهوڕان بووە و ئێستاش ئاسەوار و شوێنەواری ماوە.

هەڵۆخان پیاوێکی زۆر ئازا و بەهێز، زۆر دوورە زوڵم و پیاو چاک بووە؛ لەهەر کۆی ساڵدا لە یەکێک لە چوار قەڵایانی زەڵم و پاڵەنگان و حەسەن ئابات و مەریواندا بەسەری بردووە؛ زستان لە زەڵم، بەهار لە پاڵەنگان، هاوین لە حەسەن ئابات و پایز لە مەریوان ژیاوە. سەرەنجام بە پلەیەک گەیشتووە کە بە سەربەخۆیی ژیاوە و گوێی بە فەرمانی ڕۆم و ئێران نەداوە. شێخ عەبدولغەفاری مەردۆخی لە هەورامانەوە بردۆتە حەسەن ئاباد کە دەرز بە فەقێ بڵێتەوە و پێشنوێژی جومعە و جەماعەت بێ. مەلا یاقوبی باپیرە گەورەی مەوالی سنەشی کردووە بە مامۆستای تایبەتیی خان ئەحمەدخانی کوڕی. ساڵی ١٠١٩ی هیجری، لەسەر دنەدانی شا عەباس حوسێنخانی حاکمی لوڕستان بە دە هەزار چەکدارەوە هێرشی هێناوەتە سەر سنە و پەلاماری قەڵای حەسەن ئابادی داوە، شەڕ لە نێوان کوردستانی و لوڕستانیاندا قەوماوە و لەچوار جار پێک هەڵپڕژاندا هەموو جارێک لەشکری حوسێن خان تێ شکاوە، ئیتر بۆ جاری پێنجەم هێزی شەڕ کردنی



نەماوە و ڕای کردووە ئەمما ڕا کردن! لەشکری هەڵۆخان دەم لەسەر پشت کەوتۆتە سەریان و وەک هەڵۆ ڕاوی چۆلەکە بکا، تێیان شیشاون و پتر لە هەزار کەسیان لە دوژمن بەمردوویی گل داوەتەوە. خەبەری ئەم شکانە دەگاتە ئەسفەهان و شا عەباس هەر ئاگر دەگرێ؛ گورجێ لەشکرێکی زۆر تەیار دەنێرێتە سەر هەڵۆخان کە تۆڵەی لوڕەکانی لێ بکەنەوە، بەڵام ئەم لەشکرەش بە دەردی لەشکری حوسێن خان دەچێ و بەسەری شکاو و پاشڵی دڕاوەوە دەگەڕێتەوە. دیسان شا عەباس پتر تووڕە دەبێ و لەشکرێکی تەیارتر دەنێرێ؛ بەلام ئەویش هەر لە هەوەڵ شەڕ و پێکدادانا تێک دەچێ و بە پەرێشان و بڵاوی بەرەو دوا دەگەڕێتەوە. ئەمجار شا عەباس لێ دەبڕێ کە هەر خودی خۆی بە لەشکری زۆرەوە بچێ و هەڵۆخان لە بەین بەرێ؛ دێت و دەگاتە گوندی مەیهەم لە مەڵبەندی ئەسفەند ئاباد کە ئەوسا عەلی شوکریان پێ گوتووە، ئاڵی باڵی ناوێکی کوردی زەنگەنە کە ڕۆژگارێک جڵەوداری تایبەتی شاه عەباس بووە، لەو گوندە دێتە دیدەنی شا، بە دوور و درێژی باسی قەڵا قایمەکانی هەڵۆخان و لەشکر و چەکداری کوردستانی بۆ دەکا و تێی دەگەیەنێ کە بەشەڕ دەرۆستی هەڵۆخان نایە و چاتر وایە بەزمانی خۆش لەگەڵیا بجووڵێتەوە. شا عەباس ڕاوێژی مام ئاڵی باڵی پەسەند ئەکا و هەر خۆی ئەکاتە دەستەبەری ئەو کارە و فەرمان و خەڵاتی تەسمیل دەکا و بۆخۆی و لەشکرەکەی بەرەو ئەسفەهان دەگەڕێنەوە. ئاڵی باڵی لە قەڵای مەریوان چاوی بە هەڵۆخان دەکەوێ و دەیکاتە دۆستی شا عەباس. هەڵۆخان بۆ بارمتەی دڵنیایی، خان ئەحمەد خانی کوڕی خۆی بە دیاری و پێشکێشەوە دەنێرێتە ئەسفەهان. شا عەباس بەمە زۆر کەیفی دەبزوێ و زۆر ڕێز لە بارمتە دەگرێ و زەڕین کڵاوی خوشکی خۆی لێ مارە دەکاو بە دام و دەستووری پادشایان بۆی دەگوێزێتەوە.

پاش ماوەیەک خان ئەحمەدخان دەنێرێتەوە لای باوکی و قەولی لێ دەستێنێ کە لە گەڕانەوەدا بۆ ئەسفەهان ئەمجارە باوکیشی لەگەڵ خۆیدا

بهێنێ؛ خان ئەحمەدخان کە دێتەوە، دڵخۆشی باوکی ئەداتەوە کە لە گەڵیا بێتە خزمەت شا عەباس؛ هەڵۆخان تێ دەگا کە تەڵەی بۆ نراوەتەوە، دەیەوێ خان ئەحمەد خان تێ بگا و دەست لەم داوایە هەڵبگرێ؛ بەڵام خان ئەحمەدخان کە قەولی بە شاداوە نایکرێ پاشگەز بێتەوە، گڕنە دادەگرێ کە ئیللا هەر دەبێ دەگەڵما بێی؛ مەلا یاقووبی مامۆستایشی دەکاتە یاریدەی خۆی و بەجووتە دەچنە بن کلێشەی خانەوە کە ئەم سەفەرە بکا. خان ئەم کارە بە خەیانەت دەزانێ و خان ئەحمەدخان و مەلا یاقوب دەخاتە گرتووخانە. شێخ عەبدولغەفاری مەردۆخی و چەند پیاوماقوولێکی تر کە دوای سێ ڕۆژ بەم کارە دەزانن، دەچنە لای هەڵۆخان و زۆری سەرکۆنە دەکەن کە چۆن زاوای شای حەپس کردوە؟ تێشی دەگەیەنن کە ئەگەر شا عەباس هیچی خراپی لە دڵدابووایە، خوشکی خۆی نەئەدا بە خان ئەحمەد خان و خزمایەتیی دەگەڵ هەڵۆخان نەدەگرت، ئیتر هەڵۆخان لە بارێکەوە دەبەنە بارێکی تر و ناچار مەلایاقووب و ئەحمەدخان لە زیندان دەر دەخا و زۆر دڵخۆشی کوڕەکەی ئەداتەوە و مژدەی ئەداتێ کە ئەم ئاواتەی پێک بهێنێ. دوای چەند ڕۆژێک هەڵۆخان بە دیاری و پێشکەشی زۆرەوە دەچێتەماڵی شا عەباس؛ شا یەکجار زۆری قەدر دەگرێ و شەش مانگ لە ئەسفەهان خزمەتی دەکرێ؛ لەوە دوا ئیجازەی پێ ئەدا کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و هەر لەسەر خواستی خودی هەڵۆخان، شا عەباس فەرمانی حوکمڕانی کوردستان لە هەمەدانەوە تا ئامێدی و کۆیە و حەریر بەناوی ئەحمەد خان دەردەکات.

ساڵی ١٠٢٣ خەڵکی هەورامان لە هەڵۆخان هەڵدەگەڕێنەوە. خان ئەحمەدخان بە فەرمانی باوکی دەچێ و ئاژاوە لە بەین دەبا و هەژدە پیاوی سەرناسی هەورامی دەکوژێ و دەست بەسەر هەوراماندا دەگرێ. ئیتر تامردنی هەڵۆخان کێشەیەکی تر لە وڵاتەکەیدا ڕوی نەداوە».

بەڵام مامۆستای مێژوونووس ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن، کە ئەویش تاریخی ئەردەڵانی نووسیوە، بەجۆرێکی تر دەگێڕێتەوە کە لە



تاریخەکەی مەستوورەخانم زۆر نزیکە. شیاوی باسە تاریخی ئەردەڵانی ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن بەفارسییە و حوسێن حوزنی موکریانی لە مجەللەی دەنگی گێتی تازەدا بەرەودوا بەکوردی بڵاوی کردۆتەوە؛ مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لە کوردییەوە کردویە بەعارەبی و لە تەرجەمە عەرەبییەکەی شەرەفنامەدا گونجاندوویە و منیش کە شەرەفنامەم کردۆتە کوردی، ئەو باس و خواسەم بە کوردی خستۆتە پاڵ شەرەفنامەکەمەوە – هەژار. ئیسماعیلی مەلاحەمە حوسێن لە تاریخ ئەردەڵان دا دەڵێ: «هەڵۆخان پیاوێکی زۆر بەمشوور و کارامە بوو، وڵاتی خۆی زۆر ئاوەدان و بە ئێروو کرد؛ جگە لە قەڵای زەڵم، سێ قەڵای دیکەیشی دروست کرد کە ئەوانەش: قەڵای حەسەن ئاوا لەسەر تروپکی کەژێکی بەرز، قەڵای پڵنگان لەناو جەرگەی وڵاتی گۆراندا و قەڵای مەریوان بوون. گەنجینەی هەمیشە لەزێڕ و زێو ئاخنابوو. گەنج و گەواهێراتێکی زۆری وەسەریەک نابوو. زۆریش بەخشندە و خێرەومەند و دڵاوا بوو. گەلێک مزگەوت و تەکیە و خانەقا و فێرگەی ئایینیی لە کوردستاندا دروست کرد ئارامی و خۆشی و هەرزانی شاباڵی بەسەر خاکی قەڵەمڕەویدا کێشابوو. ئازاو نەبەردێک بوو، هەرگیز لە خوا نەبێ لە کەس نەترسابوو. نە سەری بۆ شای ئێران دەچەماند و نەخۆی دەتورکان دەگەیاند. دەوڵەتی تورک و ئێرانیش بەجووتە لێی دەترسان. شا عەباسی سەفەوی بە نیازی داگیرکردنی وڵاتەکەی بە لەشکرێکی یەکجار زۆرەوە بۆی هات، لە نزیک هەمەدان لە گوندی مەیهەم لەشکربەزی کرد. عەلی باڵی زەنگەنە کوردێکی نزیک بە شا و ڕاوێژکەری بوو، ئامۆژگاریی شای کرد کە ئەگەر بەشەڕ دەگژ هەڵۆخاندا ڕابچێ لەوانەیە دەرۆستی نەیە. ئەگەر شا بشکێ، ئابڕوی شا عەباس و ئێرانیش دەتکێ. وا باشترە بەگزی و فزی و تەڵەکە بیخەینە داوی خۆمانەوە. شا عەباس بەگوێی کرد و ڕاست بەڕێی خۆیدا گەڕایەوە و نەیوێرا خۆ لە قەرەی هەڵۆخان بدا. ئەمجار لە بنەوە دەستی کرد بە ڕێویبازی و تەڵەکەسازی. تۆڕی خۆی تەنی و چێشتەی خستەسەر و ویستی دانەخۆرەی بکا و

دەگەوێکی هاڵقێنی. بناغەی دۆستایەتیی دەگەڵ داڕژت و سەرزارەکی بوو بە دۆستی گیانی بەگیانی هەڵۆخان. نامەی بۆ دەنووسی و دیاریی بۆ دەنارد. لە ئەنجامدا وای کرد کە هەڵۆخان سوێندی گەورەی بەسەری شا عەباس دەخوارد. شا عەباس لە نامەیەکدا بۆی نووسی: چەند حەز دەکەم خان ئەحمەدخانی کوڕت بنێریە لام بۆ ئەسفەهان و لە دەرباری خۆم بمێنێتەوە و ئەو یادگارە بەنرخە هەموو ڕۆژ دیداری تۆی خۆشەویستم وەبیر بێنێتەوە. خان بە تەپکەوە بوو، خان ئەحمەد خانی بەدیاری و پێشکێشی زۆرەوە بۆ شا عەباس نارد و شا عەباسیش ئەوپەڕی ڕێزی لێ ناو بردیە سەراو پەردەی پادشایی. کلاوزێڕ خاتوونی خوشکی خۆی لێ مارە کرد و کردیشیە هەمەکارەی خۆی. کاری هەرە گرینکی بە زاوا زێڕینەی دەسپارد و بۆ کاری نهێنی و ڕازی تایبەتی خۆی زیاد لە هەموو کەس ئەوی دەنارد و هەرگیز لە کەس و کاری زۆر نزیکی خۆی هەڵنەداوارد. هێندەی بە دەورەدا هات و پشی پشی بۆ کرد و چاکەی دەربارە کرد، تا بەجارێک کردیە چاو بەرەژێری خۆی و لارە ملی گوێ بەفەرمان. ئەوسا بەوریایی چووە بن کڵێشەیەوە و ڕاستی کرد کە دەبێ بچێ و لەشکر بەرێ و باوکی خۆی بە دیل بگرێ و بۆ شای بێنێ و شوێنەواری باب و باپیرانی بۆ خۆی بستێنێ. لەسەر ئەو نیازە ناوی لێ نا والیی کوردستان و لەشکری زۆری خستە بەر دەستان و ناردیە سەر هەڵۆخان. هەڵۆخان لەو سەروبەندانەدا لە قەڵای حەسەن ئاوا بوو؛ ئەحمەد خانی زاوای شا عەباس بە هەر کوێدا هات داهاتی لێ بڕی و قڕی تێ خست و گەیشتە حەسەن ئاوا و دەوری قەڵای باوی دا؛ بەڵام قەڵا لەو بەڵایانە نەبوو کە بەکەس بگیرێ. ژنی خان کە دایکی ئەحمەدخان بوو دەگەڵ مەلا یاقووبی هەمەدەمی هەڵۆخاندا خەیانەتیان بەمێرد و ئاغا کرد؛ ڕێک کەوتن و بەدزیەوە دەرگای قەڵایان بۆ ئەحمەد خان کردەوە و لەشکری دوژمن ڕژا قەڵاوە؛ دەوری هەڵۆخانیان دا، گرتیان و باڵ بەستە ڕەوانەی ئەسفەهانیان کرد. شا عەباس هەڵۆخانی بەدیلگیراوی زۆر بەخێر هێنا، لە کۆشکێکی زۆر خۆشدا داینا و بۆی دانا



کە نابێ لە شاری ئەسفەهان دەرکەوێ؛ ئیتر هەر لەوێ مایەوە هەتا مرد. ئەوسا حوکمی ئەردەڵان و شارەزوور کەوتە دەست خان ئەحمەدخانەوە کە ئەوسا مێژوو لە ١٠٢٢ی هیجری دابوو». بەلای ناسرخانی ئازاد پوورەوە ساڵەکە ١٠٢٤ بووە.

وا ئێمە ڕیوایەتی جۆربەجۆری مێژوونووسانمان دەربارەی هەڵۆخان گێڕایەوە و ناچارین وەک مەستوورە خانم بڵێین: «خوا ئەزانێ کامیان ڕاستە».

**خان ئەحمەد خان**: ساڵی هەزار و بیست و پێنچی هیجری قەمەری، خان ئەحمەدخان کورسیی فەرمانڕەواییی ئەردەڵانی بۆخۆی گرتەوە؛ دەستی کرد بە پەرەدانی لەشکر و سوپا و ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکە. وەختێ کە دیتی هێز و پێزێکی زۆری وەسەریەک ناوە و لەولاشەوە لە سایەی خزمایەتیی شا عەباسەوە لە هەموو یارییەکی دەوڵەتی ئارخەیان بوو، دەوڵەتیش ئەوساکە دوژمنی سەرسەختی عوسمانییان بوو؛ هەل بۆخان ڕەخسابوو کە پەڕهەڵاوێ و گەڕی خۆی دەوڵاتی بەردەستی ڕۆمیان هاڵێنێ. لەسەر ئەو نیازە لەشکرێکی زۆر تەیاری پێکەوە ناو بێ دەنگ و باس هێرشی کردە سەر هۆزەکانی بڵباس (بڵباس بە عەشایرێکی دەڵێن کە لە ئەترافی پیرانشار - خانێ-ی ئێستا و لە دەوروبەری شارۆکەی ڕانییەی عێراق دەژین - هەژار)، چونکە بڵباس لەو هۆزە کوردانە بوون کە سەر بە عوسمانییەکان بوون و دەوڵەتی تورکی عوسمانی بەسەریان ڕادەگەیشت. بڵباسەکان کە باس و خواسی ئەحمەدخان و هێرشەکەیان پێ گەیشت، ئەوانیش بەخۆدا هاتن و لەشکرێکیان کۆکردەوە و بۆ بەربەرەکانێ هاتنە مەیدانەوە. شەڕێکی خوێناوی لە نێواندا ڕووی دا، سەر ئەنجام لەشکری بڵباسان شکا و زۆر لە پیاوماقووڵان و سەرکردەکانیان کوژران و بە دیل گیران. ئەوی لە کوشتن و گیرانیش ڕزگاری بوو ناچار بەرەو وڵاتی خۆیان قاچاندیان و هاواریان بردەوە بۆ خزمان کە هاواری سەروماڵە و لە چنگ خان ئەحمەدخان ڕزگاربوون مەحاڵە. عەشرەتی بڵباس دیسانەوە خۆیان

کۆکردەوە و لە شوێنێکی سەخت و دەربەندێکی حەستەمدا پێشیان بە لەشکری هێرش بەری ئەردەڵان گرت و لە شەڕی ئەم جارەدا چەند کەسێکی ئازا و ناو بەدەرەوەی ئەردەڵانیان کوشت؛ بەڵام خان ئەحمەدخان دەستی لێ هەڵ نەگرتن و هێرش لە دووی هێرش دانیە بەر شیروتیر. ناچار لەو جێگە قایمەشی هەڵکەندن و دیسان بلّباس ڕایان کرد و ئەردەڵانی دەم لەسەر پشت کەوتنە سەریان و سەریان دەدوانان تا دەجێگەیەکی زۆر قایمتر لەهی پێشویان پەستاوتن. ئەو جێگەیەی کە ئەم جارە بلّباسەکان پەنایان پێ برد، زۆر هەڵەمووت و دژواربوو؛ لەوانە نەبوو کەس زات بکا هجوومی بۆ بەرێ، چونکە هەر لە ڕێگە دەیانقۆزتەوە و دەکوژرا. بە فەرمانی خان ئەحمەدخان لەشکری ئەردەڵان دەستی لە هێرش بردن هەڵگرت و کەوتنە ئابلّۆقەدانی بلّباسان. هەر چوارلایان لێ گرتن  بەڵکو لە برسان و لەترسان ناچاربن لە چیا داگەڕێنە خوار و خۆ بدەن بە دەستەوە. بەڵام ئەم دەورەدانە زۆری خایاند و هیچ بەهرەی نەدا؛ بلّباس لە چیا نەهاتنەخوار و پەلاماردانیشیان زۆر خەتەر بوو، تێ مابوون کە چی بکەن چاکە؟ دەگێڕنەوە دەڵێن: ڕۆژێک لەو ڕۆژانەدا ژنێک تووشی خان ئەحمەدخان بووە و لێی پرسیووە: «خان! ئەوە بۆچی لەم دامێنەدا ماون و قەتیس وێستاون و ناچن ئەو سەنگەرانە بگرن؟» خان لە وەراما گوتوویە: «ئاخر جێگەکە زۆر حەستەم و قایمە و هیچ ڕێگەیەکی وا نییە کە لێیەوە دەرچین و بیانگەینێ». ژنەکە پێ کەنیووە و گوتوویە: «بەڵێ کاری وەها پیاوی گەرەکە، دەسا بەخوا ئێرە (ئیشارەتی بەژێردامێنی خۆی کردوە) زۆر لەو شوێنە سەخت تر بوو، بە کەس نەدەگیرا بەڵام پیاوی خۆی گەیشتێ و ڕێگەی کردەوە». قسەی ئەو ژنە زۆری کار لە خان و لەشکریان کردووە و یەک جێ دەستیان لە گیان شۆردووە و هێرشیان بردووە و قەڵا قایمەکەی بلّباسانیان گرتووە.

بلّباس بە زەلیلی کەوتوونە دەست خان ئەحمەدخان و بە فەرمانی خان قەڵاچۆ کراون و ژن و منداڵیشیان کوژراون. لەشکری خان کەوتوونە تاڵان



و بڕۆ و نانی شەویان بۆ هیچ ئافەریدەیەکی ئەو ناوە نەهێشتووە. لەپاش ئەوە کە بلّباسی قڕکردووە، بەرەو سابڵاغ و مەراغە هاتووە؛ حاکمانی سابڵاغ و مەراغە نەیانوێراوە بەگژیا بچن و ناچار بە دیاری و پێشکەشی زۆرەوە هاتوونەتە خزمەتی و دەغالەتیان پێ کردووە. خان ئەحمەدخان لە دوای ئەوە کە ئەم وڵاتانەی داگیرکردووە، لە هەر جێگە و مەڵبەندێکا دۆست و نزیکانی خۆی داناوە کە بەسەری ڕابگەن. ئەمجارە لەشکری بەرەو کۆیە و حەریر و ڕەواندز و ئامێدی دەنگ داوە؛ ئەو ناوەشی لە نەیاران پاک کردۆتەوە. کوڕانی بارام بەگی سورخاب بەگ کە لە پێشا باسمان کرد، لەو دەمەدا بێ موڵک و ماڵ و پەرێشان حاڵ ببوون و قەدر و قیمەتی جارانیان نەمابوو. خان هەمووی کۆکردنەوە و کۆک و پۆشتەی کردنەوە، زۆری لاواندنەوە و هەر یەکەیانی بەسەر مەڵبەندێک لە مەڵبەندەکانی تازە داگیرکراودا کردە فەرمانڕەوا کە بەناوی خان بەسەری ڕابگەن. قەرە حەسەن ناوێکی کە یەکێک لەو کوڕانەبوو، بەسەر خۆشناوەتییەوە (خۆشناوەتی ناوچەیەکە لە نێوان هەولێر و ڕەواندزا – هەژار) داناو بڕیاریشی دەرکرد کە کاربەدەستانی تر لەو ناوەدا لە قسەی قەرە حەسەن دەرنەچن، ئێستاش کە مێژوو لە ١٢٦٢ی کۆچی دایە فەرمانڕەوایانی ڕەواندز پاشماوەی ئەو قەرە حەسەنن. لەم قسەڕا دەبێ تایەفەی حەمەڕەشید بەگی وەکیلیش بچنەوە سەر خالید بەگی میری خۆشناو. ئەم تایەفەی وەکیلە هێندێکیان لەگەڵ خان ئەحمەد خانا هاتوونەتە سنە و لە دوارۆژا پلەی وەکیلیان دەست کەوتووە.

دوای ئەوە کە خان لە گرتنی وڵاتی بلّباس و ڕەواندز و ئامێدی بۆتەوە و ئارخەیان بووە کە ئیتر دنیا بە کەیفی خۆیەتی، لەشکری کردۆتە سەر هۆزەکانی داسنی و خالیدی (داسنی و خالیدی – خالتی – لە یەزیدیەکانن – هەژار). داسنی و خالیدی خۆیان بۆ بەربەرەکانیی خان ئامادەکرد و لەشکر بەیەکیان دادا و دوای گەلێک لێکدان و پێکدادان دیسان خانی ئەردەڵان سەرکەوت و گەلێکی لە دوژمنان کوشت و وردە و

یەخسیر و تالان و ماڵی ئەوانیشی هێنا. لە دوای هەڵوەژاردنی داسنی و خالیدیان، خان ئەحمەدخان کاربەدەستانی کۆیە و حەریری ناردەوە سەر جێگەی خۆیان و خۆیشی ڕووی کردە شاری مووسڵ. خەڵکی مووسڵ کە زانییان وا خان ئەحمەدخان خەیاڵی هێرشی لەسەردایە، تەواو ترسان و زراویان پێ نەما. حاکمی مووسڵ زانیی بەشەڕ دەرۆستی خان نایە، ناچار و نا عیلاج هێشتا خان شەش فرسەخ لە مووسڵ دوور بوو، کەل و پەلی خۆی پێچایەوە و ڕای کرد و تا حەڵەب ئاوڕی نەدایەوە. پیاوماقووڵانی شاری مووسڵ دیاری و پێشکێشی زۆر و زۆر بەنرخیان هەڵگرت و چوون بەپیر خانەوە و خان بێ شەڕ و هەرا شاری مووسڵی وەدەست کەوت.

خان بەر لە هەموشت لە مووسڵدا زیارەتی گۆڕی یونس پێغەمبەری کرد؛ ئەوسا نامەی بۆ هەموولایان نووسی و خەبەری سەرکەوتنی خۆی تێدا نووساند. یەکێک لەو کارانەی کە لە مووسڵ کردوویە ئەمە بووە کە خەڵکی مووسڵی لە وێوە ناردووە بۆ حەسەن ئاوا تا گەنمەکانی گێرە بکەن. لە مووسڵەوە نامەیەکی بۆ شا عەباس نارد و باسی شەڕەکانی خۆی و سەرکەوتنەکانی تێدا نووسی. لە ئەسفەهانەوە ئافەریم و کەمبەرەی زێڕی جەواهێر بەند و خەنجەری کالان زێڕ و ئەسپی چاکی بە زین و ڕەختی زێڕەوە بۆ هات و پێشیان سپارد کە بەهەر چۆنێک بێ گەرەکە شاری بەغداش بگرێ. خان دوای چل ڕۆژ حەسانەوە لە مووسڵەوە ڕوی کردە کەرکووک و هۆزەکانی دەوری کەرکووک و قەڵای کەرکووکیشی خستە ژێر فەرمانەوە؛ ئەوسا بەرەو بەغدا ڕۆیشت و دەوری شاری بەغدای دا. خەڵکی شاری بەغدا ماوەیەک خۆپارێزییان کرد و چەند قوونەشەڕێک ڕووی دا. بەڵام ناوی خان هەیبەتێکی وای خستبووە دڵی هەموو کەسەوە کە شەڕیان دەگەڵ خان بەشتێکی زۆر بێ هوودە دەزانی. لە ڕوی ناچارییەوە ملیان دا و دەرگای بەغدایان بە ڕوودا کردەوە. کوێخای بەغدا (کەهیا) دەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوماقووڵانی شار بە دیاری و پێشکەشی زۆرەوە بەرەوپیری خان هاتن و شاریان تەسمیل کرد. والی بەغداش لە



دوای هێندێک خۆگرتن ناچار بوو کە خۆی بدا بەدەستەوە، ئەویش دیاریی زۆری بۆ خان هێنا و دەخالەتی پێ کرد. وەزیری بەغداش چاوی لە والی کرد. ئیتر کەس نەما خانی قبووڵ نەبێ، ئەوسا خان بەبێ هیچ لەمپەرێک هاتە ناو شارەوە و بوو بە حاکمی بەغدایە. خوا لێ خۆشبوو مەلا حەمەشەریف لە تاریخە ئەردەڵانەکەی خۆیا دەڵێ: «دەروێش محەممەد بەگی سوباشی کە کاربەدەستێکی گەورەی عوسمانییان لە بەغدا بووە، لە بنەوە دۆستایەتیی دەگەڵ خاندا هەبووە و ئەمە بۆتە هۆ کە خان وا بە هاسانی بەغدا بگرێت»؛ ئەمەش خوا ئەیزانێ.

مێژوو نووسان ماوەی ئەم سەفەرەی خان ئەحمەد خانیان حەوت ساڵ و سێ مانگ نووسیووە کە لەوەدوا بەرەو وڵات هاتۆتەوە و شا عەباس زۆری شانازی پێوە کردووە و کردوویەتە فەرمانڕەوای سەربەخۆ لە وڵاتی ئەردەڵاندا. دوای ئەوە بە ماوەیەک شا عەباس عەمری خوا ئەکا و شا سەفی ئەبێتە پادشای ئێران.

خان ئەحمەدخان لە زەڕین کڵاوی خوشکی شا عەباس کوڕێکی هەبوو بەناوی سورخاب بەگ؛ ئەو سورخاب بەگە لە ماڵی شادا دەژیا، دوای شا عەباسیش هەر لە ماڵی خاڵوانی مابوو. سورخاب بەگ کوڕێکی زۆر جوان چاک و زۆر زیرەک و ڕێک و پێک بوو؛ شا سەفی دەترسا ئەم کوڕە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەردی سەرییەکی بۆ دروست کات. ڕۆژێک شا وێردی خانی لوڕ کە دوژمنایەتیی لەمێژینەی دەگەڵ ئەردەڵانییان هەبوو، باسیشمان کرد کە بەهاوکاریی عومەر بەگی کەڵهوڕ بەگژ تەیموورخانی مامی خان ئەحمەدخاندا چووبوو لەلای شا سەفی دانیشتبوو؛ باسی سورخاب بەگ هاتە گۆڕێ. شاوێردی بە سەگیەتی ڕووی کردە شا سەفی و گوتی: «سورخاب بەگ زۆر کوڕێکی لێهاتووە و زۆر زیرەک و زانایە و باوک و باپیرانیشی هەمیشە خۆیان بەسەر خەڵکا فەرزکردووە؛ بەخوا ئەگەر ئەم داوای پادشایەتی بکا چونکە خوارزای خۆشتانە بۆی ئەچێتە سەر». ئەم شۆفارییە زۆری کارکردە سەر شا سەفی و فەرمانی دا

هەردووک چاوی سورخاب بەگیان هەڵکۆڵی و دنیای ڕۆشنیان لێ کردە ئەنگوست لە چاو. ئەو خەبەرە بەخان ئەحمەدخان گەیشتەوە، ئیتر هەر بە جارێک شێت و ماخولیا بوو. ساڵێک هەر نەهاتەوە سەرەخۆ و زۆریان داوودەرمان لێ کرد تا هۆشێکی هاتەوەبەر. دەڵێن لەتاو کوڕەکەی وەها شێت ببوو کە لە کۆت و زنجیریان شەتەک دابوو. دەڵێن لەماوەی ئەو ساڵەدا کە خان شێت ببوو سمایل بەگی باپیرەگەورەی عینایەتوڵڵای بەگ کە وەزیری خان بوو مولک و ماڵی خانی ئیدارە دەکرد و فەرمانڕەواییەکەی زۆر باش بەڕێوە دەبرد. ساڵەو دوا کە خان لە شێتی چاک بۆوە، بڕیاری دا کە تۆڵەی ئەو کارەساتە لە شا سەفی بستێنێتەوە. لەسەر ئەم بڕیارە خۆی دەگەڵ عوسمانییەکان کردە دۆست و دەستی کرد بە تاڵان و بڕۆی وڵاتی ئێران. کرماشان، هەمەدان، ورمێ، سەقز و گەڕۆسی داگیرکرد و خستیە سەر قەڵەمڕەوی وڵاتی خۆی و لە پەستاش وڵاتەکانی دەوروبەری تاڵان دەکرد. شا سەفی بۆ تەمێ کردنی خان ئەحمەد خان لەشکرێکی یەکجار زۆری پێکەوە ناو بە سەرکردایەتیی دوو ئەفسەری قزڵباش کە ناویان زاڵ خان و سیاوش خان بوو بەرەو خانی بەڕێ کردن. خان خەبەری ئەو تەدارەکەی شا سەفیی بۆ سوڵتانی ڕۆمێ نارد؛ لە ڕۆمێوە لەشکرێک بەسەرکردایەتیی مەنووچەرخان ناوێک هاتە یارمەتیی خان ئەحمەد خان. هەردوو لەشکر لە دەوری گۆلی زرێبار گەیشتنە یەک و شەڕ قەوما، لەپاش کوشت و کوشتارێکی یەکجار زۆر لەشکری قزڵباش شکستی خوارد و ڕێگەی هەڵاتنیان گرتە بەر، بەڵام بۆ کوێ بچن؟ پشتیان لەشکری خان و پێشیان دەشتی مەریوانە کە هیچیان سەر دەرنابەن و بۆ هەر کوێ بچن دەکوژرێن. زاڵ خان دنەی لەشکرەکەی دا کە: «مادام هەر دەبێ بمرین با شەڕ بکەین». قزڵباش لە ناهومێدیی زۆرەوە دەستیان بۆ شیر برد و شەڕیان هەڵگیرساندەوە و زۆر پیاوانە هاتنە دەست و کارێکیان کرد کە ئەمجارە لەشکری خان و ڕۆمیان شکا و بە هەزار چەرمەسەرە چەند کەسێک خۆی پێ ڕزگار کرا و ڕای کرد، ئەویتر یان کوژران یا بەدیل



گیران. لە دوای ئەم شکانە ڕۆمییەکان چوونەوە ماڵی خۆیان و خانیش بە هەناسە ساردی خۆی گەیاندە مووسڵ و هەر ئەو ساڵە لەوێ عەمری خوای کرد. شاعیرێک ساڵی شێت بوونی خانی «غلط» داناوە کە دەکاتە ١٠٣٩.

گۆیا خان ئەحمەد خان جلکی کوردیی داهێناوە؛ دەڵێن ڕۆژێک کابرایەکی ئەسفەهانی هێندێکی پارچە بۆ پادشای سەفەوی هێناوە پادشاش پارچەکەی کردۆتە خەڵاتی خان، ئەویش کردوویەتە ڕانک و چۆغە و دەبەری کردووە و چۆتە خزمەت شا. شا زۆری بەلاوە جوان بووە و ئافەرینی لێ کردووە.

تا ئێرە ئەو قسانەمان گێڕاوەتەوە کە مەستوورە خانم لە تاریخەکەیا نووسیویە؛ مامۆستای بەڕێز ناسرخانی ئازاد پوور یەکدوو تێبینیی لێ کردۆتە پەراوێز:

١- دەربارەی تاریخی شێت بوونەکەی دەڵێ: ئەم پارچەیە لە چەند بەیتێک کە لە پەراوێزی تاریخە ئەردەڵانەکەی قازیدا نووسراوە؛ لەو بەیتانەدا کە چوارن دەڵێ: خانی کوردان خان ئەحمەد خان لە ساڵی «بخت» واتا ١٠٠٢ هاتۆتە دنیا، ساڵی «کج بخت» (١٠٢٥) بۆتە فەرمانڕەوا، ساڵی «غلط» (١٠٣٩) شێت بووە، ساڵی «غم» (١٠٤٠) چاک بۆتەوە، ساڵی «غمها» (١٠٤٦) لە شەڕ شکاوە و هەر لەو ساڵەدا مردووە.

٢- دەڵێ: ئەوە ڕاست نییە کە خان ئەحمەدخان داهێنەری جلکی کوردی بێ؛ بەڵام ڕەنگە مەبەستی مەستوورە خانم جۆرێکی تایبەتی لە جلکی کوردی بێ.

ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن لە تاریخەکەی خۆیدا کە مامۆستا ڕۆژبەیانی هێناویەتە ناو تەرجەمە عەرەبیەکەی شەرەفنامەوە و هەژار کردویەتە پەراوێزی شەرەفنامە کوردییەکەی خۆی، دەربارەی خان ئەحمەد

خانەوە بەم جۆرە دواوە و دەڵێ: «خان ئەحمەد خان ساڵی **١٠٢٢**ی کۆچی بۆتە حاکم و سنەی کردۆتە پاتەختی خۆی». (ڕەنگە هەزار و بیست و پێنجەکە ڕاست بێ چونکە ئەو جۆرە تاریخانەی کە شاعیران بە پیتی ئەبجەدی دایان ناوە زۆر بێ خلّتە دەردەچن، لام وایە «کج بخت» ڕاستە- هەژار). ئەو مێژوونووسە لەسەری ئەڕوا و ئەڵێ: «لە دوای ئەوە تەواو جێگیر بوو، دەستی کرد بە بەرفرەوان کردنەوەی قەڵەمڕەوی خۆی. زۆر بە دلّڕەقی و زۆردارانە هەڵی کوتایە سەر هۆزەکانی بلّباس و دانیشتوانی موکوریان، کوشتاری بێ ژماری لێ کردن و بەردەستی کردن و پیاوی خۆی بەسەرەوە دانان. دوای ئەوە -بە ماوەیەک- ڕەواندز، حەریر، کۆیە و ئامێدیی داگیر کرد و بە دەست و پێوەندانی خۆی سپاردن؛ کوڕانی بارام بەگی بووژاندەوە و هەر یەکە لەسەر مەڵبەندێکی دامەزراندن کە بە ناوی خانەوە بەسەری ڕابگەن. ڕەواندزی دا بە قەرە حەسەن؛ خالید بەگی کردە میری شەقلاوە و شەنگال و هێندێک لە وڵاتی ئامێدیی بە عوسمان بەگ ئەسپارد. ئەوسا خان پەلاماری دوو هۆزی یەزیدیی بەناوی داسنی و خالیدی دا. یەزیدییەکان زۆر ئازایانە بەگژیا چوونەوە و زیانی زۆریان بە خان گەیاند. عەلی بەگی زەڵمی کە سەرکردەیەکی ناو بەدەرەوەی ئەحمەد خان بوو لەو شەڕەدا کوژرا. بەڵام ئەحمەدخان دەستی لێ هەڵ نەگرتن و سەرئەنجام یەزیدییەکانی شکاند و تاڵانی کردن و وڵاتەکەی بەکوێخا و گزیرەکانی خۆی ئەسپارد. لەپاش ئەوە کە یەزیدیی بەردەست کردن، هەر بەو لەشکرەوە بە سەرڕەو بەرەو مووسڵی ئاژۆت. والییەکەی تورکان کە لە مووسڵ بوو هەر بیستی کە خان کڕیاری گیانیەتی، کێچی کەوتە کەوڵەوە و کوڕەگوێ بوو؛ فیشقاندی و بەرەو حەڵەب قاچاندی و مووسڵی بۆ خان بەجێ هێشت. خەڵکی مووسڵ ناچار و ناعیلاج چەند ڕیش سپی و کەیخودایەکیان هەڵبژارد و بەرەوپیری خانیان نارد کە بەخێراتنی بکەن. خان زۆری ڕێز لەو میوانانە گرت و سێ ڕۆژ لای خۆی گلی دانەوە، ئەوسا لەگەڵیان هاتە ناو شاری مووسڵەوە و لەڕێوە بەر لە هەموو شت چووە



زیارەتی گۆڕی پیرۆزی یونس پێغەمبەر. ئەوسا بۆ حەسانەوە و پشوودان پاڵی لێ دایەوە و بەری کردەوەی خۆی هەموو دە قاقەز کرد و بۆ شا عەباسی نارد. شا عەباس وڵامی بۆ نارد کە هیچ نابێ خۆ بگرێ تا شاری بەغدام بۆ دەگرێ. خان لەسەر فەرمانی شا، بەرەو بەغدا بزووت و بە لەشکرەوە گەیشتە بەرەوە و دەوری شوورەی بەغدای تەنی. ساڵ و نیوێکی ڕەبەق بە قوونە شەڕ و شەق و پەق ڕابردوو هیچی دەگەڵ قەڵای بەغدا بۆ نەکراو بەغدای بۆ نەگیرا. ئەمجار چاری لەمەدا دیت کە دەگەڵ هێندێک لە دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕێک بکەوێ. دار ئەگەر کرمی لەناو خۆیدا بێ زوو گەندەڵ دەبێ. لەم تەقەڵایەی دواییدا توانی دەگەڵ بەکر بەگ سوباشی کە کاربەدەستێکی زل بوو ڕێک بکەوێ. لەسایەی ئەو کاکە و برالە کردنەوە توانیی خۆی بگەیەنێتە ئەو دیوی قەڵاوە و بڵاوە بە لەشکری پارێزگاری بەغدا بکات. خان بەغدای گرت و تەسمیلی پیاوەکانی شا عەباسی کرد. ئەوسا بە لەشکرەوە بەرەو کەرکوک هات و کەرکوک و مەڵبەندەکانی سەر بە کەرکوکیشی هەموو داگیرکرد؛ ئەوسا بە فەخر و شانازییەوە گەڕایەوە ناو قەڵای زەڵم و پاڵی لێ دایەوە. خان ماوەی حەو ساڵ حاکمی شارەزوور و مووسڵ و کەرکووک بووە.

لە ساڵی **١٠٣٩**دا لە پاش مردنی شا عەباس، خوسرەو پاشا کە سەرکردەیەکی عوسمانییان بوو، بە لەشکرێکی زۆرەوە بەرەو بەغدا هات و گەیشتە کەرکووک؛ پەلی هاویشتە وڵاتی شارەزوور و زۆری زۆر هێنا. لەم مابەینەشدا سەیدی خان میری ئامێدی و میرەبەگی سۆران و گەلێک لە میر و مەزنە کوردەکانی تر لە دۆستایەتی ئێران تەکینەوە و تەکیان دایە تەک عوسمانی و هاتنە بن ئاڵای خوسرەو پاشاوە. خان ئەحمەد خان کە لەو دەمەدا لە هەمەدان بوو، بە چل هەزار چەکدارەوە هات بەپیری دوژمنانەوە و لە نیوەی ڕێدا بەرپەرچی دانەوە و بە زۆری سەرەنێزە وڵاتی شارەزووری لە چنگ دەرهێنانەوە. «لەو شەڕەدا کە لە شارەزوور کرا، مستەفا پاشای هەڕنەهووت کە گزیرێکی عوسمانییان بوو، بۆیان بەسەر شارەزوور

ڕادەگەیشت چەند برینێکی بەرکەوت». میستر لونگریک و مامۆستا ئەمین زەکی بەگ هەردووک لایان وایە ئەم ڕیوایەتە ڕاستە.

بەڵام خاوەنی تاریخی (عوسمانلی تاریخی) دەڵێ: «وەختێ خوسرەو پاشا بە دەستەڵاتەوە کەوتە ناو وڵاتەوە، زوربەی پیاوماقووڵانی کوردستان، وەک تەیموورخانی سروچک و برایم خانی حەزۆ و محەممەد خان و کێ و کێ کە یەکێک لە وانەش هەر خودی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان بوو، دەغالەتیان بە عوسمانی کرد و چوونە بەر داڵدەی خوسرەو پاشاوە. بەڵام لە دواییدا کە دیتیان خوسرەو پاشا لە شەڕی بەغدا شکا و بەغدای پێ نەگیرا و بە هەناسە ساردی گەڕایەوە، کوردەکانیشی لێ هەڵگەڕایەوە و بایان دایەوە لای قزڵباش و پاشایان دەم لە پووش کرد. ئەوسا خان ئەحمەدخان بە سێ هەزار شەڕکەرەوە هاتۆتە بەرەوە و شارەزووری ساندۆتەوە. دوابەدوای ئەم ڕوداوانە بە ماوەیەک، خان ئەحمەدخان و شا سەفی نەوەی شا عەباس نێوانیان تێک چووە و بوونەتە دوژمنی یەکتر». هۆی ئەم دوژمنایەتییە چی بووە؟

ئەمین زەکی بەگ لە مێژوونووس فون هایمرەوە نەقڵەکە دەگێڕێتەوە کە دەگەڵ ناوەرۆکی مێژووەکەی ئیسماعیلی مەلا محەممەد حوسێندا یەکتر دەگرنەوە کە دەڵێ: «خان لە خوشکی شا عەباس کوڕێکی هەبوو بەناوی سورخاب کە زۆر لاوێکی شەنک و تەرز و لەباربوو، لەبەر دەستی شا عەباس پەروەردە دەکرا و هەر لە دەربار‌دا دەژیا دوای مەرگی شا عەباسیش کوڕ هەر لە ماڵی خاڵانی بوو. ڕۆژێک شاوێردی والی لوڕستان کە دوژمنی خان ئەحمەدخان بوو لای شا سەفی ڕۆنیشتبوو؛ چاوی بە سورخاب کەوت، ڕووی کردە شا سەفی و گوتی: ئەم کوڕە بەو هەموو جوان چاکی و زیرەکییەوە بۆیە دەبێ لە دوای تۆ بکرێتە جێ نشینت. دووزمانی و شەیتانیی شاوێردی کاری خۆی کرد؛ شا سەفی واقێکی بردەوە و داچڵەکی و بە جارێک دڵی لە سورخاب کرمێ کرد و فەرمانیدا هەردووک چاویان هەڵکۆڵی، خان بەبیستنی ئەم کارەساتە جەرگبڕە هەر ئاگری تێ بەربوو؛



وەخت بوو هاروشێت بێ و بداتە کێوان؛ وەک شێری بریندار و پڵنگی زامار کەوتە پەلاماردانی هەرچی سەر بە قزڵباشە و وەک باشە لوول دەبێتە چێشکان، ئاوا کەوتە گیانی دوژمنانی. زۆر زوو هەمەدان، کرماشان، بروجرد، نەهاوەند و گەڕووسی خستە بەر چنگی خۆی و پیاوی شا سەفی لێ وەدەرنان و تا توانیی تۆڵەی خۆی ساندەوە. لەم لایەشەوە خۆی کردە دۆستی عوسمانییان و جوابی شا سەفی نەدەدایەوە. لەشکرێکی شا سەفی بەسەرکردایەتیی زان خان (دیارە زاڵ خان بووە - وەرگێڕ) و سیاوش خان هاتنە ویزەی خان ئەحمەدخان. لەشکرێکی تورکانیش بە سەرکردایەتیی مەنوچەرخان ناوێک دەهانای خان ئەحمەد خان هاتن. هەردووک لەشکر لە دەشتی مەریواندا پێکدا هاتن و زۆری نەخایاند کە قزڵباش هەڵاتن و کەلاکی زۆریان لێ بەجێ ما. ئەمجارە شا سەفی هەرچی لە توانایادا بوو درێغیی نەکرد و لەشکرێکی یەکجار زۆرتری ناردە سەرخان. دووبارە شەڕ قەومایەوە و لە هەردووک لا زیانی زۆر لە ماڵ و گیان کەوت. لە نەتیجەدا خان ئەحمەد خان و عوسمانی شکان و خان خۆی گەیاندە مووسڵ.

کوچک ئەحمەد پاشا لە مووسڵەوە خەبەری هاتنی خانی بۆ سوڵتانی ڕۆم نارد. سوڵتان نیشان و خەڵاتی بۆ خان نارد و بە کوچک ئەحمەد پاشای سپارد کە لەشکری خۆی ڕەگەڵ خان بخا و بچنەوە شەڕی قزڵباشان. خان ئەحمەد خان بە لەشکری خۆی و لەشکری عوسمانییانەوە کە بە سەرکردایەتیی ئەحمەد پاشا بوو بەرەو خاکی ئەردەڵان هاتنەوە و بە نیاز بوون قزڵباشەکان کە بە سەرکردایەتی ڕۆستەم خان لە خاکی ئەردەڵان بوون لە کوردستان وەدەربخەن؛ دوڕۆژان لەشکری ئەحمەد خان و ئێران پێک هەڵپڕژان و لە ئاکاما ئەحمەد پاشاکەی هاوکاری خان ئەحمەد خان، بریندار کرا و لە خاکی شارەزوور مرد. خان ئەحمەدخان خۆی لەبەر دوژمن نەگرت و بۆ جاری دووهەم شکاو پەنای بە مووسڵ بردەوە. زۆری نەبرد لە خەم و قەهری خۆی، وەزگی دا و لە ساڵی ١٠٤٦ی کۆچی (١٦٣٦ی زایینی) بەخەمی سورخابی کوڕیەوە عەمری خوای کرد و هەر لە مووسڵ مرد؛

جەنازەکەشیان لە گۆڕستانی یونس پێغەمبەردا ناشت»،

بەڵام با بزانین مامۆستا ئایەتوڵڵا لەو بارەوە چیی فەرمووە؟ لە جزمی دووهەمی تاریخ (کرد و کردستان)ەکەیدا کە بە فارسییە لە ژێر ناوی حکومەتی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵاندا دەڵێ: لە پاش مەرگی هەڵۆخان خان ئەحمەدخانی کوڕی لە ساڵی ١٠٢٥ی کۆچیدا لەسەر فەرمانی شا عەباس کرا بە والیی کوردستان و لەسەر کورسیی ئەمیرایەتی دانیشت. زۆر بەهێز و توانا توانیی وڵاتەکەی سەروبەر پێ بدات. بەر لە هەموو کارێک لەشکرێکی لە لاوانی کوردستان دامەزراند، کە بیست هەزار سوار و پیادە بوو. ناوی ئەو لەشکرەشی نابوو «نیزام ئەردەڵان». بەرگ و چەک و سیلاح و ئەسپاباتی ئەو لەشکرە وەک لەشکری دەوڵەتان بوو؛ مووچە و بەراتی بەرێک و پێکی ئەدانێ. شا عەباس وەڵامی بۆ نارد کە عەشایەری موکوریان و بلباس لە دەوڵەت یاغی بوون، ئەبێ خان تەمێیان بکا. خان بەو لەشکرە تەیارەی خۆیەوە بەرەو موکریان بزووت. عەشایەری موکوریان و بلباسەکانیش لەشکریان کۆکردەوە و بەرابییان لە خان گرت و شەڕ قەوما. ئەگەرچی لەشکری خان لە لەشکری موکوریان بە ژمارە کەمتر بوو، بەڵام چونکە لەشکری خان مەشق پێکراو بوون و بۆ شەڕ ڕاهێندرابوون، توانییان زۆر زوو لەشکری موکریان بشکێنن و پەرژ و بڵاوی بکەن. هەرچی لە مردن ڕزگاری بوو، دایە کێوان و لەشکری ئەردەڵان ڕاوەدووی نان تا دەقەڵای ڕەواندزی پەستاوتن. قەڵاکە زۆر قایم بوو. خان ئابڵۆقەی قەڵای دا و بۆ ئازووخەی لەشکرەکەشی دەستی کرد بە تاڵان کردن و ڕووتاندنەوەی خەڵکی دێهاتی دەوروبەری ڕەواندز. خەڵکی ئەو دێهاتانە کۆچیان کرد و مەڕ و ماڵاتیان هەموو دەست لەشکری خان کەوت. بەڵام دیسان ئازوخەی خۆیان و ئەوەی بەتاڵان ساندبوویان بەشی ئەو لەشکرەی دەوری قەڵای نەکرد. خان لە قایمی قەڵا زۆر نارەحەت بوو؛ ڕۆژێک لەبەر وەڕەزی دەگەڵ چەند کەسێکا چوبوونە دەم چۆمی زێیە؛ بەرێکەوت پیرێژنێکی قسە خۆش تووشیان هات. پیرێژن لە خان ئەحمەد خانی پرسی:



«خان ئەوە چبوو ئەو قەڵایەت هەر بۆ نەگیرا؟» خان گوتی: «پووری قەڵا کە هەموو ڕێگاکانی گیراوە و زۆر سەختە، نازانم چۆن ڕێگاکەی بکەینەوە و لەوەدا سەرگەردان ماوم». پیرێژن بە پێکەنینەوە گوتی: «شەوی بووکێنی منیش ڕێگا گیرابوو؛ بەڵام چونکە عەریف مەرد بوو بە یەک هەڵمەت ڕێگای کردەوە و قەڵای گرت و تازە هەرگیز داناخرێتەوە». قسەی پیرێژن زۆری کار لە خان کرد؛ هاتەوە و نەقڵی پیرێژنی بۆ هەموو لەشکرەکەی خۆی گێڕاوە. لەشکر تێکڕا لەو تانەیە داچڵەکان و کەوتنە خۆ و بەبێ خۆگرتن بە تێکڕایی هێرشیان برد و قەڵایان گرت. زۆریان لە خەڵکی ناو قەڵا کوشت و هیندێکیشیان وەبەر بەخشینی خان کەوتن؛ ڕەواندزیش کەوتە سەر قەڵەمڕەوی خان. کوڕانی بارام بەگ کە ئامۆزای خۆی بوون و دەچوونەوە سەر سورخاب بەگ، ماوەیەک بوو لەو ناوە بێکار و هەژار دەژیان؛ هێنانیە لای خۆی و قەرە حەسەن بەگی کوڕەگەورەی بارام بەگی کردە حاکمی ڕەواندز؛ خالید بەگی خۆشناوی کردە میر بەسەر وڵاتی خۆشناوەتییەوە؛ مەڵبەندی ئامێدیی (عیمادیە) بە عوسمان بەگی کوڕی یاقووب بەگی کوڕی بارام بەگ ئەسپارد؛ چەند پیاوێکی نزیکی خۆشی بەسەر حەریر و کۆیەوە دانا. تایەفەی حەمە ڕەشید بەگی وەکیل لە بنەچەکەی ئەو خالید بەگەن کە میری خۆشناوان بووە. دوای ئەوە خان ڕووی کردە مووسڵ. شەش فرسەخی مابوو بگاتە مووسڵ، حاکمی ئەوشارە بەرەو دیاربەکر و حەڵەب ڕای کرد پیاوماقووڵانی شار بە دیاری و پێشکێشەوە بەرەو پیری هاتن و بردیانە شار. خان چل ڕۆژ لە مووسڵ مایەوە و زیارەتی قەبری یونس پێغەمبەریشی کرد. گا و بێگاری مووسڵیانی نارده حەسەن ئاباد، گێرەی گەنمی بۆ بکەن. هەر لە مووسڵەوە خەبەر و باسی سەرکەوتنەکانی بەنامەیەک بۆ شا عەباس نارد.

شا خەنجەری جەواهێربەندی کەمبەری خۆی و ئەسپی خۆی بە زین و لغاوی میناکاریەوە دەگەڵ دوازدە هەزار تمەن سکەی زێڕ بۆ خان بە خەڵات نارد؛ ڕاشی سپارد کە گیر نەبێ تا کەرکوک و بەغداش دەگرێ. خان

ئەحـمـەد خـان بەرەو کـەرکـووک بزووت و وەک بزووت کـەوتنە گـیـانی کەرکووکییان و زۆر زووی بەردەست کردن. ئەمجار ڕووی کردە بەغدایە. کوێخا و پیاوماقوولانی بەغدایە دەیانزانی دەرەقەتی خان نایەن؛ ناچار بە دیاری و پێشکەشەوە هاتنە پێشوازی و خان بە هەزار تەنتەنە و سەنسەنە لە دەروازەی بەغدا چووە ژوورەوە و فـەرمـانی بەسـەر خـەڵکی بەغـدادا ڕۆیشت. شـا عـەباسیش لە دوای دوو ڕۆژ گەیشـتـە دەوری بەغدایە. خان دەگەڵ پیـاومـاقـوولانی بەغـدا چوونە بەخێرهێنانی و شـا زۆریان دەگەڵ بەئیلتیفات بوو.

ساڵی ١٠٣٥ی کۆچی خان دوای ئەو هەموو دنیا گرتنە مەرەخەستی لە شا خواست و هاتەوە کوردستان؛ لەو سەفەرەدا حەوت ساڵ و سێ مانگی پێ چوو. دوای ئەوە بە سێ ساڵ شا عەباس مرد.

لە مانگی جیمادی دووهەمی ساڵی ١٠٣٨ی کۆچیدا شا سەفی لەسەر تەخت دانیشت؛ ئەویش وەک شا عەباس دەگەڵ خاندا بەبینی خۆش بوو. خان لە زێڕین کلاوی خوشکی شا عەباس کوڕێکی بەناو سورخاب بەگ هەبوو؛ شاه عەباس بردبوویە لای خۆی، پێی خوێندبوو، فێری سواری و تیرئەندازیی کردبوو.

شا وێردی والیی لوڕستان، دڵی شا سەفیی کرمێ کردبوو کە گوایە ئەو سورخابە خەیاڵی پادشایەتیی دەسەردایە. شا سەفی لە ساڵی ١٠٣٩دا بەبێ ئەوە لێکی داتەوە، هەردووک چاوی سـورخـاب بەگی دەرهێنا. خـان ئەحمەد خان لەتاوان شێت بوو؛ بەدەردێک چوو کە ناچار زنجیریان کرد و سمایل بەگی باپیرە گەورەی عینایەتوڵلا بەگ کە وەزیری خان بوو بەسەر ولاتەکەدا ڕادەگەیشت. پاش ساڵێک خان چاک بۆوە و دووبارە حوکمی گرتەوە دەست. خوا لێ خۆشبوو مەلا یاقووبی قازی، مێژووی بۆ ئەم کارەساتە داناوە و بە ئەبجەد دەری هێناوە کە: لە «غلط» (١٠٣٩) شێت بوو، لە «غم» (١٠٤٠) هاتەوە سەر هۆش. ئیتر خان دەست بەجێ خۆی کردە هەواڵی عوسمانییان و بوو بە دۆستی سوڵتان مراد خان. لەشکری



زۆری پێکەوە نا و لە ساڵی ١٠٤١دا هێرشی بردە سەر مەڵبەندەکانی بەردەستی سەفەوی. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، کرماشان، سونقوڕ، هەمەدان، گەڕووس، خۆی و ورمێی گرت و حاکمی خۆی بەسەرەوە دانان. سکەی بەناوی خۆیەوە لێ دا و لەسەر مینبەری مزگەوتان خودبەی هەینی بەناوی خان ئەحمەد خان خوێندرایەوە. پێنج ساڵی ڕەبەق پادشایەتیی کوردستانی کرد. لەڕۆژی تاجگوزارییەکەدا کە لە قەلای حەسەن ئاباد بووە، شێخ عەبدولغەفاری مەردۆخی کە دەبێتە باپیرە گەورەی نووسەر- واتا ئایەتوڵڵا مەردۆخ - وتارێکی خوێندەوە بە عەرەبییەکی زۆر ڕەق و تەق، پڕ لە قافیە و مافیەی زۆر سەیر و عاجباتی. لێم ڕوونە وەختێ شێخ عەبدولغەفار لە وتارەکە بۆتەوە، نە خان زانیوویە چیی فەرمووە نە خەڵکەکەش هیچ تێگەیشتوون؛ بەڵام ڕەنگە هێندێک لە گوێگرە خۆشەویستەکان گوتبێتیان: «صدق الله العظیم»، چونکە لایان وابووە چەند ئایەتێکی قورعانی پیرۆز بۆ خوێندوون- هەژار.

ئەمەش تەقریبەن تەرجەمەی کوردییەکەی ئەو وتارەیە کەلەخوارەوە دەیهێنین:

«سوپاس بۆ ئەو خودایە کە لەناو ئاپۆرەی دنیایە، ئەحمەدی بژاردەی هەڵبژارد، پێغەمبەری و سەروەری پێ سپارد. زۆری ڕێز وەبەر نا، تانجی مەزنایەتیی لەسەر نا. بردیە لای خۆی لە عاسمان؛ زۆر نهێنیی تێ گەیاند، فەرمانی خۆی پێ گەیاند؛ ناردیە سەر هەموو ئافەریدەکانی خۆی، کە دەبێ فەرمانبەر بن بۆی. ئەوانەی چاوی دڵیان کوێر نییە، لە فەرمانی خۆ بووێر نابن؛ ئەوانەش کە بێ باوەڕن، کوێر و کەڕن و ئەهلی شەڕن، گوێ ناگرن، دەبێ بمرن. ڕاستی مرۆ زۆر سەر ڕەق و پێنەزانە. خوا کە فەرمووی گەرەک ئێمە لەسەر زەوی خەلیفەیەک ناودێر بکەین، بابەدەمی لاواندەوە؛ کە فەرمووشیە ڕێزمان لە بنیادەم ناوە و بەسەر زۆر ئافەریدەوە گەورەمان کرد، بەفری خەمی تاواندەوە. دروودی زۆر بۆ سەر ئەحمەدی سەروەرمان؛ پێغەمبەری سوور و ڕەشان؛ بەهرە و خۆشی بۆ بێ بەشان. سلاوی لە

خزم و یاران، بەقەد گەڵا و میوەی داران؛ ئەو یارانەی وەک بارانە، ڕژانە هەموو ئاقاران؛ بوونە لافاو لە بەدکاران، بوونە هاوکاری هەژاران؛ سرک و ڕەمۆکیان کەوی کرد؛ سەری شاهانیان نەوی کرد بەتایبەتی سەرداری دەست بەکاری مە، کە چاومانی بەدیداری ڕوون کردەوە، دەردی بێکەسی و هەژاری و گرفتاری و ڕەنج خەساری لەبیر دڵمەندان بردەوە. مانگی تاریکی ڕەوێنە لە ڕۆژگاری چارە ڕەشان، شادی و بزە و پێکەنینە بۆ خەمبار و سەربەهەشان؛ شکاندی سەری بەدکارمان، سەروبەری دا بەکارمان. گەشەی دا بە گوند و شارمان.

شێعر

چەندی خوا حەز کا دەستەڵاتدارە
بۆ هەر کوێ بچێ خوا هاریکارە
لەبەر بارەگای وەک ماڵی کابە
دایم جمەی دێ خۆیی و غەوارە
بزەی بۆ یاران ئاوی ژیانە
لە گیانی دوژمن وەک ژەهری مارە
کێ سەرسەخت بوون ئەو نەرمی کردوون
بەوی دڵخۆشن هەرچی هەژارە
ئاڵای دینداری گەیاندە عاسمان
ڕاستی کردەوە چی لار و خوارە
هەتا ئەومان بێ دینمان بەبرەوە
باخچەی شەریعەت بەو بێ بژارە
مایەی سەربەرزی مڵک و میللەتە
بێ خەمین هەتا ئەومان خونکارە

ڕاخەری فەرشی چاکەکاری، لابەری توخمی نالەباری، سەرچاوەی بەخشین و دەسگیرۆیی، کانگای شەرم و لەسەرخۆیی. خێوی دروشم و ئاڵایە، تەخت و تانج هەر بەو ڕەوایە، پادشای نەجیم و خانەدان، خاوەن بەرزیەتی و شکۆ و شان، خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان، پادشای سەربەخۆی کوردستان. خودایە! هەر بێ بەڵا بێ و داری ژینی پڕ گەڵا بێ و هەمیشە دەستی باڵا بێ؛ تا ئێمەش زۆر بە ئازادی، ڕابووێرین



دوور لە بێدادی و بێ مرادی؛ ئامین، بەخاتری پێغەمبەر و خزمەکانی و بەحورمەتی سوورەتی پیرۆز ئەلفاتیحا».

شا سەفی بۆ لەناوبردنی پادشایەتیی خان ئەحمەدخان، لەشکرێکی زۆری بە سەرکردایەتیی زال خان و سیاوش خان ناردە کوردستان. سوڵتان مرادخانی عوسمانیش بۆ کۆمەگی خان ئەحمەد خان، مەنوچەرخانی بە دوو هەزار سوارەوە نارد. ڕۆژی ٢٧ی مانگی مەولوودی ساڵی ١٠٤٦ی کۆچی، لەشکری تورک و خان لە قەراغ دەریاچەی مەریوان دەگەڵ لەشکری قزڵباشدا تێک هەڵچوون و شەڕێکی زۆر بەسام ڕووی دا. ڕۆژی شەشی مانگی دوای مەولوود واتا دوای نۆ ڕۆژ شەڕ و لێکدان، لەشکری خان ئەحمەد خان شکا و خۆی گەیاندە مووسڵ و لە مووسڵەوە حوکمی کەرکووک و سولەیمانی و شارەزووری دەکرد. سوڵتان مراد لە ڕۆژی سیهەمی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٠٤٦دا شەش فەوج پیادە نیزام و چوار هەزار سواری بەسەرکردایەتیی خوسرەو پاشا ناردە یاریدەی خان ئەحمەد خان کە تۆڵە لە قزڵباش بکاتەوە. زینال خانی شاملوویی بە لەشکرەوە لەلایەن شا سەفییەوە ناردرا کە پێشیان لێ بگرێ. زینال خان گەیشتە مەریوان، دەگەڵ خوسرەوخاندا بوو بەشەڕیان. لە پاش کوشت و کوشتاری زۆر، قزڵباش شکستیان خوارد و بەرەو هەمەدان هەڵاتن. شا سەفی زینال خانی لەدەمی تۆپ بەست و کوشتی و بۆ خۆی کەوتە لەشکر کۆکردنەوە. خوسرەو پاشا کە ڕاوەدووی قزڵباشی دەنا، بەرەو هەمەدان هات؛ بەڵام لە هیچ کوێ گوندێکی ئاوەدانی نەدیت، بەفەرمانی شا سەفی هەموو وڵات چۆڵ کرابوو؛ دیتی ئازووخەی لەشکری بۆ سازنابێ، لە مەڵبەندی ئیسفەند ئابادەوە بەرەو محاڵی دەرگەزین ڕۆیشت. لە دەرگەزین تووشی شەڕهاتن. لەشکری خوسرەوپاشا ئازووخەیان لێ بڕا و ناچار بەرەو بەغدا گەڕانەوە و بەشکستیان تەواو بوو. شا سەفی کە ئەم سەرکەوتنەی دەست کەوت، سولەیمان خانی کوڕی میرعەلەمەددین نەوەی تەیموورخانی ئەردەڵانی- کە خزمەتکاری خۆی بوو- کردە والیی کوردستان و ناردیە سەر سنە و شارەزوور.

**سولەیمان خانی ئەردەڵان**: مەستوورەخانم دەڵێ: «سولەیمان خان ساڵی ١٠٤٦ کرایە والی، پیاوێکی زۆر دیندار و باش بوو. دەڵێن میر عەلەمەددینی باوکی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی خان ئەحمەد خاندا، پەنای بەسوڵتان مراد بردووە و لە تورکیا مردووە. سولەیمانی کوڕی، لای خان ئەحمەدخان بووە، ترساوە بیکوژێ؛ ڕای کردووە و چۆتە لای شا سەفی. لە شەڕی قەڵای ئێرەوانیدا، شا زۆری ئازایەتیی لە سولەیمان خانەوە دیت؛ لە خۆی نزیک کردەوە و خۆشی دەویست وەختێ کە کرایە والی، بە فەرمانی شا، قەڵاکانی زەڵم و حەسەن ئاباد و پاڵەنگانی وێران کرد؛ هات لە گوندێک بە ناوی سنە بارگە و بنەی دامەزراند و کردیە پاتەختی کوردستان و شاری سنەی ئێستایە. دوای چەند ساڵێک سوڵتان مرادی عوسمانی توانیی بەغدا لە ئێران بستێنێتەوە. پاشان خوسرەو پاشای گەورە وەزیری بە لەشکرەوە نارده سەر ئێران؛ لەشکری قزڵباشی شکاند و زەڵم، شارەزوور، قەرەداغ و شاربازێڕی لە ئێران ساند و ئێستاش هەر موڵکی عوسمانییانە. سولەیمان خان کە هەر کوردستانی سنەی مابوو، ماوەی ٢٢ ساڵ مایەوە؛ دوایی شا سەفی لێی دڕدۆنگ ببوو، بردیە ئەسفەهان و نەهاتەوە و لەوێ مرد». مەلا حەمە شەریفی قازی دڵێ: «شا عەباسی دووهەم سولەیمان خانی لەسەر کار لابردووە».

ئایەتوڵڵا مەردۆخ زۆر ڕێک و پێکتر لەم بارەوە دواوە و دەڵێ: «سولەیمان خانی کوڕی میر عەلەمەددین لە ڕۆژی چوارەمی شەشەکانی ساڵی ١٠٤٦ی کۆچیدا بە فەرمانی شا سەفی کرایە والیی کوردستان و، فەرمانی پێ درا کە سنە بکاتە بنکەی والیەتی. سنە گوندێک بوو کە عەشرەتی «کەوش زێڕینە»ی لێ دەژیا. لە گوندی سنە قەڵایەکی دروست کرد، ناوی کرا بە «سنەدژ» واتا قەڵای سنە؛ هەر ئەمە دوایی بۆتە سەنەندوج. ئەو قەڵایە تا ساڵی ١٣٤٧ی کۆچی دیوانی والی بوو، لەوە بەو لاوە کراوەتە سەربازخانە. ساڵی ١٠٤٧ خان ئەحمەد خان بە دوازدە هەزار سوار و پیادەوە هاتە وێزەی سولەیمان خان و لە دەربەندی چقان تێ



پەڕی و هاتە سەر کوردستان. شا سەفی بۆ کۆمەگی سولەیمان خان، ئاڵی باڵی زەنگەنەی بە سێسەد سوارەوە نارده پارێزگاری قەڵا و شاوێردی خانی لوڕستانی و سیاوش بەگ قوڵر ئاغاسی و ئاغاخان موقەددەمی جوانشێریی بە لەشکرەوە نارده بەراییی ئەحمەدخان و لە دەشتی مەریوان پێکیان دادا؛ زۆر لە سەرکردەکانی عوسمانی لەو شەڕەدا کوژران. خان ئەحمەد خان بەرەو پاش کشایەوە و گەیشتەوە مووسڵ؛ پاش شەش مانگ لە ساڵی ١٠٤٨دا لە مووسڵ مرد و لاشەکەیان لە گۆڕستانی یونس پێغەمبەر ناشت.

خان ئەحمەد خان ماوەی ٢٣ ساڵ دوای باوکی حوکمی کردووە و پێنج ساڵ هەر پادشای سەربەخۆ بووە و سکەی لێ داوە و خودبەی بەناو خوێندراوە».

ئایەتوڵڵا بە پێچەوانەی مەستوورە خانم لای وایە، سولەیمان خان نەک لە شەڕی ئێرەوان، بەڵکو لە شەڕی هەمەدان زۆر ئازا بووە و لای شا وەقەدر کەوتووە.

سولەیمان خان بیست ساڵ فەرمانڕەوای کوردستان بووە و لە ساڵی ١٠٦٦ی کۆچیدا مردووە.

**کەڵباڵی خان**: لە دوای مەرگی سولەیمان خان -لەسەر ڕاوێژی مرید وەیس سوڵتانی کەڵهوڕ- شا عەباسی دووهەم کوردستانی کردە شەش بەش؛ سێ بەشی دا بە سێ کوڕەکانی سولەیمان خان کە بریتی بوون لە: کەڵباڵی، خوسرەو و زۆراب. سنە درا بە کەڵباڵی کە کوڕی گەورە بوو؛ مەریوان بەر خوسرەو خان کەوت؛ سەقز و سیاکێو بوونە بەشی زۆراب سوڵتانی کوڕە چکۆڵە؛ پاڵەنگانی دا بە مرید وەیسی کەڵهوڕ؛ شارەزوور و شاربازێڕی بە حەمەخانی گورجی ئەسپارد؛ سەفی خان سوڵتانی بەسەر جوانڕۆوە دانا؛ حەمەسوڵتانی گەڵباخی و هێندێکی تر لە پیاوماقووڵانی لای کەڵباڵی خان دامەزراند کە کاری دیوان بکەن. ساڵی ١٠٦٧ کەڵباڵی خان بوو بە والی و شا عەباسی دووهەم زۆری لێ ڕازی بوو. لەو سەر و بەندەدا

خەڵکی خوزستان لە دەوڵەت یاغی بوون. کەڵبالّی خان بە لەشکرەوە گەیشتە خوزستان و یاغییەکانی لە بەین برد و پتر ئیلتیفاتی شای بەرەو خۆی ڕاکێشا.

کەڵبالّی خان زۆر پووڵەکی و دەست ڕژد بووە و کەس خێرێکی لە دەستی نەدیوە. پاش ١٥ ساڵ والیەتی کردن، لە ساڵی ١٠٨٢ی کۆچیدا لە دنیا دەرچووە.

**خان ئەحمەدخانی دووهەم**: لە دوای ئەوە کەڵبالّی خان لە گۆڕخانە پاڵی دایەوە، خان ئەحمەدخانی کوڕی بەناوی خان ئەحمەدخانی دووهەم جێگەی گرتەوە. کەڵبالّی خان لە کۆکردنەوەی زێڕ و زێو و پاتاڵ و ماڵاتدا، کەس لە دنیادا تای نەکردبوو، لە ڕژدی و چنۆکیشدا وێنەی لە دنیادا نەبینرابوو. هەموو کەلێن و قوژبنی لە دراو ئاخنرابوو، بەڵام هەرگیز تنۆکێکی ئاو بە مریشکە کوێرێک نەئەدا. هەرچی وەسەریەکی نابوو هەموو وەک خۆی مابوو دەستی لێ نەدرابوو. ئەحمەدخانی کوڕی تەواو دژی ئاکاری باوکی، دوژمنی پووڵ و پارەبوو. دەستی کرد بە پەخشان و تەخشانێک مەگین خوا بزانێ؛ بە هەشتی خۆی لەسەر دنیا دروست کردبوو. جوانی دەپەرست و شەرابی کۆن و مەزەی تازەی بەلاوە لە گەنجینەی کەیخوسرەوی بەقیمەتتر بوو. ڕای دەبووارد و خۆی لە کاروباری دوور لە عەیش و نۆش دەبووارد؛ عەیاشی و قەللاشییەکەی کارێکی وایان کرد کە پیاوماقووڵان لە دەوری ڕەوینەوە و بەزمگێڕ و مەیگێڕ و بەژن زراو و بەربەدراوان دەوریان تەنی. خوسرەو خانی مامی دیتی برازای لە ڕێگە ترازاوە و کەڵکی والیەتیی پێوە نەماوە؛ ناوی یاغییەتیی پێوە لکاند و لە والیەتیی تەکاند و توانیی فەرمانی حوکمڕانی لە شای ئەسفەهان وەرگرێ. لە شەوێکا لە مەریوانەوە خۆی گەیاندە سنە و لە بەرەبەیاندا لەشکر بەزی کرد و کتوپڕ لە خانی سەرخۆش وەسەر کەوت و لە بەند و زنجیری شەتەک دا و ناردیە ئەسفەهان و چوارمێردەکی لەسەر کورسی برازای دامەزرا. تا ئێرە پوختەی ناوەرۆکی تاریخەکەی مەستوورەخان بوو.



ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن لە تاریخە فارسییەکەیا ئەڵێ: «لە پاش مەرگی کەڵبالّی خان کوڕەکەی کە ناوی ئەحمەدخانی دووهەم بوو، بەبێ ئەوە خەبەر بدا بە ئەسفەهان و فەرمان لە شای سەفەوی وەربگرێ، خۆی کردە جێنشینی باوکی. ئەحمەدخان پیاوێکی زۆر دەس بڵاو و هەرزەکار و کەللەیی بوو؛ گوێی بۆ نسحەتی کەس شل نەدەکرد. هەر دراو و نەغدینەیەکی باوکە ڕەحمەتیەکەی بە چنگە کرکێ وەسەر یەکی نابوو، هەمووی تەرت و تونا کرد و بەولاو لادا پەرژ و بڵاوی کردەوە. ڕۆژگاری بەڕاو و شکار ڕادەبووارد و شەوگاری بە بەزم و خۆشی دەگوزەراند. خوسرەوخان کوڕی سولەیمان خان کە دەبووە ئامۆزای ئەم ئەحمەد خانە، لەو دەمەدا بەسەر مەریوان ڕادەگەیشت؛ کە تێ گەیشت ئامۆزاکەی بایی چەندە، هیچ بەند نەبوو؛ ڕێگەی داگرت و خۆی گەیاندە لای شای ئێران و بۆ ئامۆزای تێ چاند کە: بەبێ فەرمانی تۆ خۆی کردۆتە والی و هەرچی خوا و پێغەمبەر حەزی لێ بکەن ئەو نایکا. خۆلاسە شای وا پەل کرد کە فەرمانی والیەتی بۆخۆی بنووسرێ. فەرمانی نایە تەنکەی باخەڵی و لە نەکاوێک هەڵی کوتایە سەر سنە و ئەحمەد خانی گرت و ناردیە ئەسفەهان. لەو ساڵەدا کە مێژوو ١٠٩١ی کۆچی بوو فەرمانڕەواییی سنەی خستە ناو لەپی خۆیەوە».

تاریخەکەی مەردۆخ ئەم خوسرەوخانە بە مامی خان ئەحمەد خان دەزانێ و دەڵێ: «خان ئەحمەد خان؛ کوڕە گەورەی کەڵبالّی خان لە ساڵی ١٠٨٣ی کۆچی کە باوکی تێدا مردووە، بە فەرمانی شا سولەیمانی سەفەوی لەسەر کورسی فەرمانڕەواییی ئەردەڵان جێگیر بووە. پیاوێکی زۆر دەست بڵاو و خۆشگوزەران بووە؛ لە ماوەیەکی کەمدا هەرچی باوکی پەیدای کردووە، ئەو لە ناوی بردووە. هۆشی نەداوەتە کاروباری ڕەعیەت و دنیایەکی پڕ لە ئاژاوە خولّقاوە. خوسرەوخانی مامی زۆری ئامۆژگاریی کردووە بەهرەی نەداوە. ناچار شکایەتی لای شا سولەیمان لێ کردووە و لە مانگی ناو جێژنانی ساڵی ١٠٩٠ی کۆچیدا فەرمانی حوکمی کوردستان

بۆ خوسرەوخان دەرچووە و خان ئەحمەدخان لە والیەتی کەوتووە».

**خوسرەوخانی ئەردەڵان**: مەستوورەخانم لە تاریخەکەیا دەڵێ: «ساڵی ١٠٨٩ی کۆچی، خوسرەوخان کرایە والیی سنە؛ پیاوێکی زۆر زمان شڕ و جوێن فرۆش و بێ بەزەیی و نامەرد بوو. لەو ڕۆژەوە ئەو هاتە سەر حوکم، خەڵک ڕەحمەت بووی نەمروود و شەدادیان دەکرد. بەزەبری کوتەک و قامچی هەرچیی پووڵێکی پێوە شک برد، تاڵانی کرد. خەڵکی وڵاتەکە لە چنگ زوڵم و زۆری ئەم کابرایە بڕستیان لێ بڕا و هەر هێندەیان بۆ کرا کە کۆمەڵێک لە پیاوماقووڵان بنێرنە ئەسفەهان و داد لە دەست والی بکەن. والی خۆی گەیاندە ئەسفەهان و بە هەزار زمان پاکانەی خۆی لای شا کرد و شکایەتکارەکانی بە زمانی لووس و بە سوێند و بەڵێن نەرم کرد کە ئیتر خراپە لەگەڵ خەڵکا ناکا. خەڵکەکە فریویان خوارد و گەڕانەوە؛ بەڵام والیی زاڵم وازی لە زۆرداری و نالەباری نەهێنا و هەمان ئاش و هەمان کاسە دامەزرایەوە. دیسانەوە زۆرلێکراوانی کڵۆڵ بەرەو ئەسفەهان پەل بوون و هاوار و دادیان بە گوێی شا سولەیمان دادا. شا بە زمانی خۆش خوسرەوخانی بانگ کردە لای خۆی و لەوێ لەسەر ئەم هەموو زوڵم و زۆرییە خۆی لێ تووڕە کرد. خوسرەو خانی زمان لووس دیسان ملی لە سوێند و تەڵاقان نا کە ئیتر کاری خراپ ناکا. شا بڕیاری دا کە سبەینەی داهاتوو بە شکایەتی خەڵکەکە ڕابگات. شکایەتکارەکان زۆر ترسان کە دیسان خوسرەو خان وەک جاری پێشوو خۆی لە تۆمەت ڕزگار بکا و بێتەوە سەریان؛ هەموویان خۆیان گەیاندە تەوحیدخانە و قوشخانەی پادشایی و ماتەیان هەڵگرت و مانیان گرت کە تا دادیان نەپرسن دەرناکەون. شا ئەوڕۆژە ڕۆیی بۆ ڕاو؛ خوسرەوخان هەلی بە دەرفەت زانی، چەند نۆکەر و قوڵەچۆماخی خۆی برد و کەوتە گیانی مانگرە بەستەزمانەکان، دەستیان کرد بە بکوژ ببڕ و چەند کەسێک لەو ناوەدا بریندار و کەللەپاچە کران. تەنانەت هێندێک لە دارۆغەی شاریش کە بە هاوارەوە هاتبوون برینداربوون.



شا کە لە ڕاو گەڕایەوە و ئەم کارەساتەیان بۆ گێڕایەوە و زانی سووکایەتی بەسەر مەلخانە و یەکەخانەکەی هاتووە، ئیتر چاوی پەڕییە پشتی سەری و هەر دەست بەجێ ناردی خوسرەو خانیان گرت و کوشتیان». لێرەدا باسەکەی مەستووەخانم دوایی دێت.

ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن لە مێژووی ئەردەڵانەکەیدا دەڵێ: «خوسرەوخان کوڕی سولەیمان خان ساڵی ١٠٩١ی کۆچی کرایە والیی سنە. ئەوەندەی خان ئەحمەدخان پارە بە فیرۆدەر و دەست بڵاو بوو، ئەم خوسرەوە سەد ئەوەندە نانەخۆر و پووڵەکی و ڕژد و دەست قووچاو بوو؛ دەگەڵ قۆشییەک گیانی دەردەچوو. ئەوەندەی خەڵک کرۆساندەوە و ئەوەندەی مسکێن و ژێردەست چەوساندەوە، کە هەموو کەس یەخەی لەبەر دادڕی و لە دەستی وە زاڵە هاتن و بەرەو ئەسفەهان هەڵاتن و یەخەی شای سەفەوییان لێ گرت و دەستیان کرد بە دادخوازی. ساڵی ١٠٩٣ شا بانگی کردە ئەسفەهان و بۆ یەکجاری پێسیری زۆرلێکراوانی لە چنگی ڕزگار کرد و لە ناوی برد».

تاریخەکەی ئایەتوڵڵا مەردۆخ هێندێک جیاوازی لەگەڵ ئەمانەدا هەیە و دەڵێ:

«لە پاش بەرکەنارکردنی ئەحمەد خان، خوسرەوخانی مامی لە ساڵی ١٠٩١ی کۆچیدا کرا بە والیی کوردستان؛ لە قەڵای مەریوانەوە هێرشێکی کتوپڕی کردە سنە و خان ئەحمەد خانی گرت و بە شەتەکدراوی ناردیە ئەسفەهان. ئەم خوسرەوخانە زۆر نەحس و جوت قۆشە و زمانشڕ و دەمپیس بوو؛ زۆری زوڵم لە خەڵک کرد؛ چەند کەسێک بۆ شکایەت چوونە ئەسفەهان؛ شا سولەیمان گوێچکەی بۆ شکایەتیان شل کرد و دڵخۆشیی دانەوە کە بگەڕێنەوە سنە و کارێکی وا دەکا خوسرەوخان ئیتر خراپە لەگەڵ خەڵکا نەکا. بەڵام خوسرەوخان گوێ ناداتە ڕاسپێری شا و هەرچی لێیی چووبووە شکایەت تووشی بەڵای کرد و تەنانەت چەند کەسێکی لێ کوشتن. شا کە ئەمەی بیستەوە، تەیموورخان ئاجورلوو ناوێکی نارد کە

خوسرەوخانی بۆ بگرێ؛ ئاجورلوو ساڵی ١٠٩٣ گەیشتە سنە و خوسرەوخانی باڵبەستە نارده ئەسفەهان و بۆ خۆی بوو بە حاکمی کوردستان. خوسرەوخان هەر گەیشتە ئەسفەهان، پەتی سێدارەی بۆ هەڵخرا و لەمەیدانی قەنارەی شاییدا بەدار داکرا».

**تەیموورخان ئاجورلوو:** شا سولەیمانی سەفەوی لە پاش ئەوە کە خوسرەوخانی لە کۆڵ دنیا کردەوە، لە ساڵی ١٠٩٣ی کۆچیدا سنەی دایە دەست تەیموورخان ئاجورلوو ناوێک کە بەسەری ڕابگا. ئەم تەیموورخانە کە لەلایەن شاوە بەسەر سنەوە داندرابوو، پیاوێکی زۆر باش و بەڕوحم و نەرم و نیان بوو؛ زوڵمی لە کەس نەدەکرد و نەیدەهێشت کەس زوڵم لە کەس بکات؛ هەموو کەس خۆشی دەویست و هەموو کەس دەستەو دوعا بوو کە ئەم پیاوەیان لەسەر بهێڵێ و بەجێیان نەهێڵێ. ئاجورلوو شەش ساڵ حاکمەتیی لەسەر سنە کرد و لەوە بەولاوە لە کار لادرا.

**خان ئەحمەدخانی دووهەم، دووبارە:** مەستوورە خانم دەڵێ: «دوای ئەوە کە شەش ساڵ ئاجورلوو حوکمی سنەی کرد و زۆریش پیاوی چاک بوو، لەکار لادرا. شای سەفەوی بەلایەوە نالەبار بوو کە فەرمانڕەواییی سنە بە دەست ئەردەڵانییەکانەوە نەبێ؛ لەبەر ئەوە خان ئەحمەدخانی دووهەمی ناردەوە سنە و کردیەوە بەوالی؛ بەڵام خان ئەحمەدخان دیسان ڕەوشتەکەی پێشووی ڕەچاو کرد و دەستی بە خۆشگوزەرانی کردەوە و ڕەعیەت و مڵکداریی لە بیر خۆ بردەوە. یان دەچۆ ڕاوێ یان بیری لە داهێنانی شتی توڕەهات و مایە پووچ دەکردەوە. بزۆزێک بوو بە ئامان و و زەمان ئۆقرەی نەدەگرت. وەک دەگێڕنەوە، سێسەد کەسی لە ئاغاوەت و پیاوماقووڵان کردبووە بازەوان و سەرڕاو و بەرڕاو. خوسرەو بەگی بەرەی ماڵە وەکیلی کردبوو بە میرڕاوی خۆی. پێنج ساڵی دیسان ئاوا ڕابووارد، تا ساڵی ١١٠٥ی کۆچی کە شا سوڵتان حوسێنی سەفەوی هاتە سەر تەخت. فەرمانی بۆ محەممەدخانی کوڕی خوسرەوخان کە لەو دەمەدا لە ئەسفەهان دەژیا، دەرکرد و کردیە والیی سنە و کارێکی وای کرد کە جێگەی خان ئەحمەدخان داگیر بکا».



تاریخی ئەردەڵانی سمایلی مەلا حەمە حوسێن دەڵێ : «ئەحمەدخان هەشت ساڵان لە زیندانی ئەسفەهاندا گوزەراندی، بەڵام لە ساڵی ١٠٩٩دا کە ئاجورلوو بەرکەنار کرا؛ کرایەوە بە والی و هەر گەیشتەوە نانی والیەتی، وەک هەرگیز نەبای دیبێ و نەبۆران، کەوتەوە نالەباری و هەرزەکارییەکەی پێشووی. ئەوەندە وەختەی کە لەبەر ڕاو و شکار دەمایەوە خەریکی پڕۆژە دانانی سەیر و سەمەرە دەبوو. بۆ نموونە: هەموو ڕەعیەتی دەنگ دا کە بە بێگار دیوارێکی بەرزو پان و زۆر درێژ لە دەوری باکووری شارەوە بکێشن؛ دیواری گەیاندە دەوری شار و جۆگە ئاوێکی هەراوی بەناو دیواردا ڕاکێشا و تەخت و لێواری جۆگەکەی وەک بەندی ئەسکەندەر بە مز و قەڵایی داڕشت کە گوایە ئاو بۆ جوتیاران دێنێ. بێگار و زبارە پشتی ڕەعیەتەکانی شکاند و ئاغاوەتیش لە بەهرەی مڵکانە دەم لە پووش مانەوە. سەرەک هۆز و پیاوماقووڵان خۆیان گەیاندە ئەسفەهان و کەوتنە خاک و پای شاوە کە ئەم ئاهۆیە بێ تان و پۆیەیان لە کۆڵ بکاتەوە. شا بەزەی بە خەڵکەکە داهات و لەو ساڵەدا کە مێژوو لە ١١٠٥ی کۆچی دابوو، ئەحمەدخانی لەکار بەرکەنار کرد و فەرمانی والیەتیی بۆ محەممەدی کوڕی خوسرەو خان دەرکرد».

تاریخی ئایەتوڵڵا مەردۆخ ئەم باسەی زۆر بە درێژتر هێناوە و دەڵێ: «ساڵی ١٠٩٩ بە فەرمانی شا سولەیمانی سەفەوی، خان ئەحمەدخانی دووهەم کرایەوە بە والیی شارەزوور و سنە؛ بەڵام خان لە جیاتی ئەوە کە تۆبەی لە ئاکاری ڕابردوو کردبێ، لە جاران خراپتر ملی لە سەرسەریەتی و زوڵم و زۆرنا. وڵاتەکەی قەڵەمڕەوی تەواو بێ سەرەو بەرە ببوو؛ کەس دڵی بە ژیان خۆش نەبوو. سولەیمان پاشای بەبە هەلی لەو بەربڵاوییە دەست کەوت؛ لە ساڵی ١١٠٠ی کۆچیدا بە لەشکرێکی تێکەڵ لە کورد و عەرەب هێرشی هێنا سەر قەڵەمڕەوەکەی؛ مەریوان و سەقز و هەورامانی لە ئەردەڵان داگیر کرد و زۆراب سوڵتانی کوڕی کەڵباڵی خان حاکمی سەقز و برایم بەگی حاکمی مەریوانی کوشت. خان ئەحمەدخان هاواری بۆ شای

سەفەوی نارد کە دەهانای بێت؛ بە فەرمانی شا ، ڕۆستەم خانی سوپا سالار و عەباس خان زیاد ئۆغلوو بە لەشکرەوە بۆ هیمدادی خان هاتن. لەشکری خان و دەوڵەت لە مەریوان گەیینە سولەیمان پاشا؛ لە پاش دوو ڕۆژ شەڕ و لێکدان، سولەیمان پاشای بەبە زۆر پیس شکا و پتر لە چوار هەزار کوشتەی دا و هەرچی بووشیان، بە تالاّن وەگیر قزڵباش و سوارەی ئەردەلاّنی کەوت.

بە دوای ئەم سەرکەوتنەدا قاسم سوڵتانی هەورامی لەلای عەباس خان زیاد ئۆغلوو - کە بە عەباس خان قاجار مەنشوور بووە و لە شەڕەکەدا سەرکردەی هەرە گەورە بووە - شەیتانی دەکا کە خەڵکی کوردستان خەبەریان بۆ سولەیمان پاشای بەبە ناردبوو بێتە کوردستان و داگیری بکات. زیاد ئۆغلوو دەست دەکا بە گرتنی کوردەکان؛ هێندێک لە کوردەکان شەو بەرەو خاکی عوسمانی ڕادەکەن و دەرباز دەبن؛ بەلاّم زۆریان دەگیرێن و زۆر لە پیاوە گەورەکان و هەزار و دووسەد کوردی مسکێنیش وەبەر ئەو گرتنە دەکەون. زیاد ئۆغلوو دوای ئەوە کە هەموو ماڵ و داراییيان بە تالاّن دەبا ، هەموان دەکوژێ و لە کەللەسەرەکانیان تەپۆڵکەیەک دروست دەکا کە ئێستاش ئەو تەپۆڵکە لە دەشتی مەریوان ماوە و پێی دەڵێن: کلین کو؛ بەلاّم ناکاتە نامەردی سەری قاسم سوڵتانی شەیتانیش دەبڕێ و بەسەر دارێکیەوە دەکا و دەیکاتە داوەڵێک لەسەر گردەکەی دەچەقێنێ. شا سولەیمان کە ئەم دەنگ و باسە دەبیسێ، زۆر تووڕە دەبێ؛ دەنێرێ عەباس خان دەباتە ئەسفەهان و دەست بەجێ لە قەنارەی دەدا.

ڕۆژی پێنج شەمە ، شەشەمی مانگی قوربانی ساڵی ١١٠٥ی کۆچی، شا سولەیمان عەمری خوای کردووە و ڕۆژی چاردەی مانگ واتا دوای هەشت ڕۆژ شا سوڵتان حوسێن لەسەر تەخت جێگیربووە. لە ساڵی ١١٠٧دا بە فەرمانی شا سوڵتان حوسێن، خان ئەحمەدخان لە والیەتی لابراوە و محەممەدخانی کوڕی خوسرەو خان لە جێگەی ئەو داندراوە. ئەحمەدخان لەم هەلی دواییيەدا هەشت ساڵ و هێندێک والی بووە».



**محەممەدخانی ئەردەلاّن:** مەستوورەخانم لە تاریخە ئەردەلاّنە فارسییەکەیدا دەڵێ: «دوای ئەوە کە حوکمڕانیی ئەردەلاّن کەوتە دەست محەممەدخانی کوڕی خوسرەوخان، سولەیمان پاشای بەبە هێرشێکی بەرەو ئەردەلاّن هێناوە» . لێرەدا مەستوورە تەواوی ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە کە لە پێشدا بۆ ڕۆژگاری خان ئەحمەد خانی دووهەم باس کرا؛ کە چۆن عەباس قولی خان قاجار- کەبە زیاد ئۆغلی بەناوبانگ بووە - لەشکری بابانی شکاندووە و لە دواییدا بەسەرە سۆدرەیی قاسم سوڵتانی هەورامانی منارەیەکی لەسەری کوردە بێ گوناهەکانی سنە بەرز کردۆتەوە و قاسم سوڵتانیشی کووشتووە. لە پاشان شا لە زیاد ئۆغلی غەزریوە و حوسێن خانی لوڕی کردۆتە سەرکردەی لەشکری ئێران بۆ سەر خاکی بابان.

مەستوورە خانم لەسەر ئەم مەبەستە ئەڕوا و ئەڵێ: «حوسێن خانی لوڕ لەشکری بردە سەر شارەزوور و تالاّنی کرد؛ هێرشێکی بردە سەر هۆزەکانی بلّباس و قەڵت و بڕی تێ خستن و زۆریان ڕایان کردە لای ئاکۆ و چیای قەندیل. خانی لوڕ بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە و خەلاّت و ئافەرینی وەرگرت.

دوای ماوەیەک جانگیر سوڵتان کوڕی کەڵباڵی خانی ئەردەلاّن کە زۆر دژی محەممەدخان بوو، خۆی دەگەڵ خەڵکی کوردستاندا ڕێک خست و لەلای شا بۆ محەممەدخانی تێ چاند و دڵی شای لێ کرمێ کرد و کارێکی وای کرد کە محەممەد خان لە والیەتی وەلا نرا و کابرایەکی بەناوی محەممەد خان گورجی لە جێگە دانرا و کرا بە والیی «ئەردەلاّن» .

ئیسماعیلی مەلا حەمەحوسێن لە مێژووە فارسییەکەیدا کە دەربارەی ئەردەلاّنە و ئێمە لە عارەبییەکەی ڕۆژبەیانییەوە، کە بۆ پەراوێزی شەرەفنامەی نووسیوە، وەرمان گرتووە، لەم بارەوە دەڵێ: «محەممەدخانی کوڕی خوسرەو خان پیاوێکی زۆر ئازا و سەربەست و زانایەکی بالاّدەست و خاوەن هۆش و هەست بوو. زۆر چاک بەکاروباری خۆی دەچارا و سەروبەرێکی باشی بە وڵاتەکەی خۆی دا. بەلاّم لە ڕۆژگاری دەسەلاّتداریی

ئەودا، سولەیمان بەگی بەبە هێرشی هێنا سەر وڵاتی ئەردەڵان؛ مەریوان و هەورامان و سیاکێوی داگیر کرد؛ زۆراب بەگی سەقز و برایم بەگی میری مەریوانی کوشت. لەشکری ئێران بە سەرکردایەتیی عەباس خان زیاد ئۆغلوو هاتە هیمدادی محەممەدخان و لەشکری ئەسفەهان و لەشکری ئەردەڵان پێکەوە بەگژ سولەیمان بەگدا چوون، شکاندیان و ڕاویان نا و ناچاریان کرد کە هەڵێ و پەنا بە سوڵتانی عوسمانی بەرێ».

بەقسەی میستر لۆنگریک: بەیتی دوازدە سوارەی مەریوان، بەهۆی ئەو پێک هەڵپڕژان و لێکدانەوە داندراوە کە ئێستەش ئەو بەیتە لەناو کورداندا ماوە و باوە.

ئیسماعیلی مەلا حەمەحوسێن درێژە بە باسەکە ئەدا و ئەڵێ: «لەپاش دامرکانەوەی ئەم شەڕ و هەرایە، قاسم سوڵتان ناوی مەزنی هەورامان چووبووە بن کلێشەی عەباس خان زیاد ئۆغلوو؛ هەرچی توانیی دوزمانی و شەیتانیی لە محەممەدخان و کوردەکانی ئەردەڵانی کرد و تێی گەیاند کە وا محەممەدخان و سەرکردە کوردەکانی دەوروبەری کاکە و برالەیان لێ کردووی کە لە هەلێکی کتوپڕدا پەلامارت بدەن و خۆت و دەستە و دایرەت لەناوبەرن. زیاد ئۆغلوو بەقسەی لووسی قاسم خان هەڵخەڵەتا و زۆر لە خۆی ترسا؛ فەرمانی بە چەکدارەکانی بەردەستی خۆی دا کە هەر کوردێکیان بەرپەل کەوێ بیکوژن و دەسەر کەسەوە نەچن؛ تووشی هەر ئاوایییەکی کوردنشین دەبن، لەپاش تاڵان وای وێران بکەن کە جێگەی هێلانەی کوندەبەبووشی لێ نەمێنێ. موختەسەری کەلام «عەباس خانم عەباس خان بێ» کارێکی بەسەر کورد هێنا کە مێژوو لەڕوی هەڵنایە بیگێڕێتەوە یان وەبیر خۆی بهێنێتەوە؛ چەندین منارەی لەسەری کوردە بێ تاوان و بێچارەکان بەرز کردەوە؛ هەزاران ماڵە کوردی خانەدانی کۆر کردەوە؛ بە سەتان گوند و ئاوایی خاپوور و چۆڵ و واحیدلقەهار کرد. شا سوڵتان حوسێنی سەفەوی لە باس و خەبەری ئەم هەموو نامەردی و دڵبەردییەی عەباس خان ڕقی هەستا؛ ناردی بردیانە ئەسفەهان و بەداریان



داکرد و جێگەی عەباس خانی بە حوسێن خانی لوڕ پڕ کردەوە. بەڵام وەک دەڵێن «سەد ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو». عەباس خان لە چاو حوسێن خانی لوڕ، نوێژی لەسەر تەشک و داوێنان دەکرا؛ عەباس خان بۆ نامەردی و دڵبەردی دەسکی لەدوی حوسێنی لوڕ نەکردبوو. حوسێن خانی لوڕ هەر ئەوەندە تۆزێک جێگەی خۆی گەرم داهێنا، لەشکری بردە سەر پشدەر و ئالان و ناو بڵباسەتی و قرانێکی وای خستە ناو کوردەکانی ئەو ناوە کە تاتار و مەغوولیش بەبیریاندا نەهاتبوو. تا ساڵی ١١١٠ی کۆچی (١٦٩٨ی زایینی) ئەم کارەساتە نەبڕایەوە و شەڕ و کوشتار هەر بەردەوام بوو؛ لەم ماوەیەشدا قاسم سوڵتانی سەرەسۆدرە کە ببووە باوەشێنی ئاگر و ئاژاوە، لە شەڕێکا سەری دۆڕاند و گڕی کلکە نەوتینە بە خاکی گۆڕیچە کوژایەوە و تا سەر، بەری دووزمانی لە داری سوزمانی بۆ نەخورا.

محەممەدخانی والی کە بەختی هێنابووی و لە داوی عەباس خان خەلەست بوو تا ساڵی ١١١٣ بە والیەتیی ئەردەڵان مایەوە. جانگیر سوڵتان کوڕی کەڵباڵی خان کە دەبووە ئامۆزای، هەموو ڕۆژێ دەرک و دیوانی ئەسفەهانی لێ دەگرت و بۆی تێ دەچاند؛ تا لە ساڵی ١١١٣ی کۆچیدا بەدەرکردنی دا. هەر ئەو ساڵە لە لایەن شای سەفەوییەوە محەممەدخان گورجی ناوێک کرا بە والیی ئەردەڵان».

مامۆستا ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە باسی محەممەدخاندا زۆر کەمتر دواوە؛ تەنیا ئەوەندەی هەیە دەڵێ: «لەپاش بەرکەنار کردنی ئەحمەدخانی دووهەم، محەممەدخانی ئەردەڵان کوڕی خوسرەوخانی کوژراو لە ساڵی ١١٠٧ی کۆچیدا کرا بە والیی کوردستان؛ حەولی دا کە ئەو کوردانەی لە ترسی زوڵمی عەباس خان پەرەوازە ببوون، بهێنێتەوە. بە فەرمانی شا سوڵتان حوسێن، حوسێن خانی سەرداری لوڕ کرا بە مەئمووری کوردستان و ئازەربایجان و شارەزوور؛ ئەویش یاغییەکانی تەنبێ کرد و پیاوە باشەکانی کۆ کردەوە». شیاوی باسە، ئایەتوڵڵا مەردۆخ ئەو کوردانەی کە لە دەست زوڵمی عەباس خان ڕایان کردووە بە پیاو خراپیان دادەنێ؛ وا

دیارە دەیەویست ملیان بۆ چەقۆ درێژ کەن و باڵەفڕەو پەلەقاژەیان نەبێ – هەژار.

ئایەتوڵڵا لەسەر باسەکەی دەڕوا و دەڵێ: «جانگیر سوڵتان کوڕی کەڵبالی خانی ئەردەڵان لەگەڵ هێندێک لە خەڵکی کوردستان کەوتنە سەرپێچی لە محەممەدخان و بەدەرکردنیان دا و محەممەدخان گورجی کرا بە والی. ماوەی فەرمانڕەواییی محەممەدخان شەش ساڵی خایاندووە».

**محەممەدخان گورجی**: ساڵی ١١١٣ بە فەرمانی شا سوڵتان حوسێن؛ محەممەدخانی گورجی کرا بە والیی کورستان. محەممەدخان دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی شار؛ چەند مزگەوت و کاروانسەرای ئیجاد کردن. بە فەرمانی شا سوڵتان حوسێن لە نزیک بازاڕی کۆنی شاری سنە، کاروانسەرایەکی لەسەر زەمینی مەلا عەبدولکەریمی قازی دروست کرد، کە دووقات و شێست حوجرەبوو؛ ئەمەی کردە وەقفی کەربەلا و نەجەف و بەڕێوە بردنەکەشی بە قازی مەلا عەبدولکەریم سپارد.

سێ ساڵ بوو والیەتیی دەکرد، خەڵک لای شا بۆیان تێ چاند کە :«خانی گورجی هەر چۆتە سنە، گورجێ بۆتە سونی مەزەب و خۆی لە شیعایەتی تەکاندوە». شا بەوە زۆر تووڕەبوو، دەست بەجێ فەرمانی دەرکردنی دا و حەسەن عەلی خان ناوێک کە بە کوڕی محەممەد موئمین خان ئێعتمادولدەولە ناسرابوو کرایە والیی سنە.

**حەسەن عەلی خان**: ئەم حەسەن عەلی خانە ڕاسپێرابوو کە تۆمەتی سونیایەتیی محەممەدخان بسڕێتەوە و تازە ئەم غەڵەتە دووپاتە نەکرێتەوە؛ لەسەر شیعە و سونیەتی زۆری ئازاری خەڵکی کوردستان دا. ئاوەنزوولەی بەستەزمانان بۆی دەرکار کەوت و شەوێک لە شەوانی ساڵی ١١١٨ دڵی پڕ لە چڵک و کینەی لە کارکەوت. لەباسی مردنەکەیدا چیرۆکێک دەگێڕنەوە و دەڵێن: ڕۆژێک ئەو حەسەن عەلی خانە بۆ سەیر و گەڕان ڕوو ئەکاتە کێوی ئاویەر؛ لە گەڕانەوەدا تووشی گومبەزی پیر عومەر دەبێ و



دەپرسێ: «ئەم گۆڕە ئی کێیە؟» دەڵێن :« گۆڕی ئیمام زادەیەکە لە تۆرەمەی ئیمام موسا کازم و پێی دەڵێن پیر عومەر». کابرا لە بیستنی ناوی عومەر وەک دڕووی وەبن کلکی دەن، هەڵدەتێزێنێ و مل لە جوێن دان بە هەرچی عومەر و عومەرییە ئەنێ؛ تەواو ناگاتەوە ماڵ کە لە داخی پیر عومەر وەزگ دەدا و بە قەد سندانێک لەسەر دڵی خڕ دەبێ و کتوپڕ دەیخا؛ دەست دەکا بە قیژە و هەرا کە: «بمگەنێ، پیر عومەر منی هەنگاوتووە». زۆری پێ ناچێ گیانی خان کونێک دەدۆزێتەوە و بۆی دەردەچێ و دەورانی حوکمڕانی حەسەن عەلی بەسەر دەچێ.

**حوسێن عەلی خان برای حەسەن عەلی**: دوای ئەوە حەسەن عەلی بەر شەقی پیر هۆمەر کەوت و لە گۆڕستان وەرکەوت، حوسێن عەلی برای جێگای گرتەوە؛ ئەویش لە بەدفەڕیدا چەپێکی دەبەر براکەی دانەبوو. بەزمی شیعە و سوننی ژیاندبۆوە و تۆڵەی پیر هۆمەری لە خەڵکی سنە دەکردەوە. خەڵکی سنە لێی وەزاڵە هاتبوون و زۆریان شکایەت لێ کرد، تا ئەویش لە والیەتی لابرا و کەیخوسرەوبەگ ناوێکی لە جێ دانرا؛ کە ئەویش دوای هەژدە مانگ لەکار بەرکەنار کرا.

تا ئێرە پوختەی قسەکانی مەستوورە خانم بوو، کە دەربارەی حوکمی محەممەدخانی گورجی و حەسەن عەلی و حوسێن عەلی و کەیخوسرەو بەگی نووسیوە.

**بابزانین مێژوونووسانی تر دەڵێن چی؟**: ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن دەڵێ: «محەممەدخان لە ساڵی ١١١٣دا لە والیەتی دەرکرا و محەممەد خان ناوێکی گورجیی لە جێ داندرا. خانی گورجی سێ ساڵان حاکمی ئەردەڵان بوو؛ هەرچەندە بۆخۆی شیعە مەزەب بوو بەڵام بۆ دڵخۆشیی سنەییەکان دەیگوت: منیش سوننیم. شا سوڵتان حوسێن لەسەر ئەم بارەبارکردن و شیعە بە سوننی دانە، لێی غەزری و ساڵی ١١١٦ی کۆچی لەکاری بەرکەنار کرد و حەسەنخانی کوڕی موئمین خان ئیعتمادولدەولەی کردە

والیی سنه. حەسەن خان بە زۆرەملی سوننی دەکردە شیعە و سونییەکانی سنەی هێنابووە داری سەماواتێ و لە دەستانی مەرگیان بە ئاوات دەخواست. زۆربەی زۆری خەڵکی وڵاتەکە کە نەیاندەویست ببنە شیعە، بە هەراسانی بەرەو شارەزوور کوزبوون و خۆیان و مەزەبەکەیان لە چنگ تاڵان ڕزگار کرد. حەسەنخان دوای دوو ساڵ لەو سوننی بە شیعە کردنە، شەوێک لە غوڕابی خەودا مرخەی لێ بڕا و دەهۆڵی ژیانی دڕا و قیرەی شیعەخوازی لێ بڕا؛ واتا شەوێک لە شەوانی ساڵی ١١١٨ نوست و ئیتر ڕاست نەبۆوە.

شا سوڵتان حوسێن فەرمانی دەرکرد کە حوسێن عەلی برای ئەو حەسەنخانە فەرمانڕەوای ئەردەڵان بێ. دەرباری ئەسفەهان لەوە گەیشتبوو کە شیعەگەری بە زۆرەملی بەسەر خەڵکا ناسەپێندرێ؛ لەبەر ئەوە ئامۆژگاریی حوسێن عەلی کرابوو کە باری سیاسەتەکەی نەرمتر بکات. حوسێن عەلی دەستی لە شەڕە مەزەب هەڵگرتبوو؛ بە سوننی نەدەگوت: لەمن نی. خەڵکەکەی ئەهوەن و ئارام کردەوە و کارێکی وای کرد کە وڵاتەکە تەواو گەشەدار و ئاوەدان ببێتەوە.

ساڵی ١١٢٠ی کۆچی (١٧٠٨م) هێندێک پشێوی و ئاژاوە لە وڵاتەکەدا ڕووی دا؛ خەڵکی وڵاتەکە تاوانی هەرا و کێشەکەیان خستەسەر حوسێن عەلی خان و لێی چوونە دەرک و دیوانی ئەسفەهان و شکایەتیان لێ کرد و بەشایان بەدەرکردن دا و کەیخسرۆخان ناوێک لە جێگەی ئەو کرایە والی. ئەویش دوو ساڵ کاروباری وڵاتی ئەردەڵانی هەڵسووڕاند؛ تا لە ساڵی ١١٢٢ی کۆچی (١٧١٠م) مەزنایەتیی ئەو مەڵبەندە دەست عەباس قوڵی خانی ئەردەڵان کەوت».

مامۆستا ئایەتوڵڵا مەردۆخ لەم باسانەدا وردتر و ڕۆشنتر دواوە و دەڵێ: «پاش لابردنی محەممەدخانی ئەردەڵان لە مانگی مەولوودی ساڵی ١١١٣دا، محەممەدخانی گورجی بە والیەتی هاتە کوردستان. محەممەدخانی گورجی بە خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند کە: من سونیم و لەسەر مەزەبی



شافعیم؛ پێنج فەڕزە لە مزگەوتی سونی نوێژی بە جەماعەت دەکرد. مزگەوت و مەدرەسەی ئاییینیی دروست کردن؛ کاروانسەرایەکی لەسەر زەمینێکی مەلا عەبدولکەریمی قازی - باوە گەورەی موالییەکانی کوردستان - بنیات نا کە دووقات بوو، شێست و شەش حوجرەی تیابوو. ئەم کاروانسەرایەی کردە مەوقووفەی کەربەلا و مەلا عەبدولکەریمی بە متەوەلی دانا. ساڵانە دەیەکی خۆی لێ هەڵدەگرت و باقیەکەی دەنارد بۆ کەربەلا بەخێری محەممەدخانی گورجی. خان سێ ساڵ لە سنە مایەوە؛ دوزمانان خەبەریان بە شا سوڵتان حوسێن دابوو کە خۆی کردۆتە سوننی! لەسەر ئەوە شا لێی غەزری و لە والیەتی دەرکرا.

ساڵی ١١١٦ لەسەر فەرمانی شا سوڵتان حوسێن، حەسەن عەلی خان کوڕی محەممەد موئمین خان ئیعتمادولدەولە کرا بە حاکمی سنە؛ ئەم حاکمە تازەیە، تەواو پێچەوانەی کۆنەکە بوو، شیعایەتی کردنەکەی لە تام دەرچووبوو؛ چاوی بە سوننی هەڵنەدەهات؛ لە مەجلیسی ئەودا جنێو بە ئیمامەکانی سوننی ببووە بنێشتە خۆشکە و شەوچەرە؛ گیان و ماڵی سوننیانی بە تاڵانێکی حەڵاڵ و ڕەوا دەزانی. گوایە ڕۆژێک دەچێتە ڕاو، چاوی بە گومبەزی پیر عومەر دەکەوێ و دەپرسێ: ئەم گومبەزە هی کێیە؟ یەکێک لە هاوڕێکانی دەڵێ: گومبەزی پیر عومەرە؛ هەر بە بیستنی ناوی عومەر چاوی ئەپەڕێتە پشتی سەر و فەرمان ئەدا، تادەگەڕێتەوە دەبێ داری بەسەر بەردەوە نەمێنێ! ناچار پیر عومەری بۆ هەڵدەوەشێنن. کاتێک لەڕاو دێتەوە و دەگاتەوە ماڵ، ژان و برکێکی لە دڵ دەوەستێ و بڕستی لێ دەبڕێ. چوار سەعات لەشەو ڕادەبرێ، بەو ژانەدڵە دەمرێ و لە وەختی ئاویلکە دانا بە ژن و مناڵی خۆی دەڵێ: پیر عومەر تۆڵەی خۆی کردەوە. ئەم حەسەن عەلییە، لە دوو ساڵ کەمتر والی سنە بووە.

ساڵی ١١١٨ی کۆچی بە فەرمانی شا سوڵتان حوسێن، حوسێن عەلی برای حەسەن عەلییە مردووەکە کرا بە والیی کوردستان. حەسەن عەلیی پێشوو لە چاو ئەم حوسێن عەلییە بە حەوت ئاو شۆرابۆوە. شەو و ڕۆژ هەر

خەریکی چەوسانەوە و کرۆسانەوەی خەڵکی سنەی سوننی مەزەب بوو؛ نەخوازە کە حیکایەتی براکەی و پیر عومەر بڵاو ببۆوە، زۆری ڕق لە سوننی و پیر عومەر هەستابوو؛ ئەوەندەی جەزرەبەی خەڵک دا، تا بەجارێک یەخەیان لێ دادڕێ و لە ساڵی ۱۱۱۹دا چەند پیاو ماقووڵ و سەرناسێکی شار چوونە ئەسفەهان و دیوانیان لێ گرت و شکایەتیان لێ کرد. شا سوڵتان حوسێن بە دادی خەڵکی سنە ڕاگەیشت؛ حوسێن عەلی لابرد و کەیخوسرەو بەگی یاساوڵی کردە والی کوردستان.

ساڵی ۱۱۲۰ی کۆچی کەیخوسرەوبەگ کە یەکێک لە ئێشکچییانی ماڵی شا بوو، هاتە کوردستان و فەرمانڕەواییی ئەردەڵانی گرتە دەست. ئەم کەیخوسرەو بەگە جگە لەوە کە وەک هەردووک حەسەن و حوسێنە ڕابردووەکان شەڕی سوننی و شیعەی دەکرد؛ زۆریش کابرایەکی دەبەنگ و بێ سەلیقە و نەزان بوو؛ لە هەموو فەرمانی دیوانیدا تەنیا یاساوڵیی دەزانی و لەوە بەولاوە تەقەی لە سەری دەهات. هەتا خوا حەز دەکا نانەجیب و خوێڕیلکە و نانی نانی بوو. زۆر زوو خەڵکی سنە لێی بێزاربوون و هەرچی ئەیگوت نەیاندەکرد. لە ئاخریدا ڕۆژێک خەڵکی شار و والیی کۆنە یاساوڵ قسەیان تێک گیرا؛ خەڵکەکە لێی هاروژان و بەفیتە لە شاریان وەدەرنا؛ نامەیەکیشیان بۆ شا سوڵتان حوسێن نووسی کە: کوردستان جێگەی سوننی مەزەبانە و بۆ کەس مەزەبی خۆمان ناگۆڕین. ناردنی ئەم جۆرە کەسانە کە لەسەر مەزەبی ئێمە نین و نەخوازە شەڕی مەزەبیشمان بۆ دەنێنەوە، هیچ بەهرە نادا؛ خۆ بەتایبەتی پیاوی نانەجیب و خوێڕی و تۆڕیی وەک ئەم کەیخوسرەوە هەر بە جارێک وڵاتەکەی تێک داوە و ئاسوودەییی بۆ دانیشتوان نەماوە. ئەگەر ئێمە بزانین هەر لەسەر ئەو بارە دەمێنین و کەس گوێمان پێ نادا، ناچارین بارکەین بۆ وڵاتانی دەرەوە و لەو شوێنانەی کە ماڵ و نامووس و مەزەبمان دەپارێزرێ دامەزرێین. شا سوڵتان حوسێن کە ئەم شکایەتەی پێ گەیشت، تێ گەیشت کە کوردستانییەکان لەگەڵ حاکمی بێگانە هەڵناکەن؛ وای بە باش زانی هەر



لە خۆیان فەرمانڕەوایان بۆ دیاری بکرێت. لە دوای ئەوە کە پرس و ڕای بە خەڵکی خۆجێیی کرد، لەسەر ئامۆژگاریی ئەوان عەباس قولی خان کە یەکێک بوو لە تۆرەمەی خان ئەحمەد خانی هەوەڵێ. کرا بە حوکمداری کوردستان. کەیخوسرەو بەگ کەمتر لە ساڵێک والیەتیی سنەی کرد».

**عەباس قولی خان**: مەستوورەخانم لە تاریخەکەیدا دەربارەی عەباس قولی خان دەڵێ: «عەباس قولی خان ماوەیەکی زۆر بوو لە دەرباری سەفەویدا کاربەدەست و پیاوی دیوان بوو. لە سایەی ئازایەتی و کارامەییی خۆی ببووە پیاوێکی سەرناس و خۆشەویستی شای ئێران. یەک لەو کارانەی کە پایەی ئەوی بەرز کردبوو، شەڕی مرید وەیس (میر وەیس)ی ئەفغانی و داکوژاندنی ئاژاوەی کوڕی عەبدوڵلاخانی قەندەهار و هەرات بوو. عەباس قولی خان لەو شەڕانەدا یەکێک بوو لەسەرکردە بەکارەکانی لەشکری ئێران و زۆر مەردایەتیی نواند و ئازایەتیی خۆی بە هەموو کەس ناساند. ئەگەرچی خوسرەو بەگ لە مێژووی ئەردەڵانەکەیدا دەڵێ: شەڕ دەگەڵ میر وەیسی ئەفغانی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریی عەباس قولی خان لەسەر ئەردەڵان ڕووی داوە؛ بەڵام ڕاست نییە و لە ڕۆژگاری بەر لە والیەتییەکەیدا قەوماوە. شا سوڵتان حوسێن بڕیاری دا ئەم پیاوە خزمەتکارەی خۆی بکاتە حاکمی ئەردەڵان و چیتر بێگانە و نەناسان نەنێرێتە سەر خەڵکی کوردستان. ساڵی ۱۱۲۲ عەباس قولی خان فەرمانڕەواییی ئەردەڵانی گرتە دەست؛ حەوت ساڵ بێ خەم و دەردەسەری بەسەر ئەو مەڵبەندە ڕاگەیشت. حەو ساڵە و دوا، وا هەڵکەوت کە میروەیسی ئەفغانی دووبارە سەری بەرزکردەوە و لە مەڵبەندەکانی لای قەندەهار و هەرات و خوراسان دەستی کرد بە ئاژاوەنانەوە و شەڕی بە دەوڵەت فرۆشت. شا سوڵتان حوسێن فەرمانێکی بۆ عەباس قولی خان دەرکرد کە بە لەشکری ئەردەڵانەوە بچێتە بەرەنگاری میروەیس و ئاژاوەکەی داکوژێنێ.

عەباس قولی خان بە دووهەزار چەکدارەوە بەرەو خوراسان وەڕێ کەوت و

گەیشتە تاران. ئیتر لە تاران بەولاوە نەچوو، سەربەخۆ جڵەوی بەرەو کوردستان وەرگێڕ و گەڕایەوە. شا سوڵتان حوسێن ئەم پاشگەزبوونەوەی بە کەیفێ نەبوو؛ خەبەری دایە کە: هۆی چی بووە قسەی منی شکاندووە و شەرتی خۆی نەپەڕاندووە؟ عەباس قولّی خان لە وەراما بە عەرزی گەیاند کە: سووچ و تاوانی ئەم گەڕانەوەیە دەکەوێتە سەر ملی عەلی قولّی خان کوڕی زۆراب سوڵتان نەوەی کەلّبالّی خان. ئەو لە تاران لەگەڵ چەکدارە کوردەکاندا پێک هاتووە کە بەقسەم نەکەن و بگەڕێنەوە، منیش هیچم بۆ دەگەڵیان نەکراوە و ناچار گەڕامەوە. شا لەو وەرامەوە تێ گەیشت کە ئەم عەلی قولّی خانە زۆر لەو عەباس قولّی خانە بەهونەرترە بۆیە توانیویە لەشکرەکەی لێ هەڵگێڕێتەوە. وای بە باش زانی کە عەلی قولّی لە جێگەی عەباس قولّی دانێ و عەباس قولّی هەڵپەسێرێ و کاروباوی ئەردەڵان و لەشکرکێشی بۆ ئێران، بە عەلی قولّی بسپێرێ».

ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن لە تاریخە ئەردەڵانە فارسییەکەیدا دەڵێ: «ساڵی ١١٢٢ی کۆچی (١٧١٠م) عەباس قولّی خان کرا بە والیی ئەردەڵان؛ ناردی بەشوێن خزمەکانیدا کە لە مەڵبەندەکانی سیاکێو و مەریواندا کاری دیوانی ئێرانیان دەکرد و لە خۆی کۆکردنەوە و زۆر باشی حاواندنەوە، خەڵکی وڵاتەکەش زۆری لێ ڕازی بوون و هیچ گلە و گازندەیان لێی نەبوو. ساڵی ١١٢٩ی کۆچی (١٧١٦م) میروەیسی ئەفغانی لە شای ئێران یاغی ببوو؛ فەرمان دەرچوو کە عەباس قولّی خان بە لەشکری ئەردەڵانەوە ڕوو بکاتە ئەفغانستان و ئەم یاغییانە دەستەمۆ بکات. خان بە لەشکرەوە ڕۆیشت و گەیشتبووە تاران کە لەشکرەکەی مانی گرت و جوابی خانیان نەدایەوە. عەباس قولّی خان شکاتی لە شا کرد کە: تاوانی ئەم مانگرتنە لەسەر ئەستۆی عەلی قولّی بەگی کوڕی زۆراب بەگی کوڕی کەلّبالّی خانە؛ ئەو هانیان دەدا و مانیان پێ دەگرێ و لە منیان دەتەکێنێتەوە. شا تێ گەیشت عەلی لە هەباس بەکارترە؛ بە بێ هیچ فوو لە دۆ کردن، عەباس قولّیی ناردە زیندانی ئەسفەهان و عەلی قولّی کردە مەزنی ئەردەڵان».

مامۆستا ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە تاریخەکەیدا جیاوازییەکی دەگەڵ مەستوورە و تاریخی ئیسماعیلی مەلا حەمەحوسێندا هەیە و دەڵێ: «ساڵی ١١٢١ی کۆچی عەباس قولّی خان کراوەتە والیی سنە. لە ساڵی ١١٢٨ فەرمانی پێ دراوە کە بچێتە شەڕی ئەفغانان. لەشکرەکەی هەشت هەزار چەکدار بووە کە هەموویان سواربوون. عەلی قولّی کوڕی جانگیر سوڵتان یەکێک بووە لەو سوارانە؛ بەدزیەوە دەچێتە بن کلّیشەی سەرۆکەکانی لەشکر و تێیان دەگەیەنێ کە شەڕ کردن لە هەرات و قەندەهار بۆ خەڵکی کوردستان واتا لەبرسان مردن و بە خۆڕایی بە کوشت چوونە؛ قسەکانی کاریگەر دەبێ و لە شەوێکا هەموویان تێ ئەتەقێنن؛ کوردستان بگرەو هاتم. عەباس قولّی تەنیا دوو سێ کەسی لە تاران بە دەورەوە دەمێنێ و ئەویش ناعیلاج نامەیەک بۆ شا دەنێرێ و لەوێدا بۆ عەلی قولّی تێ دەچێنێ کە خەتی خوار لەبن سەری ئەودایە. شا لە بێ حونەریی عەباس قولّی زۆر تووڕە دەبێ و فەرمانی گرتنی ئەدا؛ خەڵات و فەرمانی والیەتیی ئەردەڵان و نازناوی خانیەتی بەهۆی عەلیخانی فەڕاشی خۆیدا بۆ عەلی قولّی خان بەڕێ ئەکات. عەباس قولّی خان هەشت ساڵ والی بووە».

**عەلی قولّی خان**: وەک دەگێڕنەوە ئەو عەلی قولّی خانە بەر لەوە ببێتە والیی ئەردەڵان، چەند ساڵێک زۆر بەهەژاری و نەداری لە گوندێک ژیاوە کە ناوی ئەو گوندە شەخڵەیە و سەر بەمەڵبەندی خوڕخوڕەیە. خەڵکی شەخڵە کە زانیویانە نەجیم زادەیە و لێی قەوماوە، زۆریان دڵ پێ سووتاوە و بەقەد توانا یارمەتییان داوە؛ زۆر جاریش ئامۆژگارییان کردووە کە ئەم گوندە جێگەی ئەو نییە و ئەگەر بچێتە شار و بازاڕان، لەوانەیە کارێکی باشی دەس کەوێ و لە کەساسی و هەژاری ڕزگاری بێت. بەڵام ئەو گوێی بەم قسانە نەداوە و گوتوویە: «برا هەر خوا حەساوە؛ ئەگەر خوا شتێکم بداتێ، لەگوندی شەخڵەش بم دەمگاتێ». ئیتر وابوو لە ساڵی ١١٢٩دا لە سایەی

شەیتانی و دووزمانی کردنی عەباس قوڵی خان، میرایەتیی ئەردەڵانی دەس کەوت و خوا لەشەخڵە بۆی نارد. هەرچەندە زۆری دەردی نەداری کێشابوو، بەڵام وەختێ بوو بە خاوەن هات و داهات زۆر پیاوێکی دەهندە و دەست بڵاو و مەرد و ڕەند و پیاو بوو. دووساڵ بەسەر میرایەتی کردنەکەیدا ڕادەبرا کە نەخۆشی چاو قووڵکە (تاعوون) کەوتە وڵاتی ئەردەڵانەوە و هەشتا هەزار کەسی کوشت. هەر لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداریی ئەوا، خەڵکی لوڕستان لە شا سوڵتان حوسێن هەڵگەڕانەوە و ئاژاوەیان نایەوە. شا بە عەلی قوڵی خانی ئەسپارد کە ئەو لوڕانەی بۆ تەنبێ بکا. خان بە لەشکرێکی زۆر و تەیارەوە ڕوی کردە لوڕستان و بەگژ لوڕ و بەختیارییەکاندا هات؛ لە پاش چەند شەڕێکی خەست و خوێناوی، لەشکری لوڕان شکا و لوڕ هەڵاتن و ئەردەڵانی سەریان دەدوونان و دەم لە سەرپشت ڕاویان نان؛ زۆریان لێ کوشتن تا ناچاریان کردن خۆ بدەن بە دەستەوە. سەرەک هۆز و سەرکردەکانی لوڕ و بەختیاری بە پێشکەش و دیاریی زۆرەوە و هاتنە خزمەت خانی ئەردەڵان و خۆیان تەسمیل کرد. عەلی قوڵی خان سەرۆکی لوڕەکانی دەگەڵ چەند پیاو ماقووڵێکی لوڕی دیکەدا بەیەخسیری نارده ئەسفەهان؛ نامەیەکیشی بۆ شا نووسی و تکای بەخشینی بۆ ئەو یەخسیرانە کرد. شا سوڵتان حوسێن تکایەکەی لێ قبووڵ کرد؛ لوڕە یەخسیرەکانی بەخشی و بە بەخشش و خەڵاتەوە ناردنیەوە وڵاتی خۆیان. عەلی قوڵی خان دوای ئەو شەڕە کە گەڕایەوە وڵات، تەواو توندە تەبیات ببوو؛ پیاو ماقووڵەکانی ئەردەڵانی لە خۆی ڕەنجاند و ئەوانیش لە دژی ئەو دەگەڵ دەروێش بەگ و حوسێن بەگی مامۆیی پێک هاتن کە لە والیەتی دەری کەن. خان کە بەکارەساتەکەی زانی و دەشیزانی دەرەقەتی ئەو گەلەکۆمەگییە نایە، سنەی بەجێ هێشت و خۆی کوتایە ناو قەڵای پاڵەنگان و وەڵامی بۆ خانە پاشای بەبە نارد کە دەهانای بێت و بەڵای خزمانی لە کۆڵ کاتەوە. خانە پاشا ڕۆستەم بەگی جافی بە لەشکری جافانەوە بە هیمدادی عەلی قوڵی خان نارد. عەلی قوڵی خان بڕیاری دا



کە دەست بۆ چەک بەرێ و نەیارانی خۆی لەناو ببات؛ دژەکانیش خۆیان لە دەسک نابوو کە بە گژیا بچنەوە. هێندێک لە کەیخودا و ڕیش سپیی تایەفە، بوونە ناوبژیکەر و نەیانهێشت ئەم خوێنڕێژی و براکوژییە ڕووبدات. نێوانی دوژمنانیان خۆشەوە کرد و هەموولا ئاشت بوونەوە و عەلی قوڵی خان هاتەوە سەرکار و باری سەرداریی خۆی. بەڵام ئەو ئاشتی و تەباییە زۆری نەخایاند؛ دیسان نەیاران تێ هەڵچوونەوە. پیاوماقووڵان و ڕیش چەرموگەکانی خێرخواش دیتیان تاوان لە عەلی قوڵی خانە و هەموو دەستیان خستە دەستی یەک و خانیان لە والیەتی خست – تا ئێرە ڕیوایەتی تاریخەکەی مەستوورەخانم بوو دەربارەی حوکمی عەلی قوڵی خان.

ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن لەو بارەوە دەڵێ: «لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری عەلی قوڵی خاندا گرانییەکی زۆر بەسام ڕووی کردە ئێرانەوە؛ ئەو قاتی و گرانییە مەڵبەندی ئەردەڵانیشی تەنیەوە. زۆر کەس لە مەڵبەندی ئەردەڵاندا لە برسان قڕیان هات. هەر لەو سەر و بەندەشدا حکومەتی لوڕستانی بچووک لە شای ئێران هەڵگەڕایەوە. عەلی قوڵی خان بە لەشکری ئەردەڵانەوە ڕووی کردە لوڕستان و فەرمانی شای پێ بوو کە لوڕەکان تەمێ بکات. شەڕ و کوشتارێکی زۆر لە نێوان لوڕ و ئەردەڵاندا قەوما. زۆربەی گەورەپیاوانی لوڕ لەو شەڕەدا سەریان تێداچوو؛ عەلی قوڵی خان شەڕەکەی بردەوە و تەنانەت کوڕی سەرداری لوڕی بە دیل گرت و دەگەڵ خۆیا هێنای. لوڕستان هاتەوە بەرحوکمی شای ئێران. سەرداری لوڕستان هاتە ماڵی شا و شا لێی خۆش بوو. شا دەیەویست بۆ دڵخۆشکردنی سەرداری لوڕان عەلی قوڵی خانیش لە والیەتی ئەردەڵان دەرکا؛ بەڵام کابرا تکای لە شا کرد کە ئەو کارە نەکا و عەلی قوڵی خان هەر والی بێت. خان هاتەوە وڵاتی ئەردەڵان؛ بەڵام بەختی هەتاسەر نەیهێنا؛ ساڵی ١١٣٣ی کۆچی (١٧٢٠م) لە والیەتی لابرا و عەباس قوڵی خانی لە جێ دانرا».

بەڵام تاریخەکەی مامۆستا مەردۆخ لەوبارەوە زۆر زانایانەتر و ئاگادارتر لە دوو مێژوونووسی پێشوو بۆ ئەم باسە چووە و زۆر بەسەرە و بەرەتر باسی لێوە دەکا و دەڵێ: «عەلی قولّی بەگ زۆر بە ڕووتی و نەداری لە گوندی شەخڵە، سەر بە مەڵبەندی خوڕخوڕە دەژیا، خەڵکی ئاوایی بەزەیان پێدا دەهاتەوە و یارمەتییان دەکرد. هەوالانی پێیان دەگوت: تۆ نەجیم زادەی، ئەگەر لە شار بوایەی لە وانەبوو دەستت لە کارێکی دیوانی گیربکردایە. ئەو دەیگوت: ئەگەر خوابیدا، لە شەخڵەش دەیدا. وەختێ عەباس قولّی خان لەسەر فەرمانی شای ئێران خەریکی لەشکر کۆکردنەوە بوو، عەلی قولّیشی وەک سوارەیەکی لەشکر ڕەگەڵ خست و ناردی بۆ لای ئەفغانستان. دوای ئەوە کە لەشکری ئەردەڵان لە تارانەوە بەرەو کوردستان گەڕایەوە و وازی لە چوونی ئەفغان هێنا، عەلی قولّی بەگیش ڕاست هاتەوە شەخڵەی جاران و ژیانی هەژارانەی بەسەرگرتەوە. کاتێ کە عەباس قولّی خان بۆ پاکانەی خۆی ویستی ناوی عەلی قولّی پیس بکا؛ شا سوڵتان حوسێن بەبێ ئەوە بزانێ ئەو عەلی قولّییە کێیە و چۆن دەژی، وا تێ گەیشت کە دەبێ پیاوێکی زۆر لە زەبر و سەرناس و بەناوبانگ بێ و خەڵکی وڵاتی ئەردەڵان لە قسەی دەرنەچن. ئیتر لەسەر ئەم خەیاڵە، عەلیخانی فەڕاشی تایبەتیی خۆی سازدەکا کە خەڵات و فەرمانی والیەتی و نازناوی خان بە دیاری بۆ عەلی قولّی بەگ بەرێ. عەلیخانی بەردەستی شا دێتە کوردستان و سۆراغی عەلی قولّی دەگرێ؛ دەڵێن: وا لە گوندی شەخڵەیە. دەچێتە گوندی شەخڵە. لەوبەری جۆبارێکەوە کە دەبێ بۆ گەیشتنی گوند لێی بپەڕنەوە، سێ کەس ڕاوێستاون. عەلیخان لەو بەرەوە لێیان دەپرسێ: عەلی قولّی بەگ لە کوێیە؟ عەلی قولّی بەگ کە بۆ خۆی یەکێک لەو سێ کەسانەیە، بە تەرح و دیمەن دەزانێ ئەم کابرا پرسیارکارە پیاوی دەوڵەتە. دێتە خەیاڵیەوە کە ڕەنگە هاتبێ بیگرێت، چونکە لە تارانەوە هەڵاتووە و لە شەڕ خۆی دزیوەتەوە. بە ترسێکەوە لێ دەپرسێ: بۆ چیتە؟ کابرا دەڵێ: خەڵات و بەراتی شام بۆ هێناوە و دەیدەمێ. عەلی



قولّی باوەڕ ناکا؛ بە یەکێک لە هەواڵەکانی دێنشینی دەڵێ: وامن دەڕۆم، تۆ بواری جۆبارەکەی لێ بگۆڕە با درەنگتر بگاتە ئاوایی. ئەوساش ئێوە بیدۆزن ئەگەر ڕاستی کرد ئەوا من تۆزێک جلک و بەرگی خۆم دەگۆڕم و دێم؛ ئەگەر ڕاستیش نەبوو ئەوا لە کونێکەوە بۆی دەردەچم. عەلیخانی ڕاسپاردەی شا دوای نیو سەعاتێک دێتە ناو ئاوایی؛ خەڵکی ئاوایی دەوری لێ دەگرن و کارەکەیان زۆر بەلاوە سەیر و سەمەرە دەبێ. عەلی قولّی کە بۆی مەعلووم دەبێ کابرا ڕاست دەکا و خەڵاتی بۆ هێناوە، هێندێک سەروگوێلاکی خۆی دەتەکێنێ و جلکی دەگۆڕێ؛ دێتەلای عەلیخان و خۆی پێ دەناسێنێ. عەلیخان کڕنۆشی بۆ دەبا و خەڵاتەکەی شای دەبەر دەکا و فەرمانی حوکمی ئەردەڵانی دەداتێ. ئیتر لە کف لە کوونێکدا عەلی قولّی شەخڵەیی دەبێتە خانی فەرمانڕەوای کوردستان. عەلی قولّی خان ڕوو دەکاتە خەڵکی ئاواییەکە و دەڵێ: نەمگوت ئەگەر خوا بیدا لە شەخڵەش دەیدا! - ئێستاش ئەم قسەیە بۆتە باو لە کوردستانا- دوای دووسێ ڕۆژێک کاربەدەستان و پیاوماقوولانی کوردستان کە ئەو دەنگ و باسە دەبیسن بەرەو شەخڵە پەل دەبن و لە ڕێگەی خزمەتگوزاریی میری خواپێداوا ملە دەکەن؛ بە هەزار دەبدەبە و تەنتەنە والیی نوێ بەرەو شاری سنە دەهێنن. ڕۆژی ١٩ی مانگی شەشەکانی ساڵی ١١٢٩ عەلی قولّی خان دەگاتە ناو سەرای دەوڵەتی و کاروباری وڵاتی ئەردەڵان دەگرێتە دەست.

هەر لەو سەروبەندەشدا خەڵکی لوڕستان و بەختیاری لە دەوڵەت یاغی بوون و ملیان نا لە ئاژاوەنانەوە. بە فەرمانی شا سوڵتانی حوسێن، عەلی قولّی خان ڕاسپێردرا کە ئەو یاغییانە بەردەست بکا و شەڕ و هەرا داکوژێنێ. خان بە لەشکری ئەردەڵانەوە چووە سەر لوڕ و بەختیارییەکان و شەڕ لە نێواندا قەوما. عەلی قولّی خان لەشکرەکەی خۆی بە تەرزی لەشکری دەوڵەتی ڕێکوپێک کرد؛ باڵی ڕاست و باڵی چەپی بۆ دیاری کردن و خۆیشی لەناوەندی لەشکرا قەراری گرت. وەختێ شەڕ داگیرسا،

لوڕ و بەختیاری تاماوەیەکی کەم توانییان شەڕ بکەن و لەوە بەولاوە شکان و زۆرپیس شکان؛ شەشسەد کەسیان لێ بە دیل گیرا و هەرچی بۆی کرا و توانی ڕاکا ڕای کرد و کەوڵی خۆی ڕزگار کرد. حاکمی لوڕستان هەر ئەوەندەی پێ کرا خۆی هاویشتە تەویلەی عەلی قوڵی خان و داوای لێ بووردنی لێ کرد. عەلی قوڵی خان حاکمەکەی لوڕستان و چەند کەسێکی تری لە سەرناسانی لوڕ و بەختیاری بە دیاری بۆ شا سوڵتان حوسێن نارد و تکای لێ کرد کە بیانبەخشێت. شا لە ئازایەتی و دەست گەرمیی خان زۆر وەکەیف هات؛ فەرمانی بەخشینی لوڕە یەخسیرەکانی دەرکرد و خەڵاتی کردن و ناردنیەوە وڵاتی خۆیان. عەلی قوڵی خانیش زۆر بەشانازی و سەربەرزییەوە هاتەوە سنە و لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی پاڵی دایەوە.

لە دووهەمین ساڵی فەرمانڕەواییی عەلی قوڵی خاندا؛ پەتا و ئاهۆی چاوقووڵکە (تاعوون) بە کوردستان وەربوو؛ نزیکەی هەشتا هەزار گیانی بەتاڵان برد. ساڵی ١١٣٢ی کۆچی، ئەفغانی و ئۆزبەگ هێرشیان هێنایە سەر ئێران و دنیایەکی پڕ لە پشێوی و ئاژاوەیان خستەڕوو. زەبر و زەنگی دەوڵەتی ئەسفەهان بەهۆی ئاژاوەی ئەفغان و ئۆزبەگان، زۆری لە کورتی دابوو و ترسی لە دڵی خەڵکا کەمتر مابوو. حوسێن بەگی مامۆیی و دەرویش بەگی مامۆیی و دەگەڵ هێندێک لە پیاوانی سەرناس و دەسەڵاتداری کوردستاندا، لە دژی عەلی قوڵی خان پێک هاتن؛ نامەیەکیان بۆ خانە پاشا کوڕی محەممەد پاشای بابان ــ کە یەکێک بوو لە ئامۆزایانی سولەیمان پاشای بەبە- بەڕێ کرد کە لەسولەیمانیەوە بێتە سنە و ببێتە گەورەی ئەردەڵان و بەیارمەتیی ئەوان عەلی قوڵی خان دەر بکا. خانە پاشا کە حاکمی سولەیمانی و وڵاتی بابان بوو لەم نامەیە زۆر کەیفی هات؛ لەشکری کرد و هات مەریوانی لە خاکی ئەردەڵان دابڕی و گەیشتە پێنج فرسەخی سنە (فرسەخێک نزیکەی هەشت هەزار میترە). عەلی قوڵی خان زانی دەرۆستی لەشکری بابان نایە؛ ناچار لە هەلێکدا هەڵات و خۆی گەیاندە ئەسفەهان و ئەردەڵانی بۆ خانە پاشا بەجێ هێشت. سەید و مەلا و



پیاو ماقووڵ و ڕیش سپیانی سنە بۆ پارێزگاری لە گیان و ماڵی خۆیان چوون بەپیر خانە پاشاوە و زۆریان بەخێر هێنا و لەگەڵیا هاتنەوە سنە. لەوساوە سنە کەوتە بەر حوکمی بابان و لە چنگ ئەردەڵانیەکان دەرچوو. عەلی قوڵی خان سەرجەم سێ ساڵ والیەتیی سنەی کردووە».

**خانە پاشای بابان**: مەستوورە خانم باسی خانە پاشای کردۆتە ناوئاخنی بەسەرهاتی عەباس قوڵی خان و لەژێر سەردێڕی «عەباس قوڵی خان بۆ جاری دووهەم»دا دەڵێ: «لە ساڵی ١١٣٢ی کۆچیدا خەڵکی سنە لە عەلی قوڵی خان جاڕز بوون و بە دەرکردنیان دا. عەباس قوڵی خانی کوڕی محەممەد خانیان دووبارە بە والیەتیی سنە دیاری کرد؛ ئەسفەهانیش فەرمانی حوکمڕانی سەقزی دا بە عەلی قوڵی خان. لەو دەمەدا کە عەباس قوڵی خان والیەتیی سنەی دەکرد، ئەفغانییەکان و ئۆزبەگییەکان شاڵاویان هێنا بۆ سەر ئێران و کونە مشکیان بە سەفەویەکان کردە قەیسەری. شای ئەسفەهان وڵامی بۆ عەباس قوڵی خان نارد کە دە هانای دەوڵەت بێ. خان لەشکری سنەی تەیار کرد و بەرەو پیری دوژمنانی ئێران چوو؛ بەڵام لە ئەنجامدا بە سەری شکاو و پاشڵی خوێناوییەوە بەرەو سنە دای قەڵاشت؛ خەڵکی سنە کە زانییان والی شکاوە دەستیان کرد بە جوێن پێدان و هەرچی نەشایەد و نەبایەدە بەو کابرایەیان کرد. ئەفغانییەکان خۆیان گەیاندە ئەسفەهان و شا سوڵتان حوسێنی سەفەوییان کوشت و مەڵبەندەکانی فارس و عێراق و خوراسانیان لە ئێران داگیر کرد. کاربەدەستانی عوسمانی خەبەریان بە سوڵتانی ڕۆمێ دا کە: ئێران بڕستی لێ بڕاوە و حکوومەت هێزی نەماوە و ئەفغان و ئۆزبەگ تریتانەی تێدا دەکەن؛ ئەگەر سوڵتان ڕێمان بدات، ئێمەش گوێچی خۆمان دەرفێنین و دەرفەت لە ئێرانی ویران دێنین. سوڵتان لەم مزگێنییەی گەشایەوە؛ پاشا و ماشای بەردایە ئێران. لەشکری عوسمانی لە ئەرزەڕۆمەوە کەوتە ناو ئێرانەوە؛ قەڵاکانی مەریوان، شیروان، مووش، وان و سەرلەبەری ئازەربایجانیان تا مەراغە و خەمسە داگیر کرد. هەر لەو سەروبەندەشدا

پاشاکانی بابانی له عێراقی عەرەبەوە هەلیان بە دەرفەت زانی و ئەوانیش هێرشیان بەرەو ئێران هانی؛ زۆر بەزوویێکی زوو وڵاتی ئەردەڵان، کرماشان، هەمەدان، مەڵبەندەکانی برووجرد، نەهاوەند و گەڕووسیان خستە ژێر چەپۆکی خۆیانەوە.

ئەو ساڵە مێژوو لە هەزار و سەت و سی و شەشدا بوو؛ سەرکردەی هێرشبەرانیش خانەپاشای بابان بوو. خانە پاشا خۆی بەسەر وڵاتی ئەردەڵاندا سەپاند و ئەحمەد پاشای بەبەش بوو بە فەرمانڕەوای کرماشان. لەم شەڕ و هەرایەدا عەباس قوڵی خان سەری دۆڕاند و ئەردەڵان بێ ئەردەڵانی مایەوە».

مەستوورە خانم دەربارەی گرتنی هەمەدانەوە لەلایەن هێرشبەرانەوە دەڵێ: «ئەو پاشایانەی کە هەمەدانیان گرت، ملیان لە تاڵان و بڕۆی خەڵکی هەمەدان نا و تەنانەت ژن و منداڵی خەڵکی ئەو مەڵبەندەشیان بە دیل گرت و ڕەگەڵ خۆیان خست. ڕێگەی ئەو تاڵانبەرانە کە دەبوایە تاڵان بەرنەوە بۆ وڵاتی عێراق، سنە بوو. وەختێ وردە و یەخسیری هەمەدانییەکان گەیشتنە سنە؛ مەلا عەبدولکەریمی قازی دڵی بۆیان سووتا و دەهانایان هات؛ بەخواهشت یان بەکڕین، ژن و منداڵە دیلەکانی ڕزگار کرد و ناردنیەوە شوێنی خۆیان».

خانمی مێژوونووس وەک پەراوێزێک ئەمەندەشی خستۆتە سەر: «لەو ڕۆژگارەدا کە گلۆڵەی خانەدانی سەفەوی کەوتبووە لێژی، هەموو ئێران ببووە سێ پارچە و هەر پارچەی بە دەست بێگانەیەکەوە بوو؛ خوراسان هەتا فارس و ڕەی و عێراق، ئەفغانی دەیانخوارد، مازندەران پاروە چەورەی ڕووسەکان بوو؛ ڕۆژئاوای ئێرانیش ببووە جێڕاوگەی ڕۆمییەکان واتا دەوڵەتی عوسمانی».

مەستوورەخانم دەربارەی خانەپاشا و حوکمی لە وڵاتی ئەردەڵاندا دەڵێ: «خانەپاشا کە سەر بە عوسمانییەکان بوو، دوای ئەوە دەستی بەسەر سنەدا



گرت، مژدەی سەرکەوتنی خۆی بە هۆی مەلا عەبدولکەریمی قازی ناردە لای سوڵتانی ڕۆمێ و داوای لە سوڵتان کرد کە پووڵ و پارەیەکی بە مەلادا بۆ بنێرێ تا مزگەوت و فێرگە ئایینیەکانی سنە وەگەڕخاتەوە و سازیان کاتەوە و هێندێکانیش لە نەبوو دروست بکا. سوڵتان زۆری ڕێز لە مەلا گرت؛ خەڵاتی کرد و گیرفانی لە پووڵ ئاخنی؛ فەرمانی قازیەتی و مفتیەتی وڵاتی سنەی دایە و ناردیەوە کوردستان. لە ساڵی ١١٣٨ی کۆچیدا لەسەر زەوییەک -کە ئێستا باغە و لە پەنا بنکەی والییەوە هەڵکەوتووە و ناوی باغی فیردەوسییە- فێرگەیەکی ئایینی بناغەی داڕێژرا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەسەرپەرشتیی خانە پاشا سەری گیرا؛ منارەیەکی زۆر بەرزیشی لەسەر قوت کرایەوە».

مەستوورەخانم دەڵێ: «من خۆم ئەو مەدرەسەیەم دیتووە؛ تا زەمانی ئامانوڵڵاخانی دووهەم هەر مابوو؛ بەڵام ئامانوڵڵا خان چونکە ئەو شوێنەی بە شوێنەواری نامۆ و غەوارە دەزانی، چاوی پێ هەڵنەدەهات و بەلایەوە شەرم بووو چاوی پێ بکەوێ؛ فەرمانیدا داریان بەسەر بەردیەوە نەهێشت و تێک و پێکیان دا».

خانمی مێژوونووس لەسەر وتارەکەی دەڕوا و دەڵێ: «دوای ئەوە کە نادر سەری بەرزکردەوە و هێنای شاتۆماسبی کردە بەرزەکی بانان و بۆخۆی هەمەکارە بوو، ملی نا لە هەڵوەژاردنی ئێران لە بێگانان؛ هەر خودی خۆی لەشکری هێنایە سەر کرماشان، هەمەدان،، کوردستان و دەگژ پاشایانی دەستەندەخۆری عوسمانی ڕاچوو. لەشکری ڕۆمی و بابانی خۆیان لەبەر هەڵمەتی نادر نەگرت؛ زوربەی پیاوماقووڵانی کوردستان دەوپێک هەڵپڕژانانەدا، یان کوژران یان دیل و زنجیرکران. خوسرەو بەگی مونشی و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی قازی لە کوژراوەکان و محەممەد عەلی وەکیلی لە زنجیرکراوەکان بوون. نادرشا کە دوژمنی ڕاونا، لە ساڵی ١١٤٢دا هاتە ناو شاری سنە؛ محەممەد قوڵی بەگی وەکیلی داوا کرد، کە لە زینداندا بوو، لێی پرسی: کێی وات پێ شک دێ کە لە بنەماڵەی ئەردەڵانیش بێ و لە

کاروباری فەرمانڕەواییش سەری دەربچێ؟ حەمە قوڵی بەگ سوبحان وێردی خانی کوڕی حەمەخانی ئەردەڵانی بۆ دەس نیشان کرد. بە فەرمانی نادرشا، سوبحان وێردی کرا بە کەلەپوورگری باب و باپیران و پسووڵەی والیەتیی سنەی بۆ ئیمزا کرا».

مامۆستا ناسرخانی ئازادپوور پەراوێزێکی لەمەڕ نادرشاوە نووسیوە کە بێ جێ نییە ئێمەش ڕای گوێزین؛ دەڵێ: «لە ڕۆژگارانی بەر لە سەفەوییەکان و لە دواییشدا، لە دەورانی ئەوانیشدا دەوڵەتی ئێران زۆر لە هۆزە کوردەکانیان بەرەو سنوورەکان کۆچ دەدا، تا کەوشەنەکان بپارێزن و دەگەڵ دوژمنانی ئێران شەڕ بکەن. زۆر لەو هۆزە کوردانە نارداونەتە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی خوراسان و لەوێ نیشتەجێ کراون. یەک لەو هۆزە کوردانە کە لە کەناری وڵاتی خوراسان جێ کراوەتەوە، ناوی هۆزی قەراخلوی بەسەرا سەپاوە کە قەراخ بە کوردی واتا کەنار؛ نادرشا لە تیرەی قەراخلووە و بنیچەی کورد بووە». ناسرخان لەسەر باسەکە دەڕوا و دەڵێ: «ئەگەرچی نادرشا لە کوردستاندا زۆری خراپە کردووە و زۆری کورد کوشتووە و هەموو کوردێک لە ژێر باری گرانی باج و پێتاکی ستەمکارانەی ئەوا ناڵاندوویانە، دیسان ڕیزی لێ دەگرن و خۆشیان دەوێ. نادرشا لە شەڕ و دنیاگریی خۆیدا هەمیشە کوردی کردۆتە مەتاڵ و پێشڕەو. بە گفتی مێژوونووسی ئینگلیسی مامۆستا جیمس فریزەر؛ نادرشا بۆ شەڕی هیندوستان هەمیشە لەشکری کوردانی وەپێش ختسووە؛ حاجی خان ناو کە سەرکردەیەکی کورد بووە، لەو شەڕانەدا ناوی دەرکردووە؛ هەروەها زوربەی ڕاوێژکەرە شەڕانییەکان و کاربەدەستەکانی تری نادر لە کوردەکان بوون. جا ئەم باوەڕ بە کورد کردنە و وەک بۆشمان دەگێڕنەوە، گوایە نادرشا دام و دەستوور و ئاکاری کوردانەی زۆر بەلاوە پەسندبووە؛ تەنانەت لە مەزەبەکەشیان خۆشی هاتووە و ڕیزی لە چاک و پیر و شێخ و مشایخی کورد وەک شێخی مەولانا ناوە. هیچ دوورنییە کە بنیچەی کورد بووبێ».



ئیسماعیلی مەلا حەمەحوسێن لە تاریخە ئەردەڵانەکەیدا کە بە فارسییە، لە ژێر ناوی «عەباس قوڵی خان دووبارە»دا دەڵێ: «کاتێ عەباس قوڵی خانیان هێنایەوە کایە، سیاکێوی بە عەلی قوڵی خانی لەکار بەرکەنارکرا و سپارد. زۆری پێ نەچوو کە دەوڵەتەکانی ئەفغان و تورک و ئێران پێک هەڵپڕژان و تێک چڕژان؛ ئەفغانی ڕژانە ناو ئەسفەهانەوە، شا سوڵتان حوسێن و منداڵ و مەزنی خانەدانیان سەربڕی. خەڵکی ئێران لەو کارەساتە دڵتەزێنە زۆریان دڵ ئێشا و لە هەموولایەکەوە بە گەلەکۆمەگی چوونە جەستەی ئەفغانییە شاکوژەکان. عەباس قوڵی خانی خۆشمان هەزار سواری چەکداری ئازا و بەکاری لە کوردەواری هەڵبژارد و بۆ شەڕی ئەفغانانیی نارد. لە پێک هەڵپڕژانێکا حەوسەد کەس لەو کوردانە لە مەیدانا تخێڵ بوون و سێسەتەکەی تریش بە هەزار ناری عەلی پێستی خۆیان ڕزگار کرد و بە شپرزەیی خۆیان گەیاندەوە کوردستان. لەو پشێوی و پاشاگەردانییەدا عوسمانی هەلیان بە دەرفەت زانی و لە دوو لاوە گەمارۆی ئێرانیان دا؛ قۆڵێکیان لە عەرزەڕۆمەوە هات، ئازەربایجان و وڵاتی خەمسەی داگیر کرد؛ قۆڵەکەی تر لە بەغداوە بەسەرکردایەتیی حەسەن پاشا ناو بەرەو کوردستان ڕاخوشی و کرماشان، برووجرد، نەهاوەند و هەمەدانی گرت و هەر یەک لەو مەڵبەندانە درانە دەست گزیر و سوباشی تورکان. لەو شاڵاوە بەرپانەدا عەباس قوڵی خان و عەلی قوڵی خانی ئامۆزای بە دیل گیران و ئێستاش کەس نەیزانی لە کوێ شرت و گوم کران. جا چونکە خانە پاشای کوڕی سلێمان بەگی بەبە خاکی ئەردەڵانی بۆ تورکان گرتبوو؛ تورک لە پاداشتی ئەم کوردستان گرتنەدا سنەیان پێ بەخشی؛ چوارساڵانی بەسەرڕا گەیشت؛ کە مردیش کوڕەکەی جێگەی گرتەوە».

ئەمجارە بابزانین ئایەتوڵڵا مەردۆخ لەو بارە دەڵێ چی؟ بەفەرموودەی ئەو: «لە ساڵی ١١٣٢دا دوای ئەوە کە عەلی قوڵی خان ڕای کرد و ئەردەڵانی بەجێ هێشت، خانە پاشای بابان بوو بەفەرمانڕەوای سنە. جگە لە سنە هەر لە کەرکووکەوە تا هەمەدانی بەدەستەوە بوو. خانە پاشا

پیاوێکی بێ وەی و مەرد و دڵنەرم و بە مشوور بووە. خەڵکی بەرپێی زۆریان خۆش ویستووە. لە نزیک چوارقەڵای بنکەی فەرمانڕەوای، مزگەوت و فێرگەیەکی گەورەی بنیات ناوە و منارێکی زۆر قیمەتیی بۆ کردووە کە بانگیان لەوێوە داوە. ئەو مزگەوت و منارەیە سەت ساڵ ژیاوە؛ بەڵام ئەمانەڵڵاخانی گەورە بۆ ئەوە یادگاری دوژمنی لەبەر چاو لاچێ، مزگەوت و منارەی لابردووە و باغێکی لە جێگە ناشتووە کە ناوی باغی فیردەوسی بووە. ئێستا ئەو باغەش نەماوە و جێگاکەی مەیدانی ڕاهێنانی سەربازانی دەوڵەتە. خانە پاشا چوار ساڵ بەسەر سنە ڕاگەیشتووە و لە سەفەرە مانگی ساڵی ١١٣٦دا سنەی بە عەلی خانی کوڕی خۆی سپاردووە و بۆخۆی گەڕاوەتەوە بۆ مەڵبەندی بابان. هەر لەو ساڵەدا (١١٣٦) ئاژاوە و پشێوی هەموو ئێرانی وەبەر خۆی داوە. لەلایەکەوە ئەحمەد پاشای بابان هێرشی بردۆتە سەر کرماشان، هەمەدان، بروجرد و نەهاوەندو داگیری کردوون و بەتاڵانی بردوون؛ لەلای عەرزەڕۆمیشەوە سەرکردەکانی عوسمانی مەڵبەندەکانی وان و باشقەڵا و ئازەربایجانیان هەتا خەمسە داگیر کردووە؛ ئەوی لەبەر ئەمانەش ماوەتەوە، ڕووس و ئەفغان تێیدا تلاونەتەوە».

**عەلی خانی بابان**: ئایەتوڵڵا مەردۆخ زیاد لە مێژوونووسەکانی تر، لە بەندێکی تایبەتیدا باسی حوکماتی عەلی خان کوڕی خانە پاشا دەکا و دەڵێ: «لە سەفەرە مانگی ساڵی ١١٣٦دا کە خانەپاشا گەڕایەوە مەڵبەندی بابان، عەلی خان والیەتیی سنەی بەدەست گرت. عەلی خان هەرچەندە تازە و لاویش بووە بەڵام پیاوێکی زۆر نەجیم، خۆش مەشرەف، قسە خۆش و ڕەزاشیرین بووە و مەلاو فەقێی زۆر خۆش ویستووە؛ شەش ساڵان بەوپەڕی هێمنی و بەختەوەری بەسەر سنە ڕاگەیشتووە. ساڵی ١١٤٢ ناوبانگی نادرشا بە ناوی سەرکردەی لەشکری شاتۆماسب بڵاوبۆتەوە. دەنگیش داکەوتووە کە ئەو پیاوە بەکارە، بە لەشکرەوە بەرەو کرماشان و هەمەدان و کوردستان دێت. عەلی خان کە هەستی کردووە



خەڵکی سنە لە ئێران خۆشیان دێ، بێ شەڕ و هەرا بار دەکا و دەچێتەوە وڵاتی بابان. خەڵکی سنە دەس بەجێ وەڵام بۆ شاتۆماسب دەنێرن کە: ماڵ ماڵی خۆتە چی لێ ئەکەی؟ ئەویش لەسەر ڕاوێژی نادر کە لەو دەمەدا ناوی خۆی نابوو تۆماسب قوڵی خان، عەباس قوڵی خانەکەی پێشوو دەکاتەوە والیی ئەردەڵان».

ئایەتوڵڵا ئەمجار لە ژێر سەردێڕی «عەباس قولی خان بۆ جاری دووهەم»دا دەڵێ: «دوای ڕۆیشتنی عەلی خان بەرەو کەرکووک، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١١٤٢دا لەسەر بڕیاری شاتۆماسبی دووهەمی سەفەوی و لەسەر ڕاوێژی تۆماسب قوڵی خانی سەرلەشکر - کە هەر نادر شاکەیە - عەباس قوڵی دەبێتە والیی سنەو تەواو جێگەی خۆی گەرم داناهێنێ کە واز لە ژیان دێنێ و دنیا بۆ سوبحان وێردی خانی کوڕی بەجێ دەهێڵێ».

**سوبحان وێردی خان**: مەستوورەخانم دەربارەی ئەم والییەوە دەڵێ: «بەر لەوە ڕۆمییەکان واتا عوسمانی بێنە ناو ئێرانەوە، سوبحان وێردی خان لە محاڵی ئیسفەند ئاباد دەژیا و بە سەرپەرشتیی زەویوزاری خۆیەوە سەرگەرم بوو. وەختێ کە عوسمانی هاتن و کوردستانیان خستە ژێر چنگی خۆیانەوە، سوبحان وێردی خانیان کردە حاکمی ئیسفەندئاباد و گەڕۆس و خەمسە و نازناوی پاشاشیان دایە و بوو بە سوبحان وێردی پاشا. کاتێ نادرشا هات و کوردستانی کەوتە دەست، سوبحان وێردی خانی لە پاشایەتییەوە کردەوە خان و سەرپەرشتیی وڵاتی ئەردەڵانی پێ ئەسپارد و بۆ خۆشی (نادرشا) ڕووی کردە ئازەربایجان و لەوێوە بەرەو خوراسانی ئاژۆت. شاتۆماسب خولیای وڵات داگیرکردنی کەوتبووە سەر؛ ویستی قەڵا نەگیراوەکانی ئازەربایجان بگرێ؛ بەڵام چونکە ئارەزووی تەواوی نەبوو، چاری ناچار دەگەڵ عوسمانییان دەری نەبرد و ئاشتی کەوتە نێوانەوە و وڵاتە گیراوەکانیشی دایەوە بە تورکانی عوسمانی. هەر لەو سەروبەندەشدا خالید پاشای بابان کە برای خانە پاشا بوو هەڵی کوتایە سەر خاکی ئەردەڵان و دەستی بەسەردا گرت و لە ساڵی ١١٤٤ی کۆچیدا لەسەر

کورسیی حوکمڕانی سنە دانیشت. سوبحان وێردی خان هەر هێندەی بۆ کرا پیلی ماڵ و منداڵی خۆی گرت و پاش دوو ساڵ والیەتی کردن، سەری خۆی هەڵگرت و ڕای کرد بۆ تاران؛ چاوەنۆڕ بوو نادرشا لە ڕۆژێکا بە هانایەوە بێ و بیکاتەوە والیی کوردستان. نادرشا لە دوای شەڕەکانی هەرات بەرەو ئازەربایجان و عێراق بزووت و وەک بزووت کەوتە پووشی گیانی ڕۆمییانی بێگانە و ئێرانی لێ هەڵوەژارتن. سوبحان وێردی خانیش بە یارمەتیی لەشکری نادرشا لە ساڵی ١١٤٥ی کۆچیدا، بابانەکانی ڕاونا و هاتەوە شوێنی باب و باپیرانی خۆی. کاتێ نادرشا هاتە هەمەدان دووکەس لە نزیکانی خۆی بەناوی حاج مستەفا بەگ ئوشترانی و نەزەر عەلی بەگی نارده کوردستان بە شوێن سوبحان وێردی خاندا کە بچێتە هەمەدان و چاوی بە نادرشا بکەوێ. خان بە دەنگیەوە نەچوو، نامەیەکی بۆ نووسی و گوتی: چونکە کوردستان دەبەردەستی ڕۆمیاندا بە تەواوی وێران بووە و دەبێ خەریکی ئاوەدان کردنەوە و بووژانەوەی بم، ناتوانم جارێ ڕەگەڵ لەشکر کەوم. نادرشا بەوە ڕازی بوو کە سوبحان وێردی خان لە کوردستان نەبزوێ، بەڵام هێندێک لە خەڵکی کوردستان خۆیان گەیاندە نادر و زۆریان گلە و گازندە لە خان کرد و بەرتیل و پێشکێشی زۆریان وە ئەستۆ گرت تا ڕازییان کرد کە لە حوکمڕانیی کوردستانی دەرکا».

ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن دەڵێ: کاتی خۆی دەوڵەتی عوسمانی، سوبحان وێردی خانی بەسەر وڵاتی خەمسەوە دانابوو، نازناوی پاشایەتیشی پێ دابوو. ساڵی ١١٤١ی کۆچی (١٧٢٨م) کە نادرشا ئاژاوەی ئێرانی بڵاوە پێ کرد و سوڵتان حوسێنی لە شایەتی خست، سوبحان وێردی کردە فەرمانداری ئەردەڵان و پاشاکەشی بۆ کرد بەخان. لەدوای هێرشەکەی ئەفغانییان و هاتنی تورکان بۆ سەر ئێران، نادرشا ناچار بوو دەگەڵ تورکان بسازێ و بڕیاردرا هەر عەرزێکی پێشوو بە دەست تورکەوە بووە، هەر بە دەستیانەوە بمێنێ و بەجێی نەهێڵن. ئیتر سوبحان وێردی خانی کۆنە پاشاش لەو ناوەدا سەری بێ کڵاو مایەوە و ڕایەڵ و پۆی



لێ ئاڵۆزا. تورکەکان خالید پاشای بابانیان کردە حاکمی وڵاتی ئەردەڵان. دەشڵێن ئەو خالید پاشایە پیاوێکی بێ مشوور و دەستەوستان بووە و شان و شەپیلکی لە فەرمانڕەوایی نەوەشاوەتەوە».

میستر لۆنگریک و مامۆستا ئەمین زەکی بەگ نەیاندرکاندووە کە خالید پاشا یان بەگ ناوێکی بابان، بەسەر ئەردەڵان ڕاگەیشتبێ.

تاریخی مەردۆخ کە بە بڕوای من لە هی مێژوونووسەکانی تر زۆر ڕێکوپێکترە؛ لەو بارەوە دەڵێ: «لە پاش مەرگی عەباس قولی خانی ئەردەڵان، لە مانگی ناوجێژنانی ساڵی ١١٤٣ی کۆچیدا سوبحان وێردی خانی کوڕی لە جێی دانیشت و بوو بە فەرمانڕەوای ئەردەڵان. سوبحان وێردی خان پیاوێکی زۆر لە خواترس و پیاوچاک و دووره زوڵم بوو؛ خۆی لە خەڵکی ڕەمەکی بە زیاتر نەدەزانی و کوردی زۆر خۆش دەویست. زوربەی وەختی خۆی دەگەڵ شێخ جەمالەددینی یەکەم، کوڕی شێخ عەبدولموئمنی یەکەم کە دەبێتە باپیری نووسەری ئەم کتێبە - واتا باپیرە گەورەی ئایەتوڵڵا مەردۆخ - ڕابوواردووە؛ کە ئەم شێخ جەمالەددینە پێشنوێژ و ئیمام جومعە و دەرسبێژی مزگەوتی خانە پاشا بووە. سوبحان وێردی تەنانەت دەرسی ژمارەگەری و شتی تریشی لای شێخ جەمالەددین خوێندووە. شاری سنە لە سایەی سوبحان وێردی خانەوە زۆر ئاوەدان بۆتەوە و دیواخانی دەوڵەتی زۆر ڕێک و پێک هەڵخستۆتەوە. سوبحان وێردی خان، بەخۆی و عێلی ئەردەڵانەوە لە ڕۆژی ٢٨ی مانگی محەڕەمی ساڵی ١١٤٤ی کۆچی لەسەر فەرمانی دەوڵەت چۆتە تاران و هەر لە ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا واتا دوای شەش مانگێک گەڕاوەتەوە سنە.

ساڵی ١١٤٧ی کۆچی، نادرشا لە ئەسفەهانەوە بە نیازی گرتنی شیروان لەشکری بردووە. لە ١٨ی سەفەرەمانگی ساڵی ١١٤٧دا گەیشتۆتە شاری سنە و بووە بە میوانی سوبحان وێردی خان و لە تالاری ڕوو بە تەپۆڵە پەزیرایی لێ کراوە. تالارەکە بیست گەز لە دەگەز پانی و درێژی بووە. نادرشا ئیجازەی داوە خەڵکی شار بێن بۆ دیدەنی کردنی. نادرشا کە لەلای

سەرووی تالارەوە دانیشتووە؛ دەبینێ وا خان لە لای خوارووی تالارەوە وێستاوە. پێی ئەڵێ: سوبحان وێردی خان! ئێمە نەهاتوین جێگەت لێ داگیر بکەین، تالارەکە زۆر بەرفرەوانە؛ ئێمە لە لایەکەوە حوکمی تێدا دەکەین، تۆش لەلایەکی ترەوە حاکم بەو حوکم بکە. سوبحان وێردی خان لە خۆشی ئەو لاواندنەوەیە چاردە هەزار مەن ڕۆن و هەزار تمەن پووڵی نەغد پێشکەش بە نادرشا دەکا. نادرشا لە کورستانەوە بەرەو خوراسان و هەرات دەڕوا؛ ئەحمەد خانی کوڕی سوبحان وێردی خانیش دەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕیش سپی و پیاوماقووڵانی کوردستان کە ئەڵڵاوێردی بەگ و حەسەن بەگی میر ئەسکەندەریش دەگەڵدا بوون بە پێنج سەد سواری شەڕکەرەوە ڕەگەڵ لەشکری نادرشا دەکەون. بەڵام لەسەرەنجامدا خەڵکی سنە چەند شکایەتێک لە سوبحان وێردی خان دەکەن و دڵی نادرشای لێ پڕ دەکەن. نادرشا لە پاش ئەوە کە لە دەشتی موغان تاجی پاشایەتی لە سەر نا، لە مانگی شەشەکانی ساڵی ١١٤٨دا لەم شکایەتانەی پرسیووە؛ سوبحان وێردی خانی لەسەر کار وەلا بردووە و مستەفاخانی برای ئەوی کردۆتە والیی کوردستان. سوبحان وێردی خان لە جاری یەکەمدا پێنج ساڵ و هەشت مانگی فەرمانڕەوایی کردووە».

**مستەفاخانی ئەردەڵان**: تاریخەکەی مەستوورەخانم دەڵێ: «بە واتەی خوسرەو بەگ -کە ئەویش مێژووی ئەردەڵانی نووسیوە- مستەفا خان کوڕی محەممەد خانە. بەڵام لە کتێبەکەی مەلا حەمەشەریفدا هاتووە کە مستەفا خان نەوەی محەممەد خانە و کوڕی عەباس قولی خان بووە، کە بەو حیسابە دەبێتە برای سوبحان وێردی خان. جا کە سوبحان وێردی خان لە شۆفاری کردنی هێندێ کوردستانی لەسەر کار لابرا؛ مستەفاخانی لە جێ داندرا. نادرشا، نەزەر عەلی بەگ ناوێکی لە لایەن خۆیەوە کردە ڕاوێژکەر و دەمڕاستی مستەفاخان کە چاوەدێری لێ بکا. مستەفاخان پیاوێکی بێ ئاوەز و بێ عورزە و خوێڕی بوو؛ گوێلکێک بوو لەو دەشتە؛ هەر هیچی لە هیچ نەدەزانی؛ نەدەیزانی حوکم کردن چۆن دەبێ و نەتەڕەماش! چل ڕۆژ بوو



کرابووە کەوچک بە دەست، کابرایەک بە ناوی مەحموود سارایی بە سێسەد چەکدارەوە ڕژایە ناو شارەوە؛ مستەفاخان هەر گورجێ کلکی دەگەڵۆز گرت و حوکم و شار و هەموو شتێکی بەجێ هێشت و ڕای کرد ئەمما ڕاکردن! نادر شا لەو سەردەمانەدا خەریک بوو بەغدا بگرێ؛ خەبەری بۆ هات کە محەممەد خانی بەلوچ لە شیراز لێی یاغی بووە. لەشکرێکی لە بەغدا بەجێ هێشت و بۆخۆی بە لەشکرێکەوە لە ڕێگەی عێراقەوە بەرەو شیراز و بلوچستان گەڕایەوە بۆ ئەوە ئەم یاغی بووە تەمێ بکا.

دوای ئەوە کە لە بلوچستان گەڕایەوە، چیرۆکی هێرشی مەحموود سارایی و قاچاندنی خوێڕییانەی مستەفا خانی بیستەوە؛ ناردی مستەفاخانیان گرت و لە سەریان دا و لەناویان برد. دیسانەوە سوبحان وێردی خانی – کە دەگەڵ لەشکری خۆی بوو – کردەوە بە والیی سنە».

مامۆستا ناسری ئازاد پوور پەراوێزێکی لە مێژووەکەی مەستوورەخانمدا هەیە؛ دەڵێ: «وەک قازی حەمەشەریف دەگێڕێتەوە، ئەو مستەفا خانە لە بەرانبەر هێرشی مەحموود سارایییدا هیچ دەستی نەکردۆتەوە و دەگەڵ بێگلەر بێگی و پیاوماقووڵانی شاردا لەشار دەرکەوتوون. مەحموود سارایی ملی لە تاڵان و بڕۆ ناوە و تەنانەت فەقێر و هەژارەکان و جوولەکەکانیشی ساف لەساف تاڵان کردووە و چەند کەسێکی کوشتووە و گەڕاوەتەوە شارەزوور».

ئیسماعیلی مەلا حەمەحوسێن لە مێژووی ئەردەڵانەکەیدا دەڵێ: «دوای ئەوە کە نادرشا لەشکری ئەفغانی ڕاو ناو لەشکری تورکانیشی شکاند؛ سوبحان وێردی خانی کردەوە فەرمانڕەوای کوردستان.

لەدوای ساڵ و نیوێک لەسەر کاری لابرد و مستەفاخانی برازای لە جێگەی ئەو کردە والی. بەڵام مستەفاخان کابرایەکی وازوازی و کەللەیی بوو؛ هەر بە گەللایی ڕای دەبوارد و جوچکێکی بۆ لە ئاو نەدەکرا. نادرشا کە زانی کابرا کەری ئەو بارە نییە و ئەرکی سەر شانی خۆی پێ

هەڵناسوڕێ، دەری کرد و دیسان سوبحان وێردیی مامی کردەوە بە والی کوردستان».

مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لای وایە مستەفا خان برای سوبحان وێردی خانە و برازای نییە؛ دەشڵێ: «نادرشا زۆر ڕقی لە کورد بوو، هەر بۆیەش سوبحان وێردیی لابرد و ئەو خوێرییەی لەجێ دانا تا خەڵک دڵیان بشکێ. هەر ئەمەش سەبەب بوو کە خەڵکی کوردستان دژی ئێران ڕاپەڕن و شۆڕش هەڵگیرسێنن».

**سوبحان وێردی خان، دیسان**: لەپاش کوژرانی مستەفاخان، بە فەرمانی نادرشا سوبحان وێردی خان کرایەوە بە فەرمانڕەوای کوردستان. بەر لەهەموو شتێک باسی وێران بوون و لەناوچوونی سنە و تاڵانکراوی و بێ پارە و پوولیی خەزێنەی وڵات و ڕووتی و نەداریی خەڵکەکەی نووک و بەد دە قاقەز کرد و ناردی بۆ لای نادرشا و تێی گەیاند ئەگەر دەوڵەت کۆمەگ نەکا، جگە لە ماڵوێرانی و بەدبەختی لەم وڵاتە سەر هەڵ نادا. دیوانی دەوڵەت بە دەنگیەوە هات؛ جگە لە جیرەی خۆی و پیاوماقووڵانی کوردستان، حەوت هەزار تمەنیش بۆ دیوانی سنە تەرخان کرا. ئیتر لەم ڕێگەوە خەڵکەکە بووژانەوە و هێمنی و ئارامی لە وڵاتا دامەزرا. ماوەی شەش ساڵ بەسەر بەخۆیی و بە شان و شکۆی زۆرەوە، بە والیەتی ڕای بوارد؛ لەم ماوەیەشدا خان ئەحمەد خانی کوڕی والی (سوبحان وێردی خان) دەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوماقووڵانی کوردستان وەک ئەڵلاوێردی بەگ، حەسەن بەگ میر ئەسکەندەری و هی تر، بە پێنسەت سواری چەکدارەوە ڕەگەڵ لەشکری نادرشا کەوتبوون و چووبوونە شەڕی هیندوستان و لە ساڵی ١١٥٢ی کۆچیدا گەڕانەوە کوردستان. خان ئەحمەدخان لەو سەفەرەدا یەکجار زۆری پاڵەوانەتی کردبوو؛ ئازایەتی و ڕەشادەتی ئەو زۆر بەر دڵی نادرشا کەوتبوو، جا لە پاداشتی ئەو ئازایەتییە سەر سووڕێنەرەیدا، کردی بە وەکیلی خۆی لە کوردستان و دەگەڵ شەریف خان و چەند دەسەڵاتدارێکی تردا ناردنیەوە خاکی ئەردەڵان کە ماڵیات بەراورد



کردنیان بە دەست بێ.

نادرشا سوبحان وێردی خانی بردە لای خۆی. جا چونکە ژن و منداڵی خان وەک بارمتە لە ئەسفەهان بوو، بۆ خۆشی لە سەرەتای مانگی سیخوارەوە کە دەبێتە مانگی نۆهەمی ساڵی شەمسی؛ تا سەرەتای خاکەلێوە لە ئەسفەهان مایەوە. وەختێ نادرشا لەسەفەری تورکستان گەڕایەوە و پتر لە سەد هەزار لەشکرچیی دەگەڵ بوو، سوبحان وێردی خان لە ئەشرەفی مازندەران چاوی پێ کەوت. نادرشا زۆری لاواندەوە و دەگەڵ حاجی سەیفەدین خان و حەمەحوسێن خاندا کە ئەوانیش دوو پیاوی پایە بەرزبوون، کردنی بەڕاوێژکەری خۆی و لە هەموو کاراندا تەگبیری پێ دەکردن و نازناوی ڕوکنوددەولەشی دابوویە. خان ئەحمەدخان کە کرابووە وەکیلی شا لە کوردستان، دڵی خەڵکی وڵاتەکەی زۆر لە خۆی ڕەنجاندبوو؛ لەوە دەترسا کە شکایەتی لێ بکەن و دیسان وڵاتەکە بدەنەوە بە باوکی و لەسەر کار نەمێنێ.

هات فێڵێکی کرد؛ لە لایەکەوە دەسکاریی دەفتەری دارایی دیوانی دەوڵەتی کرد؛ پووڵێکی زۆری لەسەر باوکی جێ کردەوە کە وەری گرتووە؛ لە لایەکیشەوە دیاری و پێشکەشی زۆری هەڵگرت و لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی خۆیدا ڕووی کردە قەزوێن بۆ لای نادرشا و هاوڕێکانی تێ گەیاند کە شکایەت لە سوبحان وێردی خان بکەن. ئەو کۆمەڵە لە زنجان و سوڵتانییە گەیشتنە هوردووی نادرشا و دیاری و پێشکەشەکانیان پێ دا. ڕۆژی دوایە دەفتەرداری دیوانی سنەیان بردە لای شا و حیسابە دەسکاری کراوەکەیان نیشان دا و سوبحان وێردی خانیان بە دز و ماڵخۆری دیوان لە قەڵەم دا. بەڵام نادرشا کە خانی زۆر خۆش دەویست، گوێچکەی بۆ قسەی قۆڕی سنەییان شل نەکرد و هەر تماشای دەفتەریشی نەکردن و قسەکەی پێ دەوێ کردنەوە. خان ئەحمەدخان زانیی تیری وەبەرد کەوتووە و بەم فروفێڵە سووک بووە، زۆری لەسەر نەڕۆیشت و پاش چەند ڕۆژێک خوداحافیزیی کرد و هاتەوە کوردستان. بەڵام لە گەڕانەوەدا ڕایان سپارد کە

دەبێ دە هەزار خەڵوار گەنم لە وڵاتی ئەردەڵان بە ناوی ئازووخەی لەشکر (سیورسات) کۆ بکاتەوە و لە کرند و هارِوون ئاباد، عەنباری کا تا لێی وەردەگیرێ.

ساڵی ١١٥٤ی کۆچی کە نادرشا ڕووی کردە داغستان، سوبحان وێردی خانی ناردەوە سنە، تا بۆ خۆی لە کوردستان بێ و خان ئەحمەد خانی کوڕی بە پێنجسەت سوارەوە ساز بکا، تا دەگەڵ شا بچێتە شەڕی داغستان. هەروەها بە فەرمانی نادرشا چوار هەزار سواری چەکداری ئۆزبەگ و ئەفغانی بەسەرکردایەتیی عاشوورخان نرایە بەردەستی سوبحان وێردی کە لە کاتی پێویستدا دەکاریان بهێنێ؛ عەشایەری بڵباسیش کە لە دەوڵەت یاغی بوون، تەنبێ بکا. سوبحان وێردی خان بەو لەشکرەوە هەر کە هاتەوە کوردستان، هیچ گیر نەبوو؛ هەڵی کوتایە سەر بڵباسان و ناچاری کردن خۆ بدەن بە دەستەوە و هەموویان دەستەبەر بوون کە مل بۆ باج و پیتاکی دەوڵەت ڕاکێشن و هەرچی دەوڵەت بخوازێ، ئەوە بکەن. بە پێشکەش و دیاریی زۆرەوە ڕەگەڵ سوبحان وێردی خان کەوتن و هاتن لە چەمەنی سوڵتانییە دایان بە نادرشا. دوای ئەوە خان بە کامەرانی و دڵخۆشی هاتەوە بۆ کوردستان. حەمەقولی بەگی وەکیل کە سوبحان وێردی کردبوویە مەعمووری ماڵیات قەرساندن، سێ چوار مانگێک دوای هاتنەوەی خان، ماڵیاتەکەی کۆ کردەوە و دەفتەری ماڵیاتیان لە داغستان نیشانی نادرشا دا کە زۆری پەسندکرد. لە شەڕی داغستاندا، خان ئەحمەدخان لە ئازایەتیدا هەموو کەسی بەزاند. قەڵای ئای مەکی لە داغستان کە دوو ساڵ بوو ئابڵۆقە درابوو و بە کەس نەگیرابوو، خان ئەحمەدخان توانیی بەردەستی بکا. نادرشا لە پاداشتی ئازایەتیی بێ وێنەیدا کردی بە والیی وڵاتی ئەردەڵان ؛ حەمە قولی بەگی وەکیلیشی کردە وەکیلی ئەو.

نووسراوی مێژووی ئەردەڵانی مەستوورە خانم لێرەدا لەو بارەوە کۆتاییی هات. ئەوجار با بزانین مێژوونووسانی دیکە چییان وتووە؟

ئیسماعیلی مەلا حەمەحوسێن لە مێژووە ئەردەڵانەکەیدا دەڵێ: «ساڵی



١١٤٦ی کۆچی (١٧٣٣ی زایینی) سوبحان وێردی خان بۆ جاری سێهەم کراوەتە والیی کوردستان و تا ساڵی ١١٥٠ی کۆچی (١٧٣٧ی زایینی) بە والیەتی ماوەتەوە. نادرشا لە چەند سەفەرێکیدا ئەحمەد سوڵتانی کوڕی سوبحان وێردی خانی دەگەڵ خۆی بردبوو، زۆری وەبەر دڵ کەوتبوو؛ کردی بە نایبولسەلتەنە و فەرمانی والیەتیی کوردستانیشی بۆ مۆر کرد. ئیتر سوبحان وێردی خان ناوی والیەتیی بە سەرەوە نەما؛ بەڵام ئەحمەد سوڵتان زۆر گوێ لە مست و بەعەمر و نەهی باوکی بوو؛ ئەگەر والیش نەبوو دەستی هەر دەڕۆیشت. تەنیا ئەوە بوو تا ساڵی ١١٥٣ی کۆچی (١٧٤٠ی زایینی)، کە لەو ساڵەدا نادرشا ئەحمەد سوڵتانی بردە لای خۆی و بە فەرمانێک سوبحان وێردی خانی کردەوە والی؛ هەموو کەس هەر ئەحمەد سوڵتانیان بە والیی سنە دەناسی».

ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە مێژووی کورد و کوردستاندا باسەکەی بەم جۆرە هێناوە و دەڵێ:

«لەپاش ئەوە کە مستەفاخان برایە ئەسفەهان و سەری دۆڕاند و نەهاتەوە، لە ڕەجەبە مانگی ساڵی ١١٤٩دا سوبحان وێردی خان کرایەوە بە والیی کوردستان؛ چوار ساڵ و حەوت مانگ والیەتیی کرد. نادرشا لە ساڵی ١١٥٣ی کۆچیدا دوای ئەوە کە لە هیندوستان گەڕایەوە و لێ بڕابوو بچێتە سەر خوارەزم و ئیلیارس (والیی خوارزمێ) تەنبێ بکا؛ سوبحان وێردی خانی بردە لای خۆی. ئەحمەد سوڵتانی کوڕی کە لە شەڕاندا زۆری ئازایەتیی نواندبوو، کردە والیی کوردستان؛ لە جێی باوکی دانا و نازناوی خانیشی خەڵات کرد».

**خان ئەحمەد خانی سێهەم:** دەربارەی حوکمی خان ئەحمەد خانەوە مەستوورە خانم لە مێژووەکەیدا دەڵێ: «خان ئەحمەدخان کە بەوالی داندرا، زۆری لە ئاکاری پێشووی خۆی گۆڕی و دەگەڵ خەڵک و خوادا بە ڕاستی و بە بەزەیییەوە دەبزووتەوە؛ هەموو کەس خۆشیان دەویست و ئاکاری پێشوویان لەبیر چۆوە. پاش ماوەیەک کە بەسەر حوکمڕانی ئەودا تێ پەڕی، وشکە

سـالّی و بێ بڕشـتی و بێ دەغڵ و دانی، کـارێکی وای بەسـەر وڵاتی کوردستان هانی، کە نانێک و گیانێک بەرامبەر بوون. خان ئەحمەدخان دڵی بە برسی و نەداران سووتا؛ هێنای بەبێ پرسی شا و دەوڵەت هەمـوو عـەنبارەکانی دەغڵ و دانی دیوانی نادرشای کـە لە وڵاتا بوو، شکاند و تەنانەت جگە لە ئازووخەی لەشکر؛ ئەوانەی بەناوی خودی نادرشاشەوە لە عەنباراندا بوون، هەمووی بەسەر برسی و هەژاراندا دابەش کرد و خەڵکی کوردستانی لە برسیایەتی ڕزگار کرد. جا چونکە دەیزانی نادرشا دەسەریەوە ناچێ و تۆڵەی ئەو گـەنم و جـۆ بەخشـینەی لێ دەکـاتەوە؛ بەرەو وڵاتی عـوسمـانی ڕەوی و بەو نیازە بوو کە عـوسمـانییەکـان کۆمەگی بکەن و نادرشا نەتوانێ بەردەستی بکا یان سنەی لێ بستێنێتەوە. زاهیر بەگی جاف کە زانیی خان ئەحمەدخان لە سنە تەرەبووە، خۆی لێ سازدا و ڕێگەی پێ گرت. خان ئەحمەدخان، زاهیر بەگی شکاند و بەردەستی کردو سەری بڕی. خالید پاشای بابان کە بیستی خان بەرەو مەڵبەندی ئەو دێت، زۆر پێشوازیی گەرمی لێ کرد و پێکەوە پەیمانی دۆستایەتییان بەست. خان چەند ڕۆژێک میوانی خالید پاشا بوو، لەپاشان بەرەو مووسڵ کەوتە ڕێ. حاکمی مووسڵ حەزی لە چارەی خان نەدەکرد؛ فەرمانی دا دەرگای قەڵایان لە ڕوو داخست و ڕێگەی نەدا بێتە مووسڵەوە. خان دەوری قەڵای دا. لەشکرچییەکانی مووسڵ لەسەر بوورج و قۆنگرانەوە چەکدارەکانی خانیان وەبەر تۆپ و تفەنگ دا و شەڕ گەرم داهات. خان لەو نامەردییەی مووسڵییان خوێنی کوڵی و یەکجێ فەرمانی هێرشی دا؛ پاڵەوانانی ئەردەڵان بە پەناوە هێرشیان برد و قەڵای مووسڵیان بەردەست کرد؛ حاکمیان گرت و ئەویشیان بە دەردی زاهیر بەگی جاف برد. لە دوای لەت و پەت کردنی میوانداری نامەرد، ڕووی جڵەوی کردە لای دیاربەکر و حەڵەب. کاربەدەستانی سەر ڕێگە زۆریان بەخێر هێنا و ڕێزیان لێ گرت. سەرەنجام گەیشتە پاتەختی عوسمانی و ڕێ و ڕاست بردیانە دەرباری سوڵتان، کە ئەوسا سوڵتان مەحموود بوو. سوڵتانی ڕۆمێ سەدری ئەعزەم



و شێخەلئیسلام و وەزیران و کاربەدەستانی خۆی نارده پێشواز و بەخێر هێنانی؛ هەرچی ئیلتیفات و ڕووی خۆشە لە سوڵتانییەوە دیت.

ئەو کاتە کە خان ئەحمەدخان نیازی گرتبوو لە سنە دەرکەوێ، مەنوچەر بەگی ئەردەڵانی ـ باپیری ئەو خوسرەو بەگەی لوب ئەلتەواریخی نووسیوە ـ کە پیاو ماقوولێکی پیر و خۆشەویست بوو لەجێگەی خۆی دانا و ڕای گەیاند کە: ئەم پیاوە وەکیلمە. جا دوای ئەوە ئەو ڕۆیشت و نادر بە هەڵاتنەکەی زانی، ناردی بە شوێن مەنوچەر بەگا و، باس و خواسی لێ پرسی. مەنوچەر بەگ نووک و بەدی کارەساتی بۆ گێڕاوە، کە خەڵک چۆن لە برسان دەمردن و چۆن خان بەزەی پیان داهات و کۆمەگی کردن؛ لەناچاری، گەنم و جۆی ئازووخەی شای بەسەر دابەش کردن، کە لە مردن ڕزگار بن. هەر لەسەر تەگبیر و ڕاوێژی مەنوچەر خان، نادرشا والیەتیی سنەی بە سوبحان وێردی خان سپاردەوە و بۆ سەر کورسیی حوکمڕانی باب و باپیرانی ناردەوە.

**دیسان، سوبحان وێردی خان**: لەپاش هاتنەوەی سوبحان وێردی خان و جێگیر بوونی لەسەر کورسیی والیەتیی کوردستان، خەڵکی شار و دەوروبەری شاری سنە کە لە ترسی شەڕ و ئاژاوە و تۆڵە کردنەوەی نادرشا پەڕەوازە ببوون؛ وردە وردە گەڕانەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵ و شار و شوێنی خۆیان و سوبحان وێردی خان بۆیان ببووە پەناو جێی هومێد و هاواران.

خان ئەحمەدخانی سێهەم کە پەنای بە تورکان بردبوو، بە لەشکر و چەک و ئەسپاباتی زۆرەوە کە تورکان کۆمەگیان پێ کردبوو، لە ڕێگەی ئەرزەڕۆمەوە بەرەو سنە هاتەوە؛ کە سنە، وەدەستە خۆی بخاتەوە. نادرشا بە لەشکری زۆر و گرانەوە بەرەنگاری بوو؛ خان و لەشکریانی هیمدادی تورکان لە شەڕدا شکان و هەڵاتن. دووجاری تریش خان ئەحمەدخان بە یارمەتیی تورکان هاتەوە سەر کوردستان؛ بەڵام هیچ بەهرەی بۆ نەداو هەموو جارێک دەشکا و بەرەو پاش دەگەڕاوە؛ تا سەرەنجام کە سوڵتانی ڕۆم و نادرشا پێکەوە ئاشت بوونەوە، سوڵتان بۆ قازانجی هەردووک

دەوڵەت، خان ئەحمەد خانی کردە میری ئەدرنە و تازە خان ئەو خەونەی لەبیر خۆی بردەوە، کە ببێتەوە والیی کوردستان. تا ما لە ئەدرنە ژیا و هەر لەوێش مرد. دوای مردنی، سوڵتان فەرمانی دا، هەر پووڵ و ماڵێکی هەیە بینێرن بۆ وەزیری بەغدا؛ تا بیداتەوە بە کەلەپوورگرەکانی. سوبحان وێردی خانی باوکی، مەلا ڕەحیم ناوێکی ناردووە، میراتەکەی وەرگرتووە و بۆی هێناوەتەوە سنە. دەشڵێن لەو دەمانەدا کە خان ئەحمەدخان تەرکە وڵات بووە، ئەگەر بەدزیەوە کەسانێکی بۆ سنە ناردووە و کاری نهێنیی پێ سپاردوون؛ هاتوونەتە لای حاجی عەلی کەڵانتەر، کە دەبێتە باپیرە گەورەی نووسەری ئەم مێژووە - واتا مەستوورە خانم - حاجی کەڵانتەر پەنای داون و کاری بۆ پێک هێناون و بە سەلامەت بەڕێی کردوونەوە.

زۆر لە مردنی خان ئەحمەدخانی سێهەم ڕانەبردووە کە نادرشا لە جەنگەی شەڕی بەغدا گرتندا شکاوە و هەتا هەمەدان ڕەتێنراوە و چل ڕۆژ لە هەمەدان ماوەتەوە، تا شکستەی لەشکرەکەی کۆ کردۆتەوە و خەڵکی تریشی دەنگداوە کە دەگەڵیا بچنەوە بەغدا گرتن. لەشکری ئەردەڵانیش بە سەرکردایەتیی حەسەن عەلی سوڵتان کوڕی عەباس قوڵی خانی والی و حەمە سەعید سوڵتان بە هانای نادرشاوە چووگن. هەر لەو سەروبەندەدا مەلیک حوسێن بەگی کەڵانتەر کە دەستەبەری کۆ کردنەوەی ئازووخە بۆ لەشکری نادرشا بوو؛ بۆی نەکرابوو ئەوی لازمە کۆی کاتەوە؛ ناچار ئەویش ڕای کرد و لە شاری بەردەع (شاری بەردەع، ئێستا ناوی باردایە و لە ئازەربایجانی شوورەوییە- هەژار) خۆی گەیاندە نادر شا و خەتای تێشکانەکەی دە سەری سوبحان وێردی خان و پیاوەکانی ئەو هەڵسوو. نادرشا بەو شەیتانییە دڵی لە سوبحان وێردی ڕەنجا. ئەو ساڵە کە مێژوو لە ١١٥٨ی کۆچیدا بوو، ئەوی لە والیەتی لاگرت و کردیە بەگلەر بەگ لە تاران و مەولا وێردی ناوێکی قاجاری قەزوینیی بەناوی گزیر لەسەر سنە دانا.

**دیسان، سوبحان وێردی خان:** ئەو مەولا وێردی خانەی هاتە جێگەی سوبحان وێردی خان، هەرچی کردی و کراندی نە مەولا دە هاواری هات و نە جێگەی سوبحانی پێ پڕ کرایەوە! ئاژاوە کەوتە وڵاتەوە؛ دارا و نەدار، خوێڕی و بەکار، لەچنگانی بێزار بوون و هەرکەسە بەلایەکا خۆی دەدزیەوە. مەولاش دەستێکی کەوتە ئەم لاو دەستێکی کەوتە ئەو لا، ببووە ئاغای بێ ڕەعیەت و ڕەعیەتی بێ ئاغا! ناچار بێ کاروبار لەوەتاغا دادەنیشت و مێشی دەکوشت. شەش مانگێک وای ڕابووارد تا نادرشا بەباس و خواسەکەی زانی و ناردی وەدەریان نا. فەرمان بۆ سوبحان وێردی خان دەرچوو کە هۆری هۆری بچتەوە سەر کورسییە بۆری والیەتی. سوبحان وێردی خان هێندە دەرکرا و هێنرایەوە و هێندەی ئاو و هەوا لێ گۆڕا کە مەپرسە! ئەمجارەش زۆری والیەتی نەکرد. سێ یان چوار مانگ بوو کە دەوری شەشەمی والیەتی ڕادەبوارد، سەلیم پاشای بابانی کە لە چنگ تورکان ڕای کردبوو؛ ببووە پەناهندە لە ئێران و قسەی لە لای نادرشا دەڕۆیشت؛ تکای لە شا کرد کە حەسەن عەلی سوڵتانی کوڕی عەباس قوڵی خان بکاتە والیی ئەردەڵان. نادرشا تکای گرت و دیسان سوبحان دەرکرا و حەسەن عەلی لە جێگەی دانرا.

**حەسەن عەلی خان، کوڕی عەباس قوڵی خان:** حەسەن عەلی خان کرا بە والیی سنە و دەیەویست جێگەی خۆی گەرم دابێنێ و ناوی پیاوە گەورەکان نەفەوتێنێ؛ بەڵام بەناشکوری نەبێ، بەختی نەی هێنا و چەوتی دەکارەکەی کەوت. بە فەرمانی نادرشا، محەممەد قوڵی بەگی وەکیلی والی و کاربەدەستی ئازووخەی لەشکر لە کوردستان، برایە پاتەخت کە حیساباتی خۆی بدا. لەو سەروبەندەشدا، عەبدوڵڵا سوڵتان لە عەشرەتی بەراز و عەلی خانی ئێلاقی و چەند پیاوماقووڵێکی تر خۆیان گەیاندە لای نادرشا و هەتا توانییان بۆ جەنابی وەکیلیان تێ چاند؛ پووڵێکی زۆریان لەسەر جێ کردەوە، کە لە ژێر لیچیدا بوو. نادرشا لەسەر ئەو دزی کردنەی خستیە زیندانەوە و پیاوی لەسەر دانا کە پێنج هەزار تمەنی ڕەقی پێ ڕەت کەنەوە و تۆڵەی هەوەڵ و ئاخری لێ بکەنەوە. وەکیلیان دەست بەستە بە شەقان

هێنایەوە سنە. هەرچی کـوتایـان و جـەزرەبەیان دا، بەهەزار ناری عـەلی توانییان هەزار تمەنی لێ بستێنن. لە جیاتی چوار هەزار تمەنەکەی دیکەش هەردووک چاویان کوڵی و بەجووتە چاوەوە گەڕانەوە بۆ لای نادرشا. هەر لەسەر ئەو بەدحیسابیی وەکیلە، نادرشا لە ساڵی ١١٥٩دا واتا پاش ساڵێک والیەتی کردن حەسەن عەلی خانی هەڵپەسارد و بۆ جاری حەوتەم والیەتیی سنەی بە سوبحان وێردی خان ئەسپارد.

**سوبحان وێردی خان، جاری حەوتەم**: سوبحان وێردی ئەوجاریش هاتەوە سەر کورسیی والیەتیی سنە؛ بەڵام نادرشا نەیدەکرا دەست لە چوار هەزار تمەنەی خۆی بەردا؛ گورجێ سێ کەسی زۆر بەزەبر و زەنگی بەناوی: یەحیا بەگ ئوشترانی، مورتەزا قوڵی بەگی زەنگەنە و قاسم خانی سەرحەد بەگی هەوشاری دەگەڵ سوبحان وێردی خاندا نارد کە ئەو پووڵانە هەر بستێننەوە. دیسان شیشانەوە گیانی حەمە قوڵی بەگی کۆنە وەکیل؛ هەرچی لێیان دا و هەڵیان واسی، بەهیچ ئاوا پووڵە سووتاوێکیان دەست نەکەوت. نادرشا ناردی بەشوێن ئەو سێ قوڵە چۆماغە تازانەدا کە ناردبوونی؛ ئەوانیش بە دەستی بەتاڵ نەیانوێرا بچنەوە لای شا؛ هەرسێکیان بەرەو وڵاتی تورکان قاچاندیان و لەبەر دەستی ئێران دەرکەوتن. نادرشا لە داخان چیی بۆ نەکرا؛ بەهانەی بە سوبحان وێردی خان گرت و لەوالیەتیی دەرکرد. محەممەد ڕەزا بەگی گورجیی کردە گزیر بەسەر وڵاتی ئەردەڵانەوە. بەڵام حەمەڕەزا چە حەمەڕەزا! هەتا بڵێی ڕەزا گران و زمان پیس و کەر و نەفام بوو. کەس نەبوو ددانی خێری پێدا بهێنێ. تەواوی خەڵکی سنە بە گەورە و گچکەوە شکایەتنامەیان لەچنگی نووسی و لەپێش نادرشایان دانا. نادرشا ناچار دەریکرد و دیسان سوبحان وێردی خانی وەبیر هاتەوە و بۆ جاری هەشتەم کرایەوە بەوالی سنە».

**سوبحان وێردی خان، بۆ جاری هەشتەم**: وا دیارە مەستوورە خانم لەو هەموو هەڵبزوق هەڵبزوق و سێ بەگایە پێکردنەی سوبحان وێردی خان وەگیان هاتووە و لە داخان شێعری بۆ گوتووە. سەرەتای باسەکە بە شێعرێک دەس



پێ دەکا کە لە کوردیدا ئەو گۆرانییە دەگرێتەوە کە دەڵێ:

دنیای بێ وەفا، کاروانسەرا ڕەنگ
ساتێ وەدڵ شاد ساتێ وەدڵ تەنگ

ئەم جار بە شوێن تاک بەیتەکەدا دەڵێ: «سوبحان وێردی خان کە بە فەرمانی نادر بۆ جاری هەشتەم کرایەوە بە والیی سنە؛ زۆر بە دڵگەرمی لێ بڕا کە باج و خەراج بە پوختی کۆ کاتەوە و ڕەعیەت دڵخۆش کات و لەشکری ئەردەڵان تەیار و کۆک بکاتەوە. بەڵام لێ بڕان شتێک و بەئاوات گەیشتن شتێکی تر بوو. لە وڵاتی وێرانبووی تاڵانکراوی هیچ بەسەر هیچەوە نەماو، نە دینارێکی دراو دەس دەکەوت و نەفرسەتێکی باشی بۆ هەڵکەوت. جا وەک دەڵێن: مەیموون بۆخۆی زۆر جوان بوو ئاوڵەشی دەردا. لەپڕ و نەکاو خەبەر داکەوت کە: وا چوار هەزار سواری چەکداری ئەفغانی بە فەرمانی نادر هاتوون بەرەو سنە کە باج و خەراجی دواکەوتوو وەرگرن و کۆنە قەرزەکەی دزیەتی حەمەقوڵی بەگی تاینیش تازە کەنەوە. خەڵکی سنە و دەوروبەری، ڕەش و ڕووت و دارا و ساز و ئاغا و نۆکەری، وێکڕا حەپەسان؛ بڕیاریان دا کە وڵاتەکە چۆڵ کەن و خۆیان نیشانی ئەفغانییان نەدەن. ساڵ لە ١١٦٠دا بوو، هەر بەرلەوە ئەفغان بکەونە تاڵان و ڕووتاندنەوەی خەڵکی سنە، خەبەر داکەوت کە نادر شا کوژراوە و داخی پووڵەکەی حەمەقوڵیی بردۆتە قەبرەوە. عالەمەکە بەو خەبەری مەرگی شا زیندوو بوونەوە و نەفەسێکی بەرەحەتیان کێشا و ئارام بوونەوە. ئەفغانەکانی قوڵەچۆماغی نادرشاش کە دیتیان دنیا بۆتە پاشاگەردانی؛ مرخیان خۆش کرد کە تاڵان و بڕۆیەکە هەر بکەن؛ بەڵام ئەمجارە بۆ خەزێنەی دەوڵەت نەبێ و بۆ گیرفانی خۆیان بێ. سوبحان وێردی خان کە زانی چە خەیاڵێکیان دەسەردایە، ناردی بەشوێن سەرۆکەکانیاندا و هەریەکەی بە جیا و بە تەنیا چاو پێ کەوتن و پێی گوتن: لە دەوروبەری سنە عەشایەری زۆری مەڕ لەوەڕێن و کۆچەر هەیە کە زۆر لەشەڕ ئازان و کەس دەرەقەتیان نایە؛ هەمووش پڕ چەکن و سەریان لەشەڕ و ئاژاوە

دەخورێ. ئێمە تا ئێستا لەبەر بەرژەوەندیی وڵات باسی ئەوانەمان لای نادرشا شاردۆتەوە؛ ئێستا لەوەتا خەبەری مردنی شایان زانیووە، لەخۆشیان کەوتوونە قریوە و هەرا و چەند نامەیەکیان بۆ من نووسیووە کە ڕێگەیان بدەم، بێن بەسەرتان دادەن؛ تالاَنتان بکەن و لەت و کوتتان بکەن. بەڵام من کە ئێوە زۆر بەپیاو چاک دەزانم و لێتان ڕازیم، ئیجازەم نەداون. ئێستاش هەتا هەڵتان هەیە، کەوڵی خۆتان ڕزگار کەن... ئەفغانەکان تۆقین؛ هەر قاچێکیان لێ بوو بە باڵێک و بەرەو هەمەدان قاچاندیان؛ سووکێک هەمەدانیان تالاَن کرد و گەڕانەوە ئەفغانستان.

لە دوای مەرگی نادرشا، سوبحان وێردی خان لاگیریی لە ئیبراهیم شای برازای نادر کرد؛ بە لەشکرەوە چوو بۆ هیمەدادی برایم شا. لەم ناوەدا خەڵکی کوردستان ببوونە دوو دەستە؛ هێندێکیان لاگری حەسەن عەلی خان بوون کەببێتە فەرمانڕەوای کوردستان؛ دەستەیەکیش سوبحان وێردی خوازبوون. جا لەوکاتەدا سوبحان وێردی بە لەشکرەوە چووبووە لای ئیبراهیم شا (لە ساڵی١١٦١ی کۆچیدا) حەسەن عەلی خان خۆی بەفەرمانڕەوای کوردستان ناساند. بەڵام جافر سوڵتان و حەمەعەلی سوڵتانی بانەیی هاتنە هاواری سوبحان وێردی خان و حەسەن عەلی خانیان دەرپەڕاند و سوبحانیان لەسەر والیەتی دامەزراندەوە. زۆری نەخایاند کە حەسەن عەلی خان هەڵی دایەوە. ساڵی١١٦٢ دیسان توانیی خۆی بکاتەوە کوێخای سنە و سوبحان وێردی هەڵدێرێ. سوبحان وێردی خان پیلی ماڵ و منداڵی خۆی گرت و خۆی گەیاندە هەمەدان و ئیتر بە یەکجاری وازی لەو زرمەزلیتانە و کورسی گۆڕکێیە هێنا؛ ماوەی پێنج ساڵ لە هەمەدان ژیاو هەر لەوێ مرد؛ لاشەکەیان هێنایەوە وڵات و لە کێوی شەیدا کە لە مەڵبەندی ئێلاقە و گۆڕستانی شەهیدانە، بە خاک ئەسپارد».

مەستوورە خانم دەڵێ: «تا ئێرەم لە کتێبەکەی مەلاحەمەشەریف هەڵگرتووە؛ بەڵام لەو قەرارە کە خوسرەو بەگ نووسیویە، هەر دوای شەش مانگ لە هەمەدان مردووە. بەڵام من وەک لە نەنکم بیستووە؛ کە بۆی



گێڕامەوە و ئەویش خێزانی خوسرەو خانی باوکی ئامانوڵڵا خان بووە و زۆر ئاگای لە چیرۆکی ئەو بنەماڵە بوو؛ پێنج ساڵ مانەوەکەی لە هەمەدان بەڕاست دەزانم».

ئایەتوڵڵا لە تاریخ «کورد و کوردستان» چاپی یەکەم بەرگی دووەم ڕووپەڕی ١٢١ لە ژێر ناوی «حکوومەتی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان»دا دەڵێ: «لە مانگی جیمادی یەکەمی ساڵی ١١٥٣دا ئەحمەدخان لە جێگەی باوکی بۆتە فەرمانڕەوا و لە سەرەتای وڵاتی مووسڵەوە تا ئەوپەڕی خاکی هەمەدانی لەبەر دەستدا بوو.

ساڵی ١١٥٤ی کۆچی، نادرشا کە نیازی هیندوستانی بوو؛ بەپێویستی زانی ئەحمەد خانی دەگەڵ بێ؛ چونکە دەیزانی چۆن ئازا و نەبەردێکە. سوبحان وێردیی بۆ جاری سێهەم کردەوە والی و ئەحمەدخانی دەگەڵ خۆی برد. لە مانگی مەولوودی ١١٥٥واتا پاش ساڵێک و سێ مانگ، دیسان سوبحان وێردی لە کار لابرا و ئەحمەد خان کرایەوە بە فەرمانڕەوای کوردستان ؛ برایم بەگیش کرا بە وەکیلی خان. لە مانگی دوای مانگی مەولوود، خان ئەحمەدخان هاتەوە سەر کورسیی فەرمانڕەوایی. هەر لەو ساڵەدا قاتی و گرانییەکی زۆر بەسام ڕووی کردە کوردستان، خان هەرچی گەنم و جۆی ئازووخەی دەوڵەتی بوو دای بە برسی و هەژاران. زۆری پێ نەچوو شا پیاوی خۆی نارد کە گەنم و جۆکەی بۆ بارکا، کابرا دیتی دەنکێکیشی نەماوە. ئەویش نامەیەکی پڕ لە شەیتانیی لەو بارەوە بۆ نادرشا نووسی؛ شا زۆری ڕق هەستا و فەرمانی لەسەردانی خانی دەرکرد. دۆستانی ئەحمەدخان بەر لەوە خەبەرەکە بگا، خانیان ئاگادار کرد. خان بە دووهەزار سوارەوە ڕوو وەخاکی عوسمانی ڕەوی؛ کاتێ گەیشتە شارەزوور، زاهیر بەگی جاف هات ڕێگەی لێ گرت و بوو بەشەڕیان. زاهیر بەگ دەگیرێ و دەکوژرێ. خان پاش ئەو شەڕە گەیشتە شاری سولەیمانی. خالید پاشای بابان بە دیاری و پێشکەشەوە پێشوازیی لێ کرد و خۆی بە دەستەوبەستەی خان لە قەڵەم دا. خان خالید بەگی بەسەر وڵاتی بابانەوە

دانا و بۆ خۆی بەرەو مووسڵ بزووت. حاکمی مووسڵ بەگژیدا هات و بوو بە شەڕیان؛ حاکمی مووسڵ کوژرا و مووسڵ گیرا. بە فەرمانی خان، محەممەد چەڵەبی ناوێک بەسەر مووسڵەوە داندرا. خان لە ڕێگەی دیاربەکر و حەڵەبەوە پاش مانگێک و چوار ڕۆژ سەفەر، گەیشتە ئەستەمبووڵ. بە فەرمانی سوڵتان مەحموودی عوسمانی، سەدری ئەعزەم و شێخەلئیسلام و کۆمەڵێک لە پیاوماقووڵ و کار بەدەست بەپیریەوە چوون و لە قەسرێکدا لەسەر حیسابی دەوڵەت دامەزرا و زۆر بە قەدرەوە پەزیراییی لێ کرا. پاش چەند ڕۆژێک لەلایەن سوڵتانەوە کرا بە فەرمانڕەوای ئەدرنە و خۆی و هاوڕێکانی لەوێ نیشتەجێ بوون. نادرشا دوای ئەو هەڵاتنەی ئەحمەدخان، سوبحان وێردی خانی باوکی بردە تاران و کردیە بێگلەربێگی تاران.

ساڵی ١١٥٦ی کۆچی، حاج مەولا وێردیخانی قاجاری قەزوینی بە فەرمانی شا بەسەر سنەوە داندرا. حاج مەولا وێردی شیعایەتیی دەکرد و زۆریش کەربوو؛ بە حاستەم توانی ساڵێک لە سنە هەڵکا. نادرشا ئەویشی لاگرت و بۆ جاری چوارەم سوبحان وێردیی لەسەر کورسی سنە قوت کردەوە؛ نزیکەی هەزار سوارێکی ئەفغانیشی بەسەرکردایەتیی محەممەد ڕەزا بێگی گورجی کوڕی بابا کەریم ناوێک، بەناوی نایبی والی بۆ باج و ئازووخە کۆکردنەوە ڕەگەڵ خست. هەروەها بە فەرمانی نادرشا لە تۆڵەی تالان کردنی عەنبارەکانی دەوڵەتی، دە هەزار تمەن لە برایم بەگی وەکیلی خان ئەحمەد دەستێنن. حەمەرەزا بەگ کە سەرکردەی سوارەکانی ئەفغانی بوو پیاوێکی زمان پیس و بەدفەڕ بوو؛ خەڵک زۆری لێ وەزاڵە هاتبوون، خەیاڵی شۆڕش کردنیان لەسەردا بوو کە بەهەر چۆنێک بێت وەدەری نێن. ڕۆژی ١٦ی جیمادی یەکەمی ساڵی ١١٦١ی کۆچی خەبەری کوژرانی نادر شا دەگاتە کوردستان. سوبحان وێردی خان دەسبەجێ حەمەرەزا بەگ و چەند سەرکردەیەکی تری ئەفغانی و خوراسانی بانگ کردە لای خۆی و بەنهێنی خەبەری کوژرانی نادرشای پێ دان. بەرلەوە خەڵکی سنە پێ بزانن. هەزار تمەن دراو و دە خەڵاتی بە دیاری دانێ و هەمووی بە شەو لە



سنە دەرباز کردن. بەیانی کە خەڵک بەو کارەساتەیان زانی، لێ بڕان بچن تۆڵە لە ڕەزابەگ بکەنەوە؛ بەڵام سوبحان وێردی نەیهێشت وەشوێنی کەون.

دوای حەوت مانگ لە مەرگی نادر شاوە، برایم خان برازای نادرشا کە خۆی ناو نابوو عادڵشا و دەیەویست خۆی بکاتە شای ئێران؛ والیەتیی کوردستانی بۆ حەسەن عەلی خان مۆرکرد و سوبحان وێردی لە والیەتی خرا. سوبحان وێردی خان هەر لەو ساڵەدا کە ١١٦١ بوو لە هەمەدان مرد و لاشەکەیان هێناوە لە کێوی شەیدای کوردستان بە خاکیان سپارد. سوبحان وێردی خان هەشت جاران کراوەتە والی و دەرکراوە و ماوەی حوکمی بە تێکڕایی ١٨ ساڵ بووە».

**حەسەن عەلی خان**: لە پاش لادانی سوبحان وێردی، حەسەن عەلی خانی برازای کرایە والیی کوردستان. چەکدارێکی یەکجار زۆری لە ئەفغانی و ئۆزبەگ و قزڵباش و کورد – کە سەریان لە دەهەزار دەدا– لە دەوری خۆی کۆکردنەوە. ئیتر بەو لەشکرە زۆرەوە تەواو لە خۆی بایی ببوو، ملی نا لە تالان و بڕۆی هاوسایانی و کەس نەبوو لەبەری بکۆخێ.

ساڵی ١١٦٢ میهر عەلی خان ناوێک کە دەگەڵ عەشرەتی زەند دوژمنایەتیی سەختی بوو، پێشیان نەدەوێرا. هاواری بۆ حەسەن عەلی هێنا، ئەویش دەهانای هات و چەکدارانی ئەردەڵانی و ئوزبەک وئەفغانی دەنگدا کە بچنە سەر زەندان. لە دەوروبەری مەلایر لەشکری زەند و ئەردەڵان پێک هەڵپڕژان و لە هەردووک لا زۆر کوژران و زۆر لە پیاوانی سەرناسی زەند سەریان تێداچوو، لە ئاکامدا ئەردەڵانی سەرکەوتن و زەند هەڵاتن و تالان و ماڵێکی زۆریشیان دەست لەشکری ئەردەڵان کەوت. حەسەن عەلی خان، میهر عەلی خانی بردەوە سەر شوێنی خۆی و دامەزراندەوە و دیاری و پێشکێشێکی زۆر و وزەبەندەی لێ ساند و هاتەوە کوردستان. دوای ئەم شەڕە زۆری نەبرد، شەڕێکی تر دەگەڵ ئیمام قولی زەنگەنە قەوما؛ هۆیەکەشی ئەمە بوو:

دوای بەکوشت چوونی نادرشا، دوو برازاکەی کە ناویان عەلی و برایم بوون سەریان لە پادشایی دەخورا. هەریەکەی دوو سێ مانگێک هەرا و هوریایان نایەوە و پووچانەوە. لە زۆر جێگەی دیش هەر کەسێک تۆزێک زۆری لە خۆدا شک دەبرد، ملیان قوت کرد و کوێخایەتیی وڵاتیان بەهی خۆیان دەزانی. یەک لەوانە ئیمام قولی زەنگەنە بوو کە لە زەنگەنە و کەڵوڕ و گۆران و خەڵکی تری کرماشان دەبدەبە و سەنسەنەیەکی پێکەوە ناو تۆپ و تۆپخانەیەکی ساز دا و هاتە گۆڕێ. دەستی کرد بە تاڵان و بڕۆ و داگیرکردن و ئاگری تەنیەوە بۆ وڵاتی جیرانی ئەردەڵانییەکان. گوێی نەدایە ئامۆژگاریی والیی ئەردەڵان و دەستی کێشایە بیلاوەر و تاڵان و وێرانی کرد. حەسەن عەلی خان لەناچار بە لەشکرەوە خۆی گەیاندە بیلاوەر و پێشی بە ئیمام قولی گرت و شەڕێکی زۆر خوێناوی ڕووی دا. لە ئاکامدا دوژمن شکا و زۆربەیان بەیەخسیر گیران. ئیمام قولی بەهەزار چەرمەسەرە کەوڵی ڕزگار کرد و هەرچی تاڵان و ماڵیان بوو، هەر لە کۆس و کەرەنا و خیوەت و خواردەمەنی و چەک و ئەسپاباتەوە دەست ئەردەڵانییەکان کەوت. ئیتر کرماشان، مەلایر، سەنقور، گلپایگان، بروجرد، کزاز، فراهان و زۆربەی عیراقی عەجەم کە دەپێشدا سەر بەئیمام قولی بوون هاتە بەر حوکمی والیی ئەردەڵان و گزیری خۆی لەسەر دانان و گەڕایەوە بۆ کوردستان.

هەر لە بڕانەوەی ئەو ساڵەدا (١١٦٢) سولەیمان پاشای بابانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە لەکار بەرکەنار کرا و سەلیم پاشای ئامۆزای لەجێ داندرا. سولەیمان پاشای دەرکراو هاتە سنە و پەنای بەحەسەن عەلی خان برد و دامەزرا. سەلیم پاشا داوای کرد کە سولەیمان پاشا پەنا نەدات. حەسەن عەلی خان بەوپەڕی لەخۆبایی بوونەوە وەرامی داوە و گوتی پەنا بەری خۆم دەرناکەم و هەرچییەک دەکەن بیکەن. سەلیم پاشا ڕووداوی بەوەزیری بەغدا ڕاگەیاند. وەزیر بەیەکێک لە گەورە پیاوانی بەغدادا نامەیەکی بۆ حەسەن عەلی خان نارد، کە خۆت دەزانی مەڵبەندی بابان



سەر بە دەوڵەتی عوسمانییە؛ کێ دەرکەن و کێ سەرخەن، هەر خۆیان حەساون. ئێستا سولەیمان دەرکراوە و سەلیمی لە جێ داندراوە. تۆ کە هاوسای دەوڵەتی عوسمانیت، نابێ دەست دەکاروباری وەردەی و دوژمنەکەی بحاوێنییەوە و دۆستی بەردەی. ئەگەر دەست لە سولەیمان هەڵنەگری، ئێمە ناچار (کەهی)ی بە لەشکری زۆرەوە دەنێرینە یارمەتیی سەلیم پاشا و ئەوی خۆت دەزانی چیت بەسەردێت. زۆر لەپیرەپیاوانی دنیادیتە و زانای وڵات نەیاندەویست دەوڵەتی عوسمانی لە خۆیان دڕدۆنگ بکەن. بەڵام حەسەن عەلی خان گوێی بە ئامۆژگاری کەس نەدا و کابرای ڕاسپاردەی بە هەزار گەف و هەڕەشەوە وەسەر وەزیری بەغدا کردەوە.

وەزیر لەشکرێکی بیست هەزار کەسیی لە عەرەب و یەنیچەری و چەکدارانی حەتەم ئاغای حاکمی مووسڵ و عوسمان پاشای حاکمی کۆیە و قوچ پاشای حاکمی حەریری نارده هیمدادی سەلیم پاشا و هاتنە سەر خاکی ئەردەڵان و ملیان لە وێرا کردن و تاڵانی کوردستانی نا، حەسەن عەلی خان دە هەزار چەکدارێکی ساز کرد کە پێشیان لێ بگرێ. سەلیم پاشا کە تەنیا کڕیاری کەوڵی سولەیمان پاشا بوو. دیسان ویستی بێ شەڕ بەئاوات بگا. فەرهاد خانی کوڕی خۆی نارده لای حەسەن عەلی خان کە سولەیمان بدەنەوە و هیچ خۆیان شەڕ نەکەن. حەسەن عەلی خان گرەگرەی سنەییی کۆکردەوە و تەگبیری پێ کردن کە چی بکەن چاکە؟ مەلا مستەفای شێخەلئیسلام و برایم بەگی وەکیل وایان بەباش زانی کە نابێ دەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی تێک بگیرێن و پێویستە هەر کەسێکی ئەوان لە شوێنێکی دادەنێن، دۆستایەتی دەگەڵ ئەو بگرن. بەڵام عەبدوڵڵا سوڵتان بەراز کە زاوای حەسەن عەلی خان بوو دەگەڵ مەلا حوسێن دەیانگوت: «سولەیمان پاشا پەنای هێناوە و ئەگەر لەسەری نەکەینەوە ئابڕووی خانەدانی ئەردەڵان دەڕژێ. لەلایەکیشەوە ئێمە زۆر بەهێزو توانایین و دەتوانین دوژمنان ڕاونێن؛ شەڕ بکەین باشترە» لەو ناوەدا خوسرەوخان

کوری خان ئەحمەدخان و جافر سوڵتان و زۆر لە پیاوماقووڵانی کوردستان تەگبیری برایم بەگ و مەلا مستەفایان پەسند کرد و ئەم شەڕەیان پێ باش نەبوو. بەڵام حەسەن عەلی خان جگە لەوە کە پیاوێکی زۆر لاسار و لە خۆبایی بوو، سەلیم پاشاش چونکە وەختی خۆی دەگەڵ برایم شادا هاوکاریی کرد بوو، زۆری ناخۆش دەویست ئیتر قسەکەی نەبیست و فەرهادخانیشی بەدەستی بەتاڵ ناردەوە.

شیعر

خودا کە ویستی بەدبەختت بکا
دەبێ لاسار و سەرسەختت بکا

سەلیم پاشا کەزانیی (کوتک دەزانی قۆناغ لە کوێیە) دەنگی لەشکری لێدا و لە ڕۆخ دەشتی مەریوان تووشی لەشکری حەسەن عەلی خان هاتن کە چەکدارەکانی حەمەدەمین خانی گەڕووسیشیان دەگەڵ بوو. هەر لە بەرەبەیانەوە شەڕێکی زۆر بەسام ڕووی دا و دەئێوارەدا لەشکری ئەردەڵانییان شکا. سولەیمان پاشاش بەخۆی و چەند کەسێکەوە، کەوڵی خۆیان دەرباز کرد. مانگی ڕەمەزانی ساڵی١١٦٣ بوو، حەسەن عەلی خان بەشەرمەزاری خۆی کوتایەوە شاری سنە. کەهیا و لە شکری عوسمانی کەوتنە شوێنی و ناچار لە سنەش ئۆقرەی نەگرت و بەرەو لەیلاخ (ئێلاق) قاچاندی. لەشکری دوژمن لە گوندێکی سێ کیلومیتری ڕۆژاوای سنە ئۆردوبەزی کرد و بەپانەوە ڕژانە شارەوە و ماوەی سێزدە ڕۆژی تێدا مانەوە و شەلم، کوێرم، ناپارێزم، موسوڵمان و هەرمەنی و جوولەکەیان نەدەزانی؛ هەرچی گیریان کەوت بەتاڵانیان برد و هەر کەسیش تۆزیک خاوەن ناوبوو بەماڵەوە بۆ حەریر و کۆیە و سولەیمانییان دوورخستنەوە؛ ئەوسا گەڕانەوە.

حەسەن عەلی خان هاتەوە سەر هەواری خاڵی و پاش وێران بوون، سەری لە سنە هەڵێنایەوە. دەیەویست بەیارمەتیی خوسرەو بەگ و میر عەلی سوڵتان و نەجەف قوڵی بەگ کە پیاوی سەرناسی وڵات بوون،



سەروبەرێک بە وڵات بدەنەوە. بەڵام کار لەوە گەندتربوو کە ئەوان بیریان لێ دەکردەوە.

برایم بەگی وەکیل کە هەر لە سەرەتاوە دژی شەڕ دەگەڵ عوسمانی بوو. لە جەنگەی شەڕەکەدا خۆی دا لای عوسمانییان و لە شکانی خانی ئەردەڵاندا دەستێکی باڵای هەبوو. لە پاش شکانی خان، دەگەڵ لەشکری بابان هاتەوە وڵات و ڕووی کردە لای ڕوانسەر. لەگوندی ئەڵک قەڵایەکی قایمی بنیات ناو پاڵەنگان و بیلاوەریشی دەست بەسەرا گرت و لە خان یاغی بوو. زۆر کەس لە خەڵکی سنەش کە هێندێک ماڵ و کەل و پەلیان لە تالانی بابان بۆ دەرچووبوو، خۆیان گەیاندە لای برایم بەگ. برایم بەگ وڵامی بۆ کریم خان و شێخاڵی خانی زەند نارد، کە هەلە و بگەنە سنە و داگیری کەن.. کەریم خان و شێخاڵی خان بەبیست هەزار سواری خۆیان و عەشایری کرماشان و زەنگەنەوە هاتنە جەستەی حەسەن عەلی خان. حەسەن عەلی خان کە تەواو بنێشتی لێ پوچەڵ ببوو، پەنای بە پیر و کەیخودایان برد کە تەگبیری بۆ بکەن. لەسەر بڕیاری ئامۆژگاریکەران (شێخ محەممەد وەسیم) فەقیر و فوقەرات و لات و پاتی سنەی ڕەگەڵ خۆ خست و پەنای بە چیای هەورامان برد. مەلا مستەفا شێخەلئیسلامیش دەگەڵ نەجەف قولی بەگدا، بەرەو هۆردووی کەریم خان وەڕێ کەوتن کە وا بکەن کەریم خان دەست لە سنە و حەسەن عەلی خان هەڵگرێ. ئەو دووانە لەگەڵ باسی نەداری و بەدبەختیی خەڵکی سنە کە ڕۆمی تالانیان کردوون و هیچ ئاشتەبایان پێ نەهێشتوون و، زۆریشیان ئازار داون، پێشنیاریان بە کەریم خان کرد کە وا باشە هەر بشبێتە خزمی حەسەن عەلی خان و خوشکەکەی بخوازێ و ئەگەر بە مەسڵەحەتی زانی، ژن بە ژن بکەن و خوشکی کەریم خانیش بدرێ بە حەسەن عەلی خان و، بۆ هەمیشە نێوانیان خۆش بێت. کەریم خان لە وەرامی ئەم قسە خۆشانەدا گوتی: خۆ ئێمە دەگەڵ بنەماڵەی ئەردەڵاندا زۆر لەمێژە خزمین. سوبحان وێردی خان خزمی نزیکمان بوو، ئیتر خزمایەتی تازەکردنەوەی بۆ چییە؟ بەڵام من ئارەزوومە

سەرێک لە ماڵە خالآنی خۆم بدەم و چییان پێداویست بێ بۆیان بکەم.

حەسەن عەلی خان هەر دوای ناردنی ئەو ڕاسپاردانە، ماڵ و مناڵی خۆی ناردبووە قەڵای (قەرەتورە) کە زۆر قایم بوو. هەر کە ڕاسپاردەکان گەڕانەوە و وەڵامی کەریم خانیان بۆ گێڕاوە و خەبەریش داکەوت کەوا کەریم خان بەرەو سنە ڕێکەوتووە، بێ خۆگرتن خۆی گەیاندە قەڵای قەرەتوو و خۆی بۆ شەڕ ئامادەکرد.

لە سبەینێڕا کە ڕۆژێکی گەرمی تەمووزی هاوین بوو، کەریم خان بە لەشکرەوە ڕژایە سنە و هەرچی لە دەست تالآنی ڕۆمیان ڕزگار ببوو، موسڵمان و گاور و جووی ساف لە ساف تالآن کرد و لە وەندەی مابوو لە ویشی کردن. سولەیمان پاشای هەڵاتووش کە بە چیای پالنگانەوە سەرگەردان دەخولاوە، هاتە سنە و ڕەگەڵ کەریم خان کەوت.

کەریم خان مزگەوتی جومعەی سنەی کردە بنکەی خۆی و هەموو مزگەوت و مەدرەسەکانی تری شار کرانە تەویلەی ئەسپ و جێ خەوێ چەکدارەکانی. هەر کەسیان لە خزمانی حەسەن عەلی خان بەردەست کەوت یان کوشتیان یان بەلێدان و جەزرەبە نیوە گیانیان کرد، هەرچی بۆی کرا ڕابکا، هەمووشتێکی بەجێ هێشت و هەڵات.

خوسرەوخانی کوڕی ئەحمەدخان بە هومێدی ئەوە کە ڕەنگە کەریم خان ئەو لە جێگەی حەسەن عەلی خان لەسەر سنە دانێ، هەڵنەهاتبوو. کەریم خان ناردی کە دڵخۆشیی شێخ محەممەد وەسیمی بۆ بداتەوە کە دەگەڵ خەڵکە ئاوارەبووەکان لە هەورامانەوە بێتەوە سنە. خوسرەوخان کە دەیزانی کەریم خان نیازی چییە؛ لەو سەفەرە دەرفەتی هێنا و ئیتر نەهاتەوە.

کەریم خان چەند کەیخودایەکی ناردە لای حەسەن عەلی خان کە شەڕ نەکا و بێتەوە؛ بەڵام جوابی نەدرایەوە. لە تۆڵەی ئەم یاخی بوونە، کەریم خان شێخاڵی خانی بە لەشکرێکی زۆرەوە ناردە سەر قەڵای قەرەتوو. بەڵام قەڵاکە ئازووقەی تەواوی هەبوو، سێ سەد پیاوی زۆر بەکار و



پیاوماقووڵیشی تێدابوو، پیاوانە وەدەست هاتن. تۆپ و تفەنگی لەشکری کەریم خان چی بۆ لەگەڵ قەڵا نەکرا و گەمارۆدەر بەناهومێدی گەڕانەوە. هەروەها لەشکرێکیش کە چوبوونە هەورامان بۆ بەردەست کردنی شێخ وەسیم و هەوالآنی، زۆر خوێڕیانە شکان و بە هەڵەداوان خۆیان دە سنە هاویشتەوە. ئیتر کەریم خان هەر بەتەواوی لە دین دەرچوو؛ ئاگری بەردایە شاری سنە و زۆربەی خان و بەرە و مزگەوت و مەدرەسەی سنەی کردە مشکی و خۆڵەمێش. ئەوسا سنەی بەجێ هێشت و ڕوی کردە گەڕووس؛ حەمەدەمین خانی حاکمی گەڕووس و هەموو ڕەعیەتەکانی تالآن کرد. هێندێک لە ژن و کچەکانی خانی گەڕووسیشی بەدیل و گرت و خورشید خانمی کچی حەمەدەمین خانی بەزۆر کردە ژنی خۆی. خانیشی لە پاش دارکاری کردنێکی زۆر، دەگەڵ سلێمان پاشای بەبە خستە تەک خۆی و ڕووی کردە عێراق.

پاش ڕۆیشتنی کەریم خان، حەسەن عەلی خان لە قەڵا هاتەدەر و هاتەوە شاری سنەی وێران و سووتاو و تالآن کراو. چاری ناچار خۆی گەیاندە ئازاد خانی ئەفغانی کە داوای پاشایەتیی ئازەربایجانی دەکرد و خۆی کردە یەکێک لە دۆست و هاوکارانی. هەر لەو سەروبەندانەشدا سەلیم پاشای بابان بە هەزار چەکدارێکەوە خۆی گەیاندە ئازادخان و پوڵێکی زۆری پێ پێشنیار کرد کە لە باتیان وڵاتی ئەردەڵانی بداتە دەست. ئازادخان بە پوڵی زۆر، چاوی لە ئینساف و پیاوەتی نوقاند و حەسەن عەلی خانی دوژمنی سەلیم پاشای، دەسبەستە دایە دەس سەلیم پاشا و ئەردەڵانیشی پێ بەخشی. سەلیم پاشا، حەسەن عەلی خانی ناردە (قەڵاچوالان). سەر لە هەوەڵەوە زۆری قەدر دەگیرا؛ زۆرجاری وا هەبوو دەردەکەوت و دەچووە ڕاوێ و دەگەڕاوە. بەڵام قسەی شۆفاران کاری خۆی کرد، پاش حەوت مانگ لە زینداندا مانەوەی لە ساڵی ١١٦٤دا کوژرا. ئیتر لەو ساوە سەلیم پاشا بەخاترجەمی بەسەر شارەزوور و مەڵبەندی بابان و وڵاتی ئەردەڵان ڕادەگەیشت.

به گفتەی خوسرەو بەگ، دوای ئەوەی سەلیم پاشا دەستی بەسەر ئەردەڵاندا گرت. خالید پاشای بابان، وەزیری بەغدای تاوکرد کە وا بکا: دەوڵەتی عوسمانی حکوومەتی بابانی بداتێ. وەزیر کاری پێک هێنا، سەلیم پاشا کە دەردەکرا پەنای بە ئازادخان برد. لەو دەمەدا بوو کە کەریم خان هێرشی کردە سەر سنە و سووتاندی. خەڵکی وڵات لە سەلیم پاشا ڕاپەڕین و دەریان پەڕاند و کەریم خانی برای حەسەن عەلی خانیان کردە فەرمانڕەوای خۆیان.

بەڵام لە کتێبەکەی مەلا محەممەد شەریفی قازیدا نووسراوە: دوای ئەوەی سەلیم پاشا لە حوکم لادرا، سولەیمان پاشا حوکمی کەوتەوە دەست. بە ئەمەگداری لە حەسەن عەلی خان کە لەسەر ئەو بە کوشت چووبوو تکای لە داشتەمرخانی ئۆزبەگ کرد کە یاریدەی بدا و پێکەوە کارێکیان کرد کەریم خانی برای حەسەن عەلی خان بکەنە فەرمانڕەوای سنە. هەر ئەویش نووسیویە کە بە حوکمی ئازادخانی ئەفغانی، سوبحان وێردی خان ساڵی ١١٦٤ کراوەتە والیی کوردستان. بەڵام کە نووسراوە سوبحان وێردی خان ساڵی ١١٤٧ مردووە، ئەم قسە هیچ بەعەقڵەوە نانووسێ.

**کەریم خان کوڕی عەباس قولی خان**: کەریم خان چەندی خوا حەز کا، بەدفەڕ و جوت قۆشە و چوار مۆر و نامەرد بوو. لاسارێک بوو گوێی بە کەس نەئەدا. خۆیشی هیچی لە فەرمانڕەوایی نەدەزانی. بۆ نموونە دەگێڕنەوە: کابرایەک شەو دزێکی لە ماڵی خۆیدا گرتووە و دەستی بەستووە و بە دزەوە چۆتە شکایەت لای خان؛ بەڵام دزە خزمی کابرایەکی ناسیاوی خان بووە. خان فەرمانی داوە هەرتک گوێی ماڵ دزراوی بڕیوە و دزی بەرەڵدا کردووە. وەک باسمان کرد کە لە شەڕی نێوان سەلیم پاشا و حەسەن عەلی خاندا، برایم بەگی وەکیل خۆی کردبووە هەمەکارەی پاڵنگان و بیلەوار و ببووە دۆستی عەشرەتی زەند، دیسانەوە کەریم خانی زەندی هان دا کە بێتەوە ویزەی کوردستان. کەریم خانی زەند سێسەت سواری بەسەرکردایەتیی یاروەیس خان نارده لای برایم بەگ؛ کە ئەویش دووسەد چەکدارێکی



هەبوو. ئەو پێنچسەت چەکدارە بەرەو سنە هاتن و گەیشتنە گوندی دوشان. کەریم خانی ئەردەڵان کە دەخۆی ڕانەدەدی شەڕ بکا. دەگەڵ پیاوماقووڵانی سنەیی، لە بەفر و سەرمای سەختی زستاندا، بۆ هەورامان ڕای کرد و لەگوندی شامیان ئەو زستانەی بەوپەڕی شپرزەییەوە بردەسەر. سەرەتای بەهار خۆی گەیاندە شارەزوور و پەنای بەپاشای ئەوێ برد. دەڵێن هەر ئەو ساڵە کەریم خان مردووە و کوردستانی ئەردەڵان بێ حاکم ماوەتەوە. لە ساڵی ١١٦٥دا خوسرەوخان کوڕی ئەحمەد خان و نەوەی سوبحان وێردی خان سەربەخۆ خۆی کردۆتە والیی کوردستان و ساڵێک بە والیەتی ماوەتەوە.

لە ساڵی ١١٦٦دا سەلیم پاشای بەبە بەیارمەتیی ئازادخانی ئەفغانی، سنەی گرتەوە و خوسرەو خانی لێ وەدەر ناوە. سەلیم پاشای بابان چوار ساڵ سنەی لە دەستا بووە. ئەگەرچی زۆر لە پیاوماقووڵانی سنە لە وڵاتی بابان دەژیان. بەڵام ئەو خەڵکەی لە وڵات مابوو لە سایەی حوکمی سەلیم پاشاوە تەواو بووژانەوە و دوور لە ئاژاوە و هەرا خەریکی کەسب و کاری خۆیان بوون. لە ساڵی ١١٧٠دا خوسرەوخان بە کۆمەگی محەممەد حەسەن خانی قاجاڕ خۆی کردەوە والیی کوردستان و حوکمی بابانی لە سنە بنەبڕ کرد.

تا ئێرە ئەو مێژووە بوو کەمەستوورە خانم نووسیویە. وا ئەو باسانەی کە لەمە زیادن و ئایەتوڵڵا مەردۆخ باسی کردوون دەخەینە ڕوو.

ئایەتوڵڵا دەڵێ: ساڵی ١١٦١- حەسەنی عەلی خان برازای سوبحان وێردی خان بە فەرمانی عادل شا کرا بەوالیی کوردستان. لە ١٢ی مانگی قوربانی ١١٦٢دا ئیمام قولی خانی زەنگەنە بە لەشکرێکی زۆرەوە هێرشی بۆ کرد. لەشکری والی لە بیلەوار پێشی پێ گرت و ئیمام قولیی شکاند و کرماشان و سونقر و کولیایی و کەنگاوەر و مەلایر و برودجردیش هاتنە بەر حوکمی والیی کوردستان.

له ١٣ی محەرڕەمی ١١٦٣دا میهرعەلی خانی بروجردی، دادی له دەست عەشرەتی زەند برده بەر حەسەن عەلی خان؛ ئەویش دەهاواریەوە چوو. لەو لایشەوە توشمال کەریم واتا: کەریم خانی زەند، دەگەل شێخالی خان و ئەسکەندەرخان بە لەشکرەوە هاتن و لە مەلایر پێک هەڵپرژان. زەند شکان و ٣٦ فەرمانده و ١٨٠ چەکداری تریان کوژرا و، ماباقی هەڵاتن.

له برانەوەی ساڵی١١٦٣دا دەوڵەتی عوسمانی سەلیم پاشای بابانی بەسەر وڵاتی بابانەوە دانا و سولەیمان پاشایان ڕاونا. پەنای بە حەسەن عەلی خان هێنا و ئایەتوڵڵاش هەر ئەوە دەڵێ کە مەستووره خانم نووسیویە تا دەگاتە هاتنی فەرهادخان بۆ لای والیی ئەردەڵان.

دەڵێ: بۆ وەرامی نامەی سەلیم پاشا، کۆڕێکی ڕاوێژ لە شێخ وەسیمی مەردۆخی باپیرەگەورەم، برایم بەگی وەکیل، خوسرەوخانی کوڕی ئەحمەد خان، جافر سوڵتان و پیاوانی گەورەی تری کوردستان پێک هات. زۆربەیان نەیاندەویست شەڕ بکرێ؛ بەڵام مەلا حوسێن (باپیری مەلا عەباسی شێخەلئیسلام) و عەبدوڵڵا سوڵتان بەراز (زاوای حەسەن عەلی خان) لەبەر کوردەناموسی و دەست لە پەنابەر بەرنەدان، شەڕ هەڵدەبژێرن. حەسەن عەلی خانیش دەچێتە لای شەڕخوازان و کار لەکار دەترازێ و چیرۆکی مەستوورەخانم ڕوودەدا.

ئایەتوڵڵا دەڵێ: لەشکری کەهیا و بابان سێزده ڕۆژ تاڵانی وڵاتیان کرد و ناموسی مەسیحی و جوولەکەکانیشیان ئەتک کرد.

برایم بەگی وەکیل کە ببووە مایەی شکستی لەشکری ئەردەڵان و خۆی دەرباز کردبوو، چوبوو پاڵەنگان و بیلەوار و ڕوانسەری دەس بەسەرا گرتبوو، قەڵایەکیشی لە ئاڵک بنیات نابوو. پاش ڕۆیشتنی عوسمانییان و هاتنەوەی حەسەن عەلی خان بۆ سنه، وڵامی بۆ توشمال کەریم و شێخاڵی خانی زەند نارد کە دەرفەتە تۆڵەی خۆتان لە والیی ئەردەڵان بستێننەوە. لە ڕۆژی ١٣ی ڕەمەزانی ١١٦٤ بە بیست هەزار سوار لە



عەشایەری کرماشان و زەنگەنەوە بەرەو کوردستان هاتن. خان کە زانیی دەرۆست نایە فەقیرفوقەراتی شاری دەگەڵ قوتبوول عارفین شێخ محەممەد وەسیمی مەردۆخی (کوڕی شێخ ئەحمەدی عەللامە) ڕەوانەی هەورامان کرد.

لێرەدا باسەکە ناگۆڕێ تا دەڵێ کەریم خان گەڕووسی گرت و خورشید خانمی کچی حەمەدەمین خانی بەدیل برد و گەڕایەوە و حەسەن عەلی بوو بەدۆستی ئازادخان و هاتەوە سنه.

له ساڵی ١١٦٦دا عەلی مرادخانی بەختیاری لەپڕ هێرش دێنێ و کرماشان داگیر دەکا. کابرایەکیش لە بەغدا پەیدا دەبێ و بۆ خۆی دەڵێ «من کوڕی شاسوڵتان حوسێنم و ناویشم شاسوڵتان حوسێنی دووهەمە و دەبێ ببمە شای ئێران». میرزا مەهدی خانی شقاقی مێژوونووسەکەی نادرشاش بڕوای پێ دەکا و دەگەڵ خۆیا دەیهێنێتە کرماشان.

عەلی مرادخان لەم هەلە دەرفەت دێنێ؛ شای کەسنەناس پێش خۆی دەدا و بۆ گرتنی کوردستان خۆ ساز دەکا. حەسەن عەلی خان بەو لەشکرە شڕ و شەقەوە کە هەیەتی خۆی ئامادەی شەڕ دەکا. کەریم خانی زەند کە دوژمنی قەستەسەری عەلی مرادخانە، هەم بۆ کوتانی هەم بۆ دڵدانەوەی کوردان، دێتە هانای حەسەن عەلی خان و لە هەوەڵ پێک هەڵپرژاندا لەشکری عەلی مرادخان دەبێتە تۆی هەرزن و لێک بڵاو دەبێ و شا حوسێنی تاینیش لەمەیدانی بیلەواردا دەکوژرێ. حەسەن عەلی خان دێتەوە سنه و کەریم خان هێرش دەباتە سەر کرماشان.

له ساڵی ١١٦٧دا ئازادخانی ئەفغانی کە لە ئەسفەهان خۆی کردبووە شا، نامە بۆ حەسەن عەلی خان دەنووسێ کە دەیەوێ چاوی پێ بکەوێ. خان کە دۆستی لەمێژینەی ئازادخانە، دەگەڵ چەند پیاوماقوڵێکی سنەدا وەک مەلا مستەفا شێخەلئیسلام و عەبدوڵڵا سوڵتان بەراز و هی تر). دەچێتە ئەسفەهان. سەلیم پاشای ناوبراویش کە لە ئازەربایجان زۆری

یاریدەی ئازادخان داوە و بە هەزار سوارەوە لە خزمەتیدایە، دەڵێ ئەگەر حەسەن عەلی خانم پێ بفرۆشێ چوار هەزار تمەن دەدەم. خان و هەوالانی هەر دەگەنە ناو ئەسفەهانەوە دەگیرێن. حەسەن عەلی خان تەسلیمی سەلیم پاشا دەکەن و مەلا مستەفا و عەبدوڵڵا سوڵتانیش دەخنکێنن. سەلیم پاشا بەفەرمانی ئازادخان دەبێتە والیی کوردستان.

**فەرمانڕەوایی سەلیم پاشای بەبە**: سەلیم پاشا لە ڕەجەبە مانگی ساڵی ١١٦٧دا بەرەو کوردستان دێت و حەسەن عەلی خانیش زنجیر لەمل دەنێرێتە قەڵاچوالان و پاش حەو مانگ حەبس دەیکوژن.

دوای چەند مانگێک خەڵکی وڵات شۆڕش دەکەن و سەلیم پاشا زۆر بەڕەزیلی وەدەر دەنێن. سەلیم پاشا پەنا بە حەمەحەسەن خانی قاجار دەبا کە ئەویش داوای شایەتیی دەکرد، بەڵکو سنەی بداتەوە. خوسرەو خانی کوڕی ئەحمەد خان کە هەموو تەمەنی لە خزمەت کردن بە حەمەحەسەن خان گوزەراندووە، باسی نامەردیی سەلیم خان بۆ محەممەد حەسەن خان دەکا و تا دەتوانێ بۆی تێ دەچێنێ.

حەمەحەسەن خان لە وەرامی خوسرەوخاندا دەڵێ: تۆ هێشتا حەمە حەسەنت نەناسیوە، چۆن دەکرێ چاو لە چاکەی تۆ بپۆشم و بەدوژمنانت بفرۆشم. خاترجەم بە فەرمانڕەواییی کوردستان کالایەکە پڕ بەبالای تۆ و دەبەر کەسی تر ناکرێ. سەلیم پاشا جواب دەکرێ و فەرمان و خەڵات دەدرێتە دەست خوسرەوخان و بەهێز و پێزی زۆرەوە ڕەوانەی مەڵبەندی باب و باپیرانی دەکرێتەوە.

(لەمێژووی ئایەتوڵڵادا، دەکوولەکەی تەڕیشدا ناوی کەریم خانە بەدفەڕەکە نەهاتووە کە مەستوورە خانم باسی کردووە. حوکم لە حەسەن عەلی خانەوە باز دەداتە سەر خوسرەوخانی ئەردەڵان).

**خوسرەوخانی دووهەم**: کوڕی خان ئەحمەدخان و نەوەی سوبحان وێردی خان بوو. وەک باس کرا سوبحان وێردی خان زۆری کوڕ هەبوون، هەر لە زەمانی



خۆیدا خان ئەحمەدخانی کوڕی چووبووە وڵاتی عوسمانییان و لەپەنا ئیمامان دەژیا (وا دیارە لە نەجەف و کەربەلا بووە – هەژار) دوو کوڕی لەپاش بەجێ ماون بەناوی: خوسرەوخان و ڕەزا قوڵی خان. سوبحان وێردی خان خوسرەوی زۆر خۆشدەویست و لە هەموو کوڕەکانی تری پتر ڕێز لێ دەنا و هەمیشە بەقەد و بالایدا هەڵدەگوت و دەیگوت: خوسرەو پیاوێکی زۆر ژێهاتییە و دوای من ئەو جێگەم دەگرێتەوە.

بەڵێ لە ١١٧٠دا خوسرەوخان شوێنەکەی باپیرەی گرتەوە. هەموو خەڵکی وڵات، گەورە و گچکە کەوتنە خۆشی و شادییەوە. ئەوانەی ئاوارەی وڵاتانیش ببوون، هاتنەوە و دەسکرایەوە بەئاوەدانکردنەی وێران و کێلانی زەوییان و هیچ کەس لە زوڵم و زۆر نەدەترسان و بەخاترجەمی دەژیان. خانی تازە تا سنە باش ئاوەدان دەبێتەوە بنکەی خۆی بردە حەسەن ئاوا. تەنیا کەسێک کە سەری وەبەر بای خان نەهێنا، ڕەشید بەگی وەکیل کوڕی برایم بەگە وەکیلەکەبوو، کە گوتمان پاش شکانی حەسەن عەلی خان خۆی کردبووە هەمەکارەی پاڵنگان و ئەڵەک و ڕوانسەر، وەختی برایم بەگ بە دەستی سەلیم پاشا کوژرابوو، ئەم حەمەڕەشیدەی کوری لە جێی باوکی ئاغایەتیی ئەو ناوەی دەکرد. جگە لەو ڕەشید بەگە میهرعەلی سوڵتان و خوسرەو بەگی ئامۆزای ڕەشید بەگیش یاریکاری ڕەشید بەگ بوون و زۆریان گوێ بەفەرمانی خان نەدەدا.

خوسرەوخان بە تەگبیر و ڕای پیاوماقوولان بڕیاری دا ئەو دوو خزمانەی ڕەشید بەگ کە ئاژاوەچی بوون تەمێ بکا. ڕۆژێک لە مەجلیسدا کە میهرعەلی خان لای خان بوو بەفەرمانی خان گیرا و خرایە بەندیخانەوە. کۆمەڵێکیشی چەکدار نارد خوسرەو بەگی بۆ بگرن. خوسرەو بەگ دەستی نەدا و دەستی کردەوە، گرتیان و هەر لەوێ سەریان بڕی و سەرەکەیان بۆ خان هێنا، بەفەرمانی خان، میهرعەلی خانیش بەدەردی خوسرەوبەگ برا و ماڵی هەردووکیان دەسی بەسەردا گیرا.

**دیسان تەشقەڵەی ئازادخان**: خوسرەوخان لێ بڕابوو تۆڵەی خۆی لە سولەیمان

پاشای بەبە بکاتەوە، هێرشی دەبردە سەر ڕەعیەت و قەڵەمڕەوەکەی. سولەیمان پاشا چووە بن کلیشەی ئازادخانەوە کە بێتە سەر سنە. سولەیمان پاشا دوو هەزار کەسێکی کۆکردەوە، حەمە ڕەشید بەگی وەکیلیشی ڕەگەڵ کەوت؛ لەشکری ئەفغانیش پەیدا بوون. دەوری قەڵای حەسەنابادیان دا کە خان لەوێدا قایمەکاریی خۆی کردبوو. چل ڕۆژ ئابلۆقەی قەڵا درا، خوسرەوخان وەڵامی بۆ شێخاڵی خانی زەند نارد کە لە هەمەدان بوو تاوەکو دەهانای بێ. لەشکری زەند هاتنە هاواری. ئازادخان کە ئەو خەبەرەی زانی دەستی لە ئابلۆقەی قەڵا بەردا و ڕاکە ئەمما ڕاکە!

شێخالی خان کەوتە شوێنی و مەڕومالاتی سولەیمان پاشای وەبەر هات، بەتالانی برد و گەڕایەوە هەمەدان. خوسرەوخانیش حەمەساڵح بەگی کەمەرەیی کە لەو شەڕەدا یاریدەی ڕەشید بەگ و ئەفغانانی دابوو، گرت و هەردووک چاوی کوڵی.

دەڵێن لە ڕۆژانی ئابلۆقەدانی قەڵادا، هەموو ڕۆژێک سوارێکی ئەفغانی دەهاتە مەیدان و بانگی دەکرد کێ دەخۆی ڕادەبینی بێتە شەڕی من؟ هەر کەس دەچوو دەکوژرا. تا ڕۆژێک محەممەد ئاغای جڵەوداری تایبەتی خوسرەوخان کوردە ناموسی هەڵی دەگرێ، بێدەنگ دەچێتە تەویلە و ئەسپی تایبەتی خان و چەکی شانی خان دەبا و لە قەڵا دەردەچێ. دەبێتە هەرا دەڵێن: ئەو نامەردە بێ ئەمەگە چەک و ئەسپی خانی ڕفاند و خۆی گەیاندە دوژمنان. بەڵام (جڵەودارم جڵەودار بێ)، بێ سێو و دوو بەرەو کابرای ئەفغانی ئەسپی تاودا و شیرێکی داهێنایە سەری ئەفغانی وەک خەیار داهێنا و سەرەکەی ڕفاند و گەیاندیەوە قەڵا و هاویشتیە بەر قاچ و قولی خان. زۆری ئافەرین لێ کرا و پلەی تایبەتی میرئاخوڕی خانی پێ درا. وا لەو ساوە تا ئێستاش کە زەمانی ڕەزا قولی خانی کوڕی خوسرەوخانی کوڕی ئامانوڵڵاخانی کوڕی خوسرەوخانی سێهەمە، واتا دەبنە چوار والی و نەوەت و هەشت ساڵی پێ چووە پلەی میر ئاخوڕی هەر هی خۆیانە و میراتی ئەو باپیرەیانە بۆیان ماوەتەوە؛ کە ئەمڕۆ ڕۆستەم بەگ میر ئاخوڕە.



مێژووە ئەردەڵانەکەی خوسرەو بەگ دەڵێ بەر لەو کارە، محەممەد ئاغای ناوبراو لەلایەن خوسرەوخانەوە ناردرابووە لای ئازادخان کە دەست لەقەڵا بەردا و بەخۆڕایی خۆی ماندوو نەکا و چیتریش موسوڵمانان بەکوشت نەدا، لە ئابڵوقەدان چی بۆ ناکرێ و ئابڕووشی دەچێ. ئازادخان لە شات و شووتی محەممەدئاغا سەری لێ شێواوە و گوتوویە: خاک بەسەری ئازاد، وەک خوسرەوخان فەرموویە ئیتر وازی لە قەڵا هێناوە و چی بۆ نەکراوە. دوای ئەم ڕووداوە شێخاڵی خان کە لە هەمەدان خەریکی ئاوەدان کردنەوەی شاربووە، پوڵ و بژیوێکی زۆری لە کوردستان ئەستاندووە.

جا چونکە لەو مابەینەدا خان بۆ خۆی لە وڵات دوور کەوتبۆوە، کاروباری سنە و قەڵای حەسەن ئابادی دابووە دەست میرزا عەبدوڵڵای وەزیر - کە لە دایکەوە باپیری منە (یانی مەستوورە - هەژار) و یوسف بەگ. ئەوانیش لە چنگ باجگرانی زەندییەکان وەگیان هاتبوون، ژن و ماڵی خوسرەوخانیان لە قەڵای حەسەن ئاباد بەرەڵاکرد و بۆ خۆیان ڕایان کردە شارەزوور. خوسرەوخان بە پەلە گەڕایەوە قەڵا و ماڵی خۆی و دارودەستەی لێنا و هاتەوە شار و چونکە ئەو قەڵایە زۆر دەبووە لانەی ئاژاوە، فەرمانی دا داریان بەسەر بەردەوە نەهێشت کە تائێستاش ئاوەدان نەکراوەتەوە.

کەریم خانی زەند و محەممەد حەسەن خانی قاجار، هەردووکیان سەریان لە پادشایەتی دەخورا؛ بەڵام جاروبارە پێکەوە ڕێک دەکەوتن. ئەم ڕێک کەوتنەش زوو تێک دەچوو. تا دواجار بوو بە شەڕیان. لەشکری محەممەد حەسەن خان شکا و بۆ خۆشی کوژرا. ئێران بەخڕوپڕی دەس کەریم خان کەوت و شاری شیرازی کردە پێتەختی خۆی.

سولەیمان پاشای بەبە هەلی بۆ ڕەخسا دیاری و پێشکێشی زۆری بۆ کەریم خان نارد و داوای لێ کرد بە خزمەتکاری خۆی قبووڵ بکا و سنەی بداتێ. کەریم خان لە داخی ئەوە کە محەممەد حەسەن خان، خوسرەو خانی کردبووە والی، بێ فوو لە دۆ کردن لە ساڵی ١١٧٧دا فەرمانی والیەتیی

کوردستانی بۆ سولەیمان پاشا دەرکرد.

هەر ئەو ساکەش کە ئەحمەد پاشا لەسەر شارەزوور دەرکرا، سولەیمان پاشا شارەزووریشی خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆی. وەزیری بەغدا تەواو لەم کارە ڕکی هەستا. بە بیست هەزار چەکداری ینگی چەری و عەشایر و عەرەب و تۆپ و تۆپخانەوە، کە ئەمین پاشای مووسڵ و، عەبدوڵڵا پاشای زەهاویشی دەگەڵ خۆیا هێنابوو، بەرەو شارەزوور و کوردستان هات و، لە کفری ئۆردوبەزی کرد.

سولەیمان پاشا بە دە دوازدە هەزار سواری ئەردەڵانی و بابانییەوە بەرەنگاریان بوو. لەشکری بابان و ئەردەڵان شکا و زۆر لە پیاوە سەرناسەکانیان کوژران، یان بەدیل گیران. هەرچی بووشیان، ڕۆمی بە تالانی برد.

وەزیری بەغدا کە ناوی عەلی پاشا بوو دوای ئەو سەرکەوتنە، ئەحمەد پاشای برای سولەیمان پاشای کردە حاکمی شارەزوور. بەڵام زۆری پێ نەچوو سولەیمان پاشا دیسان هێرشی بردە سەر شارەزوور و ئەحمەد پاشای ڕاونا و خۆی کردەوە بەهەمەکارەی شارەزوور و ئەو ماڵانەی کە چەند ساڵ و زەمان بوو لە سنە ئاوارە ببوون و چوبوونە شارەزوورو هێشتان هەر لەوێ مابوون، هێنانیەوە شوێن و ڕێی پێشووی خۆیان.

سولەیمان پاشا هێندێک جار لە سنە و هێندێ جار لە شارەزووری ڕادەبوارد. عەلی خانی کوڕی وەکو دەگرێونان بە ماڵەوە ناردبووە شیراز. حەسەن بەگی کوڕیشی بەسەر سنە ڕادەگەیشت.

لە ساڵی ١١٧٨دا، شەوێک لە شارەزوور کابرایەک بە ناوی فەقێ برایم خۆی ئەخاتە ناو ماڵی سولەیمان پاشا و بەر خەنجەری ئەدا و ئەیکوژێ. پاش کوژرانی ئەو، حەمەپاشای برای لە شارەزوور بوو بەجێنشینی؛ عەلی خانی کوڕی پاشاش کە لە شیراز بوو، بەئیجازەی کەریم خان هاتەوە کوردستان و بۆ ماوەی ساڵێک مایەوە. بەڵام بەکاری گەورەیی نەدەهات.



حەمەڕەشید بەگی وەکیل و میرزا عەبدوڵڵای وەزیر و میرزا سادقی موستەوفی، خۆیان گەیاندە بارەگای کەریم خان و کارێکیان کرد عەلی خان لە کار بەرکەنار کرێ. پاشان خوسرەوخانیان پەیدا کردەوە، کە لە کوردستان هەڵوەدابیبوو. لە ساڵی ١١٨٠دا هێنایانەوە و کرایەوە بە والیی ئەردەڵان – تا ئێرە مێژووی ئەردەڵانی مەستوورەخانم بوو.

مێژووی ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە چەند شوێنێکدا جیاوازیی دەگەڵ نوسراوی مەستوورە خانمدا هەیە کە بە لامەوە ڕێکوپێکترە. ئەو دەڵێ: خوسرەوخان لە مانگی محەڕەمی ١١٦٨دا بە فەرمان و خەڵاتی محەممەد حەسەن خانی قاجارەوە و دوو سەت سوار شاسەیوان، بەسەرکردایەتیی عەباس خان کە یاریدەی بدەن هاتەوە کوردستان و بوو بە فەرمانڕەوا. برایەکیشی هەبووە بەناوی ڕەزا قولی خان. ئەحمەدخان پیاوێکی زۆر ئازا و بە مشوور بوو؛ هێمنی و بووژانەوەی بۆ وڵات گەڕاندەوە. خەڵکی ئاوارە گەڕانەوە ماڵی خۆیان. هەموو کەس سەری وەبەر باری هێنابوو. تەنیا دوو ئامۆزای حەمەڕەشید بەگی وەکیل نەبێ بەناوی خوسرەو بەگ و میهرعەلی بەگ کە لە بنەوە ئاژاوەیان دەنایەوە و دژی خان خەباتیان دەکرد. خوسرەوخان فەرمانی گرتنی دان. میهرعەلی گیرا، خوسرەو دەستی کردەوە و دوو کەسی بەخەنجەر زامار کرد؛ بەڵام ڕژانە سەری و سەریان بڕی. ئەوسا میهرعەلی خانیشیان کوشت و ماڵەکەیان دەست بەسەردا گرتن.

هەر لە ساڵی ١١٦٨دا ئازادخانی ئەفغانی لە ترسی کەریم خانی زەند و هەڕەشەی حەمەحەسەن خانی قاجار، ئەسفەهانی واز لێ هێنا و بەرەو ئازەربایجان دەرچوو؛ لە ڕێگەدا سولەیمان پاشا خۆی گەیاندێ دنەی دا سنە بگرێ. بە دوو هەزار سوارەوە بۆ گرتنی سنە دێت و قەڵای حەسەن ئاباد ئابلۆقە دەدا. خانی ئەردەڵانیش بەر لەوە ئازاد خان بگاتە بەرەوە، قەڵا دادەبەستێ و خەڵکێکی زۆریش بۆ هیمداد بانگ دەکا. حەمە ڕەشید بەگ و حەمەساڵح بەگیش لە دژی خوسرەوخان ڕەگەڵ ئازادخان دەکەون. دوازدە ڕۆژان قەڵا ئابلۆقە دەدرێ؛ بەڵام هیچ لایەک چییان بۆ دەگەڵ یەکتر ناکرێ.

ئایەتوڵڵا دوای گێڕانەوەی چیرۆکی محەممەد ئاغای جلەودار و سەرپەڕاندنی کابرای ئەفغان دەڵێ: لە هەموو لایەکەوە چەکدارانی کورد بۆ هیمدادی خان هاتن. هەر لەو سەروبەندەشدا. شێخاڵی خانی زەند لە هەمەدانەوە بۆ یاریدەی خانی ئەردەڵان گەیشت، ئازادخان زانیی خۆی پێ ڕاناگیرێ، دەستی لە تەماحی کوردستان و قەڵا بەردا و چوارناڵە بەرەو ئازەربایجان ڕەوی. خوسرەوخان لە قەڵا هاتەدەر و دایە دووی ئازادخان و دەگەڵ شێخاڵی خانی زەند کە لە لای ئەسفەندابادەوە هاتبوو تا سنوری گەرووس، ڕاوەدووی ئازادخانیان کرد. ئازادخان بەردەست نەهات؛ بەڵام هەرچی چەک و ماڵی لەشکری بوو، دەست لەشکری کورد و زەند کەوت. خوسرەوخان هاتە سنە؛ بەڵام شێخاڵی خان پەلامارێکی بردە سەر سولەیمان پاشا و هەرچی مەڕ و ماڵاتی بوو بە تاڵانی برد و لە ڕێگەی مەراغەوە گەیشتەوە هەمەدان.

خوسرەوخان ئەم شەڕەی، بەنامەیەک بۆ حەمە حەسەن خانی قاجاڕ باس کرد، خانی قاجاڕ نزیکەی سێ هەزار تمەن و ئەسپی بە زین و ڕەشمەی زێو و زێڕ و خەڵاتی ترەوە بۆ خوسرەوخان نارد. شێخاڵی خان لە باتی ئەو یاریدەدانەی سنەییان. بێ پسانەوە داوای گەنم و دار و باری خانووکردن و بێگار لە خەڵکی سنە دەکا. خوسرەوخان بە ولاتا دەگەڕا کە دڵخۆشیی ڕەعیەتان بداتەوە و بەسەریان کاتەوە. کاری سنە و قەڵای حەسەناباد بە میرزا عەبدوڵڵای وەزیر و یوسف بەگ دەسپێرێ. ئەو دوانەش لە بڕ و بەهانە و بێگار و سەرانەی شێخاڵی خان سەر دەرنابەن؛ بێ ئاگادارکردنی ڕەزا قولی خان و ماڵ و منداڵی خان، سنە بەجێ دەهێڵن و دەچنە شارەزوور. خوسرەوخان دێتەوە قەڵا چۆڵ دەکا و بۆ شار دەگەڕێتەوە و فەرمان دەدا قەڵا بڕوخێنن نەوەک ڕۆژێک دوژمن بەهرەی لێ ببینێ.

حەمەحەسەن خانی قاجاڕ و شێخاڵی خان کە بە فەرمانی کەریم خان بۆ پێک هەڵپڕژان دوو برای کوردی (ئەستەرابادی) بەناوی: سەبز عەلی و محەممەد عەلیاغای دەوەللوو – یان دولوو– لە یازدەهەمی مانگی جیمادی



یەکەمی ساڵی ١١٧٢دا حەمەحەسەن خانیان کوشت و کەریم خان بوو بە هەمەکارەی ئێران و شیرازی کردە پێ تەخت.

خوسرەوخانی ئەردەڵان ترسی ڕێ نیشت؛ کەوتە خۆی و لەشکر و سەنگەری ساز دەکردن. کەریم خان کە زانیی خان لێی ترساوە. بە پیاوی خۆیدا فەرمانی والیەتی کوردستان و خەڵاتی بۆ نارد و خاترجەمی کرد کە هیچ ترسی نەبێ. لە ساڵی ١١٧٣دا کاتێ کەریم خان لە تارانەوە دەچووە چەمەنی سوڵتانیە، خوسرەوخان ئەحمەدخانی کوڕی خۆی بە دیاری و پێشکێشی زۆرەوە ناردە خزمەت کەریم خان.

لە ساڵی ١١٧٦دا سولەیمان پاشا هێرشی بۆ مەریوان هێنا: بە نیاز بوو کوردستان داگیر بکا. خوسرەوخان بە لەشکرێکی کەمەوە پێشی پێ گرت و لە مەریوان بەگژیدا هات و سولەیمان پاشای شکاند و پاش زیانێکی زۆر لە ولاتی دەرپەڕاند.

سولەیمان پاشا بۆ تۆڵەی ئەو شکانەی خۆی هاویشتە ماڵی کەریم خانی زەند و زۆری بۆ خوسرەوخان تێ چاندو سێ هەزار تمەنیشی دا بە کەریم خان و کوردستانی لێ کڕی، سولەیمان پاشا کرا بە والیی کوردستان و خوسرەوخانیان بردە شیراز.

**حکومەتی سولەیمان پاشا**: ساڵی ١١٧٧ سولەیمان پاشا شەش مانگ والیەتیی سنەی کرد و هێرشی بردە سەر شارەزوور، ئەحمەد پاشای برای خۆی لێ وەدەر نا کە عەلی پاشا وەزیری بەغدایە بەسەر شارەزوورییەوە دانابوو. عەلی پاشا بە بیست هەزار سوارەی عەرەب و عەشایرەوە و ئەمیر پاشای مووسڵ و عەبدوڵڵا پاشای زەهاو بە چەکدارانی خۆیانەوە دێنە سەر سولەیمان پاشا. لەشکری سولەیمان پاشاش هەمە با هەم دوو هەزارە، زۆر زوو دەشکێن. ئەحمەد پاشا دێتەوە سەر شارەزوور. پاش گەڕانەوەی لەشکری عوسمانی بە ماوەیەکی کەم دووبارە سولەیمان پاشا هێرش دەکاتە شارەزوور و ئەحمەد پاشای لێ دەردەکا و خۆی بەسەر شارەزووردا

دەسەپێنێ.

ئایەتوڵڵا دەڵێ: فەقێ برایم ناوێک کە بیستوویە سولەیمان پاشا حەز لە ژنەکەی دەکا ساڵی ١١٧٨شەو لە خەودا پاشای وەبەر خەنجەر دا و نەیهێشت لە خەوی یەکجاری بێبەش بێت. حەمەپاشای برای سولەیمان پاشا لە شارەزوور و عەلی خانی کوڕی سولەیمان پاشا بە کوردستان دوو ساڵ حوکمیان کرد.

لەسەر شکایەتی حەمە ڕەشید بەگی وەکیل و میرزا عەبدوڵڵای وەزیر و میرزا محەممەد سادق مستەوفی، عەلی خان لە والیەتی خرا و خوسرەوخان کە لە شیراز دەژیا، کرایەوە والیی کوردستان - باسەکەی ئایەتوڵڵا دوایی هات.

**خوسرەوخانی دووهەم بۆ جاری دووهەم**: ئەمجارە ماوەی یازدە ساڵ بەوپەڕی خۆشی و سەرکەوتنەوە والیەتیی کرد. وڵاتی ئەوەندە ئاوەدان و پڕ پیت و بەرەکەت کردەوە کە بەهەشت بەغیلی پێ بەرێ. لەو کارانەی کە لەو زەمانەدا لە سنە کردوویە: خان و بەرەی بنکەی فەرمانڕەوایی بووە کە ئێستا بەناوی تالاری بەرەو تەپۆڵە ناو دەبرێ. حەمام و مزگەوتێکی بەپاڵەوە بنیات ناوە. چوارباغێکی ئیجاد کردووە کە لە دنیا وێنەی نەبووە. ئەم چوار باغە هەرمابوو؛ ناوی باغی مەیدانی لێ نرابوو. من (مەستوورە) بە منالی دەچوومە سەیری ئەو باغە. بە ڕاستی باغ بوو گاڵتە نەبوو؛ جۆگەئاو بەناو داراندا بەهەشتی خوای بەبیر دێنایەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا شوێنەواری کوێر بۆتەوە، بوویتە دڕکاوە. (شیاوی باسە: ناسر خانی ئازاد پوور دەڵێ: لە سەت و پەنجا ساڵێک لەمەوبەرەوە ئەو شوێنە بۆتە گەڕەکێکی شار و ناوی گەڕەکی چوارباخە).

ساڵی ١١٩١ کەریم خانی زەند پەلاماری بەسرای دا. دەوڵەتی عوسمانی بە وەزیری بەغدای سپارد کە هێرش بەرێتە سەر سنورەکانی ئێران. حەمەپاشای بابان بەڵێن بە وەزیری بەغدا دەدا کە کوردستانی



ئەردەڵانی بۆ بگرێ. لەشکرێکی زۆری ڕەگەڵ دەخەن و پوڵ و ئەرزاقی زۆری دەدەنێ کە ئەو کارەیان بۆ بکا.

حەمەپاشا هەر لە مەریوان و بانەوە دەست بە کوشتار و تالان دەکا. خوسرەوخان خەبەر بە کەریم خان دەدا و بۆ خۆشی بە دوو سێ هەزار چەکداری ئەردەڵانییەوە دەچێتە بەراییی هێرشبەران. لە ڕێگەدا چەند چەکدارێکی لەشکری مەراغە و گەڕووسیان دەگەڵ دەکەوێ کە یارمەتیی بکەن. لەشکری خانی ئەردەڵان لە قەراخ زرێواری مەریوان تووشی دوژمن هات.

حەمەپاشا بە دوازدە هەزار سواری شەڕکەری بابانی و عوسمانی و ینگی چەری و عەرەبەوە هجومی کرد. شەڕێکی زۆر خەست و خوێناوی ڕووی دا لەشکری مەراغە و گەڕووس زۆر زوو کلکیان دەگەڵۆز گرت و بەرەو ماڵ قاچاندیان. ئیتر بازاڕ شێوا؛ لەشکری ئەردەڵانیش ورەیان لە دەست دا و ناچار پشتیان کردە دوژمن و زۆر پیاوی بەکاریان لێ کوژرا و بە دیل گیرا. میرزا عەلی و میرزا مەهدی، کوڕانی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر و نەسروڵڵا بەگی کوڕی یوسف بەگ و حەمەڕەزا بەگی ئەردەڵانی و عەبدوڵڵا بەگی مونشی، لە ڕیزی کوژراوەکان بوون. میرزا ئەحمەد کوڕە گەورەی میرزا عەبدوڵڵا زۆر لە سەرناسانی تر، لە بەدیل گیراوەکان بوون. خوسرەوخان بە شکستەی لەشکرەوە هاتەوە سنە.

حەمەخان لە شەڕگە خێوەتی لێدا و مایەوە؛ زۆر لە تۆڵەی کەریم خان دەترسا، بۆ ماوەیەک مەریوانی کردە بنکەی خۆی. کەریم خان بڕیاری دا ڕۆمی و بابانیان بۆ هەمیشە تەمبێ بکا. سادق خانی برای بە لەشکرێکەوە بەرەو بەسرا نارد. فەرمانی بە عەلی نەزەر خان دا کە لە ڕێگەی مەندەلییەوە هێرش بەرێتە سەر بەغدا. بە کەڵبالی خانی کوڕی شێخالی خان و عەلی مراد خانی زەندی سپارد کە لە کوردستانەوە بڕۆن و بابانییان بۆ بابیان تەمبێ بکەن.

سادق خان زۆر زوو بەسرای گرت، پیاوەکانی کوشتن و ژنەکانیانی بەدیل هێنا و هاتەوە لای کەریم خان و ئافەرینی لێ کرا.

عەلی خان هەر لەسەر سنوورەوە تالانی کرد و ویرانی کرد تا گەیشتە سێ فرسەخی شاری بەغدا و دیلێکی زۆری ڕۆمییانی بۆ شیراز نارد.

کەلبالی خان و عەلی مرادخان کە هاتبوونە کۆمەگی خوسرەوخان، هەرچەند حەمەپاشا داوای ئاشتیی کرد و گوتی پەشیمانم بەهرەی نەدا. لەشکری زەند و خوسرەوخان لەسەرەتاکانی ڕەجەبەمانگی ساڵی ١١٩١دا بەرەو حەمەپاشا بزووتن. خوسرەوخان پێشاییی لەشکر بوو.

حەمەپاشا بێ شەڕ هەڵات و، زەند و ئەردەڵانی گەیینە قزڵجە؛ کە پێنج فرسەخی قەڵاچوالانە، لەوێوە لوتفالی خانی کوڕی سوبحان وێردی خان کە مامی خوسرەوخان بوو، بە چەند چەکدارێکەوە وەشوێن هەڵاتوان کەوت. گەیشتە قەرەداغ؛ سوکێک وێران و تالانی کرد. لەو سەروبەندەدا، گورگالی بەگی جلەوداری کەریم خان، وڵامی کەریم خانی بۆ سەرداران هێنا، کە: چونکە دەوڵەتی عوسمانی دەخالەتیان بە کەریم خان کردووە و، داوای ئاشتی و شەڕ وێستان دەکەن، دەبێ بگەڕێنەوە سنووری ئێران و دەست لە وڵاتی عوسمانی بەردەن.

دوای ئەو فەرمانە، عەلی مرادخان چووە کرماشان. کەلبالی خان و خوسرەوخان هاتنە گوندی زاغە کە سەر بە وڵاتی ئەردەڵانە. دوو مانگی پێ چوو، وڵامێکی کەریم خان هات کە چونکە عوسمانی دەگەڵمان پێک نەهاتوون دیسان هێرشیان بۆ بەرن.

دیسان کەلبالی خان و خوسرەوخان و عەلی مرادخان کە خوسرەوخان پێشڕەو بوو، زوو ڕوویان کردە شارەزوور. حەمەپاشا قەڵاچوالانی چۆڵ کرد. حەسەن پاشای وەزیری بەغدایە کەهیا (فەرماندەی لەشکر)ی بە لەشکرێکی زۆرەوە ناردە یارمەتی حەمەپاشا. حەمەپاشا هومێدێکی دەدڵ گەڕا و سەنگەری گرت و بەنیازی شەڕ خۆی ئامادە کرد. ئەحمەد پاشای



برای حەمە پاشا خۆی لە ڕۆمییان دزیەوە و هاتە لای دوژمنیان و بوو بە هاوکاری زەند و خوسرەوخان.

ڕۆمی و حەمەپاشا هەر کە زانییان دوژمنیان گەیبوەتە سەر، لە شەوێکدا خۆیان دەرباز کرد و، وڵاتەکە دەست لەشکری ئێران کەوت. ئاواییەکان سوتێندران و ماڵ تالان کران و زۆریش ژن بە دیل گیران. بە تکای خوسرەوخان، دیلەکان ئازاد کران و هێندێک کەسیشی کە دەیدیت حاڵیان خۆشە دەگەڵ خۆ هێنانە سنە.

پاش ئەو سەرکەوتنە، ئەحمەد پاشا کرا بە حاکمی شارەزوور و ڕەزا قولی خانی برای خوسرەوخانیشیان کردە یاریکاری؛ کە تا دای دەمەزرێنێ لای بمێنێ. ڕەزا قولی خان پاش دوژمن هەڵوەژاردن و سەقام گیرکردنی ئەحمەد پاشا، گەڕایەوە وڵات. بەڵام لە مێژووی قازیدا دەڵێ: پاش ماوەیەک لەم ڕووداوە. حەمەپاشا خۆی کردە نۆکەری کەریم خان و داوای لێ کرد کە ئەو لە جێگەی ئەحمەد پاشا دانێت.

وەزیری بەغدا کە ئەمەی بیستەوە خەڵات و لەقەبی پاشای بۆ ئەحمەد پاشا نارد و کردیە سەرداری وڵاتی بابان. حەمەپاشا هاواری بۆ کەریم خان برد. ئەویش عەلی مرادخانی بە لەشکرێکی زۆرەوە ڕەگەڵ خست. ئەحمەد پاشا لە بەریان هەڵات و شەڕی نەکرد، عەلی مرادخان هاتەوە شیراز.

ئەحمەد پاشا بە هیمدادی لەشکری ڕۆمییانەوە دیسانەوە هاتەوە سەر شارەزوور. دیسان عەلی مرادخان چووە جەستەی. شەڕ قەوما و عەلی مرادخان بە دیل گیرا و زنجیر لە مل بەرێکرایە بەغدا. وەزیری بەغدا زۆری قەدر گرت و پاش دوازدە ڕۆژ بەرهەڵدای کرد کە بچێتەوە شیراز. کەریم خانی زەند لەوە زۆر ڕقی هەستا. حەمەشەفیع خانی زەندی بە دوازدە هەزار چەکدارەوە ناردە یاریدەی حەمەخان. لە زستانێکی زۆر سارد و با و بۆراندا گەیشتە کوردستانی سنە و دوو مانگ لەوێ مایەوە. لە سەرەتای خاکەلێوەی بەهارا خوسرەوخانیشی دەگەڵ کەوت و ڕوویان کردە شارەزوور.

ئەحمەد پاشا لە بەریان خۆی نەگرت و هەڵات. حەمەپاشایان بەسەر شارەزوورەوە دانا و حەو مانگ لە شارەزوور مانەوە تا حەمەپاشایان زۆرباش دامەزراند و، ئەوسا لە دواییەکانی مانگی ڕەزبەردا، گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.

ساڵی ١١٩٣ کەریم خان مرد. سەرکردەکانی زەند لە سەر جێنشینی بوو بە هەرا و کێشەیان؛ بەڵام عەلی مرادخان لە هەموان بەهێزتر بوو. زولفەقار خانی هەوشار کە خزمی نادرشا بوو خۆی بەشت دەزانی و ئەویش سەری لە پادشایەتی دەخورا. عەلی مرادخان بڕیاری دا لە ناوی بەرێ. لەشکری کرد و ئەحمەدخانی کوڕی خوسرەوخانیشی دەگەڵ خۆی برد کە چاردەساڵ بوو بەناوی بارمتە لە ئەسفەهان دەژیا، دوو قۆناغ مابوو بگاتە ئەسفەهان، خان و ئاغا و کاربەدەستانی عێراق و حەمەخانی فەیلی و ئەحمەد ئاغای باشاغا و لەشکری لەوندات کە لە دەست عوسمانییان ئاوارە ببوون، گشت لە گشتیان ڕەگەڵ عەلی مراد خان کەوتن و ئەو هەزارە زیلەیە هاتە سەر زولفەقار خان. لە مەڵبەندی عەلی شوکور گەیینە یەک و زۆر زوو لەشکری هەوشار شکا و زۆربەیان کوژران و بەدیل گیران. زولفەقار خان بە دوو سێ کەسەوە کەوڵی خۆی ڕزگار کرد و ڕای کرد و هەتا تارم و خەلخاڵ ئاوڕیان نەدایەوە. (ناسر خانی ئازاد دەڵێ: دوو هۆزی کوردی شقاقی بەناوی کلوکجان لو و شاترانلو کە نفووسیان دە هەزار کەسێک دەبێ لە خەڵخاڵی ئازەربایجان دەژین و زمانیشیان کوردییە).

حاکمی خەڵخاڵ و تارم، زولفەقار خانی گرت و بۆ عەلی مراد خانی نارد و ئەویش وەک مەڕ سەری بڕی! عەلی مرادخان شاری ئەبهەری کردبووە بنکەی خۆی. وڵامی بۆ خوسرەوخان نارد کە زۆر تاسەی دەکا و حەز دەکا چاوی پێ بکەوێ. خانی ئەردەڵان لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١١٩٤ بە هەزار و پێنج سەد سوار لە پیاوماقوولانی کوردستانەوە، بۆ دیداری هاتن. عەلی مرادخان دەگەڵ پیاوە گەورەکانی خۆی دوو فرسەخ ڕێ بەپیریەوە هات و ئەوپەڕی ڕێزی لێ نا. تەنانەت بە تکای ئەو، ئەڵڵا



قوڵی خانی زەندیش کە لە بەندی عەلی مەرادخاندا بوو بەخشرا و بەردرا و کراش بە حاکمی کرماشان.

لە ئەبهەرەوە خان دەگەڵ عەلی مرادخاندا لە ڕێی قەزوێنەوە چوونە ئەسفەهان. لەم بەینەدا حەمە ڕەشید بەگی وەکیل زۆر لە خەڵکی کوردستانی تاو کرد شکایەت نامەیان لە خوسرەوخان بۆ عەلی مرادخان بەڕێ کرد. عەلی مرادخان نەیهێشت خوسرەوخان بگەڕێتەوە کوردستان، فەرمانی والیەتیی بۆ کەهزادخانی کوڕی سوبحان وێردی خان نووسی.

نزیک بەم ڕووداوە خەبەر هات کە کوڕانی سادق خانی زەند ملیان لە سەربزێوی ناوە. عەلی مرادخان لەشکرێکی ئامادەکرد کە ئەوانەی پێ دەمکوت بکا. حەمەرەشید بەگی وەکیلیشی بە سێسەت چەکداری هەواڵەوە دەگەل لەشکر نارده ئەو ئاژاوە دامرکانە. لە شەڕدا کوڕانی سادق خان سەرکەوتن و لە شکری عەلی مرادخان زۆر پیس شکا. حەمەرەشید بەگ و سوارەکانیشی بەرەو ئەسفەهان قاچاندیان و لەوێش گیر نەبوون، هاتنەوە کوردستان، کە بەڵکو لە سایەی کەهزادخانەوە حورمەتێک گیربێنن. خوسرەوخان کە لە ئەسفەهان بوو، پاش ئەو تێشکانی لەشکرە، دەگەڵ ڕەزاقوڵی خانی برای و لوتفاڵی خانی مامی، بەرەو کوردستان هاتن و ڕۆژێک دوای گەیشتنی حەمەرەشید بەگ، گەیشتنە ئیسفەنداباد.

هەر خەبەری گەڕانەوەی خوسرەوخان داکەوت. کەهزادخان و حەمەڕەشید بەگ و میرزا یوسف و میرزا ئەحمەد و کوڕانی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر و گش دەستە و بەستەی کەهزادخان دەست و پایان گوم کرد و بەهەڵەداوان پیلی ماڵ و منداڵی خۆیان گرت و پایگەلان بگرە و هاتم! لەوێشەوە خۆیان گەیاندە شارەزوور و بوونە پەنابەری مەحمود پاشای بابان.

خوسرەوخان خۆی گەیاندە پایگەلان و هەرچی بوویان، کە هیچیان بۆ دەرنەچوبوو، بەتاڵانی هێنا و هاتەوە سنە. ئەوانەی لەو بەینەدا ئاوارە ببوون، هاتنەوە و هێمنی و خۆشی دامەزرایەوە.

هەر لەو سەروبەندەشدا، دوو برای مەحموود پاشا بەناوی حەمەپاشا و عومەر بەگ لە برایان زیز بوون و پەنایان بەخوسرەوخان هێنا. مەحموود پاشا کەوتە سەوداکردن کە بۆ ئەوە دۆستایەتیمان گەرم بێ، با ئەو براکانم بنێرێتەوە بابان و منیش کەهزادخانی دەمست دەنێمەوە. سەودا سەری گرت؛ بابەکر ئاغا لەلایەن مەحموود پاشاوە هات و، دوو برای پاشای بردەوە. ئاغا محەممەدی بروجردیش لەلایەن خوسرەوخانەوە چوو کەهزادخانی هێنایەوە سنە.

مەحموود پاشا هەردووک برای خۆی کوشت، بەڵام خوسرەوخان زۆری قەدر لە کەهزادخان نا و لەگوڵ کاڵتری پێ نەگوت.

حەمەڕەشید بەگ و یارانی لەو سەودا و مامڵەیە ترسان و، لە شارەزوور هەڵاتن و بەماڵەوە هاتنە زەهاو. خۆشیان داوای پەنایان لە وەزیری بەغدا کرد. وەزیر سێ چوار گوندی دەوری زەهاوی پێ بەخشین؛ کە بەدەرامەتەکەی بژین. بەڵام زۆری نەبرد جگە لە حەمەڕەشید، هەواڵەکانی هەموو هاتنەوە کوردستان و عافو کران. حەمەڕەشید و چەند خزمێکی، هێندێک دەڵێن ساڵێک و هێندێک دەڵێن چوار ساڵ لەلای زەهاو مانەوە و لە ئاکاما پەنایان بەعەلی مرادخان برد تکای بۆ کردن و خوسرەخان بەخشینی.

بەڵام حەمەڕەشید هەر دانەسەکنا. لە خان تەکیەوە و هەڵی کوتایە سەر مەڵبەندی جوانرۆ و پاڵەنگانیشی داگیر کرد. لە ساڵی ١١٩٦دا خۆی گەیاندە عەلی مرادخان و تەواوێک لە خوسرەوخانی دڕدۆنگ کرد کە گۆیا لە وانەیە جێگەی ئەو بگرێتەوە. عەلی مراد خان کە ئاژاوەی کوڕانی سادق خانی دامرکاندبوو، دوژمنی تری نەمابوون؛ بە بیریا هات کە ئەگەر خوسرەوخان لە ئەسفەهان بێ و لە ژێر چاودێریدا بێ بۆ ئەو باشترە. جەعفەرخانی برای خۆی بە پێنج هەزار سوارەوە نارد کە خوسرەوخانی بۆ بگرن و بینێرنە ئەسفەهان.



(تاریخی خوسرەو بەگ دەڵێ: لەسەر تەگبیری حەمەڕەشید بەگ، خانی زەند فەرمانی حاکمەتیی سنەی بۆ ڕەزا قوڵی خان نارد). کاتێ ئەو خەبەرە بە خوسرەوخان درا، خان ئەحمەد خانی کوڕی خۆی ڕاسپارد، کە بێ خۆگرتن هەرچی سەر بەخۆیانە بارکا و بچنە هەورامان و شارەزوور. ڕەزا قوڵی خانیش کە لە ئەسفەنداباد بوو، گوێی نەدا فەرمانی خانی زەند و، دەگەڵ دەستەی خۆی کۆچی کرد و خۆی گەیاندە خان ئەحمەد خان. خوسرەوخانیش دەگەڵ چەند هاواڵێکی لە ڕێگەی جوانسارەوە چوونە ئەسفەهان.

جەعفەرخان دوای دەربازبوونی ئەوانە بە دوو سێ ڕۆژ گەیشتە ناو شاری سنە. شاریان وێران کرد و زۆریان جەزرەبەی خەڵکەکە دا.

ڕەزا قوڵی خان خۆی گەیاندە ورمێ و چاوی بە ئیمام قوڵی خان کە ئەویش سەری لە پادشایەتی دەخورا کەوت، داوای یارمەتیی لێ کرد. ئیمام قوڵی خان پێنج شەش هەزار چەکدارێکی پێکەوە نا و بۆ داگیرکردنی کوردستان و عێراق کەوتە ڕێ. هەر گەیشتە دەوری سنە جەعفەرخانی زەند ڕای کرد و ڕەزا قوڵی خان سنەی گیر کەوتەوە.

ئیمام قوڵی خان بەرەو ئەسفەهان بزووت. کاتێ زانیی عەلی مەردان خان لێ براوە دەگڕێ ڕاچێ و زۆریش بەهێزە بەرەو ورمێ بای دایەوە و لەو هەڵاتنەی تا ورمێ نەحەسایەوە.

سەرکردەکانی زەند؛ کەهزادخان و لوتفاڵی خان بە هیمدادی لەشکری کرماشان و حەمە ڕەشید بەگ، هاتنە شەڕی ڕەزا قوڵی خان کە هێشتا حەڤدە ڕۆژ نەبوو حوکمی سنەی دەکرد. شەڕ قەوما و بەتیری یەکێک لە خزمانی حەمەڕەشید بەگ کە دەڵێن نەزەر عەلی بەگ بووە پێکرا و ڕای کرد و لە گەڕووس عەمری خوای کرد.

لە ساڵی ١١٩٩دا کە سنە تەواو وێران و خەڵکەکەی سەرگەردان بوون. خوسرەوخان دەرفەتێکی ڕەخساند و خۆی گەیاندەوە کوردستان. چوار

مانگ بەسەر ئەم گەڕانەوەدا تێ نەپەڕی بوو، خەبەر هات کە عەلی مرادخان مردووە. کۆچ کردوو، گەڕانەوە و وڵات سەرلەنوێ ملی لە بووژانەوە نا.

لە پاش مەرگی عەلی مرادخان، لە هەموو لاوە ئاژاوە سەری بەرز کردەوە و هەر کەسە بۆ خۆی دەکێشا. یەک لەوانە ئەڵڵا قوڵی خانی زەنگەنە بوو؛ کە قرمی خۆی لە پاتشایەتی خۆش کردبوو. لەشکرێکی زۆری لە ڕۆمی و عەشایر و هۆزەکانی کرماشان بە تۆپ و تۆپخانە و دەبدەبە و سەنسەنەوە هێنا و بەنیازی گرتنی عێراق هات و گەیشتە سونقور. لەوێش نەزەر عەلی خانی کوڕی سوبحان وێردی خان و لوتفاڵی خانی برای و ئەڵڵاوێردی خانی کوڕی و، کوڕانی حەمە ڕەشید بەگیشی ڕەگەڵ کەوتن و دنەیان دا کە سنە داگیر کا و کاری خوسرەوخان یەکلا بکاتەوە.

ئەڵڵا قوڵی خان هەر چەند زۆری چاکەی باوکی خوسرەوخانی لەسەر بوو، چاوی لێ نوقاند و هاتە شەڕی خوسرەوخان.

خوسرەوخان بە حەوسەت چەکدارەوە بەرایبی لێ گرتن و خۆی گەیاندە گوندی میراوا کە پێشڕەوی لەشکری زەنگەنە بە سەرکردایەتیی ئەڵڵاوێردی خانی کوڕی نەزەر عەلی خان لەوێ بوون. ملی لە کوشت و کوشتاریان نا. ئەوی دەرچوون دەنیوە شەوێکدا خۆیان گەیاندەوە هۆردووی کرماشان و بە شات و شوت لەشکریان ترساند.

بەیانی ئەو ڕۆژە لەنزیک سونقور، سی هەزار چەکداری ئەڵڵا قوڵی خان بەتۆپ و تۆپخانە و زوڕنا و کەرەناوە. دەگژ حەوسەت چەکداری خوسرەوخان تووشی یەک بوون و تێک چڕژان.

لەسەرەتادا بەفەرمانی ئەڵڵاقولی میرزا یوسفی کوڕی میرزا عەبدوڵڵا وەزیری، دەگەڵ چەند پیاوی شەڕدیتووی لەکڵ دەرهاتوو چوونە پێشەوە، بەڵام زۆر زوو زۆربەیان کوژران و ئەوی مان، یان گیران یان ڕایان کرد. ئەمجار ئەڵڵاقولی خان فەرمانی دا هەموو ئەو لەشکرە بڕژێنە سەر ئەو



حەوسەد کەسە. خوسرەوخان بۆ خۆی شیر بەدەستەوە و پیاوەکانی وەک شێر بەرەنگاری دوژمن بوون و شەڕێکی زۆر بەسام و خوێناوی ڕووی دا. میرزا بەگی کەڵهور، ئەللاقولی خانی وەبەر هات و سەری پەڕاند و سەرەکەی هێنایە بەردەمی خوسرەوخان. خان خۆی لەمیرزا بەگ توڕە کرد و گوتی نەدەبوا سەری ببڕی. ئیتر لەشکری زەنگەنە و کرماشان قڵپەوە بوو؛ هەرکەسە بە لایەکدا هەڵات. تۆپ و تۆپخانە و زوڕنا و دەهۆڵ و خێوەت و ئەسپاباتی شەڕ هەمووی بەتاڵان دەست لەشکری کوردستان کەوت.

لەپاش دوو سێ ڕۆژ سانەوە، لەشکری خان ڕووی کردە کرماشان و لێ بڕابوون هەرچی نایەتە بەربار بێرازی کەن. قۆناغێکیان بۆ کرماشان مابوو، حاجی عەلی خانی مامی ئەڵڵاقولی خانە کوژراوەکە، کە خۆی بە جێنشینی دواڕۆژی ئەو دەزانی، بە دیاری و پێشکێشی زۆرەوە هات، دەغالەتی بە خان کرد و، بە نۆکەری خان قبووڵ کرا.

کاتێ گەیینە کرماشان، هەر پوڵ و پارە و ئەسپاب و کەرکە مەڕ و ڕەوە ئەسپ و کەل و پەلی تاڵانی بوو، نیشانی خوسرەوخان درا. فەرمانی دا گشتیان لەناو چەکداراندا بەش کرد، بەبێ ئەوە خۆی قۆشەیەک هەڵگری. حاجی عەلیشی خەڵات کرد و کردیە حاکمی کرماشان. تویسەرکان و ئەسەدئاباد و سونقر و دینەوەری لە کرماشان جیا کردەوە و بە پیاوماقووڵانی کوردستانی بەخشی. خان بەرەو سنە هاتەوە و، لەو مابەینەدا زۆربەی لەشکری پەرژوبڵاوی عەلی مرادخان هاتنە لای خانی ئەردەڵان و دامەزران. هەر لەو سەروبەندانەدا، لەلایەکەوە. ئاغا محەممەد خانی قاجار نیازی بوو ئێران بگرێتە دەستە خۆی و ڕاپەریبوو؛ لەلایەکیشەوە جەعفەرخانی زەند لە ئەسفەهان پادشایەتیی دەکرد.

جەعفەرخان لەترسی ئاغا محەممەدماڵە خۆی بردە شیراز و، لەوێ لەشکرێکی باشی سازدا و سەرلەنوێ بەرەو عیراق و ئەسفەهان هاتەوە. ئاغا محەممەدخان کە خەبەری ئەو لەشکرکێشییەی بیست، ئەسفەهانی جێ هێشت و بەرەو ئەستوراباد و مازندەران چوو. خانی زەند بێ کێشە و هەرا

هاتەوە سەر ئەسفەهان و سکەی دەوڵەتی بەناوی خۆی کرد. دوای ماوەیەک لە ساڵی (١٢٠٠)دا سمایل خانی زەندیی بەلەشکرەوە نارد کە عێراقی بۆ لە دوژمنان هەڵوەژێرێ.

سمایل خان دوای گەیشتنە هەمەدان، هەوای گەورەیی لە کەللەی دا و لە جەعفەرخان یاغی بوو. بەڵام هەر کە بیستی وا جەعفەرخان لە کەوڵی ئەو دەگەڕێ و بەرەو هەمەدان دێت، هێشتا سێ قۆناغ مابوو بیگەنێ ڕای کرد و، خۆی کوتایە گەڕووس و، لەشکرەکەشی بڵاوەی کرد.

وەختێ کە جەعفەرخان لە هەمەدان بوو، حەمەڕەشید بەگی وەکیل کە دیسان نێوانی دەگەڵ خانی ئەردەڵان تێک چووبوو، خۆی گەیاندە جەعفەرخان و هانی دا کە هێرش بەرێتە سەر کوردستان. جەعفەرخان وەڵامی بۆ خوسرەوخان نارد کە دەبێ بەفەرمانی من بێ و بشیەتە لام. خوسرەوخان بەتوندی وەرامی داوە و گوتی جوابەکەی وا بەدەمی شیرەوەیە.بێ خۆگرتن کەوتە لەشکر کۆکردنەوە، عەلی خانی خەمسەیی و حەمەدەمین خانی گەڕووسیش بەپیاوی خۆیانەوە ڕەگەڵ خانی ئەردەڵان کەوتن. لەشکری ئەردەڵان گەیشتبووە (ساڵحاوا) کە لە نزیک هەمەدانە. حەمەڕەشید کە پێشەنگی پێشڕەوانی زەند بوو، ڕای کرد و خۆی گەیاندەوە لەشکری جەعفەرخان. بەیانیی ئەو ڕۆژە، لەشکری کوردستان دەگەنە (بەهار) و لە بەرانبەر لەشکری زەند خێوەت لێ دەدەن و، ڕۆژی پاشی دەبێتە شەڕ.

جەعفەرخان جەزایرچی (پاسدار) شیرازی کە دوو هەزار پتر دەبوون، بە تۆپ و زەنبوورەک* لە پێشاییی لەشکرەوە ڕیز کرا، سوارەی چەکداریش لەدوای ئەوان لەسەفدا بوو، خۆشی دەناو سواران. هەر چەکدارێکی ئەردەڵانی بچوایەتە پێش، بەزەبری گوللە بەرەو پاشیان دەکشاندەوە و خۆشیان نەدەهاتنە مەیدانەوە. سێ ڕۆژ ئاوا ڕابرا؛ ڕۆژی چوارەم سوارانی

* تۆپێکی بچووک، کە لەسەر وشتریان دادەنا.



کوردستان قسەی خۆیان کردە یەک و بێ گوێ دانە تۆپ و مۆپ، وێکڕا هێرشیان برد و خۆیان دەپاڵ دوژمنان ڕاکرد و  دەستەویەخە ملیان دەبەر ملی یەک نا. هەر لە هەوەڵێن هەڵمەتدا تۆپ و تۆپخانەی دوژمن گیرا و، زۆربەی پاسەوانانی تۆپان تۆپێنران و بەشیر بەربوونە زەندی بێ تۆپ. جەعفەرخان قاچی لێ بوون بە باڵ و بەرەو شیراز ڕەوی. بە فەرمانی خوسرەوخان ئەحمەد خانی کوڕە گەورەی کەوتە شوێن هەڵاتوان و خانیش بۆ خۆی خەریکی کوشتن و گرتنی دەستکەوتووان بوو. زوربەی پیاوە بەناوبانگەکانی شیراز و زەند کوژران و بەدیل گیران و هەرچی بوویان؛ دەس سەرکەوتووان کەوت.

خوسرەوخان دووسێ ڕۆژ لە بەهار و هەمەدان مایەوە و تاڵانی بەسەر لەشکر دابەش کرد. حەمەڕەشید بەگی وەکیلیشی عافو کرد، ئەگەرچی حەو ساڵ بوو لە دوژمنایەتیی خان کۆتایی نەکردبوو؛ نەک هەر بەخشی بگرە دەرەجەشی زیاد کرد و لە گەڕانەوەشدا خانووەکەی بۆ وەکو بەرێ سازکردەوە.

لە پاش ڕاونانی جەعفەرخان خوسرەوخان توانی برووجرد و کزاز و فراهان و گوڵپایەگان و مەڵبەندەکانی عیراق بخاتە ژێر حوکمی خۆی؛ بەنیازیش بوو ئەسفەهانیش بگرێ و لە کەندمان ئۆردووبەزی کرد کە هێندێک بحەسێتەوە. لەوێ میرزا ئەحمەدی وەزیر عەرزی خان دەکا: ئێستا کە هەموو عیراق و کرماشان و خۆزستان و لورستانت دەبەر حوکمدایە و لە ئێرانیش پادشا نەماوە، چ دەبێ تۆ سکە بەناوی خۆت لێ دەی و لەسەر مینبەران ناوت بڵێن و پادشایەتیی ئێران هی تۆ بێ؟ خوسرەوخان پاش تاوێک بیرکردنەوە سەر هەڵدێنێ و دەڵێ: ئاشکرایە کە ئەمڕۆ کەس لە من دەسەڵاتدارتر نییە و کەس ناتوانێ دژایەتیم بکا، بەڵام ڕۆژان ڕۆژیان لە دوایە. خوا دەسەڵاتی کوردستانم پێ ڕەوابیبنێ بەسە و، نابێ پێ لە بەڕەی خۆم پتر ڕاکێشم؛ نەوەک خوا نەخواستە نانی باب و باپیرانم لە دەست بچێ و، ڕەنجی حەوسەت ساڵەمان بەفیڕۆ بڕوات.

بەیانیی ئەو شەوە واز لە گرتنی ئەسفەهان دێنێ و دێتەوە کوردستان و بەبۆنەی ئەمەگداری بە حەمەحەسەن خانی قاجارەوە نامەیەک بۆ ئاغا محەممەد خان دەنووسێ کە ئەو ولاتانەی گرتوویە بیداتە دەست کاربەدەستانی خۆی.

دەڵێن: مەهدی بەگی شقاقی، کە شاعیرێکی لە زەبر بووە، قەسیدەیەکی دەربارەی سەرکەوتنەکانی خوسرەوخان نوسیوە؛ کە زۆر پەسند کراوە. خەزنەدارەکەی کە زانیویە پوڵی ئەداتێ سێ پسولەی هێناوە، کە یەکیان چل تمەنی و دووهەمیان پەنجا تمەنی و سێهەمیان شێست تمەنی بووە. کە خان کامیان ئیمزا بکا، ئەوەی بداتێ. خان هەرسێکی ئیمزا کردووە و هەموو پووڵەکە بە شاعیر گەییوە. لەوەپێش باسمان کرد کە سمایل خان ناوێک لە لەشکری جەعفەر خان هەڵاتبوو؛ ئەو سمایل خانە بە بەرگی دەروێشییەوە لە گەرووس وێڵ دەخولایەوە. خوسرەوخان هێنایە لای خۆی، زۆری چاکە دەگەڵ کرد؛ پوڵ و پارە و خێوەت و ئەسپ و هێستر و چەکی زۆری دایە و زۆر کەسی ڕەگەڵ خست کە بگاتەوە ولاتی خۆی. لە ڕێگەدا هێندێک لات و لوت و ڕووتە و پوتە و قزڵباش و عەشایەری کرماشان و لوڕستان و بەختیاریی لە خۆی کۆکردەوە کە دە تا دوازدە هەزار کەس دەبوون. هەڵی کوتایە سەر قەڵای کرماشان و حاجی عەلی خانی پیاوی خوسرەوخانی لە قەڵادا ئابلۆقە دا. حاجی عەلی خان خەبەری بۆ خان نارد. خوسرەوخان نامەیەکی پڕ لە سەرکۆنەی بۆ سمایل خان نارد، کە من هێندەم چاکە دەگەڵ تۆ کردووە، تۆ چۆن دەبێ خراپەم دەگەڵ بکەی؟ سمایل خان ئەم قسانەی بە گوێدا نەچوو، دەستی لە نامەردی بەرنەدا. خان کە زانیی ئامۆژگاری بەهرە نادا و «کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە»، هێندێک لەشکری هەڵگرت و لە ڕەمەزانی ساڵی ١٢٠١دا بەرەو کرماشان بزووت. سمایل خان کە زانیی خان لە کەوڵی کرپارە، لە ئابلۆقە وازی هێنا و بە لەشکریەوە دایانە چیای بێستون و لەوێدا خۆیان قایم کرد.

حاجی عەلی خان، بەدیاری و پێشکەشەوە، هاتە پێشوازیی خان و



بەجووتە چوونەوە کرماشان. پاش سانەوە، خوسرەوخان کەوتە شوێن چەتەکانی سمایل خان. سمایل خان قۆناغێکی تریش دوور کەوتەوە و هەروا لە پاشەکشەدا بوو تا لە ئاکامدا لە سەربەندی سیلاخور تووشی یەک هاتن و خوسرەوخان هێرشی بۆ کردن.

شەڕ قەوما، کوژراوی زۆر لە مەیدان کەوت و زۆربەی هەوالانی سمایل خان یان کوژران یان بەدیل گیران. شکان و زۆر پیس شکان، هەرچی هەیانبوو لە ناو لەشکری سنەدا دابەش کرا.

دەڵێن باپیرە گەورەم (واتا باپیرە گەورەی مەستوورەخانم) لەو شەڕە ئەوەندەی تالان بەرکەوتووە، کە زۆر بەزیادی زانیووە و هێناویەتە لای خان و گوتوویە: من ئەم هەمووەم بۆ چییە؟ خان گوتوویە بەشی خۆتە و دەبێ هەر بتەوێ. تا ئێستاش ئاوێنەیەکی زۆر بە نرخ لەو بەشە تالانییە لە ماڵی ئێمەدا هەرماوە.

خوسرەوخان زۆر لە پیاوە ئازاکانی کوردستانی لە پاش ئەو شەڕە بە پایەی گەورە گەیاند. یەک لەوانە میرزا فەتحوڵڵا کوڕی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر بوو، کە لاوێکی زۆر ئازا و خاوەن هونەر بوو، کردیە حاکمی تویسەرکان.

هەر لەو ساڵەدا ئاغا محەممەد خانی قاجار کە پادشایەکی بەدەستەڵات بوو، بەنیازی گرتنی کوردستان و دیتنی خوسرەوخان، بە لەشکرێکی زۆرەوە هاتە هەمەدان و، نامەی بۆ خوسرەوخان نووسی کە بچێتە لای. خوسرەوخان لە سنە دەرکەوت و لە وەرامیشدا نووسیبووی: دەبێ ببەخشی کە ناتوانم بێمە لات.

لە ساڵی ١٢٠٤دا نەخۆشیی فێداری و چەند نەخۆشییەکی تر تووشی خوسرەوخان بوون کە بە حەکیمان چاری نەدەکرا و ناچار لەکار کەوت.

**خان ئەحمەدخان**: لە دوای نەخۆش بوونی خوسرەوخان، کوڕە گەورەی کە ئەحمەدخان بوو لە جێی باوکی بە ولات ڕادەگەیشت. پیاوێکی زۆر باش

بوو، خەڵکی زۆری لێ ڕازی بوون و و پێی دڵخۆش بوون.

لەو سەردەمانەدا بوو کە هۆزی بڵباس لە لای باشماغ و تیلەکۆ ملیان لە ڕاوەڕووت نابوو. خان ئەحمەدخان بە لەشکرێکی کەمەوە بۆیان چوو. لە ساراڵ و هۆبەتوو (هەوتوو) توشیان هات و پێکیان دادا. هەر لە هەوەڵین هێرشدا بڵباس دەستیان بە پاشەکشە کرد؛ بەڵام لە جەنگەی ئەم هاتوهاوارەدا گوللەیەک بەر ئەحمەدخان کەوت و جوانەمەرگی کرد. دەڵێن ئەللاوێردی خانی کوری عەلی نەزەرخان، کە دەبێتە نەوەی سوبحان وێردی خان ئەو کارەی کردووە. خوا ئەزانێ.

بڵباسەکان کە زانییان سەرداری ئەردەڵانییان کوژراوە، هجومیان هێنا و زۆریان لەشکر شپرزە کرد. ئەمیر ئەسڵان خانی کوڕی ڕەزا قوڵی خان، غیرەتی بزووت و لە دوژمنان بوو بە بزووت و دەگەڵ حەمەڕەشید بەگی وەکیل و هەواڵانیان شیریان لە کالان کێشا و بەربوونە جەستەی بڵباسان و ڕاویان نان تا دەسەقز و سیاکێویان پەستاوتن و هەرچی بوویان بە تاڵانیان هێنا. دەڵێن لە پاش نەمانی ئەحمەدخان، ئەردەڵانی بۆ تۆڵەی ئەو، لە هەموو دەمان ئازایانەتر شەڕیان دەکرد. بۆ نموونە میرزا لوتفوڵڵا کوڕی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر کە دەبێتە مامی دایکی من (واتا مەستوورە). ئەوڕۆژە حەڤدە بڵباسی لەسەر زین هەڵداشتووە.

دوای ئەو سەرکەوتنە، شەرکەرانی سنەیی جەنازەی سەرداری خۆیان هێنایەوە سنە و چەند ڕۆژێک پرسەیان بۆ دانا. جا چونکە خوسرەوخان لەش بەبار و لەکارکەوتوو بوو. بە فەرمانی ئاغا محەممەد خانی قاجار لوتفالی خان کرا بە والیی کوردستان.

لێرەدا قسەکانی مەستوورە خانم دەربارەی خوسرەوخان و خان ئەحمەد خانی کوڕی دوایی دێت.

ئیسماعیلی مەلا حەمە حوسێن دەڵێ*: خوسرەوخانی گەورە ساڵی

* وەرگێڕاوە عەرەبیەکەی شەرەفنامە لە کتێبی تاریخ ئەردەڵانی سمایلی مەلا =



١١٦٨ک = ١٧٥٤م، حوکمی وڵاتی ئەردەڵانی دەس کەوتووە. هێندێک دەردەسەریشی تووش بووە. ساڵی ١١٩١ ک = ١٧٧٧م محەممەد پاشای بەبە، لەشکری تورکانی بەسەرکردایەتیی حەسەن پاشا دەگەڵ خۆی هێنا و چووەتە سەر خاکی ئەردەڵان. خوسرەوخان بەگژی داچۆوە؛ دەرۆستی نەهات و بانەی لێ داگیر کرا. لە پاشان بە لەشکرەوە بۆ ساندنەوەی بانە چۆوە. ئەو جاریش تێ شکاوە و ناچارکراوە خۆ بداتە ناو شاخانەوە.

لە ساڵی دواییدا کەریم خانی زەند لەشکرێکی بە سەرکردایەتیی کەڵباڵی خان بەهیمدادەوە ناردووە، ئەوجار خوسرەوخان محەممەد پاشای بەبەی شکاندووە و ڕاوەدووی ناوە تا دە کەرکووکی پەستاوتووە. خوسرەوخان ساڵی ١٢١٤ = ١٧٩٩م مردووە.

مێژووی ئایەتوڵڵا مەردۆخ باسەکە وا دەس پێ دەکا:

**حوکماتی خوسرەوخانی ئەردەڵان - دووبارە:** پاش لادانی عەلی خانی بابان لە ساڵی ١١٧٩ی کۆچیدا بە فەرمانی کەریم خانی زەند خوسرەوخان کرایەوە بە والیی کوردستان و لە ساڵی ١١٨٠دا گەیشتەوە سنە. دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی شار و بنکەی والیەتی. لە جێگەی سەربازگەی ئێستا کە ئەوسا جێ دیوەخان بوو، باڵەخانێکی ڕوو بە ڕۆژهەڵاتی زۆر جوانی سازکرد. حەوزێکی لە بیچمی هەژدیها لێ کردبوو؛ گەلێک هەیکەلی بەردینی تێدابوو، کە ئاو لە قورگیانەوە فیچقەی دەکرد و بەناوی تالاری خوسرەوییە بە ناوبانگ بوو. ئەو تالارە تا ساڵی ١٣٣٨ک واتا زەمانی حوکمی عەلی محەممەد خانی شەریفوددەولە هەرمابوو؛ بەڵام لە ڕووخان

= حەمەحوسێن کە من لە عەرەبییەکەوە وەرم گێڕاوەتە سەر کوردی و خستومەتە شەرەفنامەوە، زۆر بە کورتی لەم باسەوە دوواوە و سەیر لەوە دایە کە لە پاش باسی سوبحان وێردی خان، ناوی: ئەحمەد سوڵتان خان کراوەتە سەربەند و ناوەرۆک باسی خوسرەو خانە! جا لێرەدا یان سمایلی مەلا حەمەحوسێن، یان مامۆستا مەلا جەمیل، یان منی هەژار یەکێکمان ئەو هەڵەیەمان کردووە؛ کە دەبووایە بنوسرایە خوسرەوخان.

نزیک ببوو. ئەو تێکی دا و خانووی تری لە جێ بنیات نا. چوار باغێکیش هەر خوسرەو خان سازی دابوو، کە ئێستا گەڕەکی چوار باغ لەوێ کراوە. ساڵی ١١٨٤ پردی قشلاغی لە پێشوو چاکتر کردووە.

ساڵی ١١٩١ وەزیری بەغدا لە تۆڵەی ئەوەی لە پێشدا لە شکری کەریم خان بەسرایان تالان کردبوو، بە لەشکری زۆرەوە لە ڕێگەی زەهاوڕا هات. عەبدوڵڵا پاشای والیی مووسڵ و کەرکووک لەلای قەڵاچوالانەوە کە پێنج فرسەخێ لە قزڵجەوە دورە، ڕوویان کردە سنووری ئێران. حەمەپاشای بابانیش کە تا ئەوسا بەرفەرمانی کەریم خان بوو. ڕەگەڵ ڕۆمییان کەوت و دەستەبەربوو کوردستان بگرێ. وەزیری بەغدا هەشت هەزار سواری خۆی دایە کە دەگەڵ لەشکری حەمەپاشا بەرەو مەریوان ڕێ کەون. خوسرەوخان ئەو خەبەرەی دا بە کەریم خانی زەند و بۆ خۆشی بە دوو هەزار سوارەی ئەردەڵانەوە بەرەو هێرشبەران ڕێ کەوت. لە ڕێگەدا حەوسەت سواری مەراغەیی و گەڕووسی، ڕەگەڵ کەوتن. لە قەراغ گۆلی زرێبار دەبێتە شەڕ مەراغەیی و گەڕووسی هەر زوو دەشکێن و هەڵدێن. ئەردەڵانییەکانیش دوای سێ سەت کوشتە و سەت و حەفتا کەس کە بەدیل دەگیرێن ڕوو بە سنە ڕادەکەن. میرزا مەهدی و میرزا عەلی، کوڕانی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر، نەسروڵڵا بەگ کوڕی یوسف بەگ، حەمەڕەزا بەگی ئەردەڵان، عەبدوڵڵا بەگی مونشی و گەلێکی تر لەو شەڕەدا کوژراون. میرزا ئەحمەدی کوڕە گەورەی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر و زۆر لە سەرناسانیش بەدیل گیراون.

حەمەپاشا لە ترسی کەریم خان زات ناکا بێتە پێش؛ لە ترسی وەزیری بەغدا ناوێرێ بە پاشدا بگەڕێتەوە؛ لە مەریوان قەتیس ماوە. خوسرەوخان شکات لای کەریم خان دەکا. ئەویش سادق خانی بەرەو بەسرا و نەزەر عەلی خانی لە ڕێگەی مەندەلییەوە بۆ سەر بەغدا دەنێرێ؛ کەڵباڵی خان و عەلی مراد خانیشی لە ڕێگەی کوردستانەوە بەرەو سنوری عوسمانی بەڕێ دەکا.



سادق خان بەسرا دەگرێ. نەزەر عەلی خان تا سێ فرسەخ بۆ بەغدا دەگرێ و تالان دەکا. کەڵباڵی خان و عەلی مرادخان دێنە سنە. هەرچەند حەمەپاشا پەشیمانی دەردەبڕێ بەهرە نادا. لە ڕەجەبە مانگی ساڵی ١١٩١ دەگەڵ خوسرەوخان بەرەو مەریوان دێن.

حەمەپاشا بێ شەڕ هەڵ دێ و ئەمانەش دەگەنە قزڵجە. لوتفاڵی خانی کوڕی سوبحان وێردی خان بە چەند سوارێکەوە دەکەوێتە شوێن هەڵاتووان. تا قەرەداغ دەچێ و تالانی دەکا و دەیسووتێنێ. کەریم خان بە گورگاڵی خانی جلەوداردا خەبەر دەنێرێ کە بگەڕێنەوە سنووری ئێران؛ چونکە قەرارە دەگەڵ عوسمانی سوڵح بکەن تا بزانین چۆن دەبێ، ئیتر عەلی مراد خان دێتەوە. خوسرەوخان و کەڵباڵی خان دێنە گوندی زاغە و دوو مانگ لەوێ دەمێننەوە. فەرمانی کەریم خان دێت کە پێک نەهاتووین و هێرش بەرنەوە سەر وڵاتی ڕۆم و هیچ درێغی مەکەن. دیسانەوە هێرش دەکرێتەوە. خوسرەوخان لە پێشاییی لەشکر و لەشکری زەند بە سەرکردایەتیی کەڵباڵی خان و عەلی مرادخان بەشوێنیەوە هەڵدەکوتنە سەر شارەزوور. زولفەقار خانی خەمسەشیان دەگاتێ. ڕوو دەکەنە قەڵاچوالان.

حەمە پاشا هەڵدێ. حەسەن پاشای وەزیری بەغدایە لەشکرێکی زۆر بەسەرکردایەتیی کەهیا دەنێرێتە هیمدادی حەمەپاشا. لە ڕێگە حەمە پاشا دەگێڕنەوە؛ مل لە سەنگەر گرتن دەنێ کە شەڕ بکەن. لەم بەینەدا ئەحمەد پاشای برای حەمەپاشا لە برای هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە دۆستی دوژمنانی.

لە بەرەبەیاندا کە بڕیارە شەڕ بکرێ، دەکەن و ناکەن کەسیان وەبەرچاو نایە بە گژیدا بچن. دەردەکەوێ کە هەر شەوێ، لەشکری ڕۆمییان ڕەویون و دنیا چۆڵ و بێ خاوەنە. چەکداری زەند و قزڵباش و ئەردەڵانی مل لە تالان و بڕۆ و ئاوایی سووتاندن دەنێن. تەنانەت کچ و ژنانیش فەساد دەکەن. خوسرەوخان ئەم کارەی بەلاوە زۆر گران دێ، دیلەکان لە قزڵباش و زەند دەستێنێتەوە و دەیان داتەوە بە کەس و کاریان. هێندێک ماڵی بەکاریش دەگەڵ خۆی بار دەکا بۆ کوردستان. ئەحمەد پاشا و ڕەزا قوڵی خانی برای

خۆی لەشارەزوور بەجێ دێڵێ.

حەمەپاشا خۆی دەخاتە ماڵی کەریم خان و پوڵێکی باشی دەداتێ و فەرمانی پێ دەنووسێ کە ئەحمەد پاشا دەرکرێ و حەمەپاشای لەجێ دانرێ. وەزیری بەغدا کە زانیی کڵاوی ئەحمەد لە سەر حەمە نراوە. گورجێک قاقەزی والیەتیی بابان و شارەزووری بۆ ئەحمەد نارد و نازناوی پاشایەتیی دایە و کەمە هیمدادێکیشی بۆ نارد. لەم لایەشەوە کەریم خان عەلی مراد خانی ناردە هیمدادی حەمەپاشا. ئەحمەد پاشا خۆی هاوێشتەوە بەغدایە. عەلی مراد خان دەگەڕێتەوە شیراز. سەرلەنوێ ئەحمەد پاشا بە لەشکرێکی تەیارەوە هێرش دەباتە سەر شارەزوور. دیسان عەلی مرادخانی بۆ دەنێرن. شەڕ دەقەومێ و عەلی مرادخان بەدیل دەگیرێ و دەینێرنە بەغدایە. وەزیری بەغدایە زۆر بە حورمەتەوە دەینێرێتەوە شیراز. کەریم خان زۆر تووڕە دەبێ. شەفیع خانی زەند بە دوازدە هەزار سوارەوە بۆ یاریدەی حەمە پاشا بەڕێ دەکا. لە زستاندا ئەو سوارانە دێنە کوردستان. پاش دوو مانگ لە سەرەتای بەهارا خوسرەوخانیشیان دەگەڵ، دەچنە سەر شارەزوور. ئەحمەد پاشا بێ شەڕ هەڵدێ، حەمەپاشا دادەمەزرێتەوە و لەشکری هیمداد دەگەڕێتەوە.

لە سێشەمووی ١٣ی سەفەرە مانگی ساڵی ١١٩٣دا کەریم خان مرد. (ئەی وای کەریم خان مرد). بە ئەبجەد ساڵی مەرگیەتی - ١١٩٣ک لە هەموولایەکەوە ئاژاوە سەری هەڵدا. عەلی مرادخان خۆی بەجێنشینی کەریم خان دەزانی. زولفەقار خانی هەوشاریش داوای کەلەپووری نادرشای دەکرد. دەبوایە بەشەڕ بێن. عەلی مرادخان لەشکری لێ کرد و ئەحمەد خانی کوڕی خوسرەوخانیشی کە چاردە ساڵ بوو لە ئەسفەهان بوو، دەگەڵ خۆی هێنا. هێزەکانی عێراق و حەمەخانی لوڕ و ئەحمەد ئاغای باشاغا و هیتریش لە ڕێ هاتنە پاڵی. لە مەڵبەندی عەلی شوکر لە مانگی ڕەمەزانا، هەر دووک بەرە تێک بەربوون. لەشکری هەوشار شکا و زولفەقارخان بە دوو سێ کەسەوە بە پەلەپڕوزێ خۆی گەیاندە تارم و خەڵخاڵ و حاکمی



خەڵخاڵ گرتی و بۆ عەلی مرادخانی نارد و گورجێ سەریان بڕی.

دوای ئەو شەڕە عەلی مراد خان ئەحمەد خانی بەحورمەتەوە بەڕێ کردەوە و داوای کرد خوسرەوخان لە تاران بچتە لای.

خوسرەوخان لە نێوەڕاستەکانی ڕەمەزانی ساڵی ١١٩٣ دەگەڵ زۆر لە پیاوماقووڵانی کوردستان و هەزار و پێنج سەد سوارەوە بەرەو تاران ڕێ کەوت. عەلی مراد خان بەخۆی و سەردارانیەوە تا دوو فرسەخی تاران بەپێشوازییەوە هات و بەوپەڕی حورمەتەوە بردیە تاران. لە دووهەمین چاوپێکەوتنا خوسرەوخان تکای ڕزگاربوونی ئەڵڵا قوڵی خانی حاکمی کرماشانی کرد، کە لە زینداندا بوو. تکای قبووڵ کرا و ئەڵڵا قوڵی خانی بەردا و کراوە بە حاکمی کرماشان. عەلی مرادخان دەگەڵ خوسرەوخان، ماوەیەک دەچنە قەزوێن و دێنەوە ئەسفەهان. لە ئەسفەهان حەمەرەشید بەگی وەکیل کە ئەویش یەکێک لە هاوڕێکانی خوسرەوخان بوو، لای عەلی مراد خان باسی زوڵم و ناحەقیی خوسرەوخان دەکات. عەلی مرادخان کە لە هێز و پێزی خوسرەوخان لە دڵدا نیگەران بوو، هەل بەدەرفەت دەزانێ. خوسرەوخان لەکار لا دەدا و فەرمانی والیەتی بۆ کەهزاد خانی کوڕی سوبحان وێردی خان، دەردەکا و دەگەڵ ڕەشید بەگ و ئەردەڵانییەکانی ترا دەینێرێتەوە کوردستان.

هەر لەو سەردەمانەدا، کوڕانی سادق خانی زەند، لە عەلی مرادخان یاغی دەبن. عەلی مرادخان لەشکرێکی زەندان دەنێرێ و، حەمە ڕەشید بەگی وەکیلیش بە سێ سەد سواری ئەردەڵانەوە بەرەو ئاژاوەناوەکان بەڕێ دەکا. لەو شەڕەدا کوڕانی سادق خان سەردەکەون و لەشکری زەند و ئەردەڵان زۆر شپرزە دەکرێن. حەمەرەشید بەگ و شکستەی لەشکرەکەی نایەنەوە ئەسفەهان و ڕاست دەچنەوە سنە بۆ لای کەهزادخان.

خوسرەوخان کە بەو شکانە دەزانێ، دەگەڵ ڕەزا قولی خانی برای و لوتفاڵی خانی مامی بەرەو کوردستان دێن و دەگەنە ئیسفەنداباد.

حەمەرەشید بەگ و کەهزادخان و میرزا یوسف و میرزا ئەحمەد کوڕانی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر و دەست و پێوندیان، سنە بەجێ دەهێڵن و خۆ دە پایگەلان ڕادەکەن. خوسرەوخان بەچەند سوارێکەوە شوێنیان دەکەوێ. لە زینوی عاشقان تووشی کۆچ و باریان دێت و، هەرچی ماڵی دەوڵەت و خۆیانە، بەجێی دەهێڵن و سەڵتە سوارە شارەزوور خۆت بگرە و هاتم. خوسرەوخان دێتەوە شارو زۆر کەس لەئاوارەبووان دەگەڕێنەوە و دنیا ئەمن و ئارام دەبێتەوە.

زۆری پێ ناچێ. حەمە پاشا و عومەر بەگی برای مەحموود پاشا بەزیزی دێنە لای خوسرەوخان. مەحموود پاشا وەڵام دەنێرێ ئەگەر ئەوانەم بداتەوە دەست، کەهزادخانی دەدەمەوە. ئیتر پێک دێن. ئاغا محەممەدی برووجردی، حەمەپاشا و عومەر بەگ دەباتەوە؛ بابەکر ئاغاش کەهزادی پێیە، لە ڕێگە دەگەنە یەک و پێکیان دەگۆڕنەوە.

مەحموود پاشا هەر دەسبەجێ هەرتک برای خۆی دەکوژێ. بەڵام خوسرەوخان دەستی کەهزادخان دەکاتەوە و زۆری دەلاوێنێتەوە.

حەمەرەشید بەگی وەکیل و خزمانی، ماڵی خۆیان دەبەنە زەهاو و نەزەر عەلی ئامۆزای و کوڕانی لە زەهاو جێ دێڵێ و دەچێتە بەغدا و پەنا بە وەزیری بەغدا دەبا ئەویش چوار گوندی ئەو ناوەیان پێ دەسپێرێ و چوار ساڵ لەوێ دەمێننەوە. لەم بەینەدا هەمیشە دەگەڵ کۆچەران شەڕ و هەرایان بووە؛ تا وای لێ هاتووە خزمان لە ڕەشید بەگ وەڕەز بوون و هاتوونەوە بەر سایەی خوسرەوخان و عافوی کردوون. حەمەڕەشید بەگیش لە زەهاو جاڕز بووە؛ ناچار پەنای بەعەلی مرادخانی زەند بردووە. عەلی مرادخان داوای لە خوسرەوخان کردووە کە بیبەخشێ و پاڵەنگان و جوانرۆی پێ بسپێرێ. خوسرەوخان بەتکای عەلی مرادخانی کردووە.

کەهزاد خان و لوتفاڵی خان، لە بنەوە دەگەڵ حەمەڕەشید بەگ نێوانیان هەبوو. گوتیشمان نەزەر عەلی ئامۆزای ڕەشید بەگ و کوڕانی لە زەهاو



بوون، کە ڕەشید بەگ چووە ئەسفەهان و خۆی کردە دۆستی عەلی مرادخان. کاربەدەستی زەهاو ئەو خەبەرەی دا بەوەزیری بەغدایە. وەزیر نامەیەکی دۆستانەی پڕ لە دڵدانەوەی بۆ حەمەڕەشید بەگ نووسی و داوای لێ کرد بچێتە بەغدایە. کاغەزەکە بەر لە گەیشتنی، دەست کەهزادخان دەکەوێ. بۆ خۆشیرین کردن ڕاست دەیبا دەیداتە دەست خوسرەوخان. خوسرەوخانیش کاغەزەکە بۆ عەلی مرادخان دەنێرێ و بۆشی دەنووسێ کە ئەم پیاوە بەو هەموو چاکەی نەزانییووە کە دەگەڵی کراوە. ئەوەتا دەگەڵ دوژمنانت دۆستە. عەلی مرادخان فەرمانی گرتن و تاڵانی حەمە ڕەشید بەگ دەدا. هەرچی لە ئەسفەهانی هەبوو، پیاوی عەلی مرادخان بردیان. حەمەڕەشید گیرا و پێنج هەزار تمەنیان جەریمە لە کەسوکاری ساند. پاش ماوەیەک لە زیندان بەردەبێ. هەم بەهۆی خەڵکەوە و هەم خۆی مل لە خراپەی خوسرەوخان دەنێن و، عەلی مرادخانی لێ دەترسێن. عەلی مرادخان کە تەواو خۆی قایم نەکردبوو؛ لە هەموو بەهێزان و نەخوازە لە خوسرەوخان دەترسا.

دووزمانیی حەمەڕەشید کاری خۆی کرد؛ لە ساڵی ١١٩٦ دەعوەتی لە خوسرەوخان کرد کە بچێتە ئەسفەهان. خوسرەخان وەک جاری پێشوو عوزر و بەهانەی هێناوە. عەلی مرادخان بە ڕاوێژی حەمەڕەشید بەگ فەرمانی والیەتیی، بۆ ڕەزا قولی خانی برای خوسرەوخان نارد.

جەعفەرخانی دایکبرای خۆشی بە پێنج هەزار سوارەوە نارد، کە خوسرەوخانی قۆڵ بەستە بۆ بێننە ئەسفەهان. خوسرەوخان بەر لە گرتن هەر خۆی دەگەڵ هێندێک لە یارانی لە ڕێی خوانسارەوە چووە ئەسفەهان. خان ئەحمەدی کوڕیشی لە ترسی جەعفەرخان دەگەڵ پیاوانی خۆی بەرەو هەورامان چوو. ڕەزا قولی خان گوێی نەدایە فەرمان و ئەویش، بەماڵەوە خۆی گەیاندە ئەحمەد خان. سێ ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی ئەمانە جەعفەرخان هاتە سنە و دەستی بە کوشتار و تاڵان کرد. ئەحمەد خان لە شارەزوور ما، بەڵام ڕەزا قولی خان خۆی گەیاندە ورمێ و پەنای بەئیمام قولی برد کە ئەویش سەری لە پاشایەتی دەخورا.

جەعفەرخان پاش ئەو هەموو نامەردییە کە کردی شێخ عبدولمؤمینی دووهەم باپیرە گەورەی من (ئایەتوڵڵا) کە پێشنوێژ و خودبەخوێنی جومعە بوو، ناردە شارەزوور، بەڵکو ڕەزا قولّی و ئەحمەد خانی بۆ فریو دا و بیانهێنێتەوە سنە. شێخ موئمین دەرفەتێکی باشی بۆ هەڵکەوت، ڕۆیشت و تازە نەهاتەوە و لای ئەحمەدخان گیرسایەوە.

ئیمام قولّی بە شەش هەزار سوارەوە، بەناوی یارمەتیی ڕەزا قولّی خان بەرەو سنە هات. جەعفەرخان لە ترسان هەر بەشەو ڕای کرد و سنەی چۆل کرد. ڕەزا قولی خان بەوالیەتی لە سنە دامەزرایەوە.

ئیمام قولّی بەرەو ئەسفەهان دەچێت؛ لە ڕێگەدا لەسەر تەگبیری سەرکردەکانی شەڕی، واز لەو سەفەرە دەهێنێ و دەگەڕێتەوە ورمێ.

تەنیا حەڤدە ڕۆژ بوو ڕەزا قولّی خان حوکمی سنەی دەکرد کە لەسەر دنەدانی حەمەڕشید بەگی وەکیل، کەهزادخان و لوتفالّی خان بە لەشکری کرماشانەوە دێنە سەر سنە و لەدەوری شار دەبێتە شەڕ. ڕەزا قولّی خان لە شەڕدا بەنێزەی نەزەر عەلی خان بریندار دەبێ و بەرەو گەڕووس ڕادەکا و لەوێ دەمرێ.

خوسرەوخانیش کە دەچێتە ئەسفەهان، عەلی مرادخان لووتی لێ هەڵدەکا و بەهیچی ناگرێ؛ شەش مانگ بە سەرگەردانی دەمێنێتەوە. بەڵام لەپاش ئەو شەڕەی سنە و مردنی ڕەزا قولّی خان، خوسرەخان وەقەدر دەکەوێتەوە. عەلی مرادخان زۆری دڵنەوایی دەداتەوە و، فەرمانی والیەتیی کوردستان بۆ ئەحمەدخانی کوڕی دەنێرێ و ئەویش دەگەڵ شێخ عبدولمؤمیندا دێتەوە. کەهزادخان و لوتفالّی خان پێشوازیی لێ دەکەن و دەڵێن ئامادەی بەرفەرمانیین.

ساڵی ١١٩٨ عەلی مرادخان کە لەبەر شەڕاب خواردنەوەی زۆر توشی نەخۆشی ئاوبەند ببوو، پشتی دەدنیا کرد و مرد. ئیتر دنیا بوو بە پاشاگەردانی و زۆردار و بێ زۆر. خوسرەوخانیش دێتەوە سنە و خەریکی



ئاوەدانکردنەوە و کۆکردنەوەی کۆچ کردووان دەبێ.

ئەڵڵا قولّی خانی زەنگەنەش لەو کەسانە بوو کە بۆ پادشایەتی خۆی دەسەنگ نابوو. بە دنەدانی حەمەڕەشید بەگ، بەنزیکەی بیست هەزار سواری تێکەڵ لە زەنگەنە و کەڵهور و عەشایری سەر سنوور و سەرپێل زەهاو و خەڵکی وڵاتی عوسمانییەوە، بەتۆپخانە و سەنسەنەوە لە سەحنە و کەنگاوەرە بەرەو کوردستان هات و پێشەنگ و کەیخوداشی حەمەڕەشید بەگی وەکیل بوو.

خوسرەوخان بە حەوسەد و پەنجا سواری هەڵبژاردەوە لە مانگی مەولوودی ساڵی ١١٩٩دا دەچووە پێشیان. لە ملەی باخان کە سێ فرسەخی شاری سنەیە. خوسرەوخان هەریەک لە سێ کوڕەکانی خۆی کردە سەرکردەی سەد سوار و پەنجا سواریشی لەگەڵ خۆیا هێشتەوە*. ئەحمەد خانی کوڕە گەورەی دەگەڵ میرزا یوسف کوری عەبدوڵڵای وەزیر دەکاتە سەیارەی لەشکر و لە پێشدا دەڕۆن. نیو سەعات لە شەو ڕابردبوو لە دەشتی ئەمیراباد تووشیان بەتووشی سەیارەی دوژمنەوە بوو، کە کوڕانی حەمەڕەشید بەگیشیان دەگەڵ بوو. پێک هەڵپڕژان و زەنگنە شکان و بەرەو پاش هەڵاتن. لە بەرەبەیاندا، ئەحمەدخان بەتاڵان و یەخسیری زۆرەوە هاتەوە لای باوکی. لەتاو هەڵاتدا، خان لەشکری خۆی لە سونقر ڕاگرت و بەڕێزی کردن. خۆی لەناوەڕاست و ئەوانی تریشی لە چەپ و ڕاستەوە ڕاگرتن. لەولاشەوە ئەڵڵا قولّی خان و لەشکری هاتن و لەبەرانبەریاندا لەشکربەزیان کرد. ئەڵلا قولّی خان کە لەشکری ئەردەڵانی زۆر بەکەم و سوک دەزانی، بەفیزەوە لەشکری خۆی بەڕێز کرد. تۆپخانە و زەنبوورەکی

* وەک زانیمان مەستوورەخانم نووسیویە حەوسەد (لە لاپەڕە ١٢٥، مێژووی ئەردەڵانەکەی چاپی بەهرامی، ١٩٤٦). لە مێژووی ئایەتوڵا جزمی دووهەم، ڕووپەڕ ١٤٠، دەڵێ: حەوسەد و پەنجا سوار. بەڵام لە دابەشکردنەکەدا دەڵێ: هەریەک لە کوڕەکانی سەد سواری پێ سپارد و پەنجا سوار بۆ خۆی مایەوە. وا دیارە هەڵە لە چاپدا بێ و دووسەد بوو بێت بە سەد؛ خوا ئەیزانێ– هەژار.

کردە باڵی ڕاست و چەپ و شەڕ هەڵگیرسا. ئەحمەدخان کە دیسان لە ڕیزی پێشەوە بوو، کەم کەم پاشەکشەی کرد، تا گەیشتە شوێنێک کە گوللە تۆپی دوژمنیان نەگاتێ. زەنگەنە لایان وایە سەرکەوتوون، بەڵام لەپڕ ئەحمەدخان لەنا وەڕاستەوە و ئەمیر ئەسلان خان و محەممەد خان کە برای ئەحمەد خان بوون لە ڕاستە و چۆپەوە وێکڕا، لەپڕ هێرش بۆ زەنگەنە و کوردەکانی پیاوی حەمەڕەشید بەگ دەبەن و خۆیان دەناو ڕادەکەن و (چت خواردووە؟ ترش و چەوەندەر؟) بە شیر و خەنجەر بەردەبنە گیانی دوژمن و زۆریان لێ دەکوژن و زۆریان پێ دزە پێ دەکەن. ئیتر ئەڵڵا قولی خان خان فەرمان بەهەموو لەشکرەکەی دەدا کە ئەوانیش هێرش بەرن و تۆڵە بکەنەوە. بەڵام ئەردەڵانییەکان وەک شێر لە مەیدان دەچەقن و، چەقەنەی مەرگ بۆ دوژمن دەنێنەوە. لە گەرماوگەرمی شەڕدا، جلەودارێکی خوسرەوخان کە ناوی ڕەزا بەگ دەبێ، تووشی ئەڵڵا قولی خان دێت و لەسەر زینی هەڵدەدێرێ و سەری دەبڕێ و بەدیاری بۆ خوسرەوخانی دەهێنێ. لەشکری زەنگەنە مل لە هەڵاتن دەنێ. لەشکری ئەردەڵان دەبێتە دوو بەش. بەشێکی شوێن هەڵاتووان دەکەوێ کە نەهێڵێ دەرچن؛ بەشێکیشی خەریکی کۆکردنەوەی تاڵانی شەڕ دەبن. هەر لە تۆپ و تۆپخانەوە هەتا سیر و پیوازیش، هەرچی زەنگەنە بوویانە لە مەیداندا بەجێ ماوە. خوسرەوخان دەگەڵ محەممەد ئاغای باپیری میرزا عەلی ئەکبەری سادقولملوک دەچێتە ناو خێوەتی پادشایەتیی ئەڵڵا قولی خانەوە.

محەممەد ئاغا دەڕوانێ سندوقێکی زۆری تێدایە. یەکیان سەرهەڵدەداتەوە پڕیەتی لە شتی بەنرخ. سندوقەڵەیەکی تێدایە ئەوی دەخاتە گیرفانییەوە و دێتەوە لای خوسرەوخان کە لەبەر ماندوویی پاڵی داوەتەوە، خان بە محەممەد ئاغا دەڵێ: بۆ نەچووی بەشی خۆت تاڵان دەست بخەی؟ دەڵێ: من تۆم بۆ ماڵی دنیا بەجێ نەهێشت و لە شوێن تۆ هاتم. چیرۆکی یەغدان و سندوقەڵەکەی بۆ باس دەکا و لەگیرفانی دەردێنی و لەپێش خانی دادەنێ و، دەیەوێ قفڵەکە بشکێنی، تا خان ناوەکەی ببینێ.



خان دەڵێ، بوێستە من کلیلێکی بچوکم لایە بزانێ بەوە ناکا؟

کلیل کە بە بەند و مورەوەوە بووە، قفڵەکە دەکاتەوە. خان دەڵێ دیارە بەختمان یارە. تەنانەت کلیلیشمان قفڵی زەنگەنە دەشکێنێ. قوتوە دارینەکە هەڵدەڕێژن پڕیەتی: لە گەواهیراتی هەمەڕەنگە. خان تەنیا ئەنگوستیلەیەکی پیرۆزەی لێ هەڵدەبژێرێ کە نیشانەی پیرۆزی و سەرکەوتنە و، ئەوی تری کە هەرخوا بزانێ چەندی هێناوە داوە بە محەممەد ئاغا.

زۆری نەکێشاوە کە دەستە سوارێک گەڕاونەوە و ڕەشید بەگی وەکیل و نەسیر خانی کولیایی و چەند کەسێکی تریان قۆڵبەستە هێناوەتە لای خان. خان فەرمانی دا دەستی ڕەشید بەگیان کردەوە و، هەرچی لە خۆی و سوارانی بەتاڵان گیرابوو، درایەوە و، زۆر بەڕووی خۆشەوە دواندی و گوتی: دۆستایەتی لە دوژمنایەتی باشترە، ئەمەش بزانە: «چرا غیر کە ایزد...» ئیتر بەسیە چیتر خۆت توشی دەردی سەری مەکە. شێلم و ساواری کوردستانی خۆمان لە پلاو و گۆشتی ئەسفەهان و خۆرشتی کرماشان چاکتر و خۆشترە.

خوسرەوخان هەر لەو شەڕگەوە، حاجی عەلی خانی مامی ئەڵڵا قولی خانی خەڵات کرد و بەحاکمیەتی ناردیە کرماشان. حاجی عەلی خانیش هەرچی خەزێنە و نەغدینەی وەشێراوە و کەرکە مەڕ و ڕەوە ئەسپ و هەموو دارایی ئەڵڵا قولی خانی کە ئەو ڕۆژە نرخی لە سەد هەزار تمەن پتر بووە، بەپیاوی خوسرەوخاندا ناردیە ناو هۆردووی خان. خان هەمووی جگە لە ئەسپێک و خێوەت و بارەگای ئەڵڵا قولی خان، پوشکەیەک چییە بۆ خۆی نەگێڕاوە و گش لە گشتی بەسەر لەشکردا دابەش کردووە و بەوپەڕی سەربەرزییەوە گەڕاوەتەوە سنە.

لە ساڵی ١٢٠٠دا، جەعفەر خانی دایکبرای عەلی مرادخان کە لە ئەسفەهان خۆی کردبووە شا. بەهەموو لەشکری خۆیەوە هاتە هەمەدان و

ناردی بەشوێن خوسرەوخاندا کە بچێتە لای. خوسرەوخان خراپی جواب داوە و دوای دوو ڕۆژ بە لەشکرەوە بەرەو هەمەدان بزووت و ناردیە لای حەمەحوسێن خانی قەرەگوێزلوو، حەمەدەمین خانی گەڕووسی و عەلی خانی خەمسە کە بێنە یاریدەی. ئەوانیش بە پێنج هەزار سوارەوە هاتن و لەنزیک گوندی (سالْحاوا) گەیشتنە خوسرەوخان.

سبەی ئەو ڕۆژە کە پێنجشەمە و بیست و چواری مانگی شابانی ١٢٠٠ بوو، لەشکری خوسرەوخان لە (بەهاری) هەمەدان تووشی لەشکری جەعفەرخان هات و شەڕ دامەزرا. ئەو ڕۆژە هیچ لایەک چییان بۆ دەگەڵ یەکتر ناکرێ. ڕۆژی دووهەم لە بەرەبەری نیوەڕۆدا لەشکری عەلی خانی خەمسە و حەمەحوسێن خانی قەراگوێزلوو، دەشکێن و لێک بڵاو دەبن. خوسرەوخان تووڕە دەبێ؛ هەزار سواری هەڵبژاردەی کە دابوویە دەست سێ کوڕەکانی دەگژ زەندەکان ڕاکرد. ئیتر هەر لە هەوەڵ هروژمدا، مەیدانی شەڕ لە زیندووی زەندان بەتاڵ و لە کوژراویان دارماڵ بوو. کەس نەما هەڵنەیە، جەعفەر خان نەبێ، کە لەبەر گەدوگیپاڵی زلی نەیدەتوانی ڕاکات. خۆی لە سەنگەری تۆپخانەدا حاشاردا و دەرنەدەکەوت. سوارانی ئەردەڵان چەند کەسێکیان ئابڵوقەی سەنگەریان دەدا، مابەقیش خەریکی تاڵان وەکۆکردن بوون. یەخسیر و تاڵانێکی بێ ژماریان دەس کەوت. لەو شەڕەدا هەزار و سێ سەد چەکداری زەند و لوڕ کە سەر بەجەعفەر خان بوون، کوژران. لەشکری ئەردەڵان و خەمسەو گەڕووسیش سێ سەد و چل و پێنج کوشتە و زامداریان هەبوو.

جەعفەرخانی ورگ زلیش سەعات پێنجی شەو گەواهێراتی پاشایەتی و قورعانێکی ناردە لای خوسرەوخان؛ کە ڕێگەی ڕاکردنی بداتێ. خوسرەوخان خەبەر بۆ سەرۆکی تۆپخانەی جەعفەرخان دەنێرێ کە جەعفەرخان و سێ کەس لە یارانی مەرەخەس بکا و خۆی بەتۆپخانەوە، خۆی بەدەستەوە بدات. کار پێک هات و جافر هەڵات و تۆپخانە بوو بەهی ئەردەڵان.



خوسرەوخان دوای ئەو شەڕە زۆر زوو مەلایر و وریگرد و تویسەرکان و کزاز و فراهان و گوڵپایەگانی گرت و دوو سێ ڕۆژ لەوێ سایەوە و، بەرەو ئەسفەهان کەوتە ڕێ. شەوی چوارەمی سەفەرەکە، لە کۆڕی پیاوماقووڵانی خاندا، میرزا ئەحمەدخانی وەزیر، بەخان دەڵێ: ئەمڕۆ ئیتر هیچ لەمپەرێکت لەبەر نەماوە کە ببیە شا. ئاغا محەممەد خانی قاجاریش ئەو هێزەی نییە بەرانبەریت بکا. واباشە ئالای دەوڵەت هەڵکەی و، سکە و خودبە بەناوی خۆت بێ.

جەعفەر بەگی تەرخان، لەوەراما دەڵێ: ئاوات و ئارەزوو هەرگیز نابڕێتەوە و هەرکەس پێوەبچێ هەرگیز ناسێتەوە. دنیای بێ سانەوەش چڵە کایەک ناژی. شێلم و ساواری کوردستان نەک لە پادشایەتیی ئیران. بگرە لە پاتشایەتیی هەموو دنیا زۆر خۆشتر و باشترە. من دەڵێم ئەم خەیاڵانە لێرە جێ بهێڵن و بیر لە گەڕانەوە بکەنەوە. ئەم ڕاوێژە کار دەکاتە سەرخوسرەوخان. بەیانیی ئەو شەوە هەرچی یەخسیری زەند و هیتری لابوو، بەگەواهیراتی پادشایانە و تۆپخانە و زەنبوورەکخانەوە، بە نامەیەکی نۆکەرانەوە بۆ ئاغا محەممەد خانی قاجاری نارد. وڵاتەکانی گرتبووشنی بەپیاوانی ئاغا محەممەد سپارد و بەرەو کوردستان هاتەوە. ئاغا محەممەد خان کە نامەی خوسرەوخان و ئەو هەموو دیاری و مژدەی شکانی جەعفەرخانی پێ گەیشت، لە خۆشیان هەر وەخت بوو باڵ بگرێ.

نامەیەکی زۆر خۆشی بەئەسپی تایبەتیی خۆیەوە بەرەشمەی زێڕەوە و خەنجەرێکی دەسک ئەڵماس و جلی پاشایانەوە، بۆ خوسرەوخان نارد و ڕاشی سپارد کە سونقر و کولیایی سەر بەحوکمی ئەو بن.

ساڵی ١٢٠١ سمایل خانی زەند، هێرشی بردە سەر کرماشان، دەوری حاجی عەلی خانی حاکمی دا کە خوسرەوخان دایتابوو. حاجی عەلی خان خەبەری دا بە خوسرەوخان. خوسرەوخان بێ ئەوە چاوەنۆڕی جوابی ئاغا محەممەد خان بێ، چوو بە هاواریەوە نزیک بەکرماشان ببوو، سمایل خان هەڵات و خۆی گەیاندە چیای بێستوون. جوابی ئاغا محەممەد لە کرماشان

گەیشتە خوسرەوخان کە دەهیمدادی حاجی عەلی خان وەرە و ئەوا خۆیشم هاتم. ئیتر ئاغا محەممەدیش بە لەشکری زۆرەوە ڕووی کردە کرماشان.

بەر لەوە ئەو بگاتە بەرەوە، خوسرەوخان چووە جەستەی سمایل خان و لە سەربەندی سیلاخور بە گژی داهات و دوای شەڕێکی زۆر خەست، سمایل خان شکا و تالانێکی زۆر دەست ئەردەلانییان کەوت. هەر لەوێوە بەناوی ئاغا محەممەد خانی قاجارەوە میرزا فەتحوللای کوڕی میرزا عەبدوللای وەزیری کردە حاکمی تویسەرکان و گەڕایەوە و باس و خواسی بۆ ئاغا محەممەدخان نارد. ئەویش جوابێکی زۆر پڕ لە ئافەرینی بۆ نارد و ڕاشی سپارد کە بێتە هەمەدان بمبینێ. خوسرەوخان وا دەردەخا کە خۆی بۆی ناکرێ بچێ بەڵام لوتفالی خانی ئامۆزای بەدیاری و پێشکێشی زۆرەوە نارد. ئاغا محەممەد خان عوزری نەهاتنی خان قبووڵ دەکا و دەگەڕێتەوە تاران.

لوتفالی خان دوو ساڵ لای ئاغا محەممەد خان مایەوە ئەوسا بەزۆر حورمەتەوە ناردرایەوە کوردستان و، دیسان شا داوای کردبوو، خوسرەو خان ببینێ. خوسرەوخان کە چاکەی لە حەمەحەسەن خانەوە دیتووە و زۆریشی خزمەت بەئاغا محەممەد خان کردووە، لە شابانی ١٢٠٤دا ئەحمەد خانی کوڕی لە جێگەی خۆی دادەنێ و، بەرەو تاران دەڕوا و، حەسەن عەلی خانی کوڕی مستەفا خان و میرزا ئەحمەدی وەزیریش دەگەڵ خۆی دەبا.

وەزیران و پیاوماقووڵانی دەوڵەت تا فرسەخێک بەدەر لە تاران بەپیریەوە دێن و بەدەبدەبە و سەنسەنە دەیبەنە تاران. بەخزمەت ئاغا محەممەد خان دەگا و ئەوپەڕی حورمەتی لێ دەگیرێ. شەش مانگ هەر میوانێکی زۆر عەزیز دەبێ.

شەوێک لە کاتی خواردنەوەدا بەفەرمانی ئاغا محەممەد خان دەرمان دەکرێتە ناو پێکی ئارەقی خوسرەوخان و، بەهەوای مەستییەوە شێت دەبێ.



هەر خەبەری شێت بوونی خان گەیشتەوە کوردستان. هەر هۆزەی لەبەرخۆیەوە مۆز دەکا و دنیا دەبێتە ئاژاوەبازی. عەشایەری موکری و بلباس لە ئەحمەد خان یاغی دەبن. ئەویش بەهەزار سوارەوە دەچێتە سەریان. لە ساراڵ و هۆبەتوو (هەوەتوو) توشیان دێت و شەڕ دەقەومێت و لە کێو ڕاویان دەنێ و دەپێ دەشتیان دەکا و بلباس و موکری دەشکێن و هەڵدێن و ئەحمەد خان ڕاوەدوویان دەنێ. لەم شەڕ و هەرایەدا، ئەڵڵاوێردی خانی کوڕی نەزەر عەلی خان کە دەبووە نەوەی سوبحان وێردی خان، لە بۆسەوە تفەنگێکی هاویشتە ئەحمەد خان و گیانی لێ ساند. بەکوشتنی ئەحمەد خان شەڕ نەوێستا، حەمە ڕەشید بەگی وەکیل و ئەمیر ئەسلان کوڕی ڕەزا قولی خان دەبنە سەرکردەی لەشکر و بلباسان ڕاودەنێن تا دەسەقز و سیاکێویان دەپەستێون. لەو دواکەوتنەدا میرزا لوتفوللا کوڕی میرزا عەبدوللای وەزیر زۆر بەئازا ناوبانگی دەرکردووە. پاش نەمانی شەڕ، لاشەی ئەحمەد خانیان بەتالانی فرەی دوژمنەوە هێنایەوە سنە و خەبەری ڕوداو بە ئاغا محەممەد خان دەدەن. ئەویش فەرمانی والیەتیی کوردستان بۆ لوتفالی خان دەنێرێ. خوسرەوخان ساڵی ١٢٠٦ کۆچی دوایی دەکات*.

**لوتفالی خان کوڕی سوبحان وێردی خان**: ساڵی ١٢٠٥ کرا بەوالی. حەسەن عەلی خانی کوڕە گەورەی بەبارمتە ناردە لای ئاغا محەممەد خان. خوسرەوخانیش هەر لەو ساڵەدا مرد.

لە ساڵی ١٢٠٦ لە خوزستان شۆڕشێک دژی دەوڵەت هەڵگیرسا. فەرمان بە لوتفالی خان درا کە ئاژاوەکە دامرکێنێ. ئەویش نزیک بەسێ هەزار سواری لەکوردستان** هەڵگرت و لە ڕێگەی کرماشان و لوڕستانەوە

* قازی حەمەشەریف دەڵێ خوسرەوخان لە ١٢٠٨دا لە کەربەلا مردووە. مەستوورە خانم لای وایە ١٢٠٥بووە.

** بە قسەی حەمەشەریف قازی دەهەزار سوار.

بەرەو خوزستان بزووت و لە ڕێگەش لەشکری کرماشان و لوڕستانی ڕەگەڵ کەوت. حاکمانی خوزستان لەو لەشکرکێشییە ترسان و بێ شەڕ خۆیان دا بەدەستەوە و تۆبەیان کرد و باجیان بەدیاری و پێشکێشی زۆرەوە هێنایە لای والی و شێخەکانیشیان بەدیاری و سەوقاتی زۆرەوە بەرەو دەرباری قاجار وەڕێ کەوتن.

لوتفاڵی خان لە سەرەتای چلەی زستانەوە تا سەرەتای خاکەلێوە لە خوزستان خۆی گرت و خەریکی سەر نەرم کردنی سەرڕەقان بوو. چەکدارانی کوردستان لەو ماوەیەدا تاڵانی زۆریان بەرکەوت. تەنیا باپیرە گەورەی من (مەستوورە) کە چووبوو حیساب میساب دەگەڵ عەباس قولی خانی والی شوشتەر بکا. هەزار تمەنی پێ برابوو.

لەو دەمانەشدا ئەحمەد سوڵتانی بانە و، بەگزادە و سانەکانی هەورامان و خەڵکی مەریوان، وێکڕا ببوونە دژی دەوڵەت و دۆستی پاشای بابان و دەستیان بە تاڵان و بڕۆ کردبوو. لوتفاڵی خان گوێی بە بەفر و سەرما نەدا و بۆ سەرکوت کردنی ئەمانە بەرەو بانە ڕۆیشت. هەرکە گەیشتە قزڵجە. دانیشتوانی مەریوان کە سەر بەپاشای بابان بوون. مەریوانییان چۆڵ کردبوو، بەرەو شارەزوور هەڵاتن. بە فەرمانی والی هەموو ماڵی ئاوایییەکان سوتێنران.

ئەحمەد سوڵتانی بانەش پەنای بەبڵباسان برد. خانی سنە فەتحالی سوڵتانی ئامۆزای ئەحمەد سوڵتانی کردە حاکمی بانە.

لە دوای ئارام کردنەوەی بانە و هەورامان. خان دەربارەی دێهاتی سەر سنوور کە ئاوڕەحمانی پاشای بابانیان بەسەر ڕادەگەیشت پیاوی ناردە لای پاشای بابان؛ ئەویش دێهاتەکەی دایەوە دەست پیاوی خان و قەرار وابوو هاوسایەکی تەبا بن. بەڵام پاشای بابان زۆر لەسەر پەیمان نەما و تێکی دا. خان فەرمانی دا کە ئیتر نابێ هەوارچیی شارەزوور بۆ کوێستانی ئێران بێن. ئەو ساڵە کەس نەیتوانی بێتە هاوینەهەوار. زۆربەی خۆیان و مەڕ و



ماڵاتیان لە گەرمان تێدا چوون. دوو سەد ماڵێک نەبێ کە دەگەڵ پیاوماقووڵانی کوردستان دۆست بوون بەدزیی والییەوە هاتبوونە هەوار و مەڕ و ماڵاتی خەڵکی تریشیان دەگەڵ خۆ هێنابوو. خان بەو فێڵەی زانییەوە. حەمەبەگی کوڕی مەنوچەر بەگی بەنی ئەردەڵانی ڕاسپارد کوتوپڕ بەسەریان دابدا و بە مەڕ و ماڵاتەوە بیانهێنێتە نزیک شاری سنە.

لە مانگی ڕەبیع دووهەمی ساڵی ١٢٠٩دا لوتفاڵی خان بەمەرگی مفاجا مرد. دەڵێن هێندەی شەراب خواردۆتەوە پێی دڕاوە! خوا دەیزانێ. تا ئێرە پوختەی مێژووی مەستوورە خانم بوو دەربارەی لوتفاڵی خان.

ئایەتوڵڵا مەردۆخ دەڵێ: پاش کوژرانی ئەحمەد خان. ساڵی ١٢٠٥ بەفەرمانی ئاغا محەممەدی قاجار لوتفاڵی خانی مامی خوسرەوخان کرایە والی. ئەویش حەسەن عەلی خانی کوڕی بەدیارییەوە وەک بارمتە ناردە پێ تەخت.

ساڵی ١٢٠٦ خوسرەوخان بەشێتی لە تاران مرد، ئەمیر ئەسلان خان بەتەختی ڕەوان (دروشکە) لاشەکەی هێنایەوە کوردستان و ئەوسا ناردی لە کەربەلا ناشتیان.

هەر لەو ساڵی ١٢٠٦دا خوزستانییەکان یاغی دەبن. فەرمان بەلوتفاڵی خان دەدرێ سەرکوتیان کاو بۆ ئەو مەبەستەش لەشکری کرماشان و لوڕستانی ڕەگەڵ کەوێ. خان لە سەرەتای زستاندا بە پێنج هەزار سوارەی ئەردەڵانی و کرماشانی و لوڕستانییەوە خۆی گەیاندە خوزستان و، یاغیەکانی گرت و، بەتاڵان و دیاری زۆرەوە، ناردنیە دەرباری قاجار. خۆی زستانەکەی لە خوزستان گوزەراند و سەرەتای بەهار گەڕایەوە کوردستان. لە سەرەتای زستانی ١٢٠٧دا ئەحمەد سوڵتانی حاکمی بانە و کۆمەڵێک لە بەگزادەکانی هەورامان بەدنەدانی ئاوڕەحمان پاشای بابان لە والی هەڵدەگەڕێنەوە و دەست دەکەن بەتاڵان و خراپە کردن. لوتفاڵی خان دەبەفر و بۆرانی زۆر دژواردا، بەسێ هەزار سواری ئەردەڵانەوە دەچێتە

سەریان. هەر دەگاتە مەریوان ئەحمەدسولّتان ڕادەکاتە ناو بلّباسان. خان فەتحالی سولّتانی ئامۆزای ئەحمەدسولّتان دەکاتە حاکمی بانە و فەرمان ئەدا هەموو دێهاتی یاغییەکان دەسوتێنن و، ئەو گوندانەی سەرسنووریش کە ئاورەحمان پاشا زەوتی کردبوو دەیسێننەوە. بە حەمە بەگی کوری مەنوچەر بەگیش دەسپێری، نەهێڵێ هەوارچیی شارەزوور بەم دیوەدا بێن. ئیتر ئەو ساڵە زۆربەی ماڵاتی شارەزوور قڕ دەکا.

لە ساڵی ۱۲۰۸دا، والیی حەوێزە لە شا یاغی دەبێ. حەسەن عەلی خانی کوڕی لوتفالّی خان کە لە دەربار بووە، بەفەرمانی شای قەجەر دێتەوە کوردستان و دەچێتە سەر ئەو یاغییانە. بەزمانی لوس و بێ شەڕ ئاژاوەکە ناهێڵێ و والیی حەوێزە و شێخەکانی هاوکاری، دەگەڵ خۆیا دەباتە دەربار.

لەمانگی شەشەکانی ۱۲۰۹دا لوتفالّی خان لە سۆنگەی شەڕاب خواردنەوەی زۆرەوە لەپڕ گیانی دەردەچێ. بەفەرمانی شای قەجەر حەسەن عەلی خان دەکرێتە والی و بەخەڵاتەوە دێتەوە وڵات.

**حەسەن عەلی خان**: ئاغا محەممەد خان کە خەبەری مەرگی لوتفالّی خانی بیست، حەسەن عەلی خانی کوڕی لوتفالّی خانی کە لە تاران بوو بانگ کرد و دوای سەرە خۆشی لێ کردن، پلەی والیەتیی کوردستانی دایە و، ناردیەوە. حەسەن عەلی خان پیاوێکی بەدین و نوێژ و ڕۆژ و پاک بوو، ئازا و بەهەیبەتیش بوو. هەموو کاروباری وڵاتی نابووە بەردەستی حەمەڕەشید بەگی وەکیل و، زۆربەی وەختی بە چوونە ڕاو ڕادەبووارد. لە شەڕی شووشی کە ساڵی ۱۲۱۱ (لە ئازەربایجان) قەوما و حەسەن عەلی خانیش بەسوارەی خۆیەوە تیا بەشدار بوو. دوای بەکوشت چوونی ئاغا محەممەدخان، لە گەڕانەوەدا بەگوللەی قەڵانشینان زامار بوو. ئامانوڵڵاخان کوڕی خوسرەوخان و سوبحان وێردی خانی کوڕی حەمەمۆمن خان، دەگەڵ چەند بەچکەخانێکی تری ئەردەڵانی، بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندەوە سنە و دەیانەویست حەسەن عەلی خان دەم لەپوش کەن. حەمەڕەشید بەگی وەکیل



ئەگەرچی زۆریش نەخۆش بوو، لەبەریان وێستا و نەیهێشت بەمراد بگەن، ناچار ڕوویان کردە مەریوان و دوای دوو ڕۆژ مانەوە، بەرەو سەقز چوون. حەسەن عەلی خانی زامار گەیشتەوە سنە و خەریکی خۆ دەرمان کردن بوو.

ئامانوڵڵاخان و سوبحان وێردی، هاواریان بۆ ئاوڕەحمان پاشای بەبە نارد کە دەهانایان بێت. ئەویش چەند چەکدارێکی بەسەرکردەییی سەلیم بەگی برایەوە بۆ ناردن و بۆ گرتنی کوردستان وەڕێ کەوتن و گەیشتنە مەریوان. حەسەن عەلی خان و حەمەڕەشید بەگی وەکیل سنەیان بەخەڵکەکەی چۆڵ کرد و بەرەو ماهی دەشت و نێو دەربەندی کرماشان چوون. لەوێوە وڵامیان بۆ والیی بەغدا نارد و لەدەست بابان شکاتیان کرد.

مەلا حەمەشەریفی قازیشیان ناردە لای سەلیم بەگ دەس ڕاگرێ تا جوابی وەزیری بەغدا دێتەوە. وەزیری بەغدا بەپەلە وەڵامی بۆ ئاوڕەحمان پاشا نارد، کە دەس لە یارمەتیی ئەو بەچکەخانانە بەردا، ئاوڕەحمان پاشا، سەلیم بەگی گەڕاندەوە و خانەکان هاتنەوە سەقز.

ئامانوڵڵاخان خۆی گەیاندە سولەیمانی و چاوی بە ئاوڕەحمان پاشا کەوت و زانیی لە ترسی وەزیری بەغدایە ناتوانێ یاریدەیان بدات. ناهومێد گەڕایەوە لای هەواڵانی و لە وێوە ڕووی کردە تاران. سوبحان وێردی و هەواڵەکانی تر، لەسەر دڵدانەوەی حەسەن عەلی خان گەڕانەوە سنە و ئاشت بوونەوە.

فەتحالّیشای قاجار، کە لەجێگەی ئاغا محەممەدی مامی ببووە شا، پەنای ئامانوڵڵا خانی دا و، مەڵبەندی ئیسفەندابادی، پێ سپارد کە خۆی و دار و دەستەی بەسەری ڕابگەن.

پاش ماوەیەک بەدنەی فەتحالّی بەگ و، ئەحمەد بەگ و، نەسروڵڵا بەگ، کوڕانی حەمەڕەشید بەگی وەکیل، زۆر لە پیاوە گەورەکانی کوردستان چوونە تاران و، چۆنی خراپە بۆ حەسەن عەلی خانیان تێ چاند.

ناردیان خانیان برده تاران. وێڕای حەمە زەمان بەگی وەکیل، کوڕی حەمەڕەشید بەگی وەکیل و، حەمە ڕەحیم بەگی کوڕی میهرعەلی سوڵتان و، نەزەر عەلی بەگ لە ماڵی بەگلەربێگی تاراندا حەبسیان کرد و ئامانوڵڵا خان کرایە والیی کوردستان. (قسەی مەستوورە خانم ئەمە بوو).

ئایەتوڵڵا دەڵێ: لە ساڵی ١٢٠٩دا کە لوتفاڵی خان مرد. ئاغا محەممەد خانی قەجەر، حەسەن عەلی کوڕی لوتفاڵی خانی کردە والی و ناردیەوە کوردستان. خۆی ملی لە نوێژ کردن نابوو؛ کارەکانیشی بە حەمەڕەشید بەگی وەکیل سپاردبوو. زۆریشی ڕاو پێ خۆش بوو. دوو ساڵ وا ڕابرا، لە ساڵی ١٢١١دا شا بەرەو ئازەربایجان و قەرەباغ و قەڵای پەناهاباد کە بەقەڵای شووشی یان شیشە ناو دەبرا هات. لەسەر فەرمانی شا، حەسەن عەلی خان بەپێنج سەد سوارەوە گەیشتێ. لەپاش گرتنی قەڵاکە، ئاغا محەممەد خۆی و پیاوە نزیکەکانی دەچنە ناو قەڵا و لەشکریش لە دەری شار خێوەت لێ دەدەن.

سێ ڕۆژ لەوەپێش شای قەجەر کاڵەکی بەسێ فەڕاشی خۆی سپاردووە کە بۆی هەڵگرن. فەراش کاڵەکیان خواردووە. شا هەڕەشەی لێ کردون. ئەوانیش زانیویانە دەکوژرێن؛ نیوە شەو دەرفەتیان هێناوە و، شایان لەخەودا بۆ هەمیشە بێ هەست و خوست کردووە.

ئەو لەتە بەیتە فارسییە: (روبه بریده کیری را ازل بدرید کون.) واتا: (ئەزەل کنگی ڕیوبیەکی کیر بڕاوی دڕی) بەحیسابی ئەبجەد مێژووی ساڵی مەرگیەتی کە دەبێتە: ١٢١١.

بەیانی کە لەشکر دەزانێ شا کوژراوە، هەڵێ ئەمما هەڵێ! تەنیا حەسەن عەلی خان خۆ ڕادەگرێ و، بەسوارانی خۆیەوە، عەلی قوڵی خانی برای ئاغا محەممەد، ڕزگار دەکا و، دەگەڵیا لە شار دەردەکەوێ. خەڵکی شار لە هەموو لاوە دەسڕێژیان لێ دەکەن و، گوللەیەک بەرقاچی حەسەن عەلی خان دەکەوێ و، بە زامارییش دەس لە برای شا بەرنادا و، ڕزگاری دەکا و،



ئەوسا ئیجازەی لێ دەخوازێ کە بێتەوە کوردستان. بەڵام ئامانوڵڵا خان کوڕی خوسرەوخان و سوبحان وێردی خان کوڕی مۆمن خان کە زاوای ئامانوڵڵا خان بووە و، هەردووک ئامۆزای حەسەن عەلی خان بوون، دەگەڵ کۆمەڵێک لە سەرناسانی کوردستان، کەین و بەینی خۆیان دەکەن و، هەڵدەگرنە غار و هەشت ڕۆژ بەر لە گەیشتنی حەسەن عەلی خان، دێنەوە سنە و، دەیانەوێ ببنە حاکم. حەمە ڕەشید بەگی وەکیل کە نەخۆشیش بووە، ملی نەداوە.

کاتێ خەبەر دێ کە حەسەن عەلی خان گەیشتۆتە نزیک سنە، سوبحان وێردی و ئامانوڵڵا خان بەرەو مەریوان هەڵدێن و دوایە دێنە سەقز. حەسەن عەلی خان دێتەوە شار و خەریکی چارەی زاماریییەکەی دەبێ.

ئامانوڵڵا و سوبحان وێردی پەنا بەئاوڕەحمان پاشای بەبە دەبەن. ئەویش چەکدارێکی زۆریان بەسەرکردایەتیی سەلیم بەگی برای کە بە سەلیم سێ تەنگە ناسراوە (دەڵێن ئەسپەکەی سێ تەنگەی هەبووە)، دەنێرێتە هیمدادیان و، هەردووک خان دەگەڵ لەشکری سەقز و بانە و، بابانەوە دەگەنە مەریوان. حەسەن عەلی خان و، حەمەڕەشید بەگی وەکیل ماڵی خۆیان و خزمانیان باردەکەن و، دەچنە نێوان دەربەند و ماهی دەشت. پیاو دەنێرنە لای والی بەغدا و لە کارەساتی خەبەردار دەکەن. مەلا شەریفی قازیش دەنێرنە لای سەلیم بەگ کە پێی بڵێ با دەس ڕاگرێ. ئەگەر والیی بەغدا گوتی دەبێ سنە سەر بە وڵاتی عوسمانی بێت، ئێمە بێ شەڕ تەسمیل دەبین. ئەگەر واشی نەگوت، خۆی زانی، یان بەقسەی والی بکا یان گوێی پێ نەدات.

والیی بەغدا لە وەڵامدا ڕادەسپێرێتە بابانییان کە نابێ لە سنوور بەودیوا بچن. لەشکری بەبە دەگەڕێتەوە. حەسەن عەلی خان و حەمەڕەشید بەگی وەکیلیش دێنەوە سنە.

لەمانگی قوربانی ساڵی ١٢١٢دا ئامانوڵڵا خان ڕوو بە تاران دەچێ.

سوبحان ویردی و هەواڵانی لەسەر دڵدانەوەی حەسەن عەلی خان دەچنەوە سنە.

هەر لەو مانگی قوربانەدا، فەتحالیشا لەجیێ مامی دەبێتە شا. سێ مانگ لە پاشایەتیی فەتحالیشا ڕادەبرێ. حەمەڕەشید بەگی وەکیل بەنەخۆشی دێتە تاران بۆ سەر حەکیم و حەوڵیش دەدا حەسەن عەلی خان لە دەوڵەتی تازەدا خۆشەویست بکا و لە کێشەی ئامانوڵڵا خانی بپارێزێ. هەر دەگاتە تاران، دوای هەشت ڕۆژ دەمرێ. خزمەکانی لاشەکەی دێننەوە سنە. حەسەن عەلی خان، پلەی وەکیلی ئەدا بە حەمەزەمان بەگی کوڕە چکۆڵەی حەمەڕەشید بەگ چونکە مێردی خوشکی خان بووە.

فەتحالی بەگی کوڕە گەورەی حەمە ڕەشید بەگ و دوو برای تری بەناوی ئەحمەد بەگ و نەسروڵڵا بەگ ئەم کارەیان زۆر بەلاوە گران دێت. دەگەڵ کۆمەڵێک لە پیاوماقووڵانی سنەدا، کەین و بەینێک ڕێک دەخەن و، لە مانگی محەڕەمی ساڵی ١٢١٣ کۆچیدا دەچنە تاران و، دەبنە یاری ئامانوڵڵا خان و مل لە بنکۆڵ کردنی حەسەن عەلی خان دەنێن. حاجی میرزا ئەحمەدی وەزیر کە لە دەرباری شادا کاربەدەست بووە و ئەحمەد بەگی حەمە ڕەشید بەگ زاوای بووە، دەبێتە هاریکاریان و کارێک دەکا کە حاجی میرزا ئیبراهیم خانی شیرازیی سەدری ئەعزەمیش ببێتە لایەنگیریان.

فەرمان بۆ حەسەن عەلی خان دەچێ کە بێتە تاران. کاتێ دەگاتێ وا لەشکری شا بۆ گرتنی خوراسان ئامادەیە. شا دەڵێ پاش گەڕانەوە لە سەفەر لە کارەکە دەکۆڵمەوە. هەردووک دەستەی کوردی دژ بەیەک، ڕەگەڵ شا دەکەون تا لە خوراسان دەگەڕێتەوە. دوای ئەوە کە خوێریەتیی حەسەن عەلی خان بۆ شا ڕوون دەبێتەوە، خەڵات و فەرمانی والیەتیی کوردستان بۆ ئامانوڵڵا خان دەردەچێ و حەسەن عەلی خان و حەمەزەمان بەگی وەکیل، بێکار دەکرێن. حەمەڕەحیم بەگی کوڕی میهرعەلی سوڵتان و نەزەر عەلی بەگ، لە خانووی بەگلەر بەگی کەماڵی حاجی برایم خانی شیرازیی



سەدری ئەعزەم بووە، حەبس دەکەن. فەتحالی بەگی کوڕە گەورەی حەمەڕەشید بەگ دەکەن بە وەکیلی والیی کوردستان.

**ئامانوڵڵا خان**: لە یەکەمی ڕەجەبە مانگی ساڵی ١٢١٤، ئامانوڵڵا خان لە پاڵپشتی والیەتی پاڵی دایەوە. ئامانوڵڵا خان زۆر زانا و زانادۆست بوو، زۆر بەبڕشت بوو، دەسەر تاوانبارانەوە نەدەچوو، پاداشتی چاکەی هەموو چاکەکارانی لەبەر چاو بوو. جیرەی مەلایان و زانایان و دیاریی بۆ مەرقەدی ئیمامزادان کە ئەو دەینارد، ساڵانە سەری لە چل هەزار تمەن دەدا. لە ئاوەدانکردنەوە و خانووی جوان دروس کردنا، کەس تای ئەوی نەکردووە. لە سایەی ئەودا هەموو کەس حەسایەوە و گش کەس خۆشی دەویست. شەو و ڕۆژی نەبوو، هەر خەریکی تەیار کردنی لەشکر و تێر کردنی ڕەعیەت بوو.

لە ساڵی ١٢١٦دا حەسەن عەلی خانی کۆنە والی کە لە ماڵە بێگلەربێگی حەبس بوو، توانی لە تاران ڕاکا و پەنای بردە بەر بڵباسان. لەشکرێکی پێکەوە ناو هات، تا گەیشتە شەش فرسەخی سنە. ئامانوڵڵا خان بۆی چوو. حەسەن عەلی خان نەیوێرا دەگژی ڕاچێ و خۆی گەیاندەوە ناو بڵباسان. خانیش گەڕایەوە سنە.

دوای ماوەیەکی کەم هێندێک ڕەش و ڕوت و لۆتی و پۆتی لە دەوری حەسەن عەلی خان کۆبوونەوە و، هەڵیان نا هەڵکاتە سەر سنە. بڵباس لە ئامانوڵڵا خان ترسا بوون؛ ڕەگەڵی نەکەوتن. حەسەن عەلی خان بەو تاقمە بێ سەروبەرەوە، هاتە بەرەوە، ئامانوڵڵا خان بۆیان چوو، لە قەراغ دەشتی مەریوان بوو بەشەڕیان. چەند کەسێک لە پیاوانی حەسەن عەلی خان زوو کوژران. حەسەن عەلی خان زۆر بەهەڵپە هێرشی بردە ناوەڕاستی لەشکر و بەرەو ئاڵا چوو؛ کە ئامانوڵڵا خان لەو جێ بوو. یەحیا بەگ و حەمە قوڵی بەگی سەقزی کە هەردووکیان زۆر ئازا بوون، پێشیان لێ گرت، بەڵام هەردووکی کوشتن. ئەمجار فەتحالی بەگی وەکیل بۆی چوو. حەسەن عەلی خان نێزەیەکی داهێنایە لەسەر زین هەڵی داشت و بەرەو خان هرووژمی

برد. لەو هێرش هێنانەدا، قاچی ئەسپەکەی بەکونەمشکێک داچوو، ئەسپ گلا و بەسەر سەر داهات و سوار هەڵدێرا. کۆمەڵێک لە چەکدارانی خان ڕایان کردێ و برینداریان کرد. ئامانوڵڵا خان کە خزمی خۆی وادیت هاتە بان سەری و هەڵیساند و هێنایەوە بۆ سنە و حەکیمی بردە سەری کە برینی دەرمان کەن.

لەپاش ماوەیەک لەسەر داوای کاربەدەستانی دەوڵەت، حەسەن عەلی خانی ناردە تاران، لە فەراشخانەی بێگلەربێگیدا زنجیر کرا و، دوای گەڕانەوەی شا بۆ پێ تەخت* پەنامەکی کوژرا.

لە پێشا گوتمان، ئامانوڵڵا خان، فەتحاڵی بەگی کوڕی حەمەڕەشید بەگی لە جێگەی باوکی کردە وەکیل. ئەویش وەک وەکیلەکانی پێشو، بەنیاز بوو هەمەکارە هەر خۆی بێت. بەڵام ئامانوڵڵا خان زۆر جار قسەی دەشکاند و، بەزۆری نەدەگرت، لەمەوە فەتحاڵی و برایانی خەریکی ئاژاوە نانەوە بوون. خان کە زانیی خەریکی چین، بانگی کردن و دڵی دانەوە و کاروباری بە وەکیل سپارد. بەڵام ئەمەش بەهرەی نەدا و دوای سێ چوار مانگێک (هەمان تاس و هەمان حەمام)! ملیان لە ملچەوتی نایەوە. خەڵکێکی زۆریان هەڵخڕاند و خۆیان گەیاندە تاران. دەڵێن ئەو ئاژاوەچییانە کارێکی وایان کردبوو، کەس سەودای دەگەڵ پیاوانی والی نەدەکرد. تەنانەت سێ شەو و ڕۆژان شیوی والی لەبەر بێ ڕۆنی لەبنی مەنجەڵدا ماوەتەوە.

والیش بۆ بەرگری لە بەڵای ئەو دژانەی، ڕەوانەی تاران دەبێ؛ بەڵام دەڕوانێ هاوکاری زۆر کەمە و نەیاری یەکجار زۆرە. لە داخان ئەو دوو شیعرەی؛ بەفارسی بۆ دێت:

لەم دیمەنی ئەم گەل و سوپایە
لاوازم ڕووم بەڕەنگی کایە

* نیازی گەڕانەوەی فەتحاڵی شا لە سەفەری خوراسان- ئازاد پوور.



لەو خەڵکە ئیتر هومێد بڕاوم
چاوم لەبەزەییەکی خودایە*

ئەم دوو شیعرە لە کاغەزێک ئەنووسێ و لای خۆی دائەنێ و داوای قلیان دەکا. تنۆکێک ئاو لە قلیان دەپەڕێ و دەڕژێتە سەر وشەی سوپا. دەڵێ وا دیارە بەختم بەکارە و، دوژمن زەفەرم پێ نابا.

دژەکانی والی هەرچەندی تەقەڵا دەکەن و خۆ لە دار و بەرد دەدەن، چییان بۆ ناکرێ. لە ئاکاما میرزا ئەحمەدی وەزیر دەبێتە ناوبژی و پێکیان دێنی و دێن دەستی والی ماچ دەکەن و عافویان دەکا و، خەڵات و بەخشیشیان دەداتێ... فەتحاڵی دەکاتەوە وەکیل و دێنەوە بۆ کوردستان. باپیرە گەورەی منیش (مەستوورە) یەکێک بوو لەو ئاژاوەچییانە و بێ ئەمەگیی کردبوو، والی چەند ڕۆژێک خۆی تێ نەدەگەیاند و پێنج هەزار تمەنیشی جەریمە کرد. بەڵام دوای هەژدە ڕۆژ، دیسان پلەی (نزارەت) چاودێریی پێ سپاردەوە و خەڵاتی باشی دایە و، موچەی بۆ زیاد کرد و کچە گەورەکەشی کردە خاتوونی ئەندەروون. وەکیل تا ماوەیەک بێ قڕە خەریکی کار بوو؛ بەڵام وەک گوتوویانە:

خوێک بگری بەشیری
تەرخی ناکەی بەپیری

فەتحالی بەگ دیسان دەگەڵ براکانی ملیان لەسەر چەوتی و بەدفەڕی نایەوە. ئیتر والی نەیکرا چیتر بیانبەخشێ. لە دووامین ڕۆژی مانگی شابانی ساڵی ١٢١٧ لەدوی فەتحاڵی و دوو سێ برای نارد، کە بچنە لای

* دوو شیعرەکە بە فارسی ئاوا بووە:

از جوشش و کثرت سپاهی
تن گشته نحیف و چهره کاهی
لا خلق امید قطع گشته
مانده به عطوفت الهی

و قــومــاری دەگــەڵ بکەن. بەنۆکــەرانیــشی ســپــارد، لە پشت پەردە و سندوقخانە خۆداگرن. لەپڕ فەرمانی دا، نۆکەر ڕژانە سەریان و شەتەکیان دان و، لە وەتاغێکا کە لای دەروازەی ئەندروونەوە بوو، حەبسیان کردن. پیاویشی وەناو شار خست هەرچی کەسوکار و دۆست و یاریانە گرتیانن. هەر ئەو شەوە فەتحالّی و نەسروڵڵا و ئەحمەدی کەسێ برا و لە دایکێک بوون کوشتن. حەمەزەمانی برا چوکەشیانی کە پلە بەرزتر بوو؛ دوو ساڵ خستە زیندانەوە؛ تا جارێک کە والی لە ماڵ نەبوو، سولەیمان خانی برا چکۆڵەی والی ئەویشی کوشت و کەس نەیزانی لە کوێ نێژرا.

جا چونکە بابەلباب وەکیلایەتی هێن ئەو ماڵە بوو، حەمەرەحیم بەگی کوڕی میهرعەلی سوڵتان کە زاوا و ئامۆزای ڕەشید بەگ بوو، کرا بەوەکیل. بەڵام والی هەر خۆی بەهەموو کاران ڕادەگەیشت و لەشکری ساز دەدا و، زێڕ و زیوی کۆدەکردەوە.

لە ساڵی ۱۲۱۹دا ئاوڕەحمانی پاشای بەبە، لە حاکمەتیی شارەزوور دەرکرا و لە دەوڵەتی عوسمانی زیز بوو؛ پەنای بە فەتحاڵیشا هێنا و ڕووی لە والی نا کە یاریدەی بدا. ماوەیەک لە سنە مایەوە؛ ئەوسا بەدیاری و پێشکەشەوە والی بردیە تاران. شا لەبەر ئەو کارە باشە، زۆری چاکە دەگەڵ والی کرد، شیرێکی جەواهیربەند و ئەنگوستیلێکی دەستی خۆی خەڵات کرد. زۆریش دەگەڵ پاشای بابان ڕوخۆش بوو.

شا کۆڕێکی پێک هێنا کە پیاوماقووڵانی دەوڵەت و والیی سنەشی تیا بوو. تەگبیری پێ کردن چی بکەن باشە؟ وایان دانا کە پاشای بابان لە عوسمانییان هەڵاتووە و پەنای بەئێران هێناوە، ناکرێ ناهومێد بکرێ. لەشکری ئەدەینێ تا لە شوێن خۆی دادەمەزرێتەوە.

وەزیری بەغدایە بۆ شەڕی ئێرانییان پتر لە بیست هەزار چەکداری دەوڵەتی و عەشایەری بەتۆپ و تۆپخانەی زۆرەوە ناردە قەسری شیرین و، چاوەنۆڕ مان.



فەتحاڵیشا، شازادە محەممەد عەلی میرزای - کە کرماشان و خوزستان و لورستانی لە دەستا بوو ــ ڕاسپارد کە وەزیری بەغدا تەنبێ بکا. فەرەجوڵڵا خانی سەرداریشی تێگەیاند کە بە سێ هەزار چەکدارەوە ڕەگەڵ لەشکری والی ئەردەڵان کەوێ و، لە ڕێی مەریوانەوە هێرش بەرنە سەر وڵاتی بابان.

ئامانوڵڵا خان، نزیکەی دە هەزار چەکداری دەنگ دا و لە بڕانەوەی مانگی جیمادی دووهەمی ساڵی ۱۲۲۱دا، دەگەڵ فەرەجوڵڵا خانی سەردار لە سنە دەرکەوتن و مەنزل بەمەنزل چوون تا گەیینە شێخ عەتار. وەزیری بەغدا بەبیریا هات تا ئامانوڵڵا نەگەیبیوەتە ئاوڕەحمان پاشا، با گوردی خۆی لێ بگرێ و لەناوی بەرێ؛ ئەو سا ئێران و عوسمانی ئاشت دەبنەوە.

لەسەر ئەو خەیاڵە خالید پاشای حاکمی بەبەی دەگەڵ سولەیمان پاشای کەهیا، کردە سەرکردەی دە هەزار چەکدار و، بەرەو ئاوڕەحمان پاشای ناردن.

ئاوڕەحمان پاشا کە زانیی چباسە، گورجێک خەبەری بۆ والی نارد، ئەویش هیچ گیر نەبوو تا خۆی گەیاندێ و لەشکریان ئامادەی هەموو پێشهاتێک کرد. کەهیای بەغدا و خالید پاشای بەبە و سولەیمان پاشای حەریر و کۆیە و لەشکری حەشەم ئاغاسی کە تێکڕا سێ هەزارێک دەبوو، هاتنە شەڕی والی. لە ڕۆخ گۆلی زرێوار، گەیینە یەک و شەڕ قەوما، ئەمما چۆن شەڕێک! هەر تۆپ بوو دەتەقی و هەر نێزە بوو دەچەقی و هەر سەربوو دادەکەوت و هەر لاش لەناو گۆمی خوێندا دەخەوت. لە ئاکامدا لەشکری ئێران بردیانەوە و لەشکری ڕۆم قاچاندیان و کەس وازی ئاوڕدانەوەی نەما. جگە لە کوژراوان، سولەیمان پاشای کەهیا و زۆر لە دوژمنان بەدیل گیران. سەلیم بەگی برای ئاوڕەحمانی پاشاش لەو شەڕە بریندار ببوو؛ دوای دوو سێ ڕۆژ مرد.

ئیتر ئاوڕەحمان پاشا لە شوێن خۆی دامەزرایەوە. ئامانوڵڵا خان و سەردار، گەڕانەوە. کەهیای بەغدایان بە دوو سەد یەخسیری ڕۆمییەوە، بەمحەممەد ئاغای باپیری گەورەی نووسەر (مەستوورە)دا ڕەوانەی ئاسانەی فەتحالیشا کرد. شا ناردیەوە بەغدایە و دەگەڵ ئاوڕەحمان پاشاشی ئاشت کردەوە.

لە مانگی محەڕەمی ساڵی ١٢٢٢دا خان ئەحمەد خان کوڕی ڕەزا قولیخان و حەمە قولی خان کوڕی خان ئەحمەد خانی برای ئامانوڵڵا خان و حەمەرەحیم بەگی وەکیل و نەزەر عەلی بەگ و ئیمام وێردی بەگ، دەگەڵ دەستە و بەستەی خۆیان بڕیاریان دابوو کە لە چاوپێکەوتنی خاندا، بە زەبری گوللە بیکوژن و، خۆیان ببنە حوکمات. میرزا لوتفوڵڵا کوڕی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر، کە ئەویش یەک لەو ئاژاوەچییانە بوو؛ دەشیتوانی خان ببینێ و بەحورمەت بوو. لەو کارە پەشیمان بوو، خەبەری دا بەوالی و ڕاستیی هەموو شتی پێگوت. والی هەمووی گرتن. لەبەر ئەوە کە خان ئەحمەد خان و حەمەقولی خان کەسی خۆی بوون بەکەمێک تەمێ کردن وازی لێ هێنان. بەڵام حەمەرەحیم بەگ و حەمەعەلی بەگ و، نەزەر عەلی بەگ و ئیمام وێردی بەگی، بەسزای خۆیان گەیاند و لە سەری دان.

ئاوڕەحمان پاشای بەبە، پاش دووسێ ساڵ ویستی بەتەواوی سەربەخۆ بێ. لە هەردووک دەوڵەتی ڕۆم و ئێران ڕووی وەرگێڕا و لە مانگی شابانی ساڵی ١٢٢٥ دەگەڵ ڕەئیس ئەفەندی، بە لەشکرەوە بەرەو بەغدا بزووت کە وەزیری بەغدا سەرکوت بکا.

قەرەتەپەی کردە بنکەی خۆی و لە مانگی ڕەمەزانی ١٢٢٥دا، لەشکری بەغدا و بابان تێک گیران. ئاوڕەحمان پاشا و ڕەئیس ئەفەندی، سەرکەوتن و لەشکری عوسمانی زۆر پیس شکا. سولەیمان پاشای وەزیری بەغدایە، بەهەڵاتن خۆی گەیاندە ناو عەرەبان. دەرباری عوسمانی فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکرد.



پاش ئەوشەڕە بەفەرمانی فەتحالیشا، والیی سنە کە بە لەشکرەوە لە مەریوان بوو گەڕایەوە بۆ سنە. ئاوڕەحمان پاشا هاتەوە سولەیمانی و لەتۆڵەی ئەوەدا کە ئەردەڵانییەکان کاتێ لەمەریوان بوون شارەزووریان تاڵان کردبوو کردیە دژایەتی.

ئامانوڵڵا خان و حەمە عەلی میرزا، لە ڕێگەی کرماشان و زەهاوڕا بۆی چوون. ئاوڕەحمان پاشا، لە سولەیمانییەوە دەرکەوت و خۆی گەیاندە قەڵای کۆیە. ماوەی دوو سێ ڕۆژ بەتۆپ و خومپارە و تفەنگ، قەڵا دابێژرا. ئاوڕەحمان پاشا زانیی دەرۆست نایە، ناچار خۆی دا بەدەستەوە و دەربەست بوو کە پەنجا هەزار تمەن پێشکێش بدات.

دوای گەڕانەوەی والی و شازادە حەمە عەلی میرزا، عەبدوڵڵا پاشای وەزیری بەغدا بە لەشکرێکی یەکجار زۆر و تەیار بەتۆپ و ئاگربارەوە، هاتە سەر ئاوڕەحمان پاشا. ئەردەڵانیش چوونە یارمەتیی ئاوڕەحمان پاشا. بەڵام لەو شەڕەدا لەشکری بابان شکا و ئاوڕەحمان پاشا، پەنای بەشازادە حەمەعەلی میرزا هێنا و هاتە کرماشان.

شازادە حەمە عەلی میرزا خەبەر و باسەکەی ناردە چەمەنی سوڵتانییە کە شا لەوێ خێوەتی لێ دابوو. فەرمانی بەچەند خانێکی قاجار دا، کە ڕەگەڵ شازادە کەون و ئامانوڵڵا خانیش بچێ و بەغدا بگرن و وێرانی کەن و وەزیری بەغدا تەنبێ کەن. یارمەتیدەرانی ئاوڕەحمان پاشا تا دەوروبەری بەغدا چوون. وەزیری بەغدا کە زانیی پێی ناوەستێ کەوتە بیری ئاشتبوونەوە. شێخ جافری مەتەوەلی نەجەف، دەگەڵ زۆر لە سەید و شێخەکانی ئەو ناوەی ناردە تکایە کە دەستی لێ بەردەن و ملیشی ڕاکێشا کە ئاوڕەحمان پاشا حاکمی شارەزووربێ. لە سەرەتای شەشەکانی ١٢٢٧دا شازادە و والی سنە بەرەو شوێنی خۆیان گەڕانەوە. ئیتر ماوەی سێ ساڵ سنە بێ قڕە و ئاژاوە لە ژێر سێبەری ئامانوڵڵا خاندا حاوایەوە.

لە ساڵی ١٢٣٠ حەمەزەمان بەگی یوسف بەگ و خزم و نزیکانی سەید مەحموود شێخەلئیسلام و سەید زەکیی کوڕی و سمایل بەگ و میرزا ڕەحیم کوڕانی میرزا یوسف، کۆمەڵێکی دژی والییان پێک هێنا و، بۆ

شکات و بن کۆڵ کردنی والی، خۆیان گەیاندە تاران. بەیانی ئەو شەوەی کە ئەم خەبەرە بیسرا، والی حەمەداغای نازری کە دەبێتە باپیرەی من (مەستوورە)؛ ناردە تاران کە نەهێڵێ ئەوانە سەرکەون.

کۆمای دژان لە تاران چییان بۆ نەکرا و گەڕانەوە وڵات. بەڵام حەمەزەمان بەگ و کوڕانی و دوو ئامۆزای نەیانوێرا بێنەوە سنە؛ چوونە کرماشان و بوونە نۆکەری شازادە حەمەعەلی میرزا و، شەش حەو مانگێک لەوێ مانەوە.

شازادە بۆ دڵ ڕاگرتنی والی و لەسەر سپاردەی ئەو، چاوی چوار کەسیانی کۆڵی و بەکوێری ناردنیەوە بەردەستی والی. هەواڵەکانی تریشیان لە سنە گیران و لەپاش تاڵان کردن و تاوان پێ بژاردن، لە سوچی زیندانی توند کردن. دیسان چەند ساڵێک والی بێ دەردی سەر ڕای بوارد و بەئاسودەیی حوکمی خۆی دەکرد.

لە ساڵی ١٢٣٤دا حەمەحەسەن خانی کوڕە گەورەی، لە شەوێکدا بەدەستەیەکەوە لە سنە هەڵات و لە دژی باوکی پەنای بە حەمەعەلی میرزا برد؛ کە لە نزیک وڵاتی ئەردەڵان بوو. حەمە عەلی میرزا ڕووی خۆشی پێ نەدا، لە وێشەوە ڕەوی و، ڕوی کردە لوڕستان و عەرەبستان و بۆ هەر کوێ چوو، تاڵانی کرد. شێخێکی عارەب بەگژی داهات؛ شێخی کوشت و زۆربەی خەڵکی ئەو مەڵبەندەی بەدیل گرت و زنجیرکرد.

ئەمجارە بای دایەوە سەر وڵاتی ئەردەڵان و ملی نا لەقەتڵ و بڕی هۆز و تیرەکانی کوردستان. ئامانوڵڵا خان لەشکرێکی لێ سازدا و بەرەو سنوور بۆی چوو. خان ئەحمەد خانی زاوا و ئامۆزای خۆشی دەگەڵ میرزا عەبدلڵای وەزیر، کوڕی حاجی میرزا ئەحمەد کە ناردرابوونە سەر فەتحاڵی سوڵتانی بانە* بانگ کردەوە سنە و محەممەد ئاغای باپیری نووسەر (مەستوورە)ی بەچەند چەکدارێکی ئازاوە ناردە بانە.

* ئەم فەتحاڵی سوڵتانە هێرشی کردبووە بانە و ئەحمەد سوڵتانی هاوڕێی ئەمانوڵڵاخانی کوشتبوو و لەسەر بانە دانیشتبوو- ئازاد پوور.



حەمەحەسەن خان پیلانێک ڕێک دەخا، کە لە کوێرەڕێی بانەوە خۆ دەشاری سنە باوێژن و ئەو چەکدارەی تیا ماوە بیانکوژن و سنە تاڵان کەن و، هەڵێنەوە. لە ئێوارەدا بەو پیلانە زاندرا. باوکم (مەستوورە) ئەبوولحەسەن بەگ کە کرابووە کەیخودا و ڕیش سپی و یاریدەری حوسێن قولی کوڕی والی، وای کرد قەڵا و بوورجی شار دابەستن و لەسەر هەست بن.

حەمەحەسەن خان لەو پیلانە پەژیوان ببوو، نەهات؛ بڕیاری دا کاری باوکی یەکجاری ببڕێتەوە. لە (گۆم وش) کە لە مەڵبەندی ڕوانسەرە و لەسەر سنووری ماهیدەشت و کوردستانە، خۆی گەیاندە لەشکری باوکی و دوو دژ بەرانبەر یەک بوون. والی نەیدەویست کوڕی خۆی بکوژێ. دوو سێ جاران مەلا عەباسی شێخەلئیسلامی کە نازناوی قوتبوول ئەقتاب بوو، بەقورعانەوە ناردە تکایە کە دەست لەو لاساریە بەردات. بەڵام هەتیو کە خوا ڕۆژی بڕیبوو، شێخەلئیسلامی کۆنە مامۆستای خۆی و قورعانی بەهیچ نەگرت و پێی چەقاند کە دەگەڵ باوکی دەبێ لێکی دەرکەن. باب و کوڕ پێک هەڵپڕژان، ماوەی دوو سێ سەعات شەڕێک بوو سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسی. بەشێکی زۆر لە پیاوماقووڵانی کوردستان کوژران.کە میرزاعەبدلڵا وەزیر* و حەمەعەلی سوڵتان بەنی ئەردەڵان، ئاغا حوسێن برای حەمە مراد بەگی دارۆغە. میرزا باقر کوڕی میرزا لوتفوڵڵا و هیتریش بە گوللە و نوکە ڕم، گیانیان دۆڕاند.

* بنەماڵەی وەزیری - کە لە هەموو خەڵکی سنە داراتر و بە دەسەڵاتترن- لە زەمانی خان ئەحمەد خانی سێهەمەوە، وا لە دووسەد ساڵ بەرەوە، هەر وەزیر بوون و ناوبانگیان هەبووە. هەوەلێن باپیریان ناوی خواجە حمە یوسفی سوورە دزەیی بووە و هەوڵ کەسێکیان کە بۆتە وەزیر میرزا عەبدوڵڵای یەکەمە. بەشوێن ئەودا میرزا ئەحمەد، میرزا عەبدوڵڵای دووهەم، میرزا فەرجوڵڵا، میرزا جافر، میرزا ڕەزای وەزیر ناسراون. مشیر دیوان و ئاسەف ئەعزەمیش - کە کوڕانی حەمەرەزای وەزیر بوون - پیاوی زۆر خاوەن دەسەڵات بوون -ئازاد پوور.

چەند پیاوێکی ماقوڵی وەک: میرزا عەبدولکەریم موعتەمەد و سمایل بەگی برای، میرزاوڕەحمان و میرزا فەرەجوڵڵای کوڕانی میرزا ئەحمەد، میرزا لوتفوڵڵا کوڕی میرزا عەبدوڵڵا، میرزا فەزلوڵڵا کوڕی میرزا عەلی وەزیر، بریندار کران و دەخوێندا گەوزان.

لە گەرمەی شەڕدا حەمەحەسەن خان، گوللەیەکی بەرکەوت و کەوتە زەوین. کوڕێکی تری والیش بەناوی حەمە سادق خان برینی نێزەی بەرکەوت. زۆربەی لەشکری حەمەحەسەن خان یان کوژران یان بەدیل گیران و هێندێکیان بە پەلەپرووزێ دایانە چیا و کەوڵی خۆیان ڕزگار کرد.

سەرکردەکانی بەدیل گیراوی لەشکری دوژمنی والی کە عەباس میرزا بەگی کوڕی مەنوچەر بەگی سەقزی و سوبحان وێردی بەگ کوڕی حەمەحوسێن بەگیشیان لەناودابوو، گشتیان لەسەریان درا.

هەر لە بڕانەوەی ئەم شەڕەدا، خەبەر هات کە بانە گیرا و فەتحاڵی سوڵتان هەڵات و تاڵان و ماڵێکی زۆری بانە، خرایە بەرچاوی والی. محەممەد ئاغا بە جبەیەکی تورمە و شیرێکی دەبان خەڵات کرا و پێی سپێرا کە لەو سنورە بمێنێتەوە. ئەوسا والی بەبریندارانەوە هاتەوە سنە. حەکیم و برینگەریان بردە سەر حەمەحەسەن خان. تەنانەت حەکیم فەیلەقولی ئینگلسیشیان کە لای عەباس میرزا بوو لە تەورێزەوە بۆ هێنا؛ بەڵام چاک نەکرایەوە و لە تەمەنی ٢٢ساڵیدا مرد. والی لە تاوی ئەو زگ سوتانە تووشی ئاواڵ شێتییەک ببوو، تامردیش هەر بەری نەدا.

شای قاجاریش لە مردنی حەمەحەسەن خان زۆر خەمی خوارد، چونکە زۆری بەئازا و زیرەک دەزانی. دوای مەرگی حەمەحەسەن خان بە دوو سێ مانگ کە باوکم (مەستوورە) بەکاری والییەوە چوبووە تاران، شا گوتبووی حەیف بۆ ئەو جوانە و، ئامانوڵڵاخان نەدەبوایە ئەو بێ فەڕییەی بکردایە.

فەتحاڵی سوڵتانی بانە کە هەڵاتبوو، گەیبووە سنوری ئازەربایجان. لەلایەن چەکدارانی شازادە عەباس میرزای نایبوسسەلتەنەوە گیرا و



ناردرایەوە کوردستان. دوو سێ مانگ لە ماڵە سمایل ئاغای مامی باوکی نووسەر (مەستوورە) درایە دەست یەکێک لە کوڕانی ئەحمەد سوڵتانی کوژراو و لە مەیدانی بەر دەروازە لە تۆڵەی باوکی خۆی بەخەنجەر کوشتی.

## خزمایەتی دەگەڵ شا

دوو ساڵ دوای ئەم ڕووداوە کە ئامانوڵڵاخان لە تاران بوو. شای قاجار کیژێکی خۆی بەناوی حوسن جیهان، دا بە خوسرەوخانی کوڕی ئامانوڵڵا خان کە بە جێنشین ناودێر کرابوو.

گەڕانەوە و ماوەی ساڵێکی ڕەبەق، هەر خەریکی سازدانی بووک گوێزانەوە بوون. ئەوسا گەلێک پیاوی بەناوی سنە بە خاتوونانی حەرەمسەراوە بەخاتوونجانی خوشکی والییەوە و سێ ژنە ئەمیرەوە، چوونە تاران. تا مانگێک زەماوەند بەردەوام بوو. سەدهەزار تمەن لە جیازی بووک خەرج کرا. چل هەزارتمەن هەر بەجەواهیرات درا. باوکی خوالێ خۆشبووم (مەستوورە) کە بەسەر شت کڕین ڕادەگەیشت، دەیفەرموو: دە خەڵوار هەر نوقڵ بەجگە لە قەند و نەباتی سپی و هەیت و هوتی تر دە کارکرا. جا بزانە دەبێ شتی تر چەند کڕدرابێ؟

بەزم ئەوەندە خۆش بوو، کە ئەوا بیست و حەوساڵە ئێستاش بەچیرۆکی دەگێڕنەوە. بووکیان هێنایەوە سنە و لەوێش بەزم و هەرا دامەزرایەوە و، چەند ڕۆژان نەبڕایەوە، ڕەزاقوڵی خان و غوڵام شا خان و خان ئەحمەد خان کوڕی ئەو شازادە خانمەن. سێ کچیشی هەیە کە بریەتین لە: خانمی خانمان، ئێستا ژنی ئەردەشێر میرزای باوک برای ئاغامحەممەدی قاجارە، عادلە سوڵتان خانم، ژنی حوسێن خانی فەرمانڕەوای شیرازە. ئاغاخانم، کە خوشکی گچکەیە هێشتا هەر کچە و لای برایەتی. خوا بیانهێڵێ.

دوو ساڵ دوای ئەم زەماوەندە. کوردەکانی سولەیمانی و شارەزوور و عێلی جاف کە دەهاتنە هەواران، دانەدەسەکنین، والی ڕقی لێ هەستان، هێرشی بۆ کردن و عێلی جافی ساف لە ساف تاڵان کرد و زۆربەی پیاوە

گەورەکانی کوشتن. پتر لە پەنجا هەزار تمەن تالانی هێنایەوە سنە. والی لە مەریوان و شارەزوورەوە خۆی گەیاندە سولەیمانی؛ کە پێگەی پاشای بەبە بوو. مەحموود پاشای بەبە، بەر لە هاتنی والی، دەست و پێوەندی خۆی و پیاوماقوولانی شاری و بازرگانەکانی لە شار کۆچاندبوو. ئەردەڵانییەکان وێکەوتن؛ زۆرشتی وەشێراویان دۆزییەوە و بەتالانیان برد. دوای دوو ڕۆژ لەبەر گەرمای زۆر و ئاوی ناخۆش، تاعون دەناو ئەردەڵانییان کەوت. دوو سێ هەزار کەسێکیان لێ مرد و ماباقی گەڕانەوە. وەڵەدبەگی جافیان بە ڕۆستەم بەگ و حەبیب بەگی گۆڕییەوە و بەدیلی دەگەڵ خۆیان هێنایەوە و لەقەڵای قسلانیان حەبس کردن.

لەدەرفەتێکدا کوڕانی وەڵەدبەگ توانییان ڕاکەن. وەڵەدبەگیش دوای ساڵێک عافو کرا. ئەویش کچێکی خۆی کە بەڕاستی جوانی وا کەم هەڵدەکەوێ لە حوسێن قولی خان کوڕی خان مارە کرد و خۆیشی بەحورمەتەوە ناردرایەوە ناو عێلەکەی.

ساڵی ١٢٣٧ ئامانوڵڵا خان تووشی نەخۆشی ببوو، پاش سێ چوار ساڵ لە سەرەتای زستانی ساڵی ١٢٤٠دا بەنەخۆشی جەرگە ڕەشە مرد. چونکە زستان بوو، لاشەکەیان لە تالاری خەڵوەت دانا و قورعان خوێنیان لێ کۆکردەوە تا چەند ڕۆژێک دوای نەورۆز لە گۆڕخانەی والییاندا بەخاک سپێرا.

ئامانوڵڵا خانی گەورە لە زەمانی ژیانیدا حەمە سادق خانی کوڕە گەورەی کردبووە حاکمی جاف و جوانڕۆ، ئیسفەنداباد و (چاردۆڵی)* دابووە دەست حوسێن قولی خانی کوڕی. ئەو بنیاتە بەناوبانگانەی کە لە ئامانوڵڵا خان

* چڕداور (چاردەوڵ) لە ڕۆژهەڵاتی سنەیە و تا سنووری هەمەدان دەچێ. خەڵکەکەی هەموو کوردی گۆرانن. لە شەڕی جیهانی یەکەمدا باقی خانێکیان هەبووە کە بە ئازایەتی ناوبانگی دەرچووە و زۆر ڕووسی کوشتوون، باقی خان لە ساڵی ١٣٣٠دا دەگەڵ یەپرم خان بەشەڕ هاتوون؛ پاش کوشتنی یەپرم خان، بەر تۆپ دراوە و ناعیلاج قەڵا و عیمارەتەکەی ئاور تێ بەرداوە و خۆیشی کوژراوە – ئازاد پوور.



بەجێ ماون. بریەتین لە:

خانوی ئەندەرون، کە بەشێکی ناوی گوڵستانە، ماڵی بێرونی کە زۆر تالار و کڵاوقوچ و کۆشکی زۆر نایابن، تالاری دڵگوشا* کە بەناوبانگە. خانوبەرەی خوسرەوییە، مزگەوتی (دارولئیحسان)** خانوبەرەی تەنیشت ئەو مزگەوتە. بنیاتی سەرهەنگ خانی، مەیدانی دەم دەروازە، بازاڕی دەرەوەی قەڵا، خانوو بەرەو باغی خوسرەواوا***، چیمەنی کانی شەفا کە لە کێوی ئاویەرە، باغ و کۆشکی حوسێن ئاباد، کە لە گردی تەنیشت ئاوایی هەڵکەوتووە، قەڵا و خانوبەرە و بازاڕی قسلان. ڕاستەکەی ناتوانم هەموویان بڵێم بەوەندە بەس دەکەم.

ئایەتوڵڵا مەردۆخ دەڵێ: پاش لابردنی حەسەن عەلی خان لەسەفەرەمانگی ١٢١٤ی کۆچیدا، فەتحاڵیشا فەرمانی والیەتیی کوردستانی بۆ ئامانوڵڵا خان دەرکرد. لەمانگی ڕەجەبی ئەوساڵەدا هاتەوە سنە. ئەم والییە کە بە ئامانوڵڵا خانی گەورە ناودەبرێ. پیاوێکی بەزیپک و زاکون و مەرد و ڕەند بووە، زۆر خەریکی سوپا و ئاواکردنەوەی وڵات بووە.

* شەریفوددەولەی بێ فەڕ- کە زەمانی قاجار لە ١٣٢٧-١٣٤٠ی کۆچی لە سنە حاکم بووە و بە شەریف قەساب ناسراوە. ئەم تالارەی تێک داوە. هیندێک وەتاغ و شوێنەواری کۆشکی گوڵستان و دیواخانی گەورە کە بە هۆی پیاوانی زۆر بە هونەر و دەس ڕەنگین لە شکلی والی و پیاوە بەناوبانگەکانی ئەردەلانی ڕازێنرابوو، لە زەمانی ڕەزاشادا سەر لەشکر موقەددەم خرای کردن. هەرچی نەخشی سەر بەرد و دیوار کە مابووشن سەرتیب هۆشمەند لە ناوی بردن- ئازادپوور.
** ئەم مزگەوتە، کە مزگەوتی جومعە بووە، لە کاشیکاری و هونەری بینادا، کەم وێنەیە و زۆریشی مەوقووفات هەیە- ئازاد پوور.
*** ئەم کۆشکە کە سەردەمایەک کۆشکی هاوینەی خان بووە، لە ڕۆژاوای سنەیە و لە ناو باخێکا هەر ماوە. ئەگەرچی لە بڕانەوەی چەرخی ١٨ی زایینیدا دروس کراوە، وەک جوانترین کاری چەرخی بیستەم دێتەوە. بەڵام بەداخەوە لەبەر خاونی زۆر و سەرپەرشتیی کەم، وا خەریکە ئێستە تێک ئەتەپێ- ئازاد پوور.

کۆشکی ئەندەروونی قەڵای حوکمات، حەوشی گوڵستان، تالاری دڵگوشا، مزگەوتی دارولئیحسان و مێرگی کانی شەفا و باغ و کۆشکی حەسەن ئاوا و قەڵا و خانووبەرە و حەمام و بازاری قسڵان و کۆشک و باغی خوسرەوئاوا و خانووی پشت مزگەوتی دارولئیحسان و خانووی سەرهەنگ خان و مەیدانی بەردەروازەی حوکمات و زوربەی خانووی هەرە باشی شار و مزگەوت و حەمام و بازاڕ و باغاتی سنە، کاری ئەوە. خوسرەوئاوای بەناوی خوسرەوی کوڕیەوە ناوناوە. بەڕاستی کوردستان لە زەمانی ئەودا نموودێکی تازەی پەیدا کردووە.

دوو ساڵ بوو حوکمی دەکرد. لە ١٢١٦دا حەسەن عەلی خانی کوڕی، لە تارانەوە ڕای کرد و، پەنای بەبڵباسان برد و بە لەشکرەوە، بەرەو سنە هات. ئامانوڵڵا بۆی دەچێ و لە دەشتی مەریوان دەبێتە شەڕ و لە ئاکاما حەسەن عەلی خان بریندار دەبێ و بەدیل دەگیرێ و لەشکرەکەی بڵاو دەبێ. ئامانوڵڵا خان ئەو خەبەرە بۆ شا دەنێری، شا دەڵێ بۆمی بنێرن. حەسەن عەلی برینداری زنجیر لە مل بۆ دەربار دەنێرن و لە تاران دەمرێ.

وەک لە پێشا گوترا، ئامانوڵڵا خان فەتحاڵی بەگی کردە وەکیل. وەکیل لە پێشوودا هەمەکارە بوو، خەڵکیش ئەو بنەماڵە هەمیشە وەکیلانەیان خۆش گەرەک بوو. ئامانوڵڵاخان پێچەوانەی حەسەن عەلی خان کاروباری خۆی نەدەدا دەس کەس - وەکیل مەکیل هیچ کارە نەبوو - فەتحاڵی و خزمانی کۆمەڵێک پێک دێنن؛ سوێند بۆ یەکتر دەخۆن تا ئامانوڵڵا ئاوا وەکیل بەهیچ بگرێ، کەس نەچێتە لای و، کەسیش هیچ بەپیاوەکانی نەفرۆشێ. ئەم ڕاپەڕینە گشتییە والی وەها دەخاتە تەنگانەوە کە، گوڵەندام خانمی دایکی کە بەناوی گوڵێ هەورامی ناسراوە، دەنێرێتە ماڵی سەید مەحموودی شێخەلئیسلام، کە مەکۆی دژان بووە و، بەڵێن ئەدا بەبێ پرسی ماڵە وەکیل هیچ کارێک نەکا. شۆڕشگێڕان کە زۆر لە خۆیان پشت قایم بوون، تکای خانم ناگرن و دەڵێن کارەکە لەتام دەرچوو؛ یان والی دەبێ بروا، یان ئێمە لەسنە بار دەکەین.



ئەمجار سیاییەکی باڵابەرز لە ئاکار و کرداری نالەباری ئامانوڵڵا خان دەنووسن و گشتیان مۆری دەکەن و بۆ شکات دەینێرنە لای شا. فەتحاڵیشا نوێنەرەکان بانگ دەکا و هەرەشەیان لێ دەکا. نوێنەر گوێ نادەنە گەفی شا و دەڵێن: ئەگەر تۆ بە دادمان نەگەی ئێمە لێرەوە ئەچینە وڵاتێکی لاوەکی و، مۆرکەرەکانی ئەم سیاییەش بێ گومان وەک ئێمە ئەکەن. شا کە دەزانێ کارەکە گەندە، ناچار دەڵێ با هەردووک لا بێنە تاران، بزانم تاوان لە کێوەیە؟ هەر فەرمان دەگاتە سنە. دژانی والی دەچنە دەری شار و دەس و پێوەندی والی لە حەوشی حکومەت کۆ دەبنەوە، بەڵام ناگەنە پەنجا کەس. کەچی دەڕوانێ وا کێو و سارای چوارباخ و پیر محەممەد پڕیە لە نەیارانی. لە خەم و خەفەتان داوای قلیان دەکا و بیر لە حاڵی خۆی دەکاتەوە. لەو دەمەدا دوو شیعری بۆ دێ: (کە مەستوورە خانم نووسیویە). لەوەدەمەدا فرمێسکێکی دەوەرێتە سەر وشەی «سوپایە»، دەڵێ وادیارە بەختم هەر بەکارە و، بێ خۆ گرتن، سوار دەبێ. دوای هاتنە تاران، شا حورمەتی ئامانوڵڵا خان دەگرێ و، دژەکانی چییان بۆ ناکرێ. میرزا ئەحمەدی موستەوفی دەبێتە ناوبژیکەر و، بەڕواڵەت ئاشت دەبنەوە. فەرمانی وەکیلی بۆ فەتحاڵی بەگ نوێ دەکرێتەوە. حەمەزەمان بەگ و حەمەرەحیم بەگ و نەزەر عەلی بەگ کە وەختی خۆی دەگەڵ حەسەن عەلی خان گیرابوون، بەر دەدرێن و بەتێکڕایی دێنەوە سنە. ئامانوڵڵا خان بەتەنیا شا دەبینێ و چیرۆکی مانگرتنەکەیان نوک و بەد بۆ شا باس دەکا. شا دەڵێ ئەگەر ئەمجار وایان کرد، چییان لێ دەکەی من ڕازیم.

شۆڕشگێڕان کە بە ناهومێدی گەڕانەوە، لە پێشو پتر ڕکیان لە والی گرتۆتە دڵ، ڕۆژبەڕۆژ، نێوان هەر دێ و ناخۆشتر دەبێ. والی دەزانێ و بەڕووی خۆی ناهێنێ. شەوی کلکەی شابان ئەنێرێتە شوێن فەتحاڵی و سێ برای کە ئەمشەو بەیەکەوە قومار بکەین. لەپڕ چەکدار دەڕژێنە سەریان و هەر چواریان دەگرن و دەوەتاغی بەردەروازەی ئەندەرووندا حەبسیان دەکەن. هەر دەمودەس پیاو دەنێرێ، هەموو دژەکان دەگرن و دەیانهێننە سەرای

حوکمات. هەر ئەوشەوە فەتحالّی بەگ و ئەحمەد و نەسرولّلای برای دەکوژێ. حەمەزەمان بەگی برا گچکە کە لاوێکی جوان چاک بووە، دەخاتە حەبسەوە. پاش دووساڵ ئەویش دەکوژێ و بەنهێنی دەنێژرێ و ئێستاش گۆڕی نەزانراوە.

حەمەرەحیم بەگی کوڕی میهرالّی خان کە زاوای حەمە ڕەشید بەگ بووە دەکاتە وەکیلی. ئیتر زۆر زوو هەموو نەیارانی بەدەردێک دەبا کەس نەوێرێ لە بەرامبەریا بکۆخێ.

والی دەبێتە ملهوڕی بێ لەمپەر و مل لە زەوی و زار پەیدا کردن دەنێ. لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی مولکە باشەکانی کوردستانی دەست بەسەرا گرت و لە زۆربەیاندا باغ و کۆشک و قەڵا و مزگەوت و حەمام و نەمامستانی دروست کرد، دارایی لە چەند کلووریش تێ پەڕیبوو.

لە ساڵی ١٢١٩دا، ئاوڕەحمان پاشای بابان کە لەسەر شارەزوور لادرابوو، پەنای بە ئێران هێنا و، بە حەوسەد سوارەوە و بەکۆچ و بارەوە، هاتە کوردستان. والی ماڵ و منالّی لە سنوور دامەزراندن و، پاشای هێنایە سنە و دەنگوباسی بۆ شا نووسی. بە فەرمانی شا، والی و پاشا چوونە تاران و سەقزیش بۆ ژیانی پەنابەران تەرخان کرا. وەزیری بەغدا، سولەیمان پاشای فەخری زادەی ناردە لای شای ئێران کە ئاوڕەحمان پاشای بدەنە دەست. شا دەڵێ مەرج ئەوەیە ئاوڕەحمان پاشای لە شوێن خۆی دامەزرێننەوە و، بەخاترجەمی بگەڕێتەوە.

ئاوڕەحمان پاشا دەگەڵ والی دێتەوە کوردستان و پاشا لە مەریوان چاوەنۆڕی وەرامی وەزیری بەغدا دەبێ. عوسمانی، مەرجی شا قبووڵ ناکەن و شەڕ قوڵ دەدەرگا دەنێ.

بیست هەزار سواری عەرەب و نیکخوی و لەوندات و مووسڵ و کەرکووک، وێرای لەشکری نیزامیی دەوڵەتی و قوورخانە و جبەخانە، لە بەغداوە هاتن گەیینە قەسری شیرین و سنووری زەهاو.



شا کە ئەم باسە دەبیسێ، لە چەمەنی سولّتانییە دەبێ. حەمە عەلی میرزای کوڕی کە بەسەر کرماشان و خۆزستان و لوڕستان ڕادەگا، ڕادەسپێرێ بەتۆپخانەوە پێشیان بگرێ و ئەویش دێتەوە کرماشان. لەولاشەوە بە فەرەجولّلا خانی نەسەقباشی فەرمان ئەدا بە سێ هەزار سوارەوە بچێتە کوردستان و دەگەڵ لەشکری والیدا، لە مەریوانەوە پەلاماری وڵاتی عوسمانی بدەن.

لە کلکەی ڕەجەبەمانگی ساڵی ١٢٢١دا، والیی ئەردەڵان بە نزیکەی دە هەزار سوارەوە، ڕەگەڵ فەرەجولّلا خانی سەردار لە شار دەردەکەوێ و، هەوەڵ قۆناغ دەبەنە شێخ عەتار. وەزیری بەغدا خالید پاشای بابان و سولەیمان پاشای کەهیا و پاشایانی حەریر و کۆ، بەسێ هەزار چەکدارەوە، دەنێرێتە شەڕی ئاوڕەحمان پاشا و، دەگەنە سولەیمانی. ئاوڕەحمان پاشا پیاو دەنێرێ و لە شێخ عەتار خەبەری دوژمن بەوالی و سەردار دەدا. هەردووک لەشکر لە ڕۆخ زرێوار دەگەنە یەک؛ شەڕێکی زۆر بەسام و خوێناوی ڕووئەدا. ئێرانی سەردەکەون و، ڕۆمی ماڵ و ئەسپاب جێ دێڵن و ڕادەکەن. سەلیم بەگی برای ئاوڕەحمان پاشا (سەلیم سێ تەنگە) لەو شەڕەدا زۆر ئازا دەبێ و لە هێرش بۆ تۆپ گرتن بریندار دەبێ و، دوای دوو ڕۆژ دەمرێ.

ئاوڕەحمان پاشا دەچێتەوە جێگەی خۆی و والی و سەردار دێنەوە. کەهیا و گەلێک دیلی تر، بە محەممەد ئاغای (باوکی مەستوورە)دا دەنێرنە تاران. شازادە حەمەعەلی میرزاش لەلای زەهاو لەشکری ڕۆمی ڕاونا و، تا نزیک بەغدا شوێنیان کەوت و بۆ هەر کوێ چوو، تالانی کرد.

لە سەرەتاکانی مانگی قوربانی ١٢٢٢دا، ئامانولّلا خان بەدیاریی زۆرەوە دەچێتە لای شا و، فەرمان و خەڵاتی نایب و والیەتی بۆ حەمەحەسەن خانی کوڕە گەورەی، لە شا وەردەگرێ و، لە کلکەی محەرەمی ١٢٢٤دا دەگەڕێتەوە.

هەر لەو دەمەدا خان ئەحمەد کوڕی ڕەزا قولی خان، حەمە قولّی کوڕی خان ئەحمەدی برای ئامانوڵڵا خان، حەمە ڕەحیم بەگی وەکیل، نەزەر عەلی بەگ و ئیمام وێردی بەگ دەگەڵ دەستەبرا و دۆستانی خۆیان بڕیار دەدەن. لە کاتی دیداری گشتی، والی بکوژن و خۆیان ببنە حوکمات. میرزا لوتفوڵڵا کوڕی میرزا عەبدوڵڵای وەزیر کە هاوپەیمانی دژەکان و زۆریش لە خان نزیک بووە، ڕاستی لە لای والی دەڵێ.

والی دەنێرێتە شوێن هەمووان و تێکڕا لە زیندانیان شەتەک دەدا و خەبەر بۆشا دەنێرێ. شا دەڵێ سزایان بدەن. حەمەڕەحیم بەگ و حەمەعەلی بەگی برای و نەزەر عەلی بەگ و ئیمام وێردی بەگ، دەس بەجێ دەکوژرێن و، تالانیش دەکرێن. خان ئەحمەد و حەمە قولّی چونکە کەسی خۆی بوون و، چەند کەسێکی تریش لە باتی کوشتن جەریمە دەکا و پولێکی زۆریان لێ دەستێنێ و بۆ شای دەنێرێ.

ئاوڕەحمان پاشا، پاش دوو سێ ساڵ، هەوای ئیستقلالی کوردستان هەڵی دەگرێ. وەک گوتمان سەری بۆ ئێران و ڕۆم نەدەچەماند. لەمانگی شابانی ١٢٢٥دا دەگەڵ (رەئیس ئەفەندی) لە ڕێی قەرەتەپەوە بۆ نەهێشتنی وەزیری بەغدا چوون. هەردووک دەوڵەتی ئێران و ڕۆم لە دژی پاشا بوونە یار و بڕیار درا بە هەردووکیان لەناوی بەرن.

والیی ئەردەڵان بە لەشکرەوە لە مەریوانەوە، سولەیمان پاشای وەزیری بەغدا لە بەغداوە بۆی هاتن. لە ڕەمەزانی ساڵی ١٢٢٥دا، لەدەوری بەغدا شەڕ قەوما و لەشکری ڕۆم شکا و، وەزیر هەڵات بۆ ناو عارەبان و بە فەرمانی دەوڵەت کوژرا. دوای ئەم ڕووداوە، شا فەرمان بەوالیی ئەردەڵان ئەدات بگەڕێتەوە. ئەویش شارەزوور تالان دەکا و دێتەوە.

ئاوڕەحمان پاشا، پاش شکانی سولەیمان پاشا، بۆ گرتنی کوردستان داژوێ. فەرمان بۆ شازادە حەمەعەلی میرزا دێت کە دەگژ پاشا ڕاچێت. والیی ئەردەڵانیش بەرانبەر بەفەرمانێک لە ڕەجەبەمانگی ساڵی ١٢٢٥دا



بە لەشکرەوە دەگاتە شازادە و بەرەو زەهاو دەڕۆن. ئاوڕەحمان پاشا سولەیمانییە بەجێ دەهێڵێ و قەڵای کۆیە دادەبەستێ و دەیکاتە بنکەی شەڕ. لەشکری ئێران دەوری قەڵا دەدا، دوای دوو سێ ڕۆژ شەڕ و لێکدان ئاوڕەحمان پاشا تەسلیم دەبێ و دوو کوڕی خۆی بە بارمتە ڕەگەڵ شازادە دەخات. شازادە بۆ کرماشان و والی بۆ سنە دێتەوە. عەبدوڵڵا پاشای وەزیری بەغدایە، کە دەبیستێ ئاوڕەحمان پاشا بۆتە پیاوی ئێران، بە لەشکرێکی زۆر و تەیار بەهەموو چەکێکەوە، بەرەو بابان دێت. ئاوڕەحمان پاشا بەرەنگاری دەبێ و، لەشکری بابان دەشکێ و ئاوڕەحمان پاشا هەڵدێ بۆ کرماشان.

شازادە حەمەعەلی میرزا، خەبەر بە شا دەدات. شا بە چەند خانێکی قەجەر دەسپێرێ کە دەگەڵ والیی ئەردەڵان و لەشکریان بچنە لای شازادە و، بچن بەغدا بگرن و، عەبدوڵڵا پاشای تەنبێ کەن. ئەو لەشکرە تا نزیک بەغدا تالان دەکا و هێرش دەبەنە سەر بەغدا. عەبدوڵڵا پاشا لە بەغدا ماتە هەڵدەگرێ. شێخ جافری متوەللی نەجەف، دەگەڵ چەند سەید و شێخی ئەو ناوە، بە تکاکاری ئەنێرێتە لای شازادە. شازادە خەبەر بۆ شا دەنێرێ، شا دەڵێ: ئەو تکایە قبووڵە. ئاوڕەحمان پاشا، سەرلەنوێ فەرمانی حوکماتی بابان وەردەگرێ و دادەمەزرێتەوە. لەشکری شازادە لە شەشەکانی ١٢٢٧دا دێتەوە، والیش دەگەڕێتەوە سنە و دەست دەکاتەوە بەئاوەدانکردنەوەی وڵات. مزگەوتی دارولئیحسان لەو ساڵەدا دەست پێ کراوە و لە ساڵی ١٢٢٨دا تەواو بووە. شێخ جەمالەدینی باپیرە گەورەی نووسەر (ئایەتوڵڵا) دەکرێتە ئیمام جومعەی و حاجی شێخ حەمەسەعیدی نەوەی حاجی شێخ مستەفای تەختە، دەکرێتە دەرسبێژی مزگەوتەکە.

لە ساڵی ١٢٣٠دا، حەمە زەمان بەگ و یوسف بەگی کوڕی، سەید مەحموودی شێخەلئیسلام و سەید زەکی کوڕی، سمایل بەگ و میرزا ڕەحیم کوڕانی میرزا یوسف، دەگەڵ دۆست و نزیکانی خۆیان لە دژی والی دەچنە تاران کە شکاتی لێ بکەن.

ئامانوڵڵا خان حەماغای نازر بەپولێکی زۆرەوە و نامەیەکەوە بۆ شا بەرێ دەکا. شا لە فەیروزکوە، دەبێ. حەماغا دەیەوێ زووتر لە دژان بگاتە شا. ڕوو دەکاتە فەیروزکوە. دژە والیش بەرەو ئەوێ دەچن. هەم ئەوان و هەم حەماغا وێکڕا دەگەنێ و، دەچنە مەنزڵی میرزا شەفیع، کە سەدری ئەعزەم و هەمەکارە بووە. میرزا شەفیع نامە و پووڵ و شکاتی سنەییەکان بەشا دەگەیەنێ. زۆر ئاشکرایە شکاتی بێ پووڵ بەکاری هیچ نایە. شا لە دوو شکاتکاران دەنێرێ و زۆریان بەسەردادێت و دەڵێ دەبێ ئاشت بنەوە و، بە حەماغادا دەیاننێرێتەوە و ڕاشدەسپێرێ کە والی بیانبەخشێ.

حەمەزەمان بەگ و سەیدەکان دێنەوە سنە. ڕەزا قوڵی و یوسف، کوڕانی حەمەزەمان و دوو ئامۆزایان دەچنە لای شازادە حەمەعەلی میرزا و، دەبنە نۆکەری.

والی بەنهێنی پوولێک بۆ شازادە دەنێرێ کە ئەوانەی بۆ بکوژێ. شازادە نایانکوژێ، بەڵام هەر چواریان کوێر دەکا و، بۆ سنەیان دەنێرێ. ئەمجا والی بەردەبێتە گیانی گش نەیارەکانی تر. هەرچییان هەیە زەوتی دەکا و، نهێنی دەیان خنکێنێ. سەید مەحموودی شێخەلئیسلام دەنێرێتە قسڵان و سەید زەکی کوڕی دەنێرێتە کەرەفتو، هەردووکیان دەکوژن. بەهەزار زەحمەت خزم و کەسیان ڕێگە دران لاشەکانیان بێننەوە. سەید مەحموود لە گوندی دووره قەڵا و سەید زەکی لە سەقز نێژراون و، ئێستا هەردووک زیارەتگان.

هەر لە ساڵی ١٢٣٠دا، ئامانوڵڵا خان بەدیاری و پێشکەشی زۆرەوە، دەچێتە تاران. لە دەرفەتێکا حوسن جیهان خانمی کچی شا بۆ خوسرەوخانی کوڕی دەخوازێ. شا دەڵێ بەومەرجەی سەروناز خانمی کەنیزم بۆخۆت مارەکەی، ئەم داوایەت قبوڵە. سەودا سەر دەگرێ. شا سەروناز خانمی بەدەهەزار تمەن جەواهێر و جیازەوە دەدا بەئامانوڵڵا خان. ئەویش ناوی دەنێ قەبازەرخانم و دەیخاتە ڕیزی ژنانییەوە.



دوای دوو مانگ حوسن جیهانی کیژی شا لە خوسرەوخانی کوڕە چکۆڵەی ئامانوڵڵا خان مارە دەکرێ و، نازناوی (والیبیە)ی پێ دەدرێ.

ئامانوڵڵا خان دێتەوە سنە و، ماوەی ساڵێک خۆی بۆ بووک گوازتنەوە ئامادە دەکا.

لە ساڵی ١٢٣٢دا، والی دەگەڵ کۆمەڵێک مەلا و پیاوماقووڵان. خاتونجان خانمی خوشکی والیش، بە کۆمەڵێک لە خاتوون و ژنی پیاوە گەورەکان، دێنە تاران. یەک دانە مانگ بەزم دەگێڕن. هەرچی مەلا و موجتەهید و شازادە و کاربەدەست و باڵوێزی دەوڵەتەکانی هاوسان، بانگ دەکرێن. پتر لە دوو سەت هەزار تمەن، لەوبەزمە دەڕوا کە درێژەپێدانی لێرەدا ناگونجێ. باسەکەی بەسەر هەموو دەم و زارانەوە گەڕاوە. مانگەودوا لە سەعاتی بەودمدا بووکیان بەرەو کوردستان هێناوە و هاتوونەوە.

حەمەحەسەن خانی کوڕە گەورەی والی لەو بووک هێنانە کە برای گچکە لە برای گەورە بەزۆرتر زانراوە، ڕقی هەستاوە. کومەڵێک لە لاوان و بەچکە ئەعیانی سنەی خستۆتە دووی خۆی و ڕووی کردۆتە لای زەهاو و گەرمیان. زۆر لە عاشیرەتی گەرمیانی کردۆتە لاگیری خۆی و، لەشکرێکی باشی پێکەوە ناوە و، ملی لە تالان و بڕۆی سنوورەکان و عەرەبستان و لوڕستان ناوە. دەگەڵ شێخێکی عارەب دەگژ یەک ڕاچوون، عارەبەی کوشتووە و سەرکردەکانی بە دیل گرتووە و، هەرچی بوویانە بە تالانی بردووە. ئەمجار ملی لە تالانی وڵاتی باوکی ناوە. والی زۆرجار حەولی داوە دامرکێ، بۆی دانەمرکاوە. تەنانەت عەباس میرزای نایبوسسەڵتەنە بە خەت و ئینشای قایمقام نامەیەکی ئامۆژگاریی بۆ حەمەحەسەن ناردووە، بەهرەی نەداوە. (ئەونامەیە لە دیوانی قایمقامدا چاپ کراوە).

فەتحالی شاش بابا عەلی خانی شاتری ناردووە کە دایسەکنێ. قسەی شاشی لە زەوی داوە. ناچار لە ساڵی ١٢٣٥دا والی بە لەشکرەوە بۆی دەچێ و شاترباشی شا و مەلا عەباسی شێخەلئیسلام کە کۆنە مامۆستای

بەچکە والی بووە، دەگەڵ خۆی دەبا. لەشکری باب و کوڕ، لە مەڵبەندی ڕوانسەر لە گوندی ناراوێ دەگەنە یەک. چەند جاران شاترباشی و مەلا عەباس بە قورعانەوە دەچنە لای بەچکە والی؛ بەهرەی نابێ و شەڕ دەقەومێ. زۆر شەڕێکی سەیر بووە؛ سەرکردە باب و کوڕن. لەشکری هەردووکان خزم و کەس و ئامۆزا و برا و نزیکی یەکن. جا وەرە برا برا بکوژێ؛ ئەوە چییە؟ باب و کوڕ پێک نەهاتوون. شەڕێکی زۆر بەسام ڕووی داوە و خەڵکێکی زۆر کوژراوە، بەچکە والی لە کەس نەترساوە و، هەر هێرشی هێناوە و، پیاوی خۆی هانداوە کە دوژمن شکێن بن. میرزا عەبدوڵلا وەزیر، حەمە عەلی سوڵتانی ئەردەڵان، ئاغا حوسێن برای حەمەمراد بەگی دارۆغە. (حەمەمراد بەگ لە ساڵی ١٢٣٧دا مزگەوتی دارۆغەی دروس کردووە). میرزا باقر کوڕی میرزا لوتفوڵلا کە لەشکرچیی والی بوون، دەگەڵ زۆر کەسی تر کوژران. میرزا عەبدولکەریم موعتەمەد و سمایل بەگی برای و میرزا ئاوڕەحمانی کوڕی، میرزا فەرەجوڵلای وەزیر کوڕی میرزا ئەحمەد، میرزا لوتفوڵلا کوڕی میرزا عەبدوڵلای وەزیر و میرزا فەزڵوڵلا کوڕی میرزا عەلی لەو شەڕەدا بریندار دەبن. لەشکری بەچکە والیش بریندار و کوژراویان دەبێ. میرزا عەبدولکەریم کە ملی بەشیری حەمەبەگی کوڕی حاجی حوسێن قوڵی سەقزی بریندار ببوو، پاشی چابوونەوەش ملی هەرخوار بوو، هەر بە ملکەچیشمرد.

میرزا لوتفوڵلای ئامۆزای میرزا فەرەجوڵلا، خۆی لە شوێنێک حەشاردابوو؛ تفەنگێکی هاویشتە بەچکە والی، گلاندی و ڕای کردێ و بە دیلی گرت. حەمەسادق خانی باوکی عەلی ئەکبەرخان شەرەفولمولک کە ئەویش کوڕی ئامانوڵلا خان بووە، لەو شەڕەدا زۆر پیس زامار بووە.

پاش بەدیل گیرانی حەمەحەسەن خان، لەشکرەکەی بڵاوەی کرد. سەت و دە کەسیان بەدیل گیران، والی هەمووی کوشتن، عەباس میرزا بەگ کوڕی مەنوچەر بەگی سەقزی و سوبحان وێردی کوڕی حەمەحەسەن بەگ دوو لەو کوژراوە دیلانە بوون.



جگە لەو سەت و دە کەسە چوار سەت کەس لە پیاوماقووڵانی کوردستان گیانیان لە ڕێگەی شەڕە دندووکەی باب و کوڕدا لە دەست دا.

دوای شەڕ بڕانەوە، هەردووک بەچکە والیی زاماریان بە تەختی ڕەوان، هێنایەوە سنە. دوای مانگێک حەمەحەسەن لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا دەمرێ و لە نەجەف دەنێژرێ. حەمە سادق خان خۆش ئەبێتەوە. ئامانوڵلا خان دوای ئەم ڕوداوە وەک شێتی لێ هاتبوو. لە سەرەتای زستانی ١٢٤٠ی کۆچیدا مرد. تێکڕا ٢٧ ساڵ حوکمی کردووە. لە ساڵی ١٢٢٠ ڕا تا ١٢٣٠ هەر پرۆژەی ئاوەدانییەکی هەبووە، تەواوی کردووە.

**خوسرەوخانی سێهەم**: هەر لە زەمانی ئامانوڵلا خانی باوکیدا کرابووە نایب والی، پاش مەرگی ئامانوڵلا خان لە جێی باوکی دانیشت. مورتەزا قوڵی خان کە هەمیشە لەگەڵ خوسرەوخاندا هەواڵ بووە و بەو هۆیەوە میرزای ڕەفیقیان پێ گوتووە و نازناویشی لە شیعردا موخلیس بووە، لە پارچە شیعرێکی سێ بەیتیدا باسی ئەو ڕووداوە دەکا و مێژووی بە ئەبجەد بۆ دۆزیووەتەوە: (امان الله شد و بنشست خسرو). کە دەبوایە ١٢٤٠ بووایە. کەچی دەبێتە ٢١١٦؟! هەژار –

سەرەتای هاوینی ئەو ساڵە خان بە حوسن جیهان خانمی خێزانییەوە کە زگی پڕ بوو، چوونە دیداری شا لە چەمەنی سوڵتانییە. لەوێ کوڕێکی هاتە دنیا، ناویان نا ئامانوڵلا و نازناوی غولام شاشیان دایە.

دوای گەڕانەوە لەو سەفەرە، خان خەزێنە و گەنجینەی باوکی بەسەر کردەوە. لە بیست کلوور (دە ملیون) هەر پووڵی نەغدی لێ بەجێ مابوو، کەوتە بەش کردنی بەسەر خەڵک. هەر کەسەی بەرانبەر بە پلە و پایە لەو پووڵە بەشدار کرد. هەموو خەڵکی کوردستان سەریان وەبەر فەرمانی هێنا؛ دووان نەبێ کە سانی هەورامان بوون و ناویان (حەیدەر سوڵتان) و (حەمە سوڵتان) بوو. ئەو دووانە بەچەکداریی خۆیان بایی ببوون و جوابی خانیان نەدەداوە. خان چەند جار بۆی نووسین کە دەس لە سەرپێچی هەڵگرن.

بەهرەی نەدا. لە ئاکاما حەمەسەرهەنگ خانی برای بە سوارەی ئەردەڵانەوە نارده سەریان.

سانەکانیش سەنگەریان گرت و چەکداریان ئامادەی شەڕ کرد. لەشکری سەرهەنگ گەیشتە نیو فرسەخی سەنگەرەکانیان، دوو سێ ڕۆژ وچانیان دا و سانەوە. لە بەرەبەیانێکدا پێکیانەوە نا. تفەنگ تەقێنران و تۆپ هاوێژران. لەشکری سانەکان لای سەروویان بەدەستەوە بوو. لەشکری ئەردەڵان کەوتبوونە بەر ئەوانەوە. چەند کەسێک لە هەردوولا کوژران؛ ئاغا جافری ئەردەڵان یەک لەو کوژراوانەوە بوو.

ئەردەڵانییەکان هێرشیان بردە سەر سەنگەری دوژمن. حەیدەر سوڵتان کە سەرکردەی گەورەی دژەکان بوو، بە سێ تەپڵ و زوڕناوە هێرشی هێنا و خۆی گەیاندە سەر ئاوێک لە خوار چیاوە. سەرهەنگی سەرکردەش فەرمانی هێرشی دا ئەردەڵانی دەوریان دان؛ زۆریان لێ بەدیل گرتن و زۆریشیان کوشتن. حەیدەرسان ڕای کرد و لە ترسان خۆی بە ئاو دادا. چەکدارانی سنە لە ئاودا دەسرێژیان لێ کرد و کوشتیان.

بەفەرمانی سەرهەنگ، جافر سوڵتانی ئاجودان باشی بەچەند چەکدارێکەوە هێرشی بردە سەر حەمەسان کە هەر لە سەنگەردا مابوو، لە هەردووک لاوە گوللە وەک تەرزە دادەباری. زۆربەی هەورامییە یاغییەکان کوژران. ناچار حەمەسان بەرەو شارەزوور قاچاندی. هێندێک لەخەڵکی بابان ویستیان یاریدەی بدەن؛ بەڵام کە دیتیان زۆر بڤەیە، ئەوانیش ڕەوین.

جافر سوڵتانی ئاجودان، دەربەندی لە هەڵاتییانی بابان گرت و خستنیە تەنگانەوە. بەڵام لەسەر ڕاوێژی هێندێک لە پیاوماقوڵانی سنە، وەک میرزا عەبدولکەریم موعتەمەد، میرزا هیدایەتوڵڵا ئەمین، ئەمانوڵڵا بەگی وەکیل کە ئەوسا پلەی (یوزباشی) بوو، حەمەداغای نازر، حەمەسوڵتانی حاکمی سەقز، بەری دەربەند بەردرا و ڕێگای بابانییەکان بۆ هەڵاتن چۆڵ



کرا. خانی سەرهەنگ بەتاڵان و دیلی زۆرەوە هاتەوە سنە و زۆری ئافەرین لێ کرا. چەکدارەکانیشی خەڵات کران. جافر سوڵتان نیشانی جەواهیربەندی بە خەڵات وەرگرت.

خان زۆر دڵتەڕ و خۆش ڕابوێر بوو. زۆریش جوانچاک بوو. خەتی زۆرخۆش بوو. نووسەرێکی لە زەبر بوو. زۆر بەخشندە بوو. دەستدرێژی و زۆرداری لە زەمانی ئەوا هەر نەمابوو؛ تەنیا جارێک نەبێ کە بەبێ سوچ و تاوان باپیر و باب و مامەکانی منی (مەستوورە) خستە زیندان و کۆتەوە و زۆری خراپە دەگەڵ کردن. سی هەزار تمەنی بە زۆر لێ ساندن. تا لە دوایی بۆی دەرکەوت کە بەخۆڕایی ئەو کەتنەی پێ کردوون. هەمووی بانگ کردنە لای خۆی و پلەی دانێ و خەڵاتی کردن.

دەگەڵ براکانی خۆیشی زۆر باش نەبوو، ئازاری زۆری دەدان. پاش مردنی باوکی پلەی نایبی دابوو بە عەباس قوڵی خانی برای. پاش ماوەیەک دەری کرد و بەکۆت و زنجیر خستیە بەندەوە و دەگەڵ دایکیشیا زۆر ناڕەوا بزووتەوە، سووکایەتیی بەسەر هێنا هەرچی بووی لێی ساند؛ کە ئەم کارە لە والی نەدەوەشاوە. حوسێن قوڵی خانی برای کە لە زەمانی باوکییەوە بە سەر ئیسفەنداباد ڕادەگەیشت و زۆریش بەر فەرمانی خوسرەوخان بوو. پاش ساڵێک دەری کرد و باباخانی مەراغەییی لەجێ دانا.

حوسێن قوڵی بەستەزمان کە دەیزانی گیانی لە مەترسیدایە، هەرچی نەغدینەی هەبوو بە قورعانێکەوە دەنیوە شەوێکدا هێنا لای کاکی و سوێندی بۆ خوارد کە لەوە زیاتر شک نابەم. نە بمکوژە نە بمگرە. بەو کارە لە مردن خەلست. تا دوایی (پاش بەسەرهاتی باپیر و بابم کە باسی دەکەم). هەم کرایە وەکیل و هەم ئیسفەندابادی پێ درایەوە.

حەمەسادق خانی برای، پاش مەرگی ئامانوڵڵا خان هاتە شار و بوو بەخزمەتکاری. بەڵام دوای ساڵێک ڕای کرد و یاغی بوو. خوسرەوخان بە

فیڵ و تەڵەکە هێنایەوە، دوای ڕووتکردنی، دوو سێ ساڵان لە باڵەخانەی تەنیشت تالاری خوسرەوانیدا حەپسی کرد. تا لە پاشان ژنان تکایان بۆ کرد، بەری دا و دیسان جوانڕۆی پێ سپاردەوە.

نۆ ساڵی زۆر بە خۆشی ڕابوارد و جگە لە خۆی کەس دەستی نەدەڕۆیشت. هیچ بەڵاشی بەسەر نەهات، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٢٤٦دا نەخۆشیی تاعون داکەوت؛ پتر لە هەشت نۆ هەزار کەسی پێ مرد. ئەڵڵاوێردی خان کوڕی نەزەر عەلی خان و عەلی مراد سوڵتانی کوڕی و چەندێک لە خزمانیان و جافر سوڵتانی ئاجودان باشی کە ئامۆزای باوکی من (مەستوورە) بوو بەو تاعونە چوون. هەموو خەڵک ڕایانکردە دەشت و بیابانان. پاش سێ مانگ، واتا لە سەرەتاکانی محەرەمی ساڵی ١٢٤٧دا تاعون باری کرد و خەڵک هاتنەوە شار.

دەوڵەتی ڕووس لەشکرێکی بەسەرکردایەتیی (بگیویچ) ناردە سەر ئازەربایجان و چەند شارێکی لەسەر سنوور گرت. ئەکبەر بەگی کوڕی حەمەزەمان بەگی وەکیل، دەگەڵ هێندێ لە خزمانی لێ بڕابوون بچنە ناو لەشکری ڕووس و حوسێن قوڵی خانی بەچکە والیش کە لەسەر ئیسفەنداباد دەرکرابوو دەگەڵ خۆیان بەرن. شۆفاران ئەو خەبەرەیان بە والی دا. حوسێن قوڵی خان خوارزای باوکم بوو؛ باوکیشم بە پووڵدار ناسرابوو. خوسرەوخان ویستی باوکمیشی تێوە دەن تا پووڵ و نەغدینەکەی لێ بستێنێ. بە حوسێن قوڵی خانی گوت ئەگەر وا بکەی خاڵیشت لەو پیلانەدا بەشدار بێت، دەتکەمە حاکمی ئیسفەنداباد. ئەویش بە هەوای ئەو پلەیە، خاڵ وماڵی لە بیر خۆ بردەوە و بە بیانووی نەخۆشیی یەکێک لە ئامۆزایانی، ناردی بە شوێن باوکما. پیاوی والیشی لە پشت دەرگا دانان گوێ بگرن. پیلان گێڕان دوو سەعاتێک قسەیان کرد و هەرچی نەدەشیا بگوترێ گوترا، هەر ئەو شەوە خەبەر بە والی درا. بۆ بەیانی حەمە بەگ و مستەفا بەگی کوڕانی فەتحاڵی بەگی وەکیل، ئەکبەر بەگ کە سەردەستەی پیلان گێڕان بوو، سوڵتان کوڕی نەزەر عەلی بەگ، ئەبوول



حەسەنی باوکم و مام و هەموو ئامۆزاکانم گیران و شەتەک دران.

دوای ماوەیەکی کەم، سوڵتان و کوڕانی فەتحاڵی بەگ لە قەڵای قسلاندا کوژران. ئەکبەر بە هەزار جیرەبابە لە مردن ڕزگار بوو، باب و مامەکانی منیش کە بێ تاوان بوون، ئازاد کران و زۆریش دڵخۆشی درانەوە، والی داوای منی لە باوکم کرد و بەم جۆرە زۆر بەحورمەتەوە چوومە حەرەمسەرا و، و بوومە خێزانی خان. خزم و کەسی کوژراوەکان زۆرترسا بوون. ئەمانوڵڵا بەگی کوڕی گچکەتری فەتحاڵی بەگ، عەلی محەممەد بەگ کوری ئەحمەد بەگ. دەگەڵ چەند خزمێکیانا کە تێکڕا دە کەسێک دەبوون، بەرەو تاران ڕایان کرد و پەنایان بە دەربار برد. خان، میرزا فەرەجوڵڵای وەزیری کە خاڵی خۆی بوو، بەشوێندا ناردن کە بەرلەوەی کەتنێک بکەن بیانگەڕێنێتەوە. بەڵام دژە والییەکان تاجوددەولە خانمیان - کە لە ژنانی حەرەمسەرای شابوو- کردبووە، تکاکار و دەگەڵ شازادە سەیفوددەولەی خستبوون. ئیتر وەزیر نەیتوانی شای قایل کا. شکات کارەکانیان بە شازادە سەیفوددەولەی سپارد و ناردنیە ئەسفەهان.

ساڵی ١٢٤٥ کە شا لە هەمەدان بوو. ئەوانە بە زنجیرکراوی هێنران و درانە دەست خوسرەوخان. بەڵام ئەکبەر بەگ بە بەرگی دەروێشانە خۆی دەرباز کرد. مابەقی لە سوچی دڵتەنگیدا گۆشەگیر بوون. ئەو کاتە کە تاعونەکە هات و وڵات چۆڵ کرا. لەسەر داوای میرزا فەرەجوڵڵای وەزیر و میرزا هیدایەتوڵڵا ئەمین، عەلی محەممەد بەگیش ئازاد کرا و خۆی گەیاندە گوندی بوولواناوا و لەوێوە ویستی بە هۆی خزمانیەوە ڕا بکا. بەڵام میرزا جافر کوڕی میرزا هیدایەتوڵڵا ئەو پیلانەی لێ پووچەڵ کرد.

لە بڕانەوەی مانگی قوربانی ساڵی ١٢٤٩دا والی تووشی نەخۆشیی جەرگ هات و ڕۆژ بەڕۆژ لە باریک و بنێسیی دەدا. من کە خێزانی بووم دوو مانگ هەر خۆم خزمەتم کرد و نە بەشەو نە بەرۆژ نەدەخەوتم. هەر لەو کاتەشدا نەخۆشی تاعون هاتەوە. خەڵکی شار باریان کرد. بەڵام چابوو شوکر ئەمجار سوک بوو، پتر لە سێ چوار کەسی نەکوشت.

نەخۆشی خان هەر چاک نەبوو تا لە ڕۆژی پێنج شەممە دوای مانگی مەولودی ساڵی ١٢٥٠دا مەلی گیانی بە هەزار عەزرەت و ئاواتەوە هێلانی لە بەهەشت سازدا. ئیتر لە هەموو لایەکەوە بوو بە شیوەن و گریان و قوڕپێوان و سەروپۆڕ ڕنینەوەی ژنان و لە خۆدان. کۆتەڵی بۆ ڕازایەوە و شین گێڕان لە پێداهەڵدانی هۆیان دایەوە. دوای ناژتنی چەند ڕۆژێک پرسە دانرا و ئەوسا خەڵکی وڵات ڕەزا قولّی خانی کوڕیان کە تەمەنی یازدە ساڵان بوو کردە والی.

بەڵام هەرکە زانرا خوسرەوخان نەماوە، ئەردەشێر میرزا برای محەممەد میرزای کوڕی عەباس میرزا، لە گەڕووسەوە بە لەشکرەوە هات کە سنە بگرێ. شازادە حوسن جیهان خانم کە هێشتا ئازیەت باریش بوو. پیاوانە دەنگی لەشکری دا و حەوت هەشت هەزار چەکداری بەهەموو چەک تەیاری بردە بەرایی دوژمن. لەلای زاغە و ئاغبوولاغ، خێوەتی لێ دا و خۆی لە ئەردەشێر خان گیڤ کرد. ئەردەشێر زانیی دەگەڵ ئەوشێرەژنە چی بۆ ناکرێ و لەوانەیە خراپی بەسەر بێنی، تکاکاری ناردن و، ئاشتەوە بوون و خانمی خانمانی کچە گەورەی خوسرەوخانی خواست و زۆر بە کەیف سازی هەردولا گەڕانەوە شوێن خۆیان. لێرەدا باسەکەی مەستوورەخانم کۆتایی دێت، بابزانین ئایەتوڵڵا مەردۆخ چی ئەفەرموێت:

**خوسرەو خانی ناکام**: لەو کاتەوە کە ئامانوڵڵا خان نەخۆشی تووش بوو، خوسرەوخان کرابووە نایب. لە بەهاری ساڵی ١٢٤٠ی کۆچیدا کە باوکی مرد، بوو بە والی. مێژووی ئەو ڕووداوە لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدایە:

شبی در وادی فکرت فتاده
زبهر مصرعی اندر تک و دو
پی تاریخ سال فوت والی
هم ازبهر جلوس والی نو
خرد گفتا که در ملک ولایت:
«امان الله شد و بنشست خسرو»



خوسرەوخان قسەخۆش و دەمپاراو بووە، شیعریشی گوتووە. خەتی نەستەعلیقی جوان نوسیوە، لە دەهندیی و بە دەماریدا ناوبانگی کردووە. لە دامێن تەڕیشدا بێ وێنە بووە. دەلاڵێکی هەبووە بەناوی: ڕەزا سەقزی، غالبەی شەوانی لە ماڵی ئەو دەلاڵە بەسەر بردووە. لە ساڵی ١٢٤١دا حەیدەرسان و حەمەسانی هەورامیی لێ یاغی بوون. خوسرەوخان سەرهەنگ خانی برای بەسوارە و سەربازی ئەردەڵانەوە نارده سەریان. لە هێرش بردنێکا ئاغا جافری ئەردەڵان دەکوژرێ. حەیدەرسان ئابڵۆقە دەدەن، خۆی دەچۆم دەهاوێ کە بە مەلە خۆی ڕزگار کا؛ هەر لە ئاودا بە گوللە ئەکوژرێ، پیاوەکانیشی هێندێک دەکوژرێن و هێندێک دەگیرێن. جافر سوڵتانی ئاجودان باشیش هێرش دەباتە سەر سەنگەری حەمەسان و هەڵی دەقەنێ و بەچەکدارەکانیەوە ڕوو بە شارەزوور دەیقاچێنی. حەمەخانی سەرهەنگ بە تاڵانی زۆرەوە دێتەوە سنە.

لە ساڵی ١٢٤٣دا، دەبێتە قاتی و گرانییەک کە هەژاران بە هەزاران لە برسان دەمرن. خوسرەوخان پەنجا هەزار تەغار بەکێشی (کویژ) گەنم و دەغلی تری کە لە عەنبار دابووە لە بەرانبەر پسوڵەدا بە قەرزی ئەدا بە برسییان کە لە فەرحانیدا بیدەنەوە. لە سایەی ئەم مەردایەتی و پیاوەتییەی، خەڵک دەکەونە فەرحانیەوە و دەبووژێنەوە. کاتێ نوخشە پێ دەگا و دەغل هەرزان دەبێت، میرزا فەرەجوڵڵای وەزیر پسوڵەی قەرزەکان دێنێتە لای خان و بیری دەخاتەوە کە قەرزەکان بستێننەوە. خان هەموو پسوڵەکانی لێ وەردەگرێ و دەسوۆپەیان داوێ و هەمووان دەسوتێنێ. خەڵکەکە لەو دەهندەییە کە بایی پتر لە دوو سەد هەزار تمەن بووە، زۆر دڵشاد دەبن و سوپاسی دەکەن.

خوسرەوخان ئەوپەڕی خراپەی دەربارەی براکانی خۆی کردووە و هەر لە پەڕوپۆی کردوونەوە. لە ساڵی ١٢٤٤دا، ناردی حەمەبەگ و مستەفا بەگی کوڕانی فەتحاڵی بەگی وەکیلی پاش ٢٧ ساڵ دەربەدەری کە ئامانوڵڵا خان هەڵی داشتبوونە سمنال و دامغان، هێنانەوە سنە. خان زۆری قەدر لە

عەلی محەممەد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگ ناوە کە پوورزای خۆی بووە. لەو سەردەمەدا کە لەشکری ڕووس هێرشی بۆ ئێران هێناوە و چەند شارێکی لە سنووری ئازەربایجان وەبەرخۆداوە و ئەو ناوە تەواو شێواوە. ئەکبەر بەگ کوڕی حەمەزەمان بەگ دەگەڵ چەند خزمێکیا دەیانەوێ بچنە پاڵ هۆردووی ڕووس؛ هەوڵ دەگەڵ حوسێن قوڵی خانی بەچکە والیش دەدەن کە تازە ئەسفەنداباديان لێ زەوت کردووە، ڕەگەڵیان کەوێ؛ ئەویش خەبەر بەخان دەدا و دەشلێ ماکی ئاژاوە ئەبوول حەسەن بەگی خاڵمە پێشی دەڵێ بۆ ڕاست و درۆی قسەکەم، تۆ سبەی شەو کە لە ماڵی ئەکبەر بەگ کۆدەبیەوە، بەرگی خۆت بگۆڕە و خۆمان لێ دابگرە و، چی گوتیان وەگوێچکەی خۆت بیشنەوە. خوسرەوخان بەو دەستوورە دەکا و لە هەموو شت تێ دەگا. بەیانی دەنێرێ، کوڕانی فەتالی بەگ، سوڵتان کوڕی نەزەر عەلی بەگ. ئەبوول حەسەن بەگی باوکی مەستوورە و هەموو خزم و کەسیان دەگرن و لە فەڕاشخانە بەکۆت و زنجیر حەبسیان دەکەن، ئەکبەر بەگیش لە ماڵی حەمە بەگی سولەیمانی زیندانی دەکەن.

دوای چەند ڕۆژێک کوڕانی فەتالی و سوڵتانی کوڕی عەلی نەزەر بەگ دەکوژێ. ئەکبەربەگ و ئەبوول حەسەن بەگ و سمایل بەگی برای و خزمەکانیان جەریمە و بەرهەڵدا دەکا. پاش ماوەیەک بۆ دڵدانەوەی ئەبوول حەسەن بەگ مەستوورەی وێژەوانی لێ دەخوازێ و مارەی دەکا.

پاش کوژرانی کوڕانی فەتحاڵی بەگ، بنەماڵەی وەکیل زۆر لە خۆیان دەترسن. ئامانوڵڵا بەگ کوڕە گچکەی فەتحاڵی بەگ و عەلی محەممەد کوڕی ئەحمەد بەگ بە دە کەس لە خزمانەوە بە شەو ڕادەکەن و ڕوو دەکەنە تاران.

خوسرەوخان میرزا فەرەجوڵڵای وەزیر کە خاڵیشی بووە، دەنێرێ بەڵکە بەر لە شکاتیان بگرێ. بنەماڵەی وەکیل پەنا بە شازادە سەیفوددەولە دەبەن. بەهۆی دایکیەوە کە ناوی تاجودەولە خانم و زۆر خۆشەویستی شا بووە، شا لە دەردی خۆیان ئاگادار دەکەن. میرزا فەرەج هیچی بۆ ناکرێ.



شا ئەوانە بەسەیفوددەولە دەسپێرێ؛ ئەویش دەیاننێرێتە ئەسفەهان.

لە ساڵی ١٢٤٥دا، شا دەچێتە هەمەدان؛ خوسرەوخان دەچێتە خزمەتی. عەلی محەممەد بەگ و ئەکبەر بەگ و سمایل بەگیش دەگەڵ چەند ئامۆزایەکیان دێنە هەمەدان و شکات لە دەست خوسرەوخان دەکەن.

خوسرەوخان بەنهێنی پێنج هەزار تمەن بەناوی کۆمەگ بە قاوەجاغی شا بەرتیل دەدا کە ئەوانەی بداتە دەست. شا واز لە شەرەف و ئابڕوو دێنێ و زنجیر لە مل هەمووانی تەسلیم دەکا. خوسرەوخان دەیانهێنێتەوە سنە و چەند ئەوەندەی بەرتیلەکە تاوانیان پێ دەبێژرێتەوە و تێکڕا دەکەونە سەر ساجی عەلی و دەبنە سڵقی ڕووت. ئەکبەر بەگ تا مرد نانی شەوی نەبوو. ئەوانی تریش بە نەداری و گۆشەگیری دەژیان.

پاش ماوەیەک لەسەر داوای میرزا فەرەجوڵڵای وەزیر و میرزا هیدایەتوڵڵا ئەمین، عەلی محەممەد بەگ مەرەخەس دەکرێ و دەچێتە گوندی بوولواناوا. لەوێوە وەڵامی ناردووە بۆ خزمانی لە ئەسفەهانەوە هاتوون و بەشەو باریان کردووە کە بیبەنە ئەسفەهان. میرزا جافر کوڕی میرزا هیدایەتوڵڵا پێی زانیوە و بە چەند سوارێکەوە ڕێگەی لێ بڕیون و بەشەڕ هاتوون و عەلی محەممەد بەگ شیرێکی بەرکەوتووە بریندار بووە. کۆچ و بار بەرەو دوا کراوەتەوە و چەند کەسێکی نەناسیاویش کە لە ئەسفەهانەوە هاتوون گیراون و بە یەخسیری بۆ والی نێردراون. والی چاوی دوانی کۆڵیوە کە یەکیان لوتفالی کوڕی حەمەرەحیم بەگی وەکیل و ئەویتریان پیاوێکی حوسێن قوڵی خانی بەچکە والی بووە. حوسێن قوڵی خان لەو دەمەدا لە بەزیزی لە ئەسفەهان ئاشنای ماڵی وەکیل بووە.

«لە ساڵی ١٢٤٦دا شا مرادبەگی کورد، کە بە (میری ڕەواندز) بەناو بانگ بووە لەلای حەریر و کۆیە یاغی بووە و دەستی بەتاڵان و بڕۆ کردوە. سەر دەشت و موکریان و سابڵاغ و لاجانیشی گرتووە. بە فەرمانی فەتحاڵیشا. خوسرەوخان بە لەشکری ئەردەڵانەوە بۆی چووە و تا حەریر و

کۆ ڕاوەدووی ناوە. لە ئاکاما سی هەزار تمەن تاوانی شەڕ لە میری ڕەواندز دەستێنێ و ئەمان نامەی ئەداتێ و دەگەڕێتەوە و شا ئافەرینی لێ دەکا»*.

لە سـاڵی ١٢٤٧دا مـەحـمـوود پاشـای بەبە لە سـولەیمان پاشـای برای هەڵگەڕاوە و پەنای بە ئێران هێنا. بە فەرمانی فەتحالیشا خوسرەوخان بە لەشکری سنەوە بردیەوە و لە شـاری سـولەیمانی دامـەزراندەوە و سـولەیمان پاشـاش ڕای کـردە بەغـدایە. خـان بە سـەر بەرزی گـەڕایەوە. لە سـاڵی ١٢٤٨دا حاجی شێخ جەمالەدینی ئیمام جومعە کە باپیرم بوو (ئایەتوڵڵا) لە خودبەدا دەڵێ: ئەو سۆفیانەی گوتوویانە: (من خوام، من حەقم، خوا وا لە جبەکەما) لە دین وەرگەڕاون. هێندێک شێخ و مەلای سنە بەناو خەڵکا بڵاو ئەکەنەوە کە ئیمام جومعە کافرە و هەر کەس بیکوژێ وەک حەجی گەورەی کردبێ وایە.

والی کە ئەمە دەبیسێ، پیاو ئەنێرێتە لای باپیرم کە ئەگەر جاران کەوشەوانت لەگەڵ دەهات، سبەی بەتەنیا بچۆ مزگەوت. فەرمانیش ئەدا

* ئەو میرە کوردەی بە ناوی میری ڕەواندز بەناوبانگە، ناوی میر محەمەد کوڕی میر مستەفا بەگ بووە؛ نە شاهمرادبەگ؛ دایکیشی ناوی بووک شازەمان بووە، وا دیارە ئایەتوڵڵا بووک شازەمانی بە شاهمرادبەگ لێ گۆڕیاوە. ئەمجار مێژوونووسانی ئەردەڵانی: سمایل مەلا محەمەد، قازی شەریف، خوسرەوبەگی ئەردەڵانی خاوەنی لوب التواریخ و مەستوورە خانم - کە ژنی خوسەرەوخان بووە- هیچیان لەم بارەوە نەنووسیوە، حوزنی موکریانی لە مێژووی سۆراندا و ئەمین زەکی بەگ لە مێژووی کورد و کوردستاندا، کە زۆر بەدرێژی دەربارەی میری ڕەواندزیان نووسیوە، نە باسی گرتنی موکریان و سەردەشت و سابڵاغ و لاجان دەکەن، نە ناوی شەڕێک دەبەن کە میری ڕەواندز دەگەڵ ئێرانی فەتحالیشای کردبێ. ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: میر محەمەدی ڕەواندز لە ساڵی ١٢٤٦دا وڵاتی سورچی و خۆشناوەتی و هەولێر و ئاڵتوون کۆپریی گرت؛ ڕانیە و کۆیەی لە چنگ بابانییەکان دەرهێنا و قەڵەمڕەوی حوکمی هەتا سەر زێی بچووک هات؛ ساڵی ١٢٤٧ هێرشی بردە سەر یێزیدیان و قەتڵوعامی کردن. بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە شەرەفنامە کوردییەکەی هەژار.
بەڕاستی سەرم سوڕماوە؛ نازانم ئایەتوڵڵا ئەو چیرۆکەی چۆن پێکەوە ناوە؟! - هەژار -



چوار تۆپیان ڕوو بە مزگەوت لەسەر قەڵا دابەستن و چوار دانە پولی وردیان تێداخنێ. هێندێکیش چەکدار لە دەوری مزگەوت دائەنێ، کە هەرچی نقەی هات بێزاری کەن. خەڵکی سنە لە ترسان بێ قڕە و هەرا دەچنە مزگەوت و پاش نوێژی باپیرم ئەکەن. تەنیا چەند کەسێک ناچنە مزگەوت. والی دەنێرێ دەیانگرن. هێندێکیان تەمێ دەکا و هێندێکان شاربەدەر دەکا و مابەقیە ئاژاوەکانیش بە زۆر دەنێرێتە ماڵی شێخ جەمال کە داوای بووردنی لێ بکەن.

لە سـاڵی ١٢٥٠دا دووبارە تاعـون دێتـەوە سنە و خـەڵـک ڕادەکـەن. والیش هەزار هەنگاوێک دوور لە شار خێوەت لێ دەدا. تاعون سەری لێ دەدا و دووهەمی مـانگی مـەولوودی ئەو سـاڵە لە تەمـەنی ٢٩ سـاڵیـدا دەمــرێ. پتــر لە هەشت هەزار کــەسی تریش هەر بەو تاعــونە دەچن. ئەڵڵاوێردی خـان کوڕی نەزەر عـەلی خان و عـەلی مـراد سوڵـتـانی کوڕی و چەند پیـاوی زلی سنەیی تریش بەو تاعونە چوونە تەختی گۆڕستانەوە و یەکجارەکی حەسانەوە.

**ڕەزا قوڵی خان**: کازم بەگی هەوشار ڕەوانە کرا کە خەبەری مەرگی خوسرەوخان بۆ شا بەرێ. شا و کاربەدەستان زۆر خەمباربوون. شازادە فەتحوڵڵا میرزای شوعاعوسسەلتەنە و (تاج بەیگم خانم) کە برا و خوشکی دایک و باوکی حوسن جیهان خانم بوون. هاتنە پرسە و، دووسێ مـانگ لە سنە مانەوە و، یارمـەتیی والیی تازەیان کـرد. مـیـرزا فـەرەجـوڵڵاشـیـان بۆ کـردە وەزیر کـە هەموو کاران ڕاپەڕێنێ.

مـحـەمـەد شـا بارام مـیــرزای برای، لەباتی حـوسـێن مـیــرزای کـوڕی حەمەعەلی میرزا دیاری کرد کە بەسەر کرماشان و لورستان و خۆزستان و بەختیاری ڕابگا. بە میرزا هیدایەتوڵڵا ئەمیندا کە لە ئازربایجانەوە ڕەگەڵ مـحەمەد شـادا، کە ئەوسـا وەلیـعەهد بوو، چوبووە تاران و زۆری خزمـەت کـردبوو، ڕای سپـارد کە والی بچێتە یارمەتیی بارام میرزا. بە زستـانێکی پڕ بەفـر و بـاران، والی بە هەشت هەزار سـوارەوە بەرەو کـرمـاشـان چوو، لە

کاروانسەرای ماهیدەشت گەیشتە بارام میرزا.

حەمەحوسێن میرزا بەر لە چوونی ئەوان، دەگەڵ چەند پیاوێکیان ڕای کردە تاران و گرتیان و ناردیانە گرتووخانەی ئەردەوێڵ تا ئێستاش کە ساڵی ١٢٦٢ە هەر لەوێیە. بارام میرزا دەگەڵ والی چوونە کرماشانەوە. پاشان والی گەڕایەوە سنە.

هەژدە مانگ بوو ڕەزا قولی خان ببووە والی. چونکە کاربەدەستەکانی ئازاری خەڵکیان دەدا، خەڵک کەوتبوونە بۆڵە و پرتە.

حەمەسادق خانی کوڕی ئامانوڵڵا خان و عەباس قولی خانی برای کە ماوەیەک لە سنە دوور خرابوونەوە دەگەڵ زۆر لە سەرناسانی سنە لە ساڵی ١٢٥١دا چوونە تاران و دژی والی بزووتنەوە. بەڵام والییەی دایکی، توانیی کارێک بکا سەریان وەبەرد کەوی و هیچیان دەسگیر نەکەوێ؛ ئەوسا گەڕایەوە سنە. حەمەسادق خان دوو ساڵ لە تاران مایەوە، ئەوسا هات لەلای مەنوچەرخانی موعتەمەد کە حاکمی کرماشان بوو دامەزرا، تا ئەوسا کە والییە خانم توبا خانمی خوشکی شای بۆ والی خواست و چووبووە تاران بووک بگوێزێتەوە، حەمەسادق خان دەرفەتی هێنا و بە دووسەد کەسێکەوە لە کرماشانەوە هێرشی بۆ کوردستان هێنا. والی کە تەمەنی ببووە پازدە ساڵ، دەگەڵ میرزافەرەجوڵڵای وەزیر و چەکداران، لای نیوەڕۆیەک لە شار دەرکەوتن کە ڕێگە لە دوژمن بیرن.

هەر ئەوشەوە حەمەسادق خان لە ڕێگەی یەمینان و گزرەجاڕەوە گەیینە شار. والی کە لە ڕێگەی (نەڕان) ڕا چوبوو، توشی نەببوو. پیاوی سادق خان هەرچی بەردەستیان هات دایانماڵی و یەکدوو کەسیان بەگوللە کوشت. ماڵی مەلاعەباس شێخەلئیسلام و میرزا فەرەجوڵڵا وەزیر و، میرزا هیدایەتوڵڵا ئەمین، هەرئەو شەوە لە ترسان باریان کرد و، بۆ سبەی گەیینە ناو جافان. هێندێک چەکداری والی لە شارا بوونە جاشی سادق خان و بەوە تۆزێک وەهێزتر کەوت. بەڵام کە خەبەر داکەوت والی بەرەو سنە



دێتەوە، زۆریان لە ترسان بڵاوەیان کرد. حوسێن قولی خانی کوری ئامانوڵڵا خانیش زۆری دڵی لەشکرچییان دایەوە و، غیرەتی پێ پەیدا کردن. بەیانیی ئەو شەوە لە چێشتەنگاودا، والی و لەشکری هاتنەوە شار، حەمەسادق خان خۆی کوتا سەرای حوکماتەوە و، پاسەوانیشی لەبەر دەروازەکانی شار دانا. نزیکەی سەعاتێک شەڕە گوللە کرا، چەند بۆرە پیاوێکی بێ ناویش کوژرا. دوایی پیاوانی والی، چەند کونێکیان دەبوورجان کرد و، چەکداران لەسەر بانان و گۆڕایی مەیدانی بەردەروازەی سەرا تێک بەربوون.

تا نیمەڕۆ ئەم شەڕە کرا؛ هیچ کام سەرنەکەوتن. تا ئامانوڵڵا بەگی وەکیل و قوباد بەگی فەراشباشی دەگەڵ چەند بەگزادە و چەکداری بانەیی و هەورامی، خۆیان گەیاندە پشت ماڵی ئەندەروونی. ئەوانەی لە ئەندەروون بوون، بەگوریس هەڵیان کێشانە سەربانی ڕوو بەحەوشی دەفتەرخانە و دوژمنیان خستە تەنگانە.

لەولایشەوە لاگرانی والی بەحام هێرشیان بۆ دەروازە کرد. بە بیور و تیخ شکاندیان و ڕژانە ژوورەوە. دەستەویەخە تێک هاڵقان. حەمەسادق و هەوالانی زۆر پیس شکان؛ زۆریان کوشتە و بریندار دا. لە هەردووک لا بیست و چوار بریندار و کوژراو هەبوو. سادق خان و ماوەکانی هەواڵی بەدیل گیران و زنجیر لە مل خرانە بەند.

لەسەفەرە مانگی ساڵی ١٢٥٧دا مەحموود پاشای بەبە، دڵی دەوڵەتی عوسمانیی لێ ڕەنجا، بەهۆی ئەحمەد پاشای بابان کوڕی سولەیمان پاشا کە برازای بوو لە وڵاتیان ڕاونا و پەنای بە ئێران هێنا و هاتە لای والی سنە، ئەویش زۆری بەخێر هێنا و لە کوردستان جێگەی دایە.

کژی زستانی والییە و والی و توبا خانم و مەحموود پاشا و پیاوە ناسراوەکانی بابان و سنە پێکڕا چوونە تاران کە وا بکەن یاریدەی مەحموود پاشا بدرێت.

کاتێ ئەوان لە تاران بوون، هێندێک لە نەیاران کە بەهرەیان لە لاوەتی والیی دەبرد و کاری کوردستانیان لە باتی ئەو دەکرد، کارێکیان کرد کە والی و دایکی بکەنە دژی یەکتر. توبا خانم باسی لاساریی ڕەزاقولی خانی بە کاربەدەستانی دەوڵەت ڕاگەیاند.

والییە زۆر زیرەک بوو. دەیزانی ڕەزاقولی خان منداڵە و ئەزموونی کەمە، لەوانەیە نەتوانێ وەک پێویستە فەرمانڕەوایی بکات. زۆری ئامۆژگاری دەکرد، بەڵام بەهرەی نەبوو. ئیتر لە ئاکامدا شۆفاران چوبوونە بن کلێشەی دایەخانم و نێوانی دەگەڵ کوڕی تێک چوو.

مەحموود پاشا و ڕەزاقولی خان و هاوڕێکانیان هاتنەوە کوردستان. والییەش پاش چەند ڕۆژێک هاتەوە. کە دەشیزانی کوڕەکەی بە هیچی ناگرێ خۆی دەهیچ نەدەگەیاند. سەرۆکانی وڵاتی بابان، لە پەستا نامەیان بۆ مەحموود پاشا دەنارد کە ئەگەر دەگەڵ والی بەرەو شارەزوور تەشریفتان بێ، گشتمان لەگەڵتاین و، دوژمنانتان تەرت و تونا دەکەین. والی لەسەر داوای مەحموود پاشا هەر لەو ساڵەدا کە **١٢٥٧** بوو، بە لەشکرێکی زۆر لەچەکدارانی سەر سنورەوە و سوپای خۆی ڕەگەڵ مەحموود پاشا کەوتن و، لە مەریوان دابەزین. چەند ڕۆژێک خەریکی ڕاووشکار بوون. تا خەبەر هات کە عەبدوڵڵا بەگی برای ئەحمەد پاشا بە فەوجێک سەرباز و حەو تۆپ و هێندێک چەکداری ترەوە، چوار فرسەخ لە هۆردووی والی دوورە و نیازی وایە هەڵێ. والی مەحموود پاشای، دەگەڵ دوو هەزار چەکدار بەسەرکردایەتیی ئامان بەگی وەکیل ڕەوانەی شاری سولەیمانییە کرد. بە قوباد بەگیشی سپارد کە بە سانەکانی هەورامی و دەستەیانەوە و هەزار سوارەوە دەربەندێک بگرن کە نیو فرسەخ دوور بوو. خۆیشی کەمێک لە پشت ئەو دامەزرا.

دەڵێن ڕاستەکە ئەمەیە: میرزا هیدایەتوڵڵای وەزیر کە بنەماڵەیان هەمیشە لەپێش بوون و، لەو کاتەدا، لە والی دڵخۆش نەبوو. خەبەری پەرژوبڵاوی لەشکری سنەی داوە بەعەبدوڵڵا بەگ و ڕای سپاردووە، بێ، سەردەکەوێ.

عەبدوڵڵا بەگ بەو هومێدە کە دژی والی زۆرن، سبەی ئەو ڕۆژە لە جەنگەی نیوەڕۆدا کە سەرکردەکانی لەشکر زۆربەیان نوستوون یان پاڵ کەوتوون، چەکدارانیش لە دەشت ئەسپ دەلەوەڕێنن، بەسەری دادان. کاتێ پاسداران خەبەریان دا وا دوژمن هات و گەیشتە نیو فرسەخی، کەمێک لەو شەڕکەرانەی ئەردەڵان کە لەو دەمەدا حازر بوون. نیوەیان بێ چەک ڕاپەڕیون و هێندێکیان دوگمەی کەوا و پشتێندیان بۆ نەبەسراوە، سوار بوون و نزیکەی هەزار کەسێک بەو حاڵە چوونە بەر دوژمن بۆ شەڕ. بابانی دەگەنێ و پاسەوانان تێک دەگیرێن و ئەردەڵانییەکان سێ جار پاشەکشە بە بابانییەکان دەکەن. بەڵام چونکە وەک گوتمان، لەشکر بەو شپرێوییە بووە و زۆربەشیان وەختی خۆی سوێندیان خواردووە کە دەگەڵ بابان بەشەڕ نەیەن، وایان بەباش زانیوە ڕاکەن و تا سنە خۆ نەگرنەوە. هەر ئەوەندەش کە هێندێکیان هەڵاتوون، شیرازە هەڵوەشاوە و ئەویتریش شوێن کەوتوون. هێندێک کەس کە هەڵنەهاتوون و شەڕیان کردووە، وەک شێخاڵی بەگ، نەزەر عەلی بەگ، حەمەرەزا کوڕی حەمە عەلی بەگی وەکیل، میرزا فەزلوڵڵا میهرداد و میرزا ئەبوولفەتح کە ئامۆزا و دایکبرای یەکتر بوون، میرزا ڕەحیم کوڕی میرزا یوسف هەر لە مەیدان کوژراون. مستەفا خانی ئەمیر ئەسڵان بەگ و نەجەف قولی خانی کوڕی و حەمەقولی خانی نەزەر عەلی خان و میرزا محەممەد ڕەفیقی نازر توانیبوویان لە مەیدان دوور کەونەوە؛ بەڵام بە گوللەی کوردی خەڵکی سولەیمانی کوژرابوون؛ ماباقی تا ناو سنە ئاوڕیان نەدایەوە. ئەمانوڵڵا بەگ و مەحموود پاشا مەنزڵێکیان دەمێنێ بۆ شاری سولەیمانییە، خەبەری ئەو شکانە دەبیسن؛ ئەوانیش تفە دەستی لێ دەکەن و سنە بگرە و هاتم.

پاش چەند ڕۆژێک نەیارانی والی خەبەرەکەیان گەیاندە شای قەجەر. والییە حوسن جیهان خانمیش خۆی گەیاندە تاران و تاوانی شکانی خستە سەر هێندێک لە دۆستانی والی. شا، موسا خانی وەسسافی نارد کە بەو

کاره ڕابگا. ئەویش بابا خاناغای برازای ئەحمەد خان بێگلەربێگی مەراغەیی کە میراخوڕی تەویلەی والی بوو، عەلی خان عەموو کە لەو ئەردەڵانییانەیە زۆر لەمێژساڵە لە تویسەرکان دەژین و لەو دەمەدا ببووە وەزیر و کاربەدەست، سمایل بەگی دارۆغە و قوباد بەگی فەڕاشباشیی گرت و هەشت هەزار تمەنی کەرانە بەسەردا سەپاندن و ئەڵڵا قوڵی خانی ئیلخانی قاجاری بەسەرەوە دانان کە ئەم پووڵەیان لێ بستێنێ. ئەمانەیان زنجیر لە مل بردە تاران و پووڵەکەیان لە خزمەکانیان ساند. والی، میرزا عەبدولمەجید کوڕی میرزا شوکروڵڵا و ئامۆزای میرزا هیدایەتوڵڵای وەزیری کە حاکمی جوانڕۆ و عێلی جاف بوو، ناردە تاران کە لەو شکانەی مەریوان داوای لێ بووردن بکا؛ بەڵام دژان وایان بۆ تێچاندبوو، هەر گەیشتە تاران لە داریان دا. حوسێن قوڵی خان لە شینی ئەوا پارچەیەک شیعری هۆندۆتەوە، مێژووی بە ئەبجەد بۆ دۆزیوەتەوە: (شهید دوست شد عبدالمجید)، کە دەبێتە ١٢٥٧.

پاش ئەو ڕووداوە ڕەزا قولی خان کە زۆر کاری گەند ببوو چووە تاران؛ دوای دوو سێ مانگ توبا خانمی خێزانیشی خۆی گەیاندێ. شا لەبەر خاتری خوشکی، چاوپۆشیی لە تاوانی والی کرد. بەڵام لە والیەتیی لاگرت و هەژدە مانگ لە تاراندا مایەوە. پتر لە هەزار سەید و شێخ و مەلاو خان و ئەعیانی کوردستان کە دەگەڵیا بوون لەوێ قەتیس مان.

لەم بەینەدا حەمەسادق خان سەربەخۆ خۆی ناونا بریکار و میرزا هیدایەتوڵڵاشی کردە وەزیر و هەرچی خراپیش بوو دەربارەی دۆستانی والی کردیان؛ کەسیان لە ترسان شەو نەدەخەوت. دیسان والی بەسەر کرایەوە و خراپەی میرزا هیدایەتوڵڵاش ببووە هۆیەک کە فەرمانی والیەتی درایەوە بە ڕەزا قوڵی خان.

والییەی دایکیشی مەڵبەندی ئیسفەندابادی بۆ ئامانوڵڵا خانی کوڕی خۆی داوا کرد. ئیسفەنداباد لە کوردستان جیاکرایەوە و درا بە ئامانوڵڵا خانی برای ڕەزا قوڵی خان. دۆستانی والییەش وەک: حەمە سادق خان،



حوسێن عەلی خان و ئەبوولفەتح خانی کوڕانی ئامانوڵڵا خانی گەورە، مەلا مەهدی قازی، میرزا هیدایەتوڵڵای وەزیر، عەلی محەممەد بەگ کوڕی ئەحمەد بەگ و چەند مامێکی، ماڵی خۆیان بردە ئیسفەنداباد.

والییە کە لە تاران مابوو، دەگەڵ سەدری ئەعزەم حاجی میرزا ئاغاسیشدا باش ڕێک کەوتبوون؛ کارێکیان کرد کە والی پاش هاتنەوەی بۆ کوردستان نەتوانێ ئاسوودە بژی. پێنج مانگ لە هاتنەوەی ڕابردبوو. دایکی داوای موڵکەکانی خۆی و لاگیرانی سنەیی کرد. لە دەرباری شاوە قەنبەر عەلی خانی سەرتیپ ڕاسپێرا کە بەو کارە ڕابگات. قەنبەر دوای دوو مانگ دەردەسەر، نەیتوانی هیچ بکا و ناچار گەڕایەوە تویسەرکان کە لەوێ دادەنیشت و خەبەری تێشکانی خۆی بە پیاوانی دەوڵەت گەیاند. دیسان بەدوو سەد سێ سەد سوارەوە ناردیانەوە بۆ هەمان کار. ئەمجاریش دوای دوو مانگ بێنە و بەردە و تەفرە، دەم لە پوش گەڕایەوە.

نزیک بە ساڵی ١٢٦١ ئەحمەد پاشای بابان، نەسەری وەبەر باری ئێران دەهێنا، نە جوابی ڕۆمیانی دەداوە. بە فەرمانی سوڵتانی ڕۆمی، نەجیب پاشای بەغدایە بە سێ هەزار جەندرمە و سوار و بیست تۆپەوە بەرەو شارەزوور هات کە ئەحمەد پاشا لەناو ببات. گەیشتە حەریر و کۆیە، چەند ڕۆژێک وەڵام و نامەیان دەگەڵ ئەحمەد پاشادا پێک گۆڕیەوە و پێک نەهاتن.

لە ئاکاما ئەحمەد پاشا بە چوار فەوج سەرباز و دوو سێ هەزار سوار و چاردە تۆپەوە بەرەو شەڕی نەجیب پاشا بزووت و لە دوو سێ فرسەخی ئەو لەشکر بەزی کرد. ئەو شەوە کە دەبوایە سبەی ببێتە شەڕ، چەکدارانی ئەحمەد پاشا لە دەمەقاڵەوە کردیانە شەڕی خۆ بەخۆیی و پاشا بنێشتی لێ پووچەڵ بوو. هەر ئەوەندەی بۆ کرا بە هەزار سوارێکی بابانەوە و دوو سەد سەربازێکەوە، خێوەت و تۆپخانە جێ بێڵێ و ڕاکات. بەیانی گەیشتەوە سولەیمانییە و بە پەلە ماڵیان لێنا و بەرەو کوردستان ڕەوین. وەزیری بەغدا بێ شەڕ شارەزووری گرت و، عەبدوڵڵا بەگی برای ئەحمەد پاشای ناونا

پاشای شارەزوور و گەڕایەوە بەغدایە. ئەحمەد پاشا و هەوالانی هاتنە سنە. والی بەخێری هێنان و لە ڕوانسەر دایمەزراندن. والی، عەبدولکەریم بەگی پیاوی خۆی ڕەگەڵ ئاوڕەحمان بەگی ڕاسپاردەی پاشا نارده لای شای قاجار و داوای کۆمەگی لێ کرد. شا گوتی چونکە نێوانمان دەگەڵ ڕۆمییان خۆشە وا باشە لە ڕوانسەر نەمێنی کە سنوورە و پتر بچن بەولاوە و با هەر لە خاکی ئەردەڵانیش بن. پاشا چاری هەر لەوە دادیت بچێتەوە وڵاتی ڕۆم، بەرەو بەغدا ڕۆیشت و لە وەزیری بەغدای خواست یاریدەی بدات.

والی ڕەزا قولی خان لە ڕۆژی ٢٣ی سەفەرەمانگی ساڵی ١٢٦٢دا بۆ کاروباری خۆی بەرەو تاران ڕێ کەوت. ڕۆژی پازدەی مانگی مەولود گەیشتە تاران و گورجێک برایە لای شا. دایکی ئەوەندەی خراپە گوتبوو، کە شا لە والیەتیی لاگرت و، ئامانوڵڵا خانی لە جێ دانا. ڕەزا قولی خان کە وای زانی مەنوچەر بەگی میراخوڕی ناردەوە کە خەبەر بە دۆستانی بدا. میراخوڕ شەوی چوارشەمەی هەشتەمی مانگی جیمادی دووهەم گەیشتەوە سنە و، سبەی شەو هەرچی هەواڵی ڕەزا قولی خان بوون خۆیان بۆ بارکردن تێک نا.

شازادە تویاخانم دەگەڵ چەند پیاوماقوڵێکا بڕیاریاندا بە شەڕ بێ و نەهێڵن ئامانوڵڵا خان ببێتە والی. ئامانوڵڵا بەگی وەکیل هەر دەسبەجێ بە چەند کەسێکەوە خۆی گەیاندە ئێلاق. ئامانوڵڵا خان نامەی بۆ سانەکانی سنوور و خەڵکی شارەکان و بەگزادە کوردەکان نارد گشتیان گوتیان لە گەڵتاین.

تویاخانم ڕۆژی پێنج شەمەی نۆی مانگی ناوبراو (جیمادی دووهەم) لەسەر تەگبیری مەلا عەباس و حەمەسوڵتان، وازی لە شەڕ هێنا و گوتی کێ باردەکا، بارکا. هێندێک لە باجگران هەر ئەوێ ڕۆژی دەگەڵ بیست سی ماڵێک لە پیاوانی ڕەزا قولی خان چوونە گەڕووس و لە دێهاتی حەمە ڕەحیم خانی گەڕووس دامەزران. پاشان هاتنە ئێلاق و ڕەگەڵ ئامانوڵڵا بەگی وەکیل کەوتن و ماوەی شەش ڕۆژ زۆربەی گوندەکانیان تاڵان و وێران کرد.



دوایی کە دەرکەوت کاری ئەمانوڵڵا خان سەرکەوتووە، ئامانوڵڵا بەگ چەکدارەکانی خۆی بە عەباس قولی خانی کوڕی ئامانوڵڵا خانی گەورە سپارد و هاتەوە سنە و ماڵەخۆی بردە (حەوش بارانی) لە هەورامان و هاتەوە ئێلاق؛ بەڵام دوای ڕۆژێک کاریان لێ ئاڵۆزا و هاتنەوە سنە.

لە پازدەهەمی مانگی ناوبراودا چەند ماڵێکی تر دەگەڵ حەمەسوڵتانی حاکمی سەقز چوونە سەقز؛ بەڵام هێندێک لە خزمانی حەمەسوڵتان. وەک: سمایل بەگی وەکیل و ئاخە بەگ و حەمەسالح بەگی برای و حەمە بەگی یەحیا بەگ و هی تریش کە حەمەسوڵتانیان خۆش نەدەویست و لاگری والیی تازەبوون و بەرەو موکوریان چووبوون، هاتن کە لە سەقز حەمە سوڵتان و یارانیان تاڵان کەن. لەو دەمەدا سولەیمان خانی هەوشار دەگاتە سەقز؛ بنەو باریان بەرەو هەوشار باردەکا و لای خۆی دایان دەمەزرێنێ.

تائێرە مێژووی مەستوورە خانم دەربارەی ڕەزا قولی خان دەبڕێتەوە. ئایەتوڵڵا مەردۆخیش دەڵێ:

**ڕەزا قولی خانی ئەردەڵان:** کوڕە گەورەی خان کە لە والییە خانمی کچی فەتحعەلیشا بوو لە ١٢٥٠دا بە تەمەنی دە ساڵی کرا بەجێنشینی باوکی. فەتحعەلیشا بە حاتەم خانی شەهابوددەولە و شازادە فتحوڵڵا میرزا و تاج بەیگم خانمی خوشک و برای والییەدا فەرمانی والیەتیی بۆ نارد. بەچکە شاکان چەند ڕۆژێک دوای فەرمان گەیاندن و پرسە کردن، گەڕانەوە. والییە و میرزا فەرەجوڵڵای وەزیر بە کاروباری وڵات ڕادەگەیشتن.

شازادە ئەردەشێر میرزا (روکنوددەولە)ی حاکمی گەڕووس بە لەشکرێکەوە بۆ گرتنی کوردستان دێت. والیەی تازیەبار بە ڕووبەند و پەچەوە سوار دەبێ و بە لەشکرەوە بۆی دەچێ.

لە زاغە و ئاغ بلاغ هۆردووبەز دەکا. ئەردەشێر میرزا تێ دەگا کە لە شەڕە ژندا سەرکەوێ یان بن کەوێ هەر زیانیەتی. لە شەڕ واز دێنێ و دەنێرێتە خوازبێنی و خانمی خانمان کە کیژی والییە بووە مارە دەکا و لە

باتی شیر شتێکی تر دەوەشێنێ و شەڕ بە بەزم دوایی دێنێ و بووک دەبا و دەگەڕێتەوە. لە ساڵی ١٢٥١دا فەتحالی شا دەمرێ. محەممەد شای نەوەی کە جێنشینە و لە ئازەربایجان دەبێ، میرزا هیدایەتوڵڵا ئەمین لە لایەن والییەوە دەیگاتێ و دەگەڵیا دەچێتەوە تاران. دوای لەسەر تەخت ڕۆنیشتن، میرزا خەڵات دەکا و فەرمانێکی بۆ دەدا. لەشکری ئەردەڵان بخاتە تەک بارام میرزای برای شاوە و بچنە سەر حەمەحوسێن میرزای کوڕی حەمەعەلی میرزا و کرماشان و لوڕستان و خۆزستانی لێ بستێنن و بارام میرزای لەجێ دانێن.

ڕەزا قولی خان لە جەنگەی زستان بە هەشت هەزار سوار و فەوجێک سەربازەوە لە کاروانسەرای ماهی دەشت دەگاتە لەشکری بارام میرزا. حەمە حوسێن میرزا شەڕ ناکا و بەچەند پیاوێکەوە دێتەوە تاران. دوای چەند ڕۆژ دەگەڵ چەند شازادەی ترا دەیانبەنە زیندانی ئەردەوێڵ. بارام میرزا و لەشکری ئەردەڵان دەگەنە کرماشان و دوایە والی ئەگەڕێتەوە سنە. هەر لەو ساڵەدا نەجەف قولی خان کوڕی حەمە حەسەن خان و نەوەی ئامانوڵڵا خان بەسێ سەد سوارەوە دەچنە گورگان و خوراسان و ئاژاوەی دژی شا دادەمرکێنن و بە خەڵاتی شاوە دەگەڕێنەوە.

هەر لە ١٢٥١دا دایکی والی، تویا خانمی خوشکی شا بۆ ڕەزا قولی کوڕی دەخوازێ و لە ساڵی ١٢٥٢دا دەگەڵ سەرناسانی کوردستان خۆی دەچێتە تاران و پاش بەزم و زەماوەندێکی شایانە بووک دێنێتەوە کوردستان.

لە ساڵی ١٢٥٤دا، شا کە بۆ گرتنی هیرات و تورکستان دەچوو، ویستی هێندێک سوپای ئەردەڵانیش بەرێ. دیسان نەجەف قولی خانی ناوبراو بە پان سەد سوارەوە کەوتە تەکی و تا دەوری قەڵای هیرات چوون. حەمە سادق خانی ئەردەڵان کە لە داخی ڕەزا قولی خان چووبووە کرماشان و ببووە پەنابەری موعتەمەددوددەولە مەنوچەر خانی حاکمی کرماشان، دەرفەتی لەم هەلە هێنا بەدوو سەد سواری خۆیەوە بەرەو کوردستان دێت. والی و میرزا



فەرەجوڵڵا لە نیوەڕۆدا دەگەڵ چەند چەکدارێک لە شار دەردەکەون تا ڕێگەی لێ بگرن، شەو دەگەنە گوندی (نەران). حەمەسادق خان کە ئەمە دەزانی، لە ڕێگەی یەمێنان و گرزەجاڕەوە دێت و لە نیوەشەودا دەڕژێتە ناو شار.

ماڵی میرزا فەرەجوڵڵا وەزیر و میرزا هیدایەت ئەمین و مەلا عەباس شێخەلئیسلام و کۆمەڵێکی تر هەر ئەو شەوە باردەکەن و بەیانی نیوەڕۆ دەچنە ناو عێلی جاف لەسەر سنوور.

والی و میرزا فەرەجوڵڵا کەوا ئەزانن بە پەلە دەگەڕێنەوە و دەگەڵ گزینگی هەتاوا خۆ دەناو شار داوێنەوە. حەمەسادق خان لە خانووی حوکماتدا ماتەی داوە لە سەربانانەوە و لە سەر مەیدانی دەروازەوە تا نیوەڕۆ شەڕ دەکەن زەفەر بەیەکتر نابەن. ئەمجار ئامانوڵڵا بەگی وەکیل و قوباد بەگی فەڕاشباشی و چەند بەگزادە و تفەنگچیی هەورامی و بانەیی، بە تەناف هەڵدەگەڕێنە پشت بانان و تەنگەیان پێ هەڵدەچنن. لەم لایشەوە بە تەور و بیور دەرگای قەڵا دەشکێ و دەڕژێنە ژوورەوە و، دەبێتە شەڕی دەستەویەخە. حەمەسادق خان بەدیل دەگیرێ و زۆر لە پیاوانی دەکوژرێن.

لە ساڵی ١٢٥٥دا میرزا فەرەجوڵڵای وەزیر و میرزا هیدایەتوڵڵا ئەمین نێوانیان ناخۆش دەبێ. خەڵکی شاریش دەبنە دوو دەستەی دژی یەک و هەرکە بەیاری خۆی هەڵدەلێ.

دایکی والی لاگیری ئەمین بووە. والی لای وەزیری گرتووە و یارمەتیی لە میرزا ئاغاسی وەزیرە زلەی شا خواستووە. کێشەکە گەییوەتە لای شا. شا کە چۆتە کوێستانی ئەلوەند، والی و دایکی و میرزا فەرەج و چەند مەلا و پیاوماقوڵێکی سنەی بانگ کردۆتە هەمەدان. دایکی والی و میرزا فەرەج ڕێک دەخاتەوە و، دێنەوە. بەڵام دیسان والییە زۆر دان بە فەرەجدا ناهێنێ. کارەکانی بە ئەمین دەسپێرێ. فەرەجی وەزیر لە کار دەکەوێ و پاش دوو سێ مانگ بێکاری لە ساڵی ١٢٥٦دا پشت لە دنیا دەکا و

ئەمین دەکرێ بە وەزیر.

لە ساڵی ١٢٥٧دا دیسان مەحموود پاشای بابان بە هەزار ماڵەوە دێتە کوردستان و پەنای بە والی دەبا. دوای دوو مانگ بەخێوکردنێکی باش، مەحموود پاشا و چەند پیاوماقوڵێکی دەگەڵ والی دەچنە تاران و شا زۆریان بەخێر دێنێ. دوای پێنج مانگ لە تارانەوە مەرەخەس دەکرێن، کە بگەڕێنەوە. بە فەرمانی شا والی بە لەشکری سنەوە ڕەگەڵ مەحموود پاشا ئەکەوێ کە دایمەزرێنێتەوە و لەشکر دەگاتە سەر لێواری زرێوار.

لە پێشا گومان والی و دایکی نێوانیان تێک چووبوو. زۆر لە پیاوە زلەکانی کوردستان بە سەرکردەییی میرزا هیدایەتوڵڵا حەزیان لە دایکی والی دەکرد و دژی والی بوون و هەر دەخەفتان چەت بخەنە کاریەوە.

لە ڕەفی زرێوارەوە میرزا هیدایەتوڵڵا چەند چەکدارێک بەسەرکردایەتیی ئامانوڵڵا بەگ دەگەڵ مەحموود پاشا بەرەو شاری سولەیمانی دەنێرێ کە پاشا دامەزرێنتەوە. وەڵامیش بۆ عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد پاشا بەڕێ دەکا، کە من لەشکری والیم لە پیاوی ئازا هەڵوەژاردووە. وەرە بگەیە سپاردوومە هەر دەنگی شەیپورت بگاتە ئێمە، بەرایی لەشکر بکشێتەوە و، لەشکر بڵاوەی بکا. عەبدوڵڵا پاشا گورجێک بەفەوجێک سەرباز و دوو هەزار سوارە و، چوار تۆپەوە سەعات دووی ڕۆژی چوارشەمە، دەی مەولودی ١٢٥٧دا دەگاتە نزیک ڕێزی پاسەوانان. نۆ کەس کە بریەتی بوون لە: میرزا فەزڵوڵڵا میهرداد، میرزا ئەبوولفەتح، محەممەد ڕەزا بەگی ڕەمشتی کوڕی حەمەعەلی بەگ، شێخاڵی بەگ کوڕی نەزەر بەگ، میرزا ڕەحیم کوڕی میرزا یوسف، مستەفا خان کوڕی ئەمیر ئەسلان خان و نەجەف قوڵی خان کوڕی حەمە قوڵی خان کوڕی نەزەر عەلی خان و میرزا حەمە ڕەفیعی نازر. بێ ئەوەی ئاگایان لە کەین و بەینی میرزا هیدایەت بێ، لەو دەمەدا دەچنە ناو پاسەوانان. شەیپوری لەشکری عەولاّ پاشا لێ دەدرێ. پاسەوانان ڕادەکەن. ئەو نۆ کەسە کە نازانن خەبەر چییە! هەڵنایەن و، لە مەیدان دەچەقن، دەبێتە تەقە. والی کە بەهاتنی دوژمن دەزانێ،



دەس بەجێ عەبدولحەمید سوڵتانی بانەیی بە هەزار تفەنگچی بانە و سەقزەوە بۆ هیمدادی ئەو نۆ کەسە دەنێرێ، خۆشی بەدوویاندا دەچێ. وەزیر پەنامەکی عبدولحەمید سوڵتان قاو دەکا، کە شەڕ نەکا و خۆ بداتە کەنار.

لەشکری عەبدوڵڵا پاشا نۆ کەسەکە دەکوژن و، پەلاماری والی دەدەن. میرزا هیدایت بەوالی دەڵێ پاسەوان و عەبدولحەمید سوڵتان جوقەواریان نەماوە، هەموو کوژران؛ تا ئێمەش بەرنەکەوتوین با ڕاکەین. والی ڕاکە و دوژمن بکەوە شوێنی! هەرچی گرتوویانە کوشتوویانە.

لەولایشەوە ئامانوڵڵا وەکیل و مەحموود پاشا گەیشتونەتە یەک فرسەخی شاری سولەیمانی. هەرئەو خەبەرە دەبیسن، بەرەو سنە دەیقاچێنن و دێنەوە شار. دایکی والی کەیفی سازە و هەر گیڤەی دێت، گورجێ باسی شکانی والی کە لاوێکی نەزانە و گوێ لەمستی میرزا عەبدوەلەجیدی کوری میرزا شوکروڵڵا (ئاموزای میرزا هیدایەتوڵڵا)یە، بۆیە شکاوە و ئابروومان تکاوە، دەنامەیەکدا دەنووسێ و بەمیرزا فەرەجەکەدا دەینێرێتە تاران.

والیش میرزا عەبدولمەجید دەنێرێ کە باسی شکانی بۆ شا بکا و، یارمەتیی لێ داواکا تا تۆڵەی خۆی وەستێنێ. عەبدولمەجید هەر دەگاتە تاران لە سەری ئەدەن. شا حەمەتەقی پێشخزمەتی خۆی دەنێرێ، والی بۆ دەباتە تاران. موسا خانی وەسسافیش دەنێرێ کە ماکی شکست سزا بدا، هەتا دەگاتەوە کوردستان. بابە خاناغای میراخوڕ و عەلی خانی عەموو کە ئەردەڵانی و هەمەکارەی والی و دانیشتووی تویسەرکان بووە، دەگەڵ سمایل بەگی داروغە و قوباد بەگی فەڕاشباشی کە گشتیان سەر بە والین، بە زنجیر کراوی دەنێرێتە تاران. هەشت هەزار تمەنیش تاوان لە کەس و کاریان دەستێنێ.

والی هەر دەگاتە تاران لە کار دەردەکرێ و فەرمان دەردەچێ کە میرزا هیدایەتوڵڵا خۆی هەمە کارەبێ و باجی حوکمات ئەو بیسێنێ.

میرزا کە دێتەوە، عەباس قوڵی خانی مامی والی دەکاتە بریکار (نایب)و فەرمانان بە مۆری والی دەردەکا. دوای سێ مانگ عەباس قوڵی لادەدا و حەمەسادق خانی برا گەورەی عەباس قوڵی دەکاتە بریکاری والی. والی هەژدە مانگ لە تاران دەگەڵ سەید و مەلا و هەواڵە بەڕێزەکانی تر، سەرگەردان و بێکار دەخولێنەوە. شازادە توبا خانمی ژنی کە خوشکی شا بووە، خۆی دەگەیەنێتە تاران و تکا بۆ مێردی دەکا و دووبارە دەکرێتەوە بە والی. ڕەزا قوڵی خان توبا خانمی دەگەڵ ئامانوڵڵا بەگ و کوردستانییەکانی تر کە نزیکەی هەزار کەسێک بوون بەڕێ دەکاتەوە سنە و خۆشی دوای چوار مانگ بە خەڵات و فەرمانەوە، دەگەڕێتەوە. هەر دەگاتە گوندی جامەشۆران دایکی لە داخان سنە بەجێ دەهێڵێ و لە ڕێی گەڕووسەوە ڕوو دەکاتە تاران. ڕەزا قوڵی خان ئامانوڵڵا خانی برای بەشوێندا دەنێرێ کە هەر چۆنێک بێ بیگێڕێتەوە. ئامانوڵڵا لە ڕێگە دەگاتە دایکی. دایک ئەویش هەڵدەخرێنێ و دەیبا بۆ تاران و دەست دەکەن بە پیلانگێڕان. لە ئاکاما وا دەکا مەڵبەندی ئیسفەنداباد لە کوردستان جیابێتەوە و بدرێتە دەست ئامانوڵڵا. شا بە قەنبەر عەلی خانی سعدوددەولەی مامی دەسپێرێ کە هەرچی سەر بە دایکی والیە وەک: حەمەسادق خان و حوسێن قوڵی خان و ئەبوولفەتح خان و مەلا مەهدی قازی و عەلی محەممەد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگ و هی تریش لە سنەوە بارکا بۆ ئیسفەنداباد.

ڕەزا قولی خان دوو ساڵ بێ هەراوکێشە والیەتیی کرد. بەڵام دایکی دەستی لێ هەر هەڵنەگرت تاوای کرد کە لە ساڵی ١٢٦١دا ڕەزا قوڵی خان لە والیەتی خرا و برایە تاران و ئامانوڵڵا خانی برای واتا غولام شا خان کرا بە والی و گەڕایەوە کوردستان. بەڵام لە ڕێگەدا میرزا هیدایەتوڵڵا بەر چنگی عیزرایل کەوت و هەموو ئاواتی بردە ژێر خاک.

**ئامانوڵڵا خانی دووهەم:** کاتێ ئامانوڵڵا خانی دووهەم لە قسلانەوە بەرەو سنە هات، دەستەی عەباس قوڵی خان و ئامانوڵڵا بەگ هەر یەکە بەلایەکدا هەڵات. خەڵکی شار تێکڕا پێشوازیی کرد و ڕۆژی یەکشەمە دوازدەی



مانگی جیمادی دووهەمی ساڵی ١٢٦٢ لە سەر کورسیی والیەتی پاڵی دایەوە.

ڕەزا قوڵی خان کەوتەخۆ؛ نامەی بۆ ڕاکردووەکان نووسی کە لەسەر سنوور ئاژاوە بنێنەوە و ئەگەر دەتوانن بگەنە توباخانم و شەڕ بکەن. هەڵاتووەکان بە قسەیان کرد و هاتنە شەڕی والی. ئەویش بە سەرکردایەتیی نەجەف قوڵی خانی کوڕی حەمەحەسەن خان و سمایل بەگی داروغە فەوجێکی ناردە سەر یاغییەکان و لە بەیانیی ڕۆژی پێنج شەممەی مانگی ناوبراو گەیینە سەریان یاغییەکان هێندێکیان هەڵاتن. هێندێک مان و شەڕیان کرد. کۆمەڵێکیان لێ بەدیل گیرا و بە زنجیرکراوی هێنایاننەوە لای والی. والی ویستی بیانکوژێ، بەڵام بە تکای حوسێن قوڵی خان و مەحموود خان بەخشینی.

لەولاشەوە، ئامانوڵڵا بەگی وەکیل بە هەزار تفەنگچیی هەورامی و سوارەی لەک و سورسورەوە بەرەو سنە هات و ڕۆژی سێ شەمەی ٢٨ی مانگی ناوبراو گەیشتە حەسەن ئاوا. ئامانوڵڵا خان بۆی چوو. لەشکری خۆی کردە سێ بەش، بەشێکی بەسەرکردایەتیی خۆی لە ناوەڕاست ڕاگرت و مەحموود خان و نەجەف قوڵی خانیشی کردە سەرکردەی دوو بەشەکەی تر. هەر لە بەیانەوە تا نیوەڕۆیەکی درەنگ شەڕیان کرد. چەکدارەکانی وەکیل لە جەنگەی شەڕا وازیان لە وەکیل هێنا و هاتنە لای والی. وەکیل و ئەسەدوڵڵا بەگی کوڕی و فەتحالی بەگی برازای، لەگەڵ چەند کەسێکا لە قەڵادا قەتیس مان. عەلی محەممەد بەگ کە ئامۆزای وەکیل و نۆکەری والی بوو، چوو لە قەڵای دەرێنان و هێنانیە لای والی هێنایاننەوە سنە؛ وەکیلیان لە ماڵێکی چۆڵدا حەپس کرد و پاشان کوشتیان.

لە باسی ڕووداوەکانی پاردا کەمێک لەمەڕ ئەحمەد پاشای بابان دوام وا ئێستا دەمەوێ چیرۆکەکەی تەواو کەم:

دوای ئەوە لە دەوڵەتی ئێران هومێدی بڕا، بە دەستەوبەستەوە ڕووەو

بەغدا ڕۆیشت و ماوەیەک لەو گەرمێنەوە مایەوە. ئەگەرچی ئەحمەد بەگی کوڕی نەجیب پاشا خاترجەمیشی کرد کە هیچی لێ ناکەن؛ دیسان نەیوێرا بچێتە بەغدا. لە بەهاری ساڵی ١٢٦٢دا ڕووی کردە سولەیمانی و دەگەڵ عەبدوڵڵا پاشا برا گچکەی خۆی بە شەڕ هات و شکا و ئەحمەد پاشا دەگەڵ چەند کەسێکا هەڵات و تا گوندی تیلەکۆ کە لە ئیسفەنداباده و موڵکی حوسێن قوڵی خانی ئەردەڵانە ئاوڕی نەدایەوە.

ژنی حوسێن قوڵی خان میمکزای ئەحمەد پاشا بوو دوای دوو سێ شەو کە بە میوانی مایەوە، حوسێن قوڵی خان بای هەزار تمەنێک ئەسپ و ئێستر و لوێن و پارە و مارەی دایە و لە ڕێگەی قزڵ ئوزون و هەوشارەوە گەیشتە ئەرزەڕۆم و لەوێشەوە چووە ئەستەمبووڵ و ئێستا وا لەوێیە. دوای هەڵاتنەکەی لە شەڕی عەبدوڵڵا پاشادا، کۆچ و ماڵ و هەواڵانی چوونەوە سولەیمانی. هەرچەند ئەمانوڵڵا خان خۆی گرتبوو ڕۆژ بە ڕۆژیش بەر پێی توندتر دەبوو، بەڵام تویاخانم هەر دەستبەردار نەبوو. هێندەی شکایەت لای شای برای لێ کرد تا شا ئیسفەندابادی پێ بەخشی. ڕۆژی یەکشەمە پازدەی ڕەمەزانی ١٢٦٢ دەگەڵ دۆستانی خۆیدا چووە قسڵان و ناردی هەرچی لە داخی والی گەیبونە گەڕووس و هەوشار و کولیایی، هێنانیەوە لای خۆی و دێهاتی ئیسفەندابادی (هەر کەسە بەگوێرەی خۆی) پێ سپاردن. لە نۆزدەی مانگی ناوبراودا تاعون گەیشتە قسڵان و بیست و هەشت کەسی لە دوو شەودا کوشت. ڕۆژی بیستەم خانم لەبەر تاعون هەڵات و هاتە گوندی (وێج)و کردیە بنکەی خۆی.

خانم بەر لە هاتنی تاعون و دەرچوونی لە قسڵان، ئاغا حەسەنی برای شیری خۆی بە شکات نامەیەکەوە ناردە تاران و بۆ شای نوسیبوو کە لە چنگ زوڵمی ئامانوڵڵا خان قەت جوقەوارێک لە سنەدا نەماوە و، گشتیان هەڵاتوون. هێندێک لە کاربەدەستانی دەرباریش بۆ خاتری دڵی تویا خانم و خاتری دایکی شا ئۆباڵیان بۆ کێشابوو کە ڕاست ئەکا. ڕەزا قوڵی خان لە تاران بوو. حاجی میرزا ئاغاسی بردیە لای شا و فەرمانی والیەتیی بۆ



دەرکرا و هەر بە ئاغا حەسەنەکەدا مزگێنی بۆ تویا خانم درا.

تا ئێرە قسەی مەستوورە خانم بوو، ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە ژێر ناوی (غولام شا خان)دا کە نازناوی ئەمانوڵڵا خانی بوو، ئاوای باس دەکات:

**حوکمی غولام شا خانی ئەردەڵان:** لە ساڵی ١٢٦٢دا دێتەوە سنە و مل دەنێ لە ئازاردانی لاگرانی ڕەزا قوڵی خان. ئامانوڵڵا بەگی وەکیل لە ترسانێ ڕادەکا و دەچێتە (حەوش بارانی) هەورامان. مەلا عەباس شێخەلئیسلام و کۆمەڵێک بەرەو هەوشار تەرە دەبن.

تویا خانمی ژنی ڕەزا قوڵی خان کە لە شار ماوەتەوە لە چنگ ژنی ئامانوڵڵا خان دنیای لێ دەبێتە چەرمی چوێلەکە. هەرچی داواش لە دەوڵەت دەکا چارێکی لێ بکەن بێ بەهرە دەمێنێ. ناچار بۆ ئەمانوڵڵا بەگ دەنووسێ کە ئەگەر لەو جەحەندەمە ڕزگارم نەکەی بەتریاک خۆم دەکوژم. ئەویش نامەکە نیشانی حەسەن سان و ئەحمەد سانی هەورامی دەدات. سوێندی بۆ دەخۆن کە تا دوا دڵۆپی خوێنیان لە قسەی وەکیل دەرناچن. بەو مەرجە کە خانم لە شار دەرکەوێ و بگاتە حەسەناباد.

وەکیل لە ٢١ی مانگی جیمادی دووهەمی ١٢٦٢دا بە هەورامییەوە دەگاتە حەسەناباد. والی بەوکارە دەزانێ و ناهێڵێ خانم لە شار دەرکەوێ و خۆی بە لەشکرەوە دەچێتە حەسەناباد. هەورامی کە دەزانن لە جیاتی خانم، والی بە لەشکرەوە هاتووە واز لە وەکیل دەهێنن و دەدەنە چیا. دوو سەت سوارێکی لەکیش کە هەر بۆ خانم نەجاتدان هاتبوون. واز لە وەکیل دەهێنن و دەچنە ناو لەشکری والی. وەکیل کە نەدەتوانێ ڕاکا نەدەکرێ بێتەپێش، بە نزیکانی خۆیەوە خۆی ئەخاتە قەڵاوە و شەڕ دەقەومێ. هەر لە هەوەڵی تەقە دامەزراندا، شا کەرەم سانی سورسوری کە هەواڵی وەکیل بووە ئەکوژرێ. هەورامییەکان لە چیاوە دادەبەزن و دێنە ناو لەشکری والییەوە؛ وەکیل و ئەسەدوڵڵای کوڕی و فەتحالّی بەگی برازای و چەند خزمێکی، تا درەنگانی نیوەڕۆ شەڕ دەکەن.

والی چەند سەید و شێخان دەگەڵ حوسێن قوڵی خان و عەلی محەممەد بەگی ئامۆزای وەکیل دەنێرێ کە دڵخۆشیی وەکیل بدەنەوە و سوێندێ دەخوا کە هیچی لێ ناکا و چاکەشی لەگەڵ دەکات. وەکیل باوەڕ دەکا و دێتە خزمەت والی و ئەویش ماچی دەکا و دوای نیو سەعات وێکڕا بەرەو شار دێنەوە.

لە ڕێگەدا میرزا فەتاح کوڕی میرزا فەرەجوڵڵا وەزیر تەگبیر بۆ والی دەکا کە وەکیل بە حورمەتەوە نەباتە شار. والی لە ئانقەست خۆی وە درەنگێ دەخا و سەعات دووی شەو دێتەوە شار. وەکیل لە ماڵێکی چۆڵدا حەبس دەکا و، پاش هەشت ڕۆژ دەیکوژێ. کوڕ و برازا و خوارزاکانیشی ئەداتە دەست حەمە عەلی بەگ.

ژنی میرزا فەرەجوڵڵا بەزەی پیانا دێتەوە و تکایان بۆ لە والی دەکا و ئازاد دەکرێن. ڕۆژی بیست و شەشی شابانی ١٢٦٢ میرزا ڕەحیم خانی پێشخزمەتی شا، دێت کە توبا خانم بەرێتە ئیسفەنداباد. لە هەشتی ڕەمەزاندا توباخانم دەگاتە قسڵان و نامە بۆ دۆستانی ئاوارەبووی دەنووسێ و دەیانهێنێتە قسڵان و لە گوندەکانی ئەو ناوە دایانمەزرێنێ و، نامەیەکیش بۆ حاجی میرزا ئاغاسی سەدری ئەعزەم دەنووسێ و تیا ئەڵێ: ئاخر هەر تۆ نەبووی دەتگوت من ناڵەکانی نایبوسسەلتەنەم خۆش گەرەکە. ئێستا چۆنە وا بەم دەردە چوون و دەنگ ناکەی؟!

حاجی میرزاغا کە نامەی پێ دەگا، لە یارمەتیی والی و والییە پەشیمان دەبێتەوە و بۆی ئەنووسێتەوە: «هەرچی فەرمووتە هەقە؛ پیاو زۆرجار شتی لەبیر دەچێ؛ تۆ ئەبێ بمبەخشی. خوا حەزکا قەرەبووی ئەکەمەوە. قسەکە لەناو خۆمان دەرنەچێ، لە ژێر سایەی داربیدا پاڵدەوە و بێ خەم ترياکی خۆتی لێ بکێشە! بە هومێدم ڕیشەی کێشەت بۆ هەڵکەنم».

زۆری پێ ناچێ میرزا ئاغاسی کارێک دەکا (ئامانوڵڵا غولام شا) خان دەرکرێ و ڕەزا قولی دوای پێنج مانگ بەرهەڵدایی بکرێتەوە بە والی و،



لە پازدەی شەشەکانی ساڵی ١٢٦٢دا فەرمانەکەی دەدرێتە دەست. نوخسەکەشی لە هەشتی ناو جێژناندا دەگاتە سنە. والی ڕادەسپێرێ کە هەرچی دەنکە جۆبەکی ئامانوڵڵای خواردووە ئامانی مەدەن. میرزا جافری وەزیر، سمایل بەگی دارۆغە، میرزا حەمە ڕەزای موعتەمەد کوڕی میرزا عبدالکریم و چەند کەسێکی تر بەردەس دێن و دەخرێنە گرتووخانەوە. زۆر کەس وەک حوسێن قوڵی و نەجەف قوڵی کوڕانی حەمە حەسەن خان. میرزا فەتاح کوڕی میرزا فەرەجی وەزیر و هی تریش هەڵدێن و شارەزوور بگرە و هاتم!.

والی بۆ خۆی لە یازدەی ناوجێژنانی ١٢٦٢دا بۆ سێهەم جار دێتەوە کوردستان و هەر لە جێی ئەوانەی کە لە کوشتنی وەکیل دەستیان بووە بەردەست ئەکا و سزایان ئەدا. ئەمانەش بریەتی بوون لە: جافر قولی ئەردەڵان خوشکەزای ئامانوڵڵا خانی گەورە، میرزا سمایلی دارۆغە، میرزا برایمی مونشی کوڕی حاجی مستەفا، دوو فەڕاش بەناوی ئەلقاس و حەمەی کوڕی (سەبزی لەک). هەر کەسە بەگوێرەی خۆی تەمێ دەکرێ. پرسە بۆ وەکیل دادەنرێتەوە. بە فەرمانی والی هەموو کەس جلی ڕەشی تازیەباری دەپۆشێ و، والی خۆیشی بەپێی ڕێوشوێنی عاشیرەتی ڕەش پۆش دەبێ و قوڕ دەسەری خۆی هەڵدەسوێ. پاش تازیەمانی ئەسەدوڵڵای کوڕی لە جێگەی باوکە کوژراوەکەی ئەکاتە وەکیل.

**ڕەزا قولی خان بۆ جاری دووهەم:** سێهەم مانگی ناوجێژنانی ساڵی ١٢٦٢ ڕەزا قولی خان فەرمانی والیەتیی وەرگرت و نۆی مانگ ڕوونووسی فەرمانی بۆ سنە نارد. شێخالی خانی ماکۆیی سەرهەنگ و هاشم سوڵتان و مەحموود پاشای بابان و مەحموود خانی کوڕی ئامانوڵڵا خانی گەورە، کەوتنە گیانی یارانی ئامانوڵڵا خان. وەزیرەکەی و سمایل بەگی دارۆغە و میرزا حەمە ڕەزا و میرزا عەولکەریم و و چەند کەسێکی تریان گرت.

ڕۆژی شەمۆی دەی مانگ، توباخانم، عەباس قولی خان و هێندێکی تری ناردنەوە سنە و بۆ خۆشی لە کەنگرەوە هاتە باشماغ. سەعات چواری

شەو عەباس قولّی خان گەیشتەوە شار. میرزا جافر کە لە ماڵە هاشم سولّتاندا حەبس کرابوو، ترسا بیکوژن؛ خزمەکانی بەرتیلێکی باشیان دا بە ڕەحیم خان و هاشم سولّتان، نەجاتیان دا.

ئامانولّلا خان ڕۆژی یازدەی ئەو مانگە لای ئێوارە دەگەڵ چەند پیاوێکیدا خۆی گەیاندە دایکی کە لە کولیایی بوو. لەوێشەوە لە ڕێگەی هەمەدانەوە چوونە تاران. شاو میرزا ئاغاسی زۆریان بەخێر هێنان. تویا خانم ڕۆژی یەکشەمۆ لە چەخماخ دەرەوە بەرەو سەلّواتاوا دەهات کە پیاوێکی ڕەزا قولّی خانی گەیشتێ و خەبەری گەیشتنی والیی دایە. خانم و مێردی پێکەوە گەینە سەلّواتاوا. ڕۆژی چوارشەمە بەجووتە هاتنەوە سنە. سێ ڕۆژان پرسەیان بۆ ئەمانولّلا بەگی وەکیل دانا و ئەسەدولّلای کوڕیان کردە جێنشینی باوکی.

بەندییەکانیشیان هێنا و هەریەکەی کەرانەیەکیان بەسەردا سەپاند. پاش چەند شەوێک، جافر قولّی خانی ئەردەڵانیان کوشت، کە ئەم ئەردەڵان کوشتنە کارێکی زۆر ناڕەوا بوو.

حوسێن قولّی خان کە لەلایەن ئامانولّلا خانەوە لە ڕوانسەر بوو، خەڵکی ڕوانسەر هەرکە زانییان والی گۆڕدراوە، هەڵیان کوتا سەری و تالّانیان کرد. حوسێن قوولّی بە دوو سێ کەسەوە لە دەستیان ڕای کرد و گەیشتە شاری سولەیمانی و خۆی هاویشتە مالّی عەولّا پاشای بابانەوە. نەجەف قولّی خان کوڕی حەمە حەسەن خانیش کە بەسەر جوانڕۆ و عێلی جاف ڕادەگەیشت بە فیتی خۆی زانی و ئەویش خۆی گەیاندە مالّی پاشای بابان.

میرزا فەتاحی کوڕی میرزا فەرەجی وەزیریش کە بە سەر سەقز ڕادەگەیشت، بەرەو سولەیمانیی قاچاند و لە مەریوانیشەوە میرزا محەممەدی میرزا یوسف و میرزا محەممەدی کوڕی و میرزا حەمە سادق خانی کوڕی میرزا هیدایەتولّلا کە بەسەر عەشرەتی سورسورەوە بوو، گشتیان خۆیان



گەیاندە سولەیمانی و پەنابەری پاشای شارەزوور بوون.

ئامانولّلا و دایکی کە لە تاران بوون، باس و خواسی پەرەوازەبوون و شپرێوی یارانیان بەشا گەیاند و داوای چارەیان کرد. بڕیاردرا دیسان ئیسفەنداباد بدرێتەوە بە ئامانولّلا. ئەویش حەمەجافر خانی کوڕی حەمە سادق خانی کردە بریکاری خۆی و دەگەڵ چەند کەسێکا هاتنە ئیسفەنداباد. ئەوسا هەڵاتووەکان خڕوپڕ لە سولەیمانیەوە هاتنەوە و لە ئیسفەنداباد کۆبوونەوە.

ڕەزا قولّی خان ڕاوی یارانی والی پێشووی دەکرد. شەوێک ناردی بەشوێن سمایل بەگی کوڕی میرزا یوسفدا کە لە ئەعیانەکانی سنە بوو. گرتی و کوشتی.

حەمەحەسەن خانی سالار، لە خوراسان ئاژاوەی نایەوە. شای قەجەر لەشکری نارده سەر چەند جاران داوای لە ڕەزا قولّی خان کرد کە هیچ نەبێ دە سوار بۆ ئەو شەڕە بنێرێ. خان هەر جوابیشی نەداوە. شا زۆر ڕکی بۆوە و بڕیاری دا ئەم خانەدانی ئەردەڵانە لە ڕیشە دەربێنی. بەنهێنی سنەی بە خوسرەوخانی گورجی بەخشی و بەڕواڵەت گوتی دەینێرمە زەنگان. بۆ ئەوەیش کە ڕەزا قولی خان قوشقی و سڵ نەبێ، خەڵاتێکی بەدیاری بۆ نارد. ئەو خەڵاتە وەکو کفنیک بێ و دەحوکمی ئەردەڵانەوە پێچرابێ وابوو. لێرەدا باسەکەی مەستوورە خانم تەواو دەبێ.

بەڵام ئایەتولّلا باسی دووهەم جاری والیەتی ڕەزا قولّی خانی هەر دەگەڵ باسەکەی ئامانولّلا خاندا تێکەڵ کردووە و دەربارەی وەدەرنانەوەی ڕەزا قولّی خان دەڵێ:

ڕەزا قولّی خان دوای دوو ساڵ والیەتیی کردن، خەبەریان لێ دا کە دەگەڵ بەهمەن میرزای برای شادا – کە حاکمی ئازەربایجان بووە – دژی شا خەبات دەکا. شاش خوسرەوخانی گورجیی بەسوارەی شاسەیوانەوە دەنێرێ کە بەهمەن میرزا و خوسرەوخانی بۆ بگرن. بەهمەن میرزا بەرلەوە

بیگرن دێتەوە تاران. خوسرەوخان واز لە ئازەربایجان دەهێنێ و دەچێتە کوردستان ولاّم بۆ والی دەنێرێ کارێکی زۆر پێویست هەیە حەز دەکەم بتبینم. والیش زۆر ساویلکانە سوار دەبێ و لە دەمی نیوەڕۆدا، دەچێتە ناو لەشکری خانی گورجی. پێکەوە نەهار دەخۆن و، لەپڕ پیاوانی خوسرەوخان دەکەونە گیانی خان والی و نۆکەرانی و ڕووت و قوتیان دەکەنەوە. والی بەهۆی عەباس قولی خانی گەڕووس، زنجیر لەمل بەڕێ دەکرێتە تاران و لەتۆپخانەدا بەند دەکرێ. خوسرەوخان دێتە سنەو دەبێتە حاکم.

**خوسرەوخانی ئەرمەنی**: مەستوورە خانم دەڵێ:

خوسرەوخانی گورجی (ئەرمەنی) لە زەنگان و هەوشار لەشکرێکی پێکەوە ناو دەگەڵ سولەیمان خانی هەوشار و زەینەلعابدین خانی شا سەیوان گەیشتە سنووری کوردستان و ڕایگەیاند کە بۆ کاری کرماشان دەچێ.

هەوشاری و گەڕووسیەکان کە هەمیشە دۆستی ئەردەلانییان بوون، لەبنەوە والییان لە سەین و بەین تێگەیاند کە خوسرەوخان لە دژی ئەو هاتووە. والی لەسەر ئامۆژگاریی پیاو ئاقلان بڕیاری دا بەخڕی بارکەن بۆ وڵاتی بابان. جگە لە توبا خانم ماڵی والیش بەماڵەوە لە شار دەرچوون، گەینە گوندی دوێسە کە سێ فرسەخ لە شار دوورە. لەوێش لەپاش وتووێژ، بڕیاردرا هەر کە زانییان خوسرەو گورجی ڕاستە دەگەڵیان ناڕاستە، بیر لە خۆیان بکەنەوە. خوسرەوخان هاتە گوندی (پنجە)و بوو بە میوانی سەیداوڕەحمان. والی شێخەلئیسلام و چەند پیاوماقوڵێکی ناردە لای خانی گورجی تا بزانی چی گەرەکە؟ کاورای ئەرمەنی سوێندی بە قورعان خوارد، کە من کارێکم لە کوردستان نییە و هاتووم بۆ یارمەتیی والی، یەکدوو ڕۆژێک دەمێنمەوە و دەچمە عەرەبستان، شێخەلئیسلام و هەوالانی باوەڕی تەواویان بە سوێندەکانی کرد و بە خاترجەمی هاتنەوە. (هەر ئەرمەنی سوێند بە قورعان بخوا چۆن باوەڕی پێ ناکرێ؟! هەژار). ئیتر والی بە کەمێک پیاوی خۆیەوە چووە دیداری خوسرەوخان.حەمەسوڵتان کە گزیری سنە بوو، دەگەڵ هێندێک لە



سەرناسانی شار، بنە و باری والی و خەڵکی بار کرد و ڕووی کردە هەورامان. والی ڕەزا قوڵی خان کاتێ گەیشتە کەلهوڕاوا لە پیاوەکانی جیابۆوە و بە چەند کەسێک لە نزیکانیەوە چووە ناو لەشکری خوسرەوخان. خوسرەوخان زۆری حورمەت گرت و دیسان سوێندی بۆ بە قورعان خوارد کە هیچ نیازی خراپەی نییە. والی هەر ئەو شەوە ناردیە شوێن سمایل خانی برای ئەوانەی لە کەلهوڕاوا بوون، بێنە لای. بەیانی هەر کە سمایل خان گەیشت، بە فەرمانی خوسرەوخان لە پڕ کەوتنە گیانیان و هەرهێندەی فو لە دۆ کەی، وەک سلّقی ڕووتیان لێ کردن و گرتیانن و ڕۆژی پاشی بەرەو تاران بەڕێ کران.

شا کە لە والی تووڕە ببوو، دەیەویست بیکوژێ. بەڵام توبا خانمی خوشکی شا و ژنی والی زوو خۆی گەیاندبووە تاران و لای برای تکای بۆ کرد. شا لێی بووری و دەستێک خانووبەرەی لە تاران دا بە خوشکی و ڕەزا قوڵی خانیشیان ناردە لای. دوای سێ چوار مانگ والی نامەی بۆ خەڵکی سنە نوسیبوو، تیا گوتبووی: کۆتر پتر لە شاهین هاتەوە. خانی گورجی ئەو نامەی دەس کەوت و ناردیە دەربار و گوتی: وادیارە والی دیسان گێرەشێوێنی دەکا؛ چاری بکەن. شا لە ڕکان عەقڵی لە کەللەیدا نەما. فەرمانی دا لە ماڵی میرزا نەبی خانی ئەمیر دیواندا کردیانە کونەڕەشەوە.

گوتمان حەمەسوڵتان و ماڵە ئەعیانەکان بنەی والیشیان دەگەڵ خۆ بردە هەورامان، نووسەری ئەم پیتانەش (مەستوورە) یەکێک لەو ئاوارانە بوو. گەیشتینە (حەوش بارانی) حەسەن سانی هەورامی هاتە پیرمانەوە و زۆرپیاوانە میوانداریی کردین.

ئەحمەد خان کە برای والی و حاکمی مەریوان بوو، بە چەند چەکدارێکەوە مرخی خۆش کردبوو کە ئێمەی ئاوارە بەردەس کا و بمانگرێ. بەڵام کە زانیی بە هاسانی خۆ بەدەستەوە نادرێ، گەڕایەوە.

ئەو شەوەمان لە حەوش و بارانی ڕابوارد. بوولێڵەی بەیانی کەوتینە

ڕێ. بە چیایەک هەڵگەڕاین هەزار بە هەزار و هەڵەمووتێک بوو هەر مەپرسە! دێو بەوێدا ڕۆیبا هەپڕون بە هەپڕون دەبوو، تا گەیشتینە گوندێکی شارەزوور بەناوی سەرکەت و ماینەوە. حەمەسوڵتان و میرزا عەبدوڵڵا مونشی باشی چوونە سولەیمانییە و ئەوڵا پاشایان لە کارەسات تێ گەیاند. پاشا زۆری ڕێز لێ گرتن و پیاوی ڕەگەڵ حەمە سوڵتان خست کە هەموو ئاوارەکانی سنە لە دێهات دامەزرێنن.

لە باسی دەرکرانی ئامانوڵڵا خاندا گوتمان: دۆستانی هەریەک بۆ لایەک پەرەوازە بوون؛ یەک لەوان حوسێن قوڵی خانی کوری کە میمکزای من بوو چوبووە سولەیمانییە. هەر کە دەبیسێ هاتووین، ئەسپ و ئێستری زۆری بە پیاوی خۆیدا نارد و بنەماڵەی ئێمە کە نزیکە سەد نێر و مێوێک بوو، بردە سولەیمانی و هەموومانی دامەزراند. تا ئەومان بوو زۆر خۆشمان لێ دەگوزەرا؛ بەڵام زەمانە نەیدەویست لە خۆشیا بین. لە چوارەمی مانگی قوربانی ساڵی ١٢٦٣ حوسێن قوڵی کتوپڕ نەخۆش کەوت و دوای شەورۆژێک، لە بەهەشت سرەوت و زۆری بۆ گریاین. منی مەستوورەی لە وڵاتی خۆم دوورەش لە سوێی ئەو خۆشەویستەی ئەوا دوو سێ ڕۆژە تام لێ دێن؛ بابزانین خوا چی بڕیارداوە؟)*.

ئایەتوڵڵا لەم بارەوە ئەنووسێ:

**حوکمی خوسرەوخانی گورجی**: ئەم خانە بە ناوی خوسرەوخانی خواجە دەناسرا. لە ساڵی ١٢٦٤دا هاتە سنە. دوای هاتنی هێندێک لە ماقوڵانی کوردستان بەلاگیریی ڕەزا قوڵی خان چوونە تاران و لە مزگەوتی شا مانیان گرت.

حاجی میرزاغاسی کە دەبینێ خەڵکی کوردستان بەخانی گورجی ڕازی نین. لە دڵی خۆیا لەو کارە پەشیمانە، بەڵام بۆ پارازتنی ئابڕووی

* ئەمە دوامین وشەی نووسراوی مەستوورە خانمە لە مێژووی ئەردەڵانەکەی و هەر بەو تایەش مردووە– ئازاد پووز.



حوکمات، پێ بە خەتا نانێ و، بەسەرکردایەتیی عەلی خانی قەرەگوێزلوو، فەوجێک سەرباز بە چوار تۆپەوە دەنێرێتە هیمدادی خوسرەوخان. بەر دەبێتە ئازاردانی کوردستانییەکانی مانگر لە تاران، کە دەست لە ڕەزاقوڵی خان بەردەن، بەهرەی نابێ. تەنانەت لە بەرچاوی شا پێنج هەزار دار(!) لە عەلی محەممەد بەگ درا، هێشتان ملی نەدا، دەست لە ڕەزاقولی خان هەڵگرێ و بچێتەوە کوردستان.

شەوی شەشی شەشەکانی ١٢٦٤، شا گیانی دەردەچێ. کوردستانییەکان دەرفەت دەهێنن و دەگەڵ فەوجی گەڕووس ڕێک دەکەون و بە سەر گوندی تەجریش دادەدەن کە ڕەزاقوڵی خان لە توپخانەی ئەوێدا گیراوە، والی ڕزگار دەکەن و بەرەو کوردستانی دەبنەوە. ئەم خەبەرە هەر کە دەگاتەوە خوسرەو خانی خواجە، بێ خۆ گرتن بە دوو تۆپ و فەوجێک سەربازەوە، لە ڕێی گەڕووسەوە بەرەو زەنگان هەڵدێت. ڕەزاقوڵی خان دێتەوە سنە و خەڵک بەخۆشییەوە پێشوازیی لێ دەکەن و گەڕووسەکانی هاوڕێی خەڵات دەکرێن و بەرێ دەکرێنەوە.

**کلکەی مێژووەکەی مەستوورە خانم**: دوای مەرگی مەستوورە خانم، میرزا عەبدوڵڵا مونشی باشی کە مامی مەستوورە خانم و خاڵی حوسێن قوڵی خانی کوڕی ئامانوڵڵا خانی گەورە بووە. هاتووە مێژووی ئەردەڵانەکەی مەستوورە خانمی تەواو کردووە. دەڵێ: حوسێن قوڵی خان مرد، مەستوورەش نەخۆش کەوت و، لە مانگی محەرەمی ساڵی ١٢٦٤دا گوێزتیەوە بۆ باغچەی بەهەشت و بوو بەهاوسای حەزرەتی فاتمە. من کە لە تاوی ئەو دووانە چاو بەگریان و جگەربریانم، هاتمە سەر ئەو خەیاڵە کە پاش ماوەی بەسەرهاتی والییە پایە بەرزەکان بنووسم. خوا یاربێ.

میرزا عەوڵا دەس پێ دەکاتەوە و دەڵێ: خوسرەوخانی ئەرمەنی دوای ئەوە والیی نارده تاران، دوای دوو ڕۆژ هاتە سنە. مەحموود خانی کوڕی ئامانوڵڵا خان و عەلی محەممەد بەگی ناونا کاربەدەست، بەڵام هێشتا دەستیان بەکار نەکردبوو، بە دووزمانیی سولەیمان خانی هەوشار بێکار

کران. سوڵەیمان بەگ کرا بە هەمەکارە، ئەویش مەلا فەتحوڵڵای قازی و مەحموود خانی گرت و زۆری ئازاردان.

پتر لە دوو هەزار کەس لە سنەوە چوونە تاران، تا داد لە دەست خوسرەو هەرمەنی بکەن. خوسرەو خان خەبەری نارد بیانگرن و بیاننێرنەوە سنە. پوولێکی زۆریشی بۆ کاربەدەستانی دەربار نارد. حوکم کرا کە بیانگرن. ئەوانیش خۆیان خستە مزگەوتی شاوە و مانیان گرت. والی لە ماڵە میرزا نەبی خان حەبس کرابوو، کەس نەیدەتوانی بیگاتێ. بە شایان ڕاگەیاند کە والی نیازی وایە بەشەو هەڵێ و دەگەڵ ئەو کوردانە بچێتەوە سنە. شا والیی ناردە یەکێک لە گوندەکانی شمیران و زۆر توند گرتیان. فەرمانیشی دا مانگرەکان بەزۆر لە مزگەوت دەربکەن و، هەرچی ملی نەدا بیکوتن. دوو فەوج سەرباز و تۆپچی دەوری مزگەوتیان گرت. بەڵام مانگران پیاوانە بزووتنەوە و، دەستیان لە خۆبەردا و بڕیاریان دا تا نە کوژرێن دەست نادەن.

دەوڵەت کە زانیی کارەکە گەندتر دەبێ، کەوتە دڵدانەوە، حەسەن عەلی خانی ئاجودان باشیی ناردە ناویان بەیارمەتیی میرزا ئەبوول قاسمی ئیمام جومعە. عەباس قوڵی خان و عەلی محەممەد بەگ و حەمە ڕەزا خانیان، ڕازی کرد کە بچن بۆ لای حاجی میرزاغاسی و دادی خۆیانی لا بکەن. حاجی میرزا غاسی کە هەمەکارە و سەدری ئەعزەمی ئێران بوو، دەپێشدا زۆر بەخۆشی دوواندنی و گوتی هەر ئەوەندە ئێوە دەست لە ڕەزا قوڵی بەردەن، ئێمە خوسرەو گورجی دەردەکەین و کێتان ویست دەیکەینە والی. لە وەراما گوتیان؛ دەچین پرس بە هەواڵانمان دەکەین. دوای دوو سێ ڕۆژ دەرکەوت کە جگە لە والیی خۆیان، کەسیان ناوێ.

شا عەلی محەممەد بەگ و چەند کەسێکی بانگ کردە لای خۆی و گورجێ لە داری بەستن و تێریان دارکاری کردن. ئەوانی تر ڕایان کردەوە مزگەوت و مانیان گرتەوە. عەلی محەممەد بەگیان دەست بەستە ناردەوە سنە و دایانە دەست خوسرەوخان. تا شا نەخۆش کەوت و لە دووهەمی شەشەکانی ١٢٦٤دا پشتی لە دنیا هەڵکرد و مرد. سبەی ئەو شەوە والی بەیارمەتیی



چەند کوردێک لە زیندان هاتەدەر و خۆی گەیاندە ناو فەوجی گەڕووس. ئەوانیش والی و، مانگرەکانیان بەرەو کوردستان هێنا و لە شەش ڕۆژدا گەیینەوە سنە.

خوسرەوخان کە خەبەری مەرگی شا و هاتنەوەی والیی بیست، هومێدی لە ژین بڕی و گورجێ مەحموودخان و عەلی محەممەد بەگی ئازاد کرد و پەنای پێ بردن کە لە مردن ڕزگاری کەن. ئەوانیش مەردانە سۆزیان دایە کە بیپارێزن. والی هەر هاتەوە، ناردی بیگرن. ئەوان تکایان بۆ کرد، لە کوشتنی وازی هێنا، بەڵام هەرچی بووی تاڵان کرا.

ڕەزا قوڵی خان والیەتیی خۆی دەکرد تا ناسرەدین شا هاتە سەرتەخت. والی میرزا ئەتڵا قوڵی خانی کوڕی میرزا عینایەتوڵڵای بە دیارییەوە ناردە تاران کە پیرۆزبایی لێ بکا. بەر لەوە شا فەرمانی دابوو؛ ڕەزا قوڵی خان دەرکرێ و خوسرەو خانی ئەرمەنی بکرێتەوە والی. بە چوونی میرزا ئەڵڵا قوڵی خان فەرمانەکە ڕاگیرا و فەرمانی والیەتی بۆ ڕەزا قوڵی خان ناردرا. والی پێنج سەد سواری بەسەرداریی فەزلوڵڵا خانی برای خۆی، ناردە تاران و، ئامادەی فەرمان وێستا.

**ئامانوڵڵا خان – دووبارە:** لە پێشدا گوترا کە بەهۆی فێڵ و دەهۆی میرزاغاسی، لە والیەتی لادرا و محەممەد شا ئیسفەندابادی پێ سپارد و، بە پیاوانە لەوێ دەژیا.

کاتێ ناسرەدین شا باش خۆی گرت، زۆری ڕووی خۆش نیشاندا و دوای شەش مانگ کردی بە والیی کوردستان.

کاتێ ڕەزا قوڵی خان ئەمەی بیست و گوتیان وا ئامانوڵڵا خان گەییوەتە سێ فرسەخی سنە، هەر لەجێ، دەگەڵ چەند سەرناسێکان باریان کرد و بەدوو ڕۆژ چوونە کوڵیایی و بوونە میوانی سەید ئەحمەد کوڕی سەید عەباس.

خەبەر بە هەموو سنوورداران درابوو کە لەهەر کوێ توشی ڕەزا قولی خان بن بیگرن و بینێرنە تاران. فەیروز میرزای حاکمی کرماشان، ناردی لە

کوڵیـایی گرتنی. نەیدەویست والی بۆ تاران بنێرێ. تکانامەیەکی نارد، قبـووڵ نەکرا و ناچار ئەویشی بە حەبسی نارده تاران. پاش چەند ڕۆژێک برایە زیندانی تەورێز و ئێستـا کە بڕانەوەی ١٢٦٧ و ساڵەکەشی ساڵی سەگە. هەر لەوێ گیراوە.

ڕۆژی شەمە شەشی جیمادی یەکەم کە دوو ڕۆژ بوو ڕەزا قوڵی هەڵاتبوو، ئامانوڵڵا خان هاتەوە سنە. دەیتوانی ڕەزا قوڵی خان بگرێ، بەڵام چونکە براگەورەی بوو حەزی نەکرد. بەرواڵەت ناردی بیگرن، بەڵام سپـاردی کە خۆی لێ گێل کەن، بابڕوا.

ئامانوڵڵا خان کە جاری پێشوو لەسەر کەریەتی میرزا جافر ئەو دەردەی بەسەر هات، خۆی لە جافر بووارد و میرزا ئەڵڵا قوڵی ئامۆزای جافری کردە وەزیر. میرزا جافر کەوتە کەتن گێڕان. دەگەڵ هێندێک خزمانی نیازیان بوو بچنە تاران. والی ناردی بیانگرن. میرزا جافر هەڵات؛ نەگیرا و خزمەکانی دەداوکەوتن. پاش ماوەیەک ئازادی کردن. بەڵام ئەوان وازیان هەر نەهێنا ڕایان کرد و چوونە تاران و، ملیان لە دووزمانی نا.

والی دیسان هەر چاکەی کرد. نزیک پەنجا پارچە مولّکیان کە لە وڵات هەبوو، داگیری نەکرد و بە خزمەکانیانی سپارد کە بەهرەکەیان بۆ بنێرن تا پێی بژین؛ بەو حاڵەشڕا ئەوان هەر ناڕازین. ئەمساڵ ١٢٦٥ و ساڵی مریشکە، والی نیازی ژن هێنانی کرد. کیژێکی زۆر جوانی حوسێن قوڵی خانی خواست و لە سێهەمی مانگی شاباندا بووک گوێزرایەوە. منی بەستەزمانیش ئەم بەیتەم بۆ مێژووی ئەو زەماوەندە نوسی:

(رونق پی ضبط سال بنوشت: درحجله گه مه آفتاب است) – ١٢٦٥–

لە سەرەتای ساڵی سەگدا، دەوڵەتی عوسمانی کەوتە گرتنی بابانەکانی سولەیمانی و خڕی گرتن و بردنیە ئەستەمبووڵ؛ تەنیا عەزیز بەگی بابانی نەبێ کە دەستی کردەوە و دەگژ ڕۆمییان ڕاچوو، کارێکی بەسەر هێنان کە عوسمانیی جاڕز کردبوو. داوایان لە ئێران کرد، کە ئەم عەزیز بەگەیان بۆ



تەمێ کا، ئێران بە والیی سنەی سپارد کە ئەو کارە بکا. والی لە نۆزدەی مانگی قوربانی ئەو ساڵەدا بە لەشکرەوە پشتی لە عەزیز بەگ گرت. عەزیز بەگ ناچار ڕای کرد و بەرەو کەرکوک چوو. والی، نامەی بۆ ناسخ پاشای کاربەدەستی عوسمانی نووسی کە ئەگەر دەتانەوێ عەزیز بەگتان لە کۆڵ کەینەوە، بۆم بنووسن هەقم هەبێ بێمە خاکی ئێوە و شوێنی کەوم. ناسخ پاشا قبووڵی نەکرد. والی گەڕایەوە سنە.

تا ئێستا کە لە دوامین ڕۆژی مانگی جیمادی یەکەمی ساڵی ١٢٦٧ داین، بەوپەڕی مەردایەتی و دەمارەوە والیەتی دەکا. هەموو کەسی لاواندۆتەوە و هەموو ڕەعیەتی حاواندۆتەوە. تەنانەت منیشی کە لە پێشدا هەر مونشیی ڕووت بووم کردۆتە مونشی باشی. هەمەکارەی والی، حەمە ڕەزای کوڕە گەورەی میرزا عەولکەریمی موعتەمەدە کە پیاوی وا بەمشوور هەر نەبووە. لە خوام داوایە سایەی ئەو والییە باشەمان لەسەر نەبڕێ و هەر باڵادەست بێت.

ئایەتوڵڵا مەردۆخ لە پاش باسی کابرای گورجی دەنووسێت:

**ڕەزا قوڵی خانی ئەردەڵان – چوارەمین جار:** وەک باسکرا لە ساڵی ١٢٦٤دا والیەتیی بەسەر گرتەوە. کاتێ ناسرەدین شا لە ئازربایجانەوە دەچووە تاران ببێتە شا، غوڵام شا خان بە پیریەوە دەچێ و لە سوڵتانییە دەیگاتێ. ڕەزا قوڵی خانیش، حەمە عەلی خانی سەقزی و، میرزا ئەڵڵا قوڵی داروغە بە دیارییەوە دەنێرێتە تاران بۆ پیرۆزبایی.

غوڵام شا خان، لە دیواخانی میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیردا مان دەگرێ کە بیکەنەوە والی. دوای شەش مانگ دەکرێتەوە والی و، ڕەزا قوڵی خان بۆ یەکجاری لە والیەتی بێ بەش دەکرێ.

ڕەزا قوڵی خان پیاوێکی زۆر بەهێز و گوڕبووە، لە پڕتاوی ئەسپا لیپەدەستی لە بەهی داوە، نیوەی پەڕیوە و نیوەی بەدارەوە ماوە. سینیی مسی بەدەست لوول داوە، بەدوو قامکی گەورە و شادەی گوڵی مافوورەی

دەرهێناوە، زۆریش دڵاوابووە و هەرچی دەستی کەوتووە بەخشیویە. سێ کوڕی لە توبا خانمی خوشکی شا بووە بەناوی: خوسرەو خان، حەمە عەلی خان سەردار موکەڕڕەم و ئەبوول حەسەن خان کە هەموو ژیانی لە دەرباری ناسرەدین شادا ڕابوارد.

**غولام شا خان – دووبارە**: بە فەرمانی ناسرەدین شا کرایە والی. ڕۆژی سێ شەمە ١٤ی ڕەبیع دووهەمی ساڵی ١٢٦٥ هاتەوە سنە. ئەڵڵا قوڵیی کردە پێشکار و حەمە عەلی خانی سەقزی بە بریکار دیاری کرد. دوای سێ مانگ ئافتاب سوڵتانی کیژی حوسێن قوڵی خانی خواست و لە سێهەمی شاباندا گوازتیەوە.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٢٦٦دا لەسەر داوای دەوڵەتی عوسمانی، ئێران بە والیی سنەی سپارد، بچێتە شەڕی بابانەکان. ئەویش بە لەشکری کوردستانەوە ڕوو بە سولەیمانی چوو؛ لەولایشەوە لەشکری عوسمانی هاتن و بەهەردووک لا بەربوونە گیانی بابانییەکان و، هەرچی پاشا و بەچکە پاشای بابان بوو، جگە لە عەزیز بەگ ناوێک گشتیان تەسلیم بوون و گیران و، ڕەوانەی وڵاتی عوسمانی کران. عەزیز بەگ بە چەکدارانی خۆیەوە ڕای کرد و، خۆی گەیاندە زەهاو، لەوێوە دەگژ عوسمانییان ڕادەچوو. والیی ئەردەڵان دوای ئەویش کەوت، دەستی لێ هەڵنەگرت تا عەزیز بەگ ناچار خۆی گەیاندە ناو عارەبان. ئەوسا هاتەوە سنە.

لە سەرەتای ساڵی ١٢٦٧دا بە فەرمانی میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیر، فەوجێکی سەربازیی لە دێهاتی وڵات پێکەوەنا و، خان ئەحمەد خانی برای کردە سەرهەنگ. هەر لە بڕانەوەی ئەو ساڵەدا شا بەرەو ئەسفەهان دەچوو، والی بەو فەوجە و بەسوارەی کوردەوە، بەرەوپیری چوو، لە مێرگی عەلیابادی گەیشتێ.

لە بڕانەوەی ساڵی ١٢٦٨دا، حەسەن سانی هەورامی لە دەوڵەت یاغی بوو. والی بە لەشکرەوە بۆی چوو؛ لەشکرکێشی بە سەرکردایەتیی نەجەف



قوڵی خانی ئامۆزای نارده لهۆن بۆ سەر حەمەسەعید سان. والی و حەسەن سان بە شەڕ دێن و هەورامی حەفتا و یەک کوشتە و بریندار و دیل دەدەن. شەش سەربازی والی دەکوژرێ و چاردەیان بریندار دەبێ. هەورامی هەر شەو هەڵدێن بۆ شارەزوور. حەمەسەعید سوڵتانیش هەروەتر، بەرەو شارەزوور ڕادەکا.

خەبەر دێ کە پیاوێکی بابی تەقەی لە شا کردووە؛ لە پڕ یاغییەکان هێرش دەکەنەوە. ٩٦ کەس لە ئەردەڵانییان دەکوژن و، نەجەف قوڵی خان بەرەو جوانڕۆ، پاشەکشە دەکا.

لە بەهاری ساڵی ١٢٦٨دا، جاف یاغی دەبن. خەڵکی شاری سنە ئازار دەدەن. والی شەش هەزار سوار و سەربازی پیادەی دەگەڵ فەوجی گەڕووس و سوارەی مەندمی و سورسور و گەشکی و جوانڕۆ، دەچێتە سەر جافان و جاف دەشکێن و جگە لە کوژراوان، سی کەسێکیان لێ بەدیل دەگرێ و بە سێ هەزار سەر ماڵاتی تالانییەوە دێتەوە سنە. لە ١٢٧١دا حاجی کەریم خانی کرمانی سەر مەزهەبی شێخی، میرزا سەمەد ناوێکی نارده کوردستان، کە مەزهەبەکەی برەو پێ بدا. والی واز لە مەزهەبی خۆی دێنێ و دەبێتە پەیڕەوی کاورا و دەشڵێ با حاجی کەریم خان خۆی تەشریف بێنێ بۆ کوردستان و مزگەوتی دارولئەمان بکاتە جێگەی ئیرشاد.

مەلاگەلی کوردستان کە سوننی شافعین، ترسیان ڕێ دەنیشێ و خەبەر بەشێخ عوسمان سەراجەدینی تەوێڵە دەدەن. ئەویش مەلا ڕەحیمی مەولەوی (شاعیر) و شێخ عەبدوڕەحمانی کوڕی دەنێرێ کە والی واز لەو کارە بێنێ، بەهرە نادا. ڕۆژی چوارشەمە ١٦ی مانگی مەولودی ١٢٧١ تەواوی مەلا و پیاوی زل و بازرگان و دوکانداری سنە لە گۆڕستانی شێخان کە کەوتۆتە ڕۆژاوای شار کۆدەبنەوە و، دەیکەنە هەرا و وەڵام بۆ والی دەنێرن: ئەگەر پیاوی دەوڵەتە، مافی نییە دەسکاریی مەزهەب بکا؛ یان ئێستا دەبێ ئەم کابرایە دەرکا، یان ئێمە گشتمان ئەڕۆین، والی جوابیان ناداتەوە و، تووڕەش ئەبێت.

ئیتر ڕووتە و پووتە و دەروێشی قادری گەرم دادێن و، دەڕژێنە بازاڕ و کاروانسەرایانەوە و، لە هەرکوێ شیعەیەک دەبینن دەیکوژن و، دوکانیان تاڵان دەکەن. ئەمجارە بەردەبنە شکاندن و تاڵانکردنی دوکانی سونییەکانیش. خاوەن دوکان ڕادەکەنە باغی فیردەوسی و دەیکەنە داد و هاوار.

بە فەرمانی والی بەدوو تۆپان لە سەربانی قەڵاوە، تاڵانکەران بەرگوللە دەدرێن. تاڵانچی لە ترسان ڕادەکەن و چییان بۆ دەچێ دەگەڵ خۆی دەبەن. چل کەسێکیان بەماڵی تاڵانییەوە دەگیرێن؛ بە حوکمی والی گوێ و لوتیان دەبڕن و لەبان قەڵاوە دایان دەهێڵنە خوارەوە.

شێخ عەبدولقادری خاوەنی کتێبی (تهذیب الکلام)، کە مەلایەکی بەناوبانگ و سەرۆکی شێخەکانی مەردۆخی بووە، بەخۆی و دۆستان و مریدانیەوە باردەکەن بۆ بەردەستی عوسمانی. والی دوای کۆچی ئەمانە، ناڕازییەکان دەگرێتەبەر. ئاغا مستەفا کوڕی حاجی شەعبانی بازرگان لە دەمی تۆپ دەبەستێ و چاوی شێخ وەسیمی بازاڕی دەکۆڵێ و بۆ ماوەی سێ ساڵ هەر ساڵە هەشتا هەزار تمەن تاوانی ئەو کارەی لە خەڵکی سنە دەساند. ئەم شەڕە بەشەڕی کاروانسەرا ناوبراوە.

شێخ عەبدولقادر دەگاتە سولەیمانی و، سوڵتان عەبدولحەمید پێ دەزانێ و، ئەم نامەیەی بۆ دەنووسێ: «دوای سڵاو، لە نوسراوەکانتەوە هونەرمەندیت ئاشکرایە؛ پێوقەدەمت خێر بوو، چونکە دەگەڵ هاتنی تۆ ئێمەش «سیواستوپول»مان گرت. ئەوا مانگانەیەکم بۆ دیاری کردی؛ ئەگەر بەش ناکا، دوای شەڕ بیرم خەرەوە، دەمەوێ ئاسوودە بیت. دوعای بەخێرم بۆ بکە». شێخ عەبدولقادر ساڵی ١٢١١ لە سنە هاتە دنیا و ساڵی ١٣٠٥ لە شاری سولەیمانی مرد.

لە ساڵی ١٢٧٥دا، ناسرەدین شا، لە هەمەدانەوە دێتە کوردستان. کەس بەو هاتنەی نازانێ. گەیبووە ئیسفەنداباد کە والی زانیی و چووە پێشوازی



و دەگەڵیا هاتەوە شار. مانگی ناوجێژنان بوو کە شا خێوەتی لە خوسرەوئاباد (خەسراوا) هەڵدا، دوای سێ ڕۆژ لە گەڕووسەوە ڕووی کردە ئازەربایجان هاوڕێکانی شا لە داخی ئەوە کە سنەیی وەک پێویستە نەچوونە پێشواز، تەواو دڵیان ڕەنجاوە.

«ملک الشعرا»، دەستە شیعرێکی لەو بارەوە داناوە کە جوێنی زۆریشی بە والی داوە. هەر لەو سەردەمەدا کە شا بەرەو تاران دەگەڕێتەوە، عومەر پاشا سەردار ئەکرەم، لەلایەن عوسمانییەوە دێتە سنوور. بە ئیجازەی دەوڵەت، والی دەچێ دەیبینێ و دوای وتووێژی پێویست هەر کەسە دەگەڕێتەوە.

لە ناوەندی مانگی شابانی ١٢٧٦دا دەوڵەت، ئەبولقاسمی تەفرەشی دەکاتە وەزیری کوردستان. میرزا حەمەرەزا لە کار لادەدرێ و دەیبەنە تاران. دوای مانگێک والیش دەردەکرێ و نەجەف قوڵیی ئامۆزای دەکرێتە بریکاری والی، والی بە ماڵ و مناڵ و دەستوپێوەندی خۆیەوە دەچێتە تاران.

پاش دوو مانگ نەجەف قوڵی خان دەکرێتە والی. ئەو نەجەف قوڵییە گوێی گران بوو، بەڵام زۆر زیت و وریا. زۆر لەمێژبوو تاسەی والی بوونی دەکرد. ساڵێک بەئارەزوو گەیشت، هەرچی لە جوانڕۆ کۆی کردبوو، لە سنە دای بەخەڵک و تەخشان پەخشانی کرد. ساڵەودوا لە ١٥ی ڕەمەزانی ١٢٧٧ دەرکرا و ڕووت و نەدار ڕۆیی بۆ تاران. لەوێ ببووە سەرپاسەوانی موزەفەر میرزای جێگر و پاشان چووە تەورێز و، دوای ساڵێک مرد.

دوای دەرکردنی نەجەف قوڵی، غولام شا خان کرایەوە بە والی و لە ٢٣ی ڕەمەزاندا ئەو خەبەرە گەیشتە سنە. لە پێنجەمی شەشەکاندا، فەرمانی بریکاری بۆ حوسێن قوڵی خانی کوڕی، کە نازناوی خانی خانان بوو، لە شاوە دەرچوو و بەرەو کوردستان هاتەوە.

والیش لە سەرەتای مانگی ناوجێژنان کەوتەڕێ و، لە ناوەڕاستی

مـانگدا گـەیشـتـەوە سنە، مـیـرزا حـەمـە ڕەزای کـردە وەزیر و سێ سـاڵ والیەتیی کرد.

ساڵی ١٢٨٠ مەلا فەتحوڵڵا قازی، مەلا حەمەدەمین ئەمینولئیسلام. مەلا لوتفوڵڵا شێخەلئیسلام، مەلا محەممەد سالح فەخرولعولەما. دەگەڵ چەند سـەرناسـێکی تر دەچنە تاران و شکایەت لە دەست والی دەکـەن. دەوڵەت هێندێک باج لە سەر خەڵکی دێهات سوک دەکا و بە فەرمانی شا، میرزا زەکی مستەوفی دیوان، دەنێرن کە پێشکاری والی بی و بەو باج گۆڕانە ڕابگات.

سـاڵی ١٢٨١ سـانەکـانی هەورامـان دیسـان یاغی بوونەوە. والی بە لەشکری خۆیەوە ڕوودەکاتە لهۆن. عەلی ئەکبەر خانی شەرەفولمولک دەکاتە پێشڕەو. عەلی ئەکبەر لە هیروێ تووشی پێشـاییی یاغـییـەکـان دێ و دەیانشکێنێ و لە سـیـروان دەپەڕێتـەوە. والی بە تۆپخـانە و لەشکرەوە دەیگاتێ.

حەمەسەعید سان لە ترسان نەوسود جێ دێڵێ و ڕادەکاتە شارەزوور و پەنا بە شێخ عەلی عەبابەیلە دەبا. شێخ عەبدولرەحمانی شێخ سەراجەدین و حەمەپاشای جاف دەگەڵ خۆیانی دەهێنن و بەتکای ئەوان والی بە سێ هەزار تمەن تاوان بژاردن، وازی لێ دێنێ و دەبێتەوە حاکمی لهۆن.

لە بڕانەوەی ساڵی ١٢٨٣دا غولام شا خان و میرزا زەکی وەزیر، بانگ دەکرێنە تاران. دوای مانگێک والی نەخۆش ئەکەوێ. تولوزان کە حەکیمی شا بوو، دەرمانی کرد و چا بوو. شا دەچووە خوراسان، ئیجازەی والی و میرزا زەکی دەدا بگەڕێنەوە. دوای مانگێک دیسان نەخۆشییەکە سەر لە والی دەداتەوە و لە دەمی نیوەڕۆی مانگی جیمادی دووهەمی ١٢٨٦دا فەراقی ڕەشی لێ دەبڕێ.

غولام شا خان بیست ساڵی والیەتیی کرد. مزگەوتی (دارولئەمان) بنیاتی ئەوە. ئیمام زادە پیرعومەر و ئەمانییە و باغی حەسەنابادی



دەسکاری و نوێ کردۆتەوە. زۆری کەیف لە کتێب و موڵک پەیدا کردن بووە. کاتێ مردووە پتر لە دوو هەزار کتێب و زیاتر لە پەنجا پارچە مڵکی هەرە چاکی کوردستانی بەجێ هێشتووە. هەشتا هەزار تمەنیش قەرزدار بووە. بازرگانێکی ئەسفەهانی بەناوی میر ئەبوو تالب قەرزەکانی وەستۆ گرتووە و، لە شەش ساڵدا داویەتەوە. دوای مەرگی تا هاتنی والیی تر میرزا زەکی وەزیر بریکاری والی بووە.

**بەراوێزی ناسرخانی ئازاد پوور:** ناسرخانی ئازاد پوور پەراوێزێکی لەسەر مێژووی ئەردەڵانی مەستوورە خانم و میرزا عەبدوڵڵا مونشی باشی هەیە و تیا دەڵێ: ئامانوڵڵا خانی دووهەم، چەند جاران سانەکانی هەورامان و عێلی جافی یاغیبووی تەمێ کردووە. هەتا ساڵی ١٢٨٤ کە ساڵی مەرگیەتی، والیەکی زۆر بەهێز و دەسەڵات بووە.

لە پاش مەرگی ئامانوڵڵاخان، ناسرالدین شای قاجار کە هەر بە تەما بوو بنەماڵەی ئەردەڵان بنەبڕ بکا، لە کێشە و هەرای ناوخۆیان ئەو دەرفەتەی دەس کەوت. فەرهاد میرزای مامی خۆی کە نازناوی موعتەمەدولدەولە بوو کردە والیی سنە. فەرهاد میرزا لەناو جێژنانی ١٢٨٤ی کۆچی مانگیدا هاتە سنە، چونکە هێندێک سان و ئاغاوات جوابی حوکماتیان نەدەداوە، لەشکری بردە سەر مەریوان. لەو دەمەدا حەسەن سانی هەورامی بە هەزار تفەنگچییەوە. هاتە دیدەنیی. فەرهاد میرزا کە مزگەوتێکی کردبووە بنکەی، گوتی بابێ لێرە میوانم بێت، ڕاشی سپارد هەرگا دانیشت و کەسی دەگەڵ نەما، بیگرن سەری ببڕن. دوای سەربڕینی سان لەشکری هەورامان ڕای کرد و هەموو خەڵکی کوردستانیشی بەو کارەی چاوترسێن کرد.

لە ساڵی ١٢٨٧ یان ١٢٨٨دا، تاعون و قاتی و گرانی و زوڵمی فەرهاد میرزا، هەم سنەی وێران کرد هەم بنەماڵەی ئەردەڵانیشی لە پەڕوپۆ کردەوە و قڵپ بوونەوە.

ئاخرین ئەردەڵانییەکی بۆ گەڕانەوەی حوکم دەستی دایە چەک، عەباس خان سەردار ڕەشید بوو. زۆری سەر لە سیاسەت دەرنەدەچوو، بەڵام زۆر ئازا بوو، ماوەیەکی زۆر لە خاکی کوردستاندا ئازایانە مایەوە. لە یەکەمین شەڕی جیهانیدا ١٩١٤-١٩١٨ ڕووسەکان یاریدەیان دا و خۆی کردە حاکمی سنە. بەڵام زۆری نەبرد کە گیرا و تا ڕۆژگاری سەرەک وەزیری سەید زائەدینی تەباتەبایی لە زینداندا بەسەری برد.

سەردار ڕەشید لە کاتی دەسەڵاتیا جارێک کرماشانیشی گرت. ئەعزەموددەولەی زەنگەنەی لە تۆڵەی شەرەفولمولک کوشتەووە. بەڵام هیچ چاکەی دەگەڵ کوڕانی شەرەفوددەولە نەکرد. کاتێ لە ١٣٤٠ی کۆچیدا هاتەوە کوردستان ویستی کوردە زلەکان هاوکاری دەگەڵ بکەن. سەردار موقتەدیری سنجاوی و وەکیلی جوانڕۆی ڕەگەڵ کەوتن. جافرسان دەگەڵی پێک نەهات. سەردار ڕەشید بە چوار هەزار و پێنج سەد چەکداری جوانڕۆ و سنجاوی و ڕوانسەرەوە هێرشی برد و لە چیای شمشێر دەگەڵ هێزی جافرساندا کە لە چوار هەزار چەکدار پتر بوو بە شەڕ هات. بەڵام چیی بۆ نەکرا. چەند جاری تریش بە گژیا چوو بەڵام جێی جافرسان زۆر سەخت بوو هەر دەرۆستی نەهات.

لە سەرەتای حوکمی ڕەزا شای پەهلەویدا سەرلەشکر ئەمیر ئەحمەدی بە لەشکرەوە چووە سەر سەردار ڕەشید. ئەمیر ئەحمەدی لە پێشدا جافرسان، حوسێن خان، ڕەشیدولمولک، مەجیدخان سەردار جەلال و مەحموود خانی دزڵی بەدزیەوە دیتن و سوێندی دان کە یاریدەی دەوڵەت بکەن و دژی سەردار ڕەشید بن. لە مانگی شەشەکانی ساڵی ١٣٤٢دا لە شکری دەوڵەتی لە سنە و کرماشانەوە بەرەو ڕوانسەر چوون. کوردە سوێندخۆرەکانی دەوڵەتیش وەکار کەوتن. لە ئاکاما سەردار ڕەشید خۆی نەگرت و چووە کوردستانی عێراق و لە مەلیک مەحموود (شێخ مەحموود) کە ئەوسا زۆر بە هێز بوو، یارمەتیی خواست. شێخ مەحموود جوابی نەداوە.

ناچار سەرداری سەرگەردان پاش ماوەیەک بەڵێنی پێ درا کە



دەیبەخشن، بەو هەوایە هاتە تاران و، هەردیتیان، گرتیان و دە قەسری قەجەریان پەستاوت. لە ڕووداوی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاویدا لە زیندان ئازادکرا. بەڵام ئێستاش کە سەرەتای زستانی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوییە هەر لە تاران ماوەتەوە. پەڕاوێزی، ناسرخان تەوابوو.

# پێرست


کورد و مێژوو ..... 5
ژن ژانە یان ژیانە؟ ..... 9
مەستوورەخانم کێ بوو؟ ..... 14
بنچینەی بابە ئەردەڵان ..... 16
لوڕ ..... 24
بابە ئەردەڵان ..... 26
کلۆڵ، کوڕ باوە ئەردەڵان ..... 26
خدری کلۆڵ ..... 26
ئەلیاس کوڕی خدر ..... 26
دیسانەوە خدری ئەلیاس ..... 26
دیسانەوە خدری ئەلیاس ..... 26
حەسەن کوڕی خدری دووهەم ..... 26
بابلۆل کوڕی حەسەن ..... 27
مونزیر کوڕی بابلۆڵ ..... 27
مەئموون بەگ ..... 28
بێگە بەگ ..... 29
مەئموون بەگی دووهەم ..... 29
سورخاب بەگ مامی مەئموون بەگ ..... 29
تەیموورخان کوڕی سوڵتان عەلی ..... 47
هەڵۆخان ..... 52
خان ئەحمەد خان ..... 62
سولەیمان خانی ئەردەڵان ..... 79
کەڵبالی خان ..... 80





خان ئەحمەدخانی دووهەم ..... 81
خوسرەوخانی ئەردەڵان ..... 83
تەیموورخان ئاجورلوو ..... 85
خان ئەحمەدخانی دووهەم، دووبارە ..... 85
محەممەدخانی ئەردەڵان ..... 86
محەممەدخان گورجی ..... 91
حەسەن عەلی خان ..... 91
حوسێن عەلی خان برای حەسەن عەلی ..... 92
بابزانین مێژوونووسانی تر دەڵێن چی؟ ..... 92
عەباس قوڵی خان ..... 96
عەلی قوڵی خان ..... 98
خانە پاشای بابان ..... 104
عەلی خانی بابان ..... 109
سوبحان وێردی خان ..... 110
مستەفاخانی ئەردەڵان ..... 113
سوبحان وێردی خان، دیسان ..... 115
خان ئەحمەد خانی سێهەم ..... 118
دیسان، سوبحان وێردی خان ..... 120
دیسان، سوبحان وێردی خان ..... 121
حەسەن عەلی خان، کوڕی عەباس قوڵی خان ..... 122
سوبحان وێردی خان، جاری حەوتەم ..... 123
سوبحان وێردی خان، بۆ جاری هەشتەم ..... 123
حەسەن عەلی خان ..... 128
کەریم خان کوری عەباس قولی خان ..... 135
فەرمانڕەوایی سەلیم پاشای بەبە ..... 139

خوسرەوخانی دووهەم ........ 139
دیسان تەشقەڵەی ئازادخا ........ 140
حکومەتی سولەیمان پاشا ........ 146
خوسرەوخانی دووهەم بۆ جاری دووهەم ........ 147
خان ئەحمەدخان ........ 160
حوکماتی خوسرەوخانی ئەردەڵان – دووبارە ........ 162
لوتفالی خان کوڕی سوبحان وێردی خان ........ 176
حەسەن عەلی خان ........ 179
ئامانوڵلا خان ........ 184
خوسرەوخانی سێهەم ........ 206
خوسرەو خانی ناکام ........ 211
ڕەزا قولی خان ........ 216
ڕەزا قولی خانی ئەردەڵان ........ 224
ئامانوڵلا خانی دووهەم ........ 229
حوکمی غولام شا خانی ئەردەڵان ........ 232
ڕەزا قولی خان بۆ جاری دووهەم ........ 234
خوسرەوخانی ئەرمەن ........ 237
حوکمی خوسرەوخانی گورجی ........ 239
کلکەی مێژووەکەی مەستوورە خانم ........ 240
ئامانوڵلا خان – دووبارە ........ 242
ڕەزا قولی خانی ئەردەڵان – چوارەمین جار ........ 244
غولام شا خان – دووبارە ........ 245
بەراوێزی ناسرخانی ئازاد پوور ........ 250